
# گوناح و ئیمان

## توێژینەوە لەبارەی گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان




سمکۆ محەمەد

٢٠١٨

ناوی کتێب: گوناح و ئیمان
بابەت: توێژینەوە لەبارەی گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان
نووسەر: سمکۆ محەمەد
دیزاین:
تیراژ:
چاپ: چاپخانەی
ساڵی چاپ: ٢٠١٨

لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی کتێب و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری

## پێڕست

١- پێشەکی
٢- ئێزیدی و ئێزدییاتی. باوەڕ و گومان
٣- کاکەیی و یارسان
٤- سابیئەی مەندائی
٥- ئەرمەن لەنێوان نەتەوە و ئاییندا
٦- هەقەە و بزووتنەوەی هەقەە
٧- قەرەج وەکو کوولتووری سەرەتایی بەشەر
٨- فەرهەنگی زاراوە ئایینیەکان

## پێشەکی

چیرۆکی سەرەتایی ئەم کتێبە بۆ زیاتر لە ١٧ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کاتێک وەکو بابەتێکی پەراوێزخراوی رۆژنامەنووسی، کارم لەسەر ئاین و پێکهاتەکانی کوردستان دەکرد، ئەوکات بیروڕام وابوو هێشتا نەک هەر خەڵکی کوردستان بەگشتی بەیەکتر ئاشنا نین، بگرە رۆشنبیر و لیکۆڵەرانی کۆمەڵناسیش ئاشنای تەواویان نییە بە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی کوردستان و بگرە مامۆستای تایبەت بەم بوارە شارەزا لە

هەندێک ژیانی پەنهانی پێکهاتەکان نین، نەک هەر لە ڕێوڕەسم و تێکستەکانیان و مێژووەکانیان شارەزا نین، بگرە تا ئەو جێگەی کە لەوەش تێنەگەیشتوون بۆچی جوگرافیای دانیشتوانی ئەم پێکهاتانە پچڕ پچڕن و هەر پارچەیەکیان لە شوێنێکن کە ئەمە پێویستی بە کۆمەڵناس هەیە و کوردیش کۆمەڵناسی نییە تاکو خۆی بناسێت، بۆیە بە گرینگم زانی بۆ داهاتوو بیکەم بە کتێبێک، ئەوەش دوای ئەوە هات کە هەردوو کتێبەکەی مارکسم خوێندەوە بەناوی (دەربارەی مەسەلەی یەهودیەت) و کتێبی (عائلە المقدسە.. خێزانی پیرۆز) ی مارکس، کە لە کتێبی یەکەمیاندا باسی گرینگی فرەیی بوونی ئاین دەکات کە "ئەگەر هێشتا زۆرینەی خەڵک دیندار بن، دەوڵەت دەتوانێت خۆی لە کۆت و بەندی ئایین ڕزگار بکات و ئەو گومانەش بڕەوێنێـەوە کە لەلای زۆرینەی خەڵک هەیە، لەحاڵێکدا زۆرینە بە هۆی تایبەتبوونی ئایینەوە دەست لە ئاین بەر نادەن، بەڵام شێوازی ڕەفتاری دەوڵەت بەتایبەت دەوڵەتی ئازاد بەرامبەر ئایین، شتێک نیی جگە لە شێوازی ڕەفتاری ئینسانە دامەزرێنەرەکانی دەوڵەت بەرامبەر بە ئایین، بۆیە بەرگی یەکەمی ئەم بابەتەم وەکو ناساندنی ئاینەکان و کەمینەکان لەکتێبێکدا خستەڕوو، بۆیە بیرم لەوە کردەوە بەرگی دووهەم خویندنەوەی هەمەلایەنە بێت بۆ ئاین و تێکست و فەرهەنگ و ڕەهەندی مان و نەمانیان.

سەبارەت بە بەرپرسیارێتی دەوڵەت و بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە بەرامبەر فرە ئایینی، بۆم روون بووەوە کە بەبێ ناسین و شارەزابوون لەئاین و پێکهاتە ئاینییەکانی دەوروبەر، هەروەک ئەوەی کە کۆمەڵناسی عێراقی ناسراو (رشید ئەلخەییون) باسی دەکات و کتێبێکی هەیە بەناوی (اقلیات و الادیان فی العراق) یان ناسینی ئەو شوێنەی ئینسان تێیدا دەژی و سەرقاڵی نووسین و لێکۆڵینەوەیە لەکۆمەڵگەکەی، بۆم دەرکەوتووە کە ناکرێ قسە لەسەر کولتوور، یان ژیانی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک بکەین کە پێکەوە لەیەک جوگرافیا دەژین و نایاناسین بەتەواوەتی، چونکە ئەوەی لەئایندا چڕکراوەتەوە، ئەگەر بەشێکی ئاسودەیی دەروونی بێت، بەشێکی دیکەی فەلسەفەیەک بێت لەکاتی خۆیدا کاریگەری هەبووە لەسەر تاک و کۆمەڵگەو دووری خستونەتەوە لەخراپەکاری، بەشەکەی دیکەی ئەوەیە کە دامەزرێنەران و کارپێکردنی ئایین، لەژێر عینوانی هەبوویەکی روحی، جوانی مرۆڤی وەکو موڵکێک لەمرۆڤی سەندۆتەوە، چونکە روحێکی باڵا هەیە و نەبینراوە و لەپشت دیمەنەکانی جهانی بینراوەوە کاردەکات، هەر ئەمەشە بۆتە گومان بۆ خوێنەری جددی لەبارەی ئایینەوە .

ئەرگۆمێنتی عەقلانی و زانستی، لەپەنا ئاین و مەسەلە روحانیەکاندا بەشێکی گەورەی کەرەستەکانی ژیان رایی دەکات، کەچی لەشوێنێکی دیکەدا فانتازیا و چاوەڕوانیکردنی هاتنەوەی سوپەرمانێک بۆ رزگارکردنی بەشەرییەت وەکو ئەوەی نیچە بڕوای پێی هەبوو، قەناعەتێکە لەگەڵ هەر وەچەیەکدا نوێدەبێتەوە و تارادەیەک بابەتێکی قایلکەریشە بۆ ئەوانەی بڕوایان بە ئایین هەیە، لەحاڵێکدا لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر وەچەیەکدا زانست تەکانێک دەدات و گەشە دەکات، کەچی ئایین لەشوێنی خۆی کار

دەكات و هەر دەمێنێت، پرسیارەكە ئەوەیە ئەمە بۆچی؟ لەبەر ئەوەی سیستمی جێگیر و جێكەوتە، بۆ راگرتن و پتەوتركردنی پایەكانی خۆی كەڵكی لێوەردەگرێ، چونكە دەزانێ بەئاشكرابوونی ئەوەی كە ئایین مرۆڤ درووست ناكات، بەڵكو ئەوە مرۆڤ خۆیەتی ئایین درووست دەكات، ئیدی سیستم دەكەوێتە مەترسییەوە، بۆیە لەحاڵەتی سرووشتی خۆی رایدەگرێ و لەهەر شوێن بەنەفعی ئەو كاردانەوەی هەبوو، هاوكاریشی دەكات هەروەك ئەوەی دەبینین لەسەراسەری جهاندا بەبارتەقای كایەكانی وەكو ئابوری و نەتەوە و سیاسەت گرنگی خۆی هەیە و تاڕادەیەک بەشداریشە لەدرووستكردنی بڕیاری سیاسی .

وەكو پێشتر گوتم كۆمەڵگەی كوردی بەشی زۆری بەخوێنەری ئاسایی و رۆشنبیر و نووسەرەكانیشیەوە، شارەزاییەكی تەواویان نییە لەسەر ئەو ئاینانەی كە لەكوردستاندا هەن كە ئەمە بەشێكی بۆ نەبوونی كۆمەڵناسی كوردی دەگەڕێتەوە، ئەگەر رۆشنبیریشیان هەبێ زۆر كەموكورتی تێدایە و داتای تەواویان لەلانییە، بۆیە زۆرجار هەڵەدەكەن لەباسكردن و رەخنەگرتن لەئایینداو، ئەو ئایین و پێكهاتە نەتەوانە كە چۆن و لەكوێوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمە جگەلەوەی كەمینەكانی وەكو قەرەج و دۆم، هەمیشە لەژێر هەڕەشە و تەشیری نەتەوە و ئایینە سەردەستەكان بوونە و لەكاتی خۆیدا جۆرێک لەرۆشنبیری بووە بۆ كۆمەڵگە، بۆیە هەمیشە ئەو بڕوادارانە پەرشوبڵاوبوونە، یان لەترسان بەئازادی سرووت و كولتووری خۆیان مومامەرەسە نەكردووە كە ئەمە ئیشكالیەتێكە هەم بۆ لێكۆڵینەوەی سیاسی و هەم بۆ لێكۆڵینەوەی فكری.

ئەفسانەی نێو ئاینەكان

بەشێكی ئەم كتێبە پەیوەندی بەو ئەفسانانەوە هەیە لەنێو ئاینەكاندا فەزایەكی گەورەیان داگیر كردووە، چونكە زۆربەی ئەو شتانەی لەپیاوە روحانی، یان رۆشنبیرەكانم بیست، یان لە سەرچاوەكان خوێندومەتەوە سەبارەت بەئایین، بەشێكی زۆری ئەو دیمەنە ئەفسانەییانە بوون كە قەناعەتی بڕوادارانی ئاینەكانی راگرتووە، ئەفسانە هاوكاری ژیانی خواكانی سەرزەمینی كردووە، وێنەی كێشاوە، هەروەها پەیوەندی خواكانی رابردووی بەوەچەكانەوە گرێدراوە، هەروەک ئەوەی دەبینین سەرجەلەی ئاینەكان و پلەكانیان لەرێگەی وەچەكانەوە درێژەی پێدراوە، بەڵام ئەو داتا كەمە ناچاری كردم كار بەسەرچاوە بكەم بۆ زیاتر دەوڵەمەندكردنی كتێبەكە.

هیچ ئاینێک بەخۆڕایی و لەبۆشاییدا سەریهەڵنەداوە، بەڵكو ژینگەیەكی رۆشنبیری هێناویەتیە كایەوە، بۆ نموونە بوزییەت لەهیندەوە سەریهەڵدا، چونكە زەمینەی واقیعی هەبوو، مەسیحیەت لەسەر زەمینی واقیعی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەریهەڵدا و دواجار لەرۆژئاوا گەشەی كرد و بوو بەسیستم و ئاڵوگۆڕیشی بەسەرهات، چونكە كۆمەڵگە پێویستی بەژینگەیەكی دیكەی خوداپەرستی هەبوو دوور لە توندوتیژی و دەمارگیری، ئیسلام وەكو رۆشنبیرییەكی نوێ كە ئیلهامی لە سەرچاوەكانی پێش خۆی وەرگرتووە،

چونکە فەلسەفەیەکی دیکە چاوەڕوانی دەکرد، فەلسەفەی ئاینیش لەبەر ئەوەی لەسنووری عەقڵدا دەوەستێت، ئەفسانەش یەکێکە لەو گرێیانەی کە بەفەلسەفەش ناکرێتەوە بەئاینەوە گرێدراوە، ئەم ئاینانەی لێردا باسمان کردوون هیچیان سنووری لۆکاڵیان نەبڕیوە، ئەگەرچی خورافە گرێدراوی ئایین نییە، بەو پێیەی بەر لەئەفسانە ئایین هەبووە و ناشتوانین کێشەی ئاین و شێوازی جۆراوجۆری خوداپەرستی لەسنوورێکدا رابگرین، لەحاڵێکدا ئەم ئاینزایانە پڕن لە ئەفسانە و خورافیات و هیچ کاریگەرییەکیان نەبووە بەسەر ئەوانی ترەوە .

لەرووبەکی ترەوە ئەوەم تێبینی دەکرد کە لەگەڵ هەر پیاوێکی روحانی سەر بەئاینەکانی کوردستان گفتوگۆم کردووە سەبارەت بەئاینەکەیان، وابەستەیە بەقسە یان ئەو چیرۆکانەی کە کاهینەکانیان دروستیان کردووە، ئەمەش بۆ سەروەختی خۆی جۆرێک رۆشنبیری بووە کە توانیویەتی خەڵک قەناعەت پێبهێنێ، ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ هێندێکجار خودا لەپیاوێکی روحانیدا کۆکراوەتەوە، هەروەک ئەوەی باوەڕدارەکانیان ئەوەندەی باس لەپیاوە روحانیەکانیان دەکەن، ئەوەندە باس لە خودای یەکتا ناکەن، بۆیە گومانەکە هێشتا نەڕەویوەتەوە لەو فەلسەفەی ئاینەکان، ئەمە بۆمن جێگەی سەرنج بوو، بەڵام کۆک بوونیان لەسەر وشەی خودا، بەشێکی زۆری لەفەزای باوەڕدارێتی داگیر کردووە .

یەکتاپەرستی خاڵی هاوبەشی ئاینەکان

چەمکی یەکتاپەرستی وەکو بڵێی رێکەوتنێکە لەنێوان تەواوی ئەو ئاینانەی کە لەکوردستان هەن، ئەمەش ئەوکاتە باشتر دەبینرێ کە هەموو ئایینەکان بڕوایان بەخودایەک هەیە کە تاک و تەنهایە، سا با ئەو خودایە هەر وێنەیەکی هەبێت و بەهەر شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ یەکەمین مەلائیکە و بەشەردا کردبێت کە دواتر جیهانی دروستکردووە، هەر بۆیە شەیتان کراوە بەدژی خوا، جگە لەئایینی ئێزیدیاتی کە بیانووی لۆژیکی خۆیان هەیە و بەوشەی شەیتان قەڵس دەبن، چونکە هیچ ئاینێک ناتوانێ بەبێ چەمکی خودا درێژە بەتەمەنی خۆی بدات، مەبەستم ئەوەیە کە ئایینەکانی هەموو دونیا لەسەر دوالیزم وابەستە کراوە، واتە خێر و شەڕ، خوا خێرە و شەیتانیش شەڕ، بەدەر لەمە کە خوا کاریگەری خێر دەخاتە سەر ئینسان و شەیتانیش کاریگەری شەڕ، بەو پێیە شەیتان یاخیگەرێکە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، بۆیە نەفرەتی لێدەکرێ و ئینسان بۆ سەر ژیانی خۆی تەرجەمەی کردووە، بەپێچەوانەشەوە نەفرەت لێکردنی یەکێکە لەپایەکانی ئازادی، ئەمە مانای دروست بوونی هاوڕایی هەموو ئایینەکانە، ئەمەش ئەوکاتە باشتر دەبینرێت یان هەستی پێدەکرێ، ئەو کاتەی کە رۆشنبیری ئایینی وەسەنی ریشەی دەردەکەوێ و بەناڕاستەوخۆ کاریگەری بۆسەر ئاینەکانی کوردستان هەیە، بەڵام لەشوێنێکی دیکەدا ئیدی وشەی شەیتان مانایەکی دیکە وەردەگرێت، ئەویش کە ئێزیدیەکان دەبینین و بەبیستینیشی توڕە دەبن، چونکە لەلای ئەوان شەیتان

چەمکێکە دروستکراوی مەزهەب و ئاینی دیکەیە و هەڵە تێگەیشتنە لەچیرۆکە رەسەنەکەی خوداو مەلائیکەتەکان، بۆیە دژ بەگوتاری خویانی دەزانن .
بەخودا کردن و نەمری پیاوە روحانیەکان لەنێو هەر یەکێک لەو پێکهاتە ئایینیانەی لەکوردستان هەن، نهێنیەکە کە لەزاری هیچ بڕوادارێکەوە نادرکێنرێ و کەس وەڵامی ئەو پرسیارە بەکۆنکریتی ناداتەوە، بەڵام ناسینی خودا وەکو مەرجەعێکی یەکتایی کە مانای خودای یەکتای گۆڕیوە، باشترین سەلمێنەرە کە خودا ئەوەنیە یەک وێنەی هەبێ، بۆ نموونە خودا لەئایینی ئێزیدی بەشێوەیەکە و لەئاینی سابیئە شێوەیەک و لەئایینی کاکەیی و ئەرمەنی شێوەیەکی دیکەیە، بەڵام هەریەکێک لەو ئایینانە ئەوەندەی باسی پیاوە روحانیەکان دەکەن، ئەوەندە باسی خودا ناکەن کە ڤیگەرێکی دیاریکراوی هەبێ، هەروەک ئەوەی کە لەمیتۆلۆژیاو سرووشتی خوداپەرستی سەر زەمین لە میسر و یۆنان هەبوونە، چونکە خوداکانی سەر زەوی ئاکارێکی جیاواز لە ئاکارە ئایینیەکان خوڵقاندووە کە بریتیە لە میتافیزیکای ئاکار خۆی، ئەمە لە رابردوودا چەمکێکی میللی بووە، بەڵام دیاردەیەکی چەواشەکاری فکری و ئاینی بووە کە ئینسان ناچارکراوە پابەندبێت بەو پرنسیپانەی لەباب و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە.
قوڵنەبوونەوە لەئایین وەکو کەرەستەو سیستمێک بۆ سەر زەوی و کۆمەڵگە، هەروەها قوڵنەبوونەوە لەو دیاردانەی کە سرووشت پێکدەهێنێ و نەگۆڕەو هەر ئایینێک بۆخۆی شتێکی بەخوا زانیوە، خودای کردووە بەجەستەیەکی بینراو، بەڵام دواتر شارەزابوون لەکولتوور و رۆشنبیری یەکتر، ئیدی خودا بووە بەچەمکێکی خوازراوو گشتگیر و دوور لە شرۆڤەکردن، ئەم تێکەڵەیە لەتێگەیشتن و یەکانگیرکردنە، بەرەبەرە سۆز و مەیلی چوون یەکی درووستکردووە کە ئیتر ئینسان ببێتە کائینێکی دەست و پێ سپی بەرامبەر بەخواکردنی ئەوانی دیکە کە لەشێخ و پیاوی روحانی و پێغەمبەرەکاندا کۆکراوەتەوە، ئەمە یەکێک لەو فاکتانە بەدەستەوە دەدات کە لەتەواوی ئایینەکان قوڵبوونەوە و تێفکرین غائیبە و نزیکبوونەوە لێی مەترسییە، چونکە بۆتە بەشێک لەدەسەڵاتی سەرزەمین و لەوێوە خودا نادیارەکە کاریان پێکراوە، ئەم داتایە ئەوکاتە ئاشکرادەبێت کە سروت و ئاهەنگەکان دابەشیان کردووە و هەریەکەیان لەمانگ و رۆژی ساڵێکدا دێنەپێشێ .
هەر یەکێک لەو ئایینانەی کە من لەسەردانەکانم، هەروەها لەرێگەی بەدواداچوونم لەو سەرچاوانەی کە پشتم پێی بەستووە و لەسەر ئایینەکان نوسراون کردوومن بەسەرچاوە، ئەوەم بۆ روون بووەوە کە هەریەک لە (ئێزدی و کاکەیی و هەقە) لەسەر ئەوە کۆکن کە بەر لەوەی ئێزدی یان کاکەیی یان هەقە بن، بەشیچکی زۆریان دەڵێن ئێمە کوردین و خۆیان بەبنەچەی نەتەوەی کورد دەزانن، بەشێکی دیکەشیان دەڵێن ئێمە هەم ئایین و هەم نەتەوەی سەربەخۆین، بەتایبەتی کە دەچنە دەرەوەی قەوارەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، هەرچی ئاین و نەتەوەکانی وەکو (سابیئە و ئەرمەن) ە، دوو ئاین و نەتەوەن کە لەکوردستان هەن و بەهەمان شێوەی ئایینەکانی دیکە

سەرکووتکراون، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت لەلایەن ئاینەکانی دیکەوە قەڵاچۆ یان جینۆساید یان ئەنفال کراون لە مێژوودا، بەشەکەی دیکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئایینە سەردەستەکان بڕوایان بەفرەیی و پێکەوەژیان و قەبوڵ کردنی یەکتر نەبووە، بۆیە مێژووەکەشیان پچڕ پچڕە و هەژارییەکی پێوەدیارە، یان ئەوەی بەهۆی ئەوەی دەستنووس یان کولتوورەکەیان دزراوە و سوتێنراوە، بۆیە بۆخۆشیان ناتوان کۆک بن لەسەر تەواوی ئەو بۆ چوونانەی کە لەسەر خۆیان و مێژووەکەیان هەیانە، ڕەنگە بەشێکی ئەوەی کە باسەکەی منی دووچاری کێشەی بێسەرچاوەیی کرد و تاڕادەیەک هەژاری کرد، هەر ئەوەبێت کە کتێبخانەکانیان هەژارە لەکولتوور و مێژووی خۆیان، یان ئەوەی کە کتێبە پیرۆزەکانیان لەبەردەستدا نین و تاڕادەیەک یاساغیش کراون و ترسیان هەیە لەوەی کە بەئاشکرا دەرینەخەن .

بەهەرحاڵ من بەم کارەم کە ڕەنگە کەموکوڕی تێدابێ، کتێبی یەکەم بەناوی ئاین و کەمینەکان لە کوردستان بوو کە کتێبێکی تەنها مەعەرەفی بوو و ناساندنی ئاینەکان بوو بە خوێنەر، بەڵام ئەم کتێبەیان خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بووە بۆ ئاینەکان کە پشتم بە چەندین سەرچاوەی جیاوازی ئەکادیمی بەستووە، ئەمجارەیان هەوڵمداوە ئەوەی ڕاستی بێت لەسەر زاری ڕۆشنبیر و کتێبەکانیان و سەرچاوەکانیان و کەسانی شارەزاوە، کەڵک وەربگرم .

سمکۆ محەمەد ٢٠١٧/١٢/٢٠

**ئێزدی وەکو ئایین**
**ئێزدیاتی وەکو گومان**

ئایا ئێزدی و ئێزدیاتی ئایینە، یان ئایینزایە و پاشکۆی ئایینێکی دیکەیە؟، ئەم پرسیارە موناقەشەیەکی زۆر گەورەی خوڵقاندووە چ لەنێو خۆی کورد و چ لەئاستی کۆمەڵناسی دەرەوەی کوردستان و رۆژهەڵاتناسەکانی دیکە کە هاتوونەتە کوردستان و لەسەر ئەم ئایینەیان نووسیوە و چ لەنێو خودی دەستەبژێری ئێزدییەکان ئەوانەی کە تێدەگەن بۆچی تائێستا ئەم رۆشنبیرییە بە پەنهانی ماوەتەوە و خۆی وەکو ئاینێک نمایش نەکردووە، هەرچەند رۆژهەڵاتناسەکان و گەڕیدەکان کە هاتوونەتە کوردستان، زانیاری باشیان دەستکەوتووە لە بارەی سرووت و تێکست و قەول و رۆژە تایبەتەکان و جەژنەکانیان و بەشێک لە مێژوو و کولتووری ئێزدیەکان، بەڵام ئەو نهێنیانەیان چنگ نەکەوتووە کە ئێزدی ئایینی تایبەتە لەناوچەکە و خاوەن تێکستێکی دوور لە تێکستەکانی دیکەی ئایینی ناوچەکەیە، یان لاسایکەرەوەی ئایینەکانی دیکەیە، بۆیە هەم لەباری ئایینی و هەم لە باری کولتوور کە بەجل و بەرگیانەوە دەردەکەوێت، ئایین و پۆشاک و کولتوورێکی سەربەخۆ نین، ئەوەش لە بارەی ئەوەی کە دەڵێن درێژە پێدەری ئاینی زەردەشتیی یە، ئەوەش تەنها دەستەبژێرەکانیان قەناعەتیان پێی هەیە، ئەگەرنا وەکو خۆیان دەڵێن، هێشتا خۆیان بۆیان یەکلایی نەبۆتەوە بۆچی نەیانتوانیوە خۆیان کۆبکەنەوە کە دواتر لەم باسەوە دەدوێین.

ئێزدیایتی و ئاینزای ئێزدی بابەتێکە کە گەورەترین گرێکوێرەی لێکۆڵینەوە فکرییەکان بووە بۆ خوێندنەوەی ئایین و لاهوتییەت لەناوچەکە، بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمەڵناس و ئەکادیمی و رۆژنامەنوسانەی ناوچەکە و ئەوانی دیکەش کە لەدەرەوە هاتوون بۆ کوردستان، بۆیە زیاتر لە ٣ سەدەیە لەدوای هاتنی رۆژهەڵاتناسەکانەوە لێکۆڵینەوە و باس و خواس لەسەر ئەو ئایینە دەکرێ و تائێستاش لەنێوان گومانی ئایین، یان کۆمەڵگەیەکی جیاواز ساغ نەبۆتەوە، بەهۆی ئەوەی خۆیان لەکتێبێکی سنووردار و پوختدا کۆنەکردۆتەوە و چونکە ئەو ستەمەی بەدرێژایی مێژووی بوونی خۆیان لە سەریان بووە، بەشێک بووە لە رێگرییەکانیان و هەروەها کێشەی زۆری بۆ مێژوو و سەرچاوە و رەگوریشەی ئەم ئایینە و نەتەوەی کورد درووست کردووە، بەوپێیەی کە وەها ناسراون ئەمان نەک هەر پێکهاتەیەکن لە نەتەوەی کورد، بگرە بەپێی ئاینەکەیانە بێت کە لە ناوچەیەکی سنووورداری کوردستانی قەتیس بووە، کەواتە کوردی رەسەنن، بەڵام خۆیان بەشێکی زۆریان رەسەنایەتی کوردی قبوڵ ناکەن و هیچ هۆیەکیش بەدەستەوە نادەن و گومانیان هەیە لەبوونی کۆمەڵگەیەکی ئایینی بەبێ شوناسی نەتەوەیی کە ناسراون بە کورد.

لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی کە پشت بە بۆچوونی بوونی ئایینی کریستیانی و مەجوسی کە بە ئاینی ئێرانی ناسراوە، لە شاخەکانی هەکاری دەبەستن، شێخ کەمالەدین ئەلدیری لە کتێبی (حیاه الحیوان الکبری) و شێخی زەهەبی لە کتێبی (تاریخ الخلفاء) دەڵێن ئەلمقتدر بالله ساڵی ٢٩٣ ی کۆچی کە تەمەنی ١٣ ساڵ بووە هاتە سەر حوکم ٢ جار لە

خەلیفەکانی لادراوە و ٢٤ ساڵ حوکمی کردووە لە ساڵی ٣١٦ ی کۆچی کوژراوە لەتەمەنی ٣٦ ساڵیدا بووە، بەڵام بەپێی سەرچاوەکانی تر، گوایە بەر لە دەرکەوتنی شێخ عودەی کوڕی موسافیر کە ناسراوە بە شێخ ئادی لەلای ئێزدیەکان، بابەتەکە لەوەدا کۆکراوەتەوە کە دانیشتوانی ناوچە شاخاویەکان لەزەمەنی (مقتدر بالله) ساڵی (٢٨٢_٣٢٠) کۆچی و ٩٩ ساڵ حوکمی دەسەڵاتدارێتی موقتەدر بالله بووە، ئەوکات مەنسووری حەللاج* کە موتەسەوفێکی عەدالەتخواز بووە لەسەردەمی خۆیدا کە ناعەدەلاتی هەبوو، وەکو ڤیگەر ئایکۆنێکی ناسراوی ململانێی نێوان دەسەڵاتی ستەمکار و بزووتنەوەی رۆشنبیری ئەو سەردەمە ناسراوە و هەر لەسەر ئەو راستیانە و ناعەدالەتیانە بەناهەق لە سێدارە درا، بۆیە دوای زیاتر لە سەدەیەک ئەم ئایینە دەرکەوتووە، لەدوای ئەویش شێخ ئادی لەشاخەکانی هەکار لە نێوان کوردستانی باشوور و باکور دەرکەوتووە، ئیدی دوای ئەو هەوڵەی کە بۆ خوداناسی بەپێی تێگەیشتنی خۆی هەوڵیداوە، ئیدی مورید و شوێنکەوتووانی بەرەبەرە زیادیان کردووە، بەڵام کەسێک بەناوی دەمەلوجی دەڵێ (بەشێک هەبوونە خۆیان وەکو پاشماوەی ئیسلامی سوننە ناساندووە کە لەکورد و عەرەب پێکهاتوون، ئەویش بۆ خوشەویستی بووە بەرامبەر یەزیدی کوڕی موعاویە کە بکوژی حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلی شیعە بووە کە بابەتێکی هەمیشەیی زیندووە بۆ شیعەکان، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی مانەوی بووە بە وێنەیەکی دیکەی ئەوان، بەشێکی دیکەش دەڵێن ئەم ئێزدیانە پاشماوەی سابیئە و نەسرانی و ئاشوری بوونە، بەڵام لەباری نەتەوەییەوە دەگەڕێنەوە بۆ قەبیلەی تەراهی، باوکی عودەی ناوی موسافیر کوڕی ئەحمد کوردی بووە". (١)

هەروەها سەرچاوەی دیکە هەن کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم ئایینە و بنەما سەرەکیەکە کردۆتەوە " (شەرەف خانی بەدلیسی) یە کە لە کتێبی شەرەفنامە دا دەڵێ "ئێزدی واتە یەزدانی ئەو پەیڤە لە یەزدانەوە وەرگیراوە کە وشەیەکی فارسییە، واتە بوونەوەری سەرووی سەرمان، کەچی قەشە سلێمان مائع دەڵێ " ئێزدی لەکۆنەوە پێیان گوتراوە (الزوانییە) کە لەزرادەشتییەوە هاتووە" قەشە سلێمان مائع (الموێلی). کتاب تاریخ الموێل. ل٢٥٩. هەروەها زەینەفون کە مێژوونوسێکی یۆنانیە لە ساڵی ٤٠١ پێش زایین لەکتێبی الێمود کە یعقوب افرام منێور وەریگێردراوەتەوە سەرزمانی عەرەبی. لاپەڕە ٢٠ و ٢١ دا دەڵێ " خەڵکانێک هەبوون نزیک دەشتی نەینەوا دەژیان لە شەڕو شۆڕو جەنگدا زۆر ئازان و پێیان دەڵێن ئێزدی". هەروەها ئەولیای چەلەبی لە کەتێبی سیاحەتنامەدا نوسیویەتی ئەوانەی کە پێڕەوی ئەم ئایینە دەکەن بە خۆیان دەڵێن (ئێزدی، یەزدانی، ئێزدانی، داسنائی)، هەروەها پێشیان دەگوترێت (الێالجیە) یان خاوەنی قژموو، کە ئەو وشەیە لە لایەن عوسمانلیەکانەوە بەسەریاندا سەپیوە". (٢)

ئەگەرچی ئەو بۆچوونەی کە گوایە ئێزدی مانای یەزدانیەت یان یەزدان پەرستی یە، ئەمە بۆچوونی خۆیانە و هیچ دەلیلێک نییە ئەوە بسەلمێنێت کە ئەمە لە بنەچەدا وەختێک عودەی کوڕی موسافیر لەکاتی خۆیدا ئەمە مەبەستی بووبێت، واتە ئایینێکی

تاییەت و خوداپەرستییەکی سەربەخۆ بخوڵقێنێت، لەهەموو حاڵەتێکدا ئەم ئایینە سەرباری ئەوەی چەندین تیۆری جیاوازی خوێندنەوەی ئینترۆپۆلۆژی و سیۆسیۆلۆژی بۆ کراوە، هیچکام لەو خوێندنەوانە نەیانسەلماندووە کە ئێزدیەکان پاشکۆی ئاینێکی دیکەن، چونکە بەهۆی کۆمەڵێک دیاردە و کولتووری جیاواز و مەراسیم و بۆنەی جیاواز لەئایینەکانی دیکە و بوونی ستایلی خوداپەرستی و مانەوەیان بەو شێوەیەی خۆیان کە لەهیچ ئایینێکی دیکە ناچن وەکونەریت و لەلایەکی ترەوە لە ئایینی کاکەیی و ئاینزاکانی هیندستان نزیکن، بۆیە مەگەر لێکچوونی مەراسیم یان عاداتیان هەبێ، ئەگەرنا نیمچە سەربەخۆییان پێوەدیارە کە لە رەفتار و شێوەی خوداپەرستییەکەیان دیارە کە ئاینزایەکی سەربەخۆن لە کوردستان، بەڵام کێشەکە لەوێدایە کە ئەوان جگە لە دوژمن و نەیارەکانیان لە مێژوودا، خۆیان یەکێک بوونە لەبەردەستەکانی سەربەخۆییان و لەبەردەم خۆناساندنیان بۆ ئەوانی تر، ئەویش ئەوەیە کە نەیانتوانیوە خۆیان کۆ بکەنەوە وەکو ئاینەکانی تری ناوچەکە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی یە بۆ ئەوەی هەر لێکۆلەر و رۆژهەڵاتناسێک بەپێی خوێندنەوەی خۆیان لەبارەی ئێزدییەکانەوە قسە بکەن و بنووسن و کەسیش نەبێت بە زانست سانسۆریان بکات و هەڵەکان راست بکاتەوە. (٣)

وەکو باسمان کرد ئاینی ئێزدی بەهۆکاری چەوسانەوەیان لەلایەن دەسەڵاتی ئایینەکانی تری وەک زەردەشتی و مەسیحی و ئیسلام و ئاشوری و خودی کوردەکانی سەر بە ئیماراتی بابان لە سلێمانی و سۆران لە نزیک هەولێر و پاشای کۆرە لە راندوزەوە کە لەسەر دەستی ئەو ئاین و نەتەوانەوە چەندین جار قەتڵوعام و جینۆساید کراون، ئەم حاڵەتە وای کردووە کە ئەرشیف و دیکۆمێنتەکانیان تارادەیەک بزر کرابن، بۆیە دیکۆمێنتەکەیان تاکو هاتن و سەرهەڵدانی سەنتەری رۆشنبیری لالش و کۆکردنەوەی دیکۆمێنت و پارچەکانیان لەلایەن چەند پیر و رۆشنبیرێکیان کە دەوڵەمەندیان کردووە، هێندە هەژارە، رەنگە بتوانێ رێگە بە بۆچوونە جیاوازەکان بدات کە یان رۆژهەڵاتناسەکان، یان مێژوونوسان و کۆمەڵناسی بیانی و ناوەخۆ، بەهەڵە لەبارەیانەوە قسە بکەن و لەسەریان بنووسن، هەروەک چۆن هەندێ مێژوونوسی عەرەب و بیانی خراپ و بەهەڵە و تەنانەت کوردیش لەسەریان نوسیوون، بۆیە بۆخۆیان دەڵێن ئێمە لەسەرەتایی خۆ نوسینەوە و خۆ ناسینەوە و دەوڵەمەنکردنەوەی کولتووری کۆمەڵگەی ئێزدی و کۆکردنەوەی قەول و نوسینەوەی تێکستەکانی خۆمانین، لەوەش خراپتر ئەوەبووە کە چەند ساڵێکە کەوتوونەتە قسەکردن و پێدانی داتا لەسەر ئایینەکەیان و پیر و شێخەکانیان بۆ میدیاکان و توێژەرەوان دەدوێن، بۆیە بێدەنگیان بەشێک بووە لەو گورزەی خۆیان لەخۆیان وەشاندووە و خۆیان دیکۆمێنت نەکردووە، ئەمەش بووەتە کێشەی شوناسی راستەقینەی خۆیان لەبەرامبەر ئەوانی تری ئایینەکانی کوردستان کە هەمیشە ئەم بێدەنگییە بۆتە هۆکاری تەشیر پیکردن و ناوزڕاندنیان بە خراپە و هیچ وڵامیشیان نەداوەتەوە، مەگەر لەدوای ئەوەی کە

کوردستان لەدوای سەدەی رابردووەوە بەرەو کرانەوەی ئایینەکان هەنگاوی ناو پارلەمان و حکومەتی هەرێم پشتگیرییان لە کەمینە ئایینەکان کرد و بوون بە بەشێک لە پێکهاتە فەرمییەکانی فرە ئایینی کوردستان.
ئەبوبەکر شوانی نووسەرێکە لەبواری ئایین ناسی چەند کتێبێکی هەیە، لە کتێبی ئیخوان ئەلسەفا لە لاپەڕە ٢٦ لە کۆمەڵەی چوارەم، ئاماژە بە ئایینی ئێزدی دەکات، لەشوێنێکدا باس لە ڕێبازی خودایی دەکات لە چۆنیەتی نزیکبوونەوە لە یەزدانی مەزن و بیروڕای مەزهەبییەکان، واتە ڕێباز، شەریعەت و فەلسەفەکان، لەوێ سەرچاوەیەکی باشی بەکارهێناوە بۆ پاڵپشتی لە بۆچوونەکانی و لە کتێبی (البدایە والنهایە) (ئیبن کەسیری) وەرگرتووە کە باس لەو زاتە دەکات واتە رابەڕی روحی ئێزدییەکان و دەڵێ " عودەی کوڕی موسافیر ناوی تەواوی (عودەی کوڕی موسافیر کوڕی ئیسماعیل کوڕی موسا کوڕی مەڕوان کوڕی حەسەن کوڕی مەڕوان ئەلهەکاری و خەڵکی بیقاعی سەر بە دیمەشقی وڵاتی سوریایە لە بنەچەدا، شێخی تائیفەی (الحدودیە) یە لە (بەیت نا) لەدایک بووە و پاشان چووەتە بەغدا و هاوڕێ و هاو خەڵوەتی شێخ عەبدولقادر ی گەیلانی و شێخ حەماد دەباس و شێخ عەقیل ئەلمنبەجی و ئەبو ئەلوەفا و سەهرەوەردی و شێخانی تر دەناسێ و پاشان دەچێتە چیای هەکار و لەوێ گۆشەگیر و خەڵوەتگیری دەکات و پاشان وای لێدێت خەڵکەکەی بڕوای پێدەکەن تا ئەو ئاستەی دەیپەرستن. و پاشان هەر لەو گۆشەگیرییەدا لەتەمەنی ٧٠ساڵیدا کۆچ دەکات، ئەم گومانە کە نووسەر و دەیان نووسەری تریش هەیانە لە رەسەنایەتی ئایینەکە واتە ئێزیدی، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە عودەی کوڕی موسافیر هەتا ماوە هیچ روونکردنەوەیەکی نەداوە، لەپاش خۆشی قەوالەکانیش بەهەمان شێوە روونکردنەوەیان لەڕەسەنایەتی ئێزدی نەداوە، رەنگیشە بەهۆی ئەنفال و فەرمان بەسەریاندا ئەو دیکۆمێنتانە فەوتابێت و بەپێچەوانەوەشە راستە.
ئەوە سەلمێنراوە کە ئێزدی باوەڕێکی کۆنی کوردە، هەندێک وای بۆ دەچن کە لەوشەی یەزدەوە هاتووە کە گوایە شێخ ئادی کوڕی موسافیر، واتە لەدەورانی دەوروبەری ساڵی (١٠٧٥_١١٦٠) بەر لەمێژووی نوێ، پێشتر موتەسەوفێکی ئیسلام بووە، دواتر هەڵگەڕاوەتەوە لەئیسلام، هەندێکی تر پێیان وایە کە پێشتر زەردەشتی بوونە، دواتر بوونە بەلایەنگیری یەزید کوڕی موعاویە کە سەرکردەیەکی مێژوویی موسڵمانەکان بووە لەو سەردەمەدا، بەو پێیەی کە گوایە شێخ ئادی زۆر هاوڕێی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو پیاوە و دواتر ڕێبازی خۆی دۆزیوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە لەساڵی ٢٩٩ کۆچی مەجوسییەکان لەژێر حوکمی موقتەدر بیلاە بوونە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، بۆیە هەردوو پیاوی ئاینی ناودار لەمێژووی ئیسلامدا، مەنسوری حەلاج و شێخ عەبدولقادری گەیلانی بوونە و کەسێکیش دەرکەوتووە بەناوی شێخ ئادی کە لەچیای هەکاری پەیدابووە و موریدی بۆ پەیدابووە، سەرەنجام گومانەکە ئەوەیە کە لەژێر کاریگەری ئەو کەسایەتیانە بووە و دواتر بووە بە

خاوەن ئایدیای خۆی و ئێزیدیاتی کردووە بە ناوبانگی ئاینزاکەی، ئەمە یەکێکە لەو گومانەی کە ئاین درووستی کردووە و گومانەکەشی نەوڕەویوەتەوە.

بۆچونێکی دیکە هەیە هەروەک ئەوانی دیکە کە پێیان وایە ئێزدیاتی بەشێکە یان ئاینزایەکە لە ئاینەکانی دیکەی هاتووە کە ئاینی رەسەنن، بۆ نموونەش ئیزدی لەئاییینی سابیئەی مەندائیەوە سەرچاوەیان گرتووە و هەندێکیش بەدرێژە پێدەری ئاینی ئیسلام کە لەسەردەمی یەزیدی کوری موعاویە بووە کە پێشتر باسمان کردوو سەرچاوەکانیش ئاماژەیان پێدەدەن، کەچی (پیر خدر) کە هەم رۆشنبیرێکی ئێزیدیە و هەم پیرێکی روحانی ئاییینی ئێزدیە و شارەزایە لە مێژووچەی ئاینەکە، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی دژی رەسەنایەتی ئێزیدین و باسەکە بەرێیەکی دیکەدا دەبات " ئێزدی و ئێزدیاتی هیچ یەکێک لەو بۆچوونانە نییە و لەبیروباوەرێکی کۆنی کوردانە بەولاوە هیچی تر نییە، باشترین سەلمێنەریش ئەوەیە کە هیچ یەکێک لەو سەرچاوە هەڵەو ناتەواوانە ناتوانن قەول و بنەچە و کولتووری ئاییینی ئێزدیاتی بەئاییینەکانی دیکەوە گرێبدات، ئەگەر وابوایە دەبوو تائێستا ئاین و کولتوورەکە نەمابا لەنێو ئەو هەموو رێگرییانەی بەردەمی و ئەو هەموو جنێوسایدەی بەسەر ئێزیدیاتیدا هاتووە".
لەبارەی یەزدی کوڕی موعاویەوە کە بۆچونێکی وەها هەیە گوایە پێشتر سەر بەئاییینی ئیسلام بوونە، ئێزیدیەکان و بەتایبەتیش شێخ ئادی، پیرخدر زۆر کوردانە ئەوە رەتدەکاتەوە" لەزەمانی عومەری کوڕی خەتاب موعاویە هات و یەزد هات، کورد هەمیشە خێرخوازبووە، ئەوانیش بەشمشێر هاتن، ساڵی ٢٢٦ ئەم ناوچەیە میری میرگەیا ئازدیان ئێزدی بوونە، چونکە ئێمە بەری موسڵمانیەتی هەبووین و ناومان ئەزدائی بووە، ئیدی ئەو بۆچوونە جارێکی تر لەدژی ئێمە و بۆ سڕینەوەی ئێمە بووە، بۆیە راست نییە و هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئێزیدیاتی و ئیسلام و مێژووەکەی نییە و شیکارییەکی بێ بنەچەیە هەر لێکۆڵەرێک گەیشتبێتە ئەم قەنەعاتە، بەپێچەوانەوە هەموو ئەو قسانە لەدژی ئاینی ئێزیدیە و دژایەتیەکەش دیارە بۆچی. مەسەلەکە دیارە کە ئەمانە کەمینەیەک بوونە و ناوچەکەش زۆرینەی ئیسلام بووە، بۆیە دژی ئەم ئاینزایە بوونە، هەڵبەت هەڵوێستی ئیسلام ئەوکات و ئێستاش تەنها بەرامبەر ئاینزای ئێزدی نەبووە، بەڵکو بۆ کریستیان و کاکەیی و سابیئەو ئەوانی تریش هەمان هەڵوێستی هەبووە و هەمان رەفتاری کردووە کە کوشتار و چەوساندنەوەی ئەوان بووە.
بەڵام ریوایەتێکی تر هەیە کە " ئێزدیەکان شێخ ئادی بەشێوەیەک موقەدەس دەکەن تا رادەی گەیاندنی بەفریشتە و بەتایبەتیش شەیتان بە مەلەک تاووس، بۆیە تاووس وەکو لۆگۆی ئەوان ناسراوە و پیرۆزە لەلایان، قوستەنتین لە پێشەکی کتیبەکەیدا بەناوی ئێزیدی لەکۆن و نوێدا باس لەوە دەکات تاکو ئێستا ساغ نەبۆتەوە ئێزیدی و خودی شێخ ئادی کە گوایە دانەر و پێشەوای ئەم ئاینزایەیە، ئایا کەسێکی راستەقینەیە و کێ بووە و چۆن ژیاوە و چۆن ئەم ئاینیەی دروست کردووە و چۆن قەولەکانی بەجێهێشتووە، تەنها

ریوایەتی ئەفسوناوی هەیە". (٤) بەڵام لەوێدا ئەو هەموو گومانە شکست دەهێنێ و دەیسەلمێنن کە ئێزیدی ئاینزایەکی سەربەخۆیە و کاریگەری هیچ ئاینێکی دیکەی وەکو ئیسلامیان بەسەرەوە نییە مەگەر رۆشنبیری سۆمەرییەکان، هەروەک ئەوەی کە لەلای سۆمەرییەکانیش تاووس سیمبولی پیرۆزی یە کە بەبڕوای من هەموو ئەو سیمبولە سیۆلۆژیانە لە هیندستانەوە وەرگیراون کە ئەوان دەوڵەمەنترین کۆمەڵگەن لەو بارەیەوە، بەڵام کاریگەری ئیسلام بۆ سەر ئەوان پێناچێت لە بنەچەوە بێت، مەگەر دوای فتوحات بێت بۆ سەریان، یان ئەو نەسەبەی شێخ ئادی کە لەپاشماوەی خەلیفە مەڕوانی ئەمەوییەکانە، چونکە هەر ئیسلام بەنیازی فتوحات و کوردی موسڵمان و مەسیحی و دەسەڵاتەکانی دیکە، دەیان جار قەتڵوعامیان کردوون و تا رادەی جینۆساید کردن بووە وەکو ئەوەی ساڵی ٢٠١٥ ی شەنگال لەلایەن داعشەوە کرایە سەریان، بۆیە مانەوەشیان دەیسەلمێنێ کە ئاینزایەکی نیمچە سەربەخۆیە.
دامەزرێنەری ئەم ئایینە بەپێی رۆژهەڵاتناسەکان کەسێکی دیاریکراو نییە، چونکە ئێزدی جگە لە شێخ ئادی و پیاوە روحانییەکان، ریشەیەکی مێژوویی قوڵی هەیە و نەنوسراوەتەوە و بزر بووە، بەڵام وەکو خۆیان و شارەزایانی سەر بەئایینەکە دەڵێن " شێخ ئادی کوڕی موسافر دایمەزراندووە، نەسەبی ئەم زاتە بۆ خەلیفە مەڕوانی کوڕی خەلیفەی چوارەمی ئەمەوییەکان دەگەڕێتەوە، واتە (شێخ ئادی یان عودەی کوڕی موسافری کوڕی موسای کوڕی مەڕوانی کوڕی حەسەنی کوڕی مەروان)، لەگوندی (بیت و لفار) لە شاری بەعلەبەکی سەر بە وڵاتی لوبنان و لەساڵی ٥٠٧ ی کۆچی لەدایک بووە و لەساڵی ٥٥٧ کۆچی دوایی کردووە، واتە دەکاتە ساڵی ١١٦١ زاینی و لە لالشی سەر بەناوچەی شێخان نێژراوە و مەزارەکەی تاکو ئێستاش لەوێیە و باوەڕدارەکانی بەردەوام و ساڵانە و وەرزانە و جەژنانەکانی ئێزدی سەردانی گڵکۆکەی دەکەن.
ئەم داتایە سەبارەت بەوەی کە لەبنەچەدا شێخ ئادی لە بعلەبەکەوە هاتووە و پاشان لە کموردستان مردووە، گومانێک دروست دەکات کە ئایا ئەگەر شێخ ئادی کوڕی موسافیر لە (بعلبک) کە شارێکی سەر بە لوبنانە لە دایک بووە، چۆن هاتووە و کێ چاو ساغی بووە و چۆن جەماوەری بۆتەوە و بۆچی لەم ناوچەیە گیرساوەتەوە و نەچووە بۆ ناوچەیەکی دیکە، ئایا خەڵکی ئەم ناوچەیە نییە، ئەی چۆن مورید بۆ پێڕەوەکەی پەیدا بووە، بۆیە پێناچێ ئەو داتایە راستی تێدابێت جگە لە ئیجتیهادی ئێزدیەکان خۆیان کە هیچ داتایەکی دیکەیان لەژێر دەست نییە جگە لەو حیکایەتە.

هەر بۆ ساغکردنەوە و بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئێزدی لەچیەوە هاتووە خۆیان بە ناوی یەزدانی ناوزەد دەکەن و هۆزانێکیشیان هەیە دەڵێ
"سوڵتان ئێزدی بخۆ پادشایە.
هەزار و یەک ناڤ لخۆ نایە

ناڤێ مەزن هەر خوایە"
لەشوێنێکی تر دەڵێ " سڵتان دزانە لبەحرا چەند کشکۆل ئاڤە
ئەڤ جنیایە لباوی سەعەت و گاڤە
ئەوی حەوا کرە بووک و ئادەم کرە زاڤا"

کەوابوو بەپێی ئەو تێکستە بێت ئێزدی نە لەژێر کاریگەری ناوی مەعاویەی کوڕی یەزدەوە هاتووە  کە لەساڵی (٦٨٠_ ٦٨٣) حوکمڕانی و پاشایەتی ئیسلامی لە شام و ناوچەکە کردووە و بە گوێرەی مێژووش بێت کە شەڕی شیعە و سووننە لە کاتی حوکمڕانی ئەودا بەرپا بووە و ئیمامی حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلی یان شیعەیان شەهید کردووە و پیاوێکی وشک و بکورژی ئەوانی دیکەی دەرەوەی ئیسلام بووە، هەروەها ئێزدی نە لە هیچ بنکەیەکی زانستی ترەوە سەرچاوەی گرتووە کە زۆرکەس لە مێژوونوس و نووسەر ئەو تۆمەتە مێژووییە دەخەنە پاڵ ئایین و رێبازی ئێزدیاتی، تەنها ئەوە نەبێت کە ئێزدی ئایینێکی سەربەخۆیە و لەدوای ئاینی زەردەشتیەوە بەردەوامی بەخۆی داوە و کولتوور و شوناسی خۆی هەیە و بەتەواوەتی ئایینێکی کوردی زووبانە لەجوگرافیاکەی و زمان و نەریتەکەشی دیارە، هەروەها لە تێکستەکانی رادیارە کە خوداناسی چۆن پێناسە دەکات و باوەڕەکە چۆن زیندوو رادەگرێت". (٥) بەڵام ئەمە هەقیقەت نییە کە پاشماوەی ئاینی ئیسلام یان دەستکرد و دروستکراوی یەزدی کوڕی موعاویە بووە، بەپێچەوانەوە ئەگەر مەودای ئەوان بگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەچەیە، نەدەبوو بکەونە بەردەم قەتڵوعام و فەرمان کە بەدەیان جار توشی هاتون، یان بەشێوەیەک لەشێوەکان یاساغ کراون و تەشیرییان پێکراوە.

ئەوەی کە تائێستا هەم لە لێکۆڵینەوەکان و هەم لەسەر زاری خۆیان لەدوو ئاراستە بەولاوە شتێکی تر نییە، ئاراستەیەک دەیگەڕێنەوە بۆ ئایینەکانی وەکو ئیسلام و کریتسیان و سابیئە، ئاراستەیەکی دیکە بەرگری دەکەن، بەڵام ئەوەی هەیە ئاراستەی دووەم سەلماندوویەتی کە ئێزدی ئاینێکی راستەقینەیە و مانەوەیان و مێژوویان سەلماندوویەتی کە رەسەنن، یان لانیکەم دەیسەلمێنن کە بیروڕایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە بەپێی کولتوور و فۆڕمە ئاینزاکەی خۆیان کە لەهیچ ئاینێکی دیکە ناچێت، یان لانیکەم ئینتیمایان بۆ ئەو قەول و کەلامانە هەیە کە لە هیچ ئاین و مەزهەبێکی دیکەدا نادۆزرێتەوە و لێکچوونی نییە.

چاوگی وشەی ئێزدی

واتەی سەرەکی ئێزدی لەوشەی (ئێزی) یەوە هاتووە، بەمانای (خودا) یان (خوداوەند) دێت، هەروەها بۆچوونی تر هەیە کە ئەو وشەیە مانای دیکەی هەیە، " (ئێ، زی، دی) بەمانای (ماڵێکی پان و بەرین، یان ماڵێکی پاک دێت)، لە سەرچاوەی دیکە هاتووە کە وشەکە بۆ زمانی سۆمەری دەگەڕێتەوە و بەمانای (رێگەی راست) دێت کە بەمانای رێگەی راستی خوداپەرستی و چاکەکاری لەپێناو خۆشگوزەرانی مرۆڤ کە مەخلوقی خودایە وەکو خۆیان باسی دەکەن و بڕوایان پێیەتی، لەکاتێکدا سەرچاوەی دیکە هەیە

پێیوایە ئێزدی لە زەمانی پەهلەویی ساسانیدا سەریهەڵداوە، ئەم پەرستگایە بۆ یەکەم جار لەلایەن خوداوەندێک بەناوی (نابۆ) کە لەشاری (بۆرسیبا) بووە و دەکەوێتە لای خوارووی روباری فورات و بەرامبەر بە شاری بابل دروست بووە" (٦) بەپێی هەموو لێکۆڵینەوە سیۆلۆژییەکان و دانپیانانی ئێزدیەکان خۆشیان، دەرکەوتووە ئایینی ئێزدی ئاینێکی ئاسمانی نییە و تێرامانە لە دونیا و دوارۆژ، بەپێی قسەی پیرخدر کە پیاوێکی رۆشنبیر و روحانی ئێزدیەکانە، ئەوان قەول و بەیت و تێکستی شیعریان هەیە، کە لەسەر کێشی پەنجە نوسراوەتەوە، ئەوەش لە بارەی (مەسحەفا رەش و جیلوە) * نوسراوەتەوە و گوایە چەند پەڕێکە و بە تیپێکی نەناسراو لەلایەن پرۆفیسۆر (ئەنستانت مار کرملی) کە رۆژهەڵاتناسێکی فەرانسی بووە لە سەدەی رابردوو هاتۆتە عێراق و لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی عێراق و پێکهاتەکانی نوسیویەتی و یەکێک لە کارەکانی ئەوەبووە هاتۆتە لالش و شێخان و ئەم بابەتەی بەگرینگ زانیوە وەکو لە پێشەکی کتێبەکەدا باسکراوە، بۆیە خوێندنەوەی لەبارەی ئەو دوو کتێبەوە کردووە و بڵاوی کردۆتەوە کە بەکتێبی پیرۆزی ئێزدی ناسراوە و تائێستا نەبینراوە، بەڵام وەکو پێشتر باسمان کرد ئەوان بەهەر بیانوویەکەوە بێت داتای تەواویان نەبووە، یان نەیانوێراوە بیبەخشن، بۆیە لەرێگەی خەڵکی ترەوە وەریگرتووە، سەرەنجام دەرکەوتووە کە زۆر داتای هەڵەیان پێداوە و ئەویش دوچاری هەڵە بووە کە لەکتێبەکەیدا لەبارەی ئێزدیاتی بڵاوی کردۆتەوە، بەتایبەتی ئەو داتایەی کە گوایە لەرێگەی کەسێکی ئێزدییەوە سندوقێکی کۆنی دۆزیوەتەوە و بە حوکمی بەرتیل ئاشکرای کردووە گوایە ئەوە جیلوە و مەسحەفا رەشی تێدابووە، کەچی بەپێچەوانەوەی ئەو رۆژهەڵاتناسە پیرخدر رەتیدەکاتەوە و بە چیرۆکێکی ئەفسانەیی لەقەڵەمی دەدات و دەڵێ " ئەوەی کە دراوەتە پاڵ مەسحەف رەش و شێخ ئادی، لە دژایەتی کردنی ئێزدی و گەندەڵی رۆشنبیری بەولاوە هیچی تر نییە، چونکە ماقوڵ نییە شیخ ئادی، یان شێخ حەسەن کە دوو رەهبەری ناسراو و دامەزرێنەری ئەم ئایینەن، زیاتر لە شەش مانگ بچنە خەڵوەتەوە و بیر لە شێوازێکی دیکەی خوداپەرستی بکەنەوە، کەچی سەرەنجام ئەو چەند لاپەڕەیەکی بێسەرو بەر بنووسن کە بەناو رۆژهەڵاتناس و هەندێک لە رۆشنبیرە کوردەکان نووسیویانە و بیانووشی بۆ دەهێننەوە، ئەمە داتایەکی هەڵەیە و غەدرێکە لە ئێزدیاتی و خودی شێخ ئادی دەکرێت کە هیچ عەقڵێک ئەمە قبوڵ ناکات، بەڵام ئەگەر بڵێین ئێمە خۆمان بەشێکین لە تەفسیری کە خۆمان نەناساندووە بەئەوانی تر کە پرسیاران هەیە دەربارەی ئەم ئایین وکولتوور و مێژووە نادیارەی ئێمە، بەڵێ وایە و راستە". (٧)

ئێزدی لە زۆربەی چاوگە مێژووییەکان، لەوانەش شەرەفخانی بەدلیسی باسی کردووە کە موسڵمانی ئەو سەردەمەی وەکو بەشێک لە خەتا ناساندووە و لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ" حەوت خێڵی کورد هەن کە زۆربەیان ئێزدین، ئەمانە بڕوایان بەو هێڵە هەیە کە شێخ ئادی دایهێناوە، ئەمانە واجبی ئاینی خۆیان جێبەجێ دەکەن و نوێژو رۆژوو

دەگرن، دوای زیندوو بوونەوەش دەچن بۆ بەهەشت، بەبێ ئەوەی سزا لەلایەن خوداوە وەربگرن، ئەمان کە کوردن دابەشبوون بەسەر دوژمنایەتی و قین و رق لێبوونەوە کە موسڵمان دابەشی کردوون". (٨)

ئەم شیکردنەوەیەی شەرەفخانی بەدلیسی کە باسی دابەشبوونی ئێزدیاتی کردووە بەسەر خێر و شەڕ و قین و لێبوردنەوە، هیچ مانایەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دیار نییە کە بۆچی دابەشبوون و بۆچی موسڵمانەکان دابەشی کردوون، لەکاتێکدا وەکو دیارە ئەوان لەدوای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە و فتووحات، ئێزدیەکان بەرگرییەکی گەورەیان کردووە بەپاڵپشتی شاخ و پرنسیپە ئایینیەکانیان کە نە چوونە سەر هیچ ئایینێک و نە هیچ کەسیش قبوڵ دەکەن هیچ کەسێک بچێتە سەر ئاینەکەیان. بەڵام مەسەلەی لێبوردەییەکەیان ئەمەیان پێناچێت و بگرە بەپێچەوانەوە قینیان زیاترە لە لێبوردەیی، بەتایبەتی لە توندڕەوی ئیسلام، بەوپێیەی کە ئەوان کەوتوونەتە نێو بازنەیەک لە ئاینە جیاوازەکان و گەمارۆدراون، بۆیە هەمیشە ترسیان هەیە توشی قەیران ببن و بەرەو پوکانەوە بچن، رەنگە ئەمە بەشێک بێت لەو قینەی کە هەیانە.

ئاینی میترایی کە ئاینێکی کۆنەو لەکوردستانیش شوێنەواری هەیە و بەحەزەر ناسراوە، ئەوەی کە لەوێنەی ئەژدەهاک و رۆژ لەدەستنووسی نامیلکەی شاە نامەدا هاتووە، هەروەها ئەو وێنانە لەفەرهەنگی ئێزدیەکانیشدا هەیە، دەکرێت گومان بکرێت، چونکە زۆر تایتڵ و پرنسیپی ئاینزایی ئێزدیاتی لەئاینە کۆنەکانی پێش خۆی دەچێت، بۆیە بەم پێودانگە بێت پێدەچێ لەئایینی میترایییەوە وەرگیرابێت کە ئەمەش گومانە، خوداوەندی میترا یەکێکە لەو پەرستراوە پیرۆزانەی کە لە (هیندۆ ئەوروپیەکان) سەرچاوەی گرتووە و هاتۆتە نێو کولتوری کوردییەوە بەوپێیەی کە کورد لە هیندۆ ئەوروپییەوە نزیکە.

یەکێکی تر لە رۆژهەڵاتناسەکان بەناوی دکتۆر (قوستەنتین زریق) لەکتێبی ئێزدییەت لەکۆن و نوێدا کە کتێبی تایبەتە بە ئایینە کۆنەکان و لە شوێنێکدا دەڵێ " لەنێوان خودی ئێزدیەکاندا هەن باوەڕیان وایە بەڕەچەڵەک ئەمەوییەکان و هەشن باوەڕیان وایە (دەچنەوە سەر یەزیدیکی دیکە کە ناوی یەزدی کوڕی ئەنیسە) سەرکردەی خەواریجیەکانی سەردەمی نێوەندەکانی ئیسلام" ئەمە لەگەڵ بوونی ئەو بۆچوونانەی کە پێی وایە ئێزدیەت وەک ناو لەناو شاری یەزد، یان یەزدان هوە وەرگیراوە کە بەفارسی بەواتای خودا دێت، یان رەنگە لەئێزدەوە هاتبێت کە لەئایینی فارسەکاندا بەو فریشتانە دەگوترێت کە پەیامی خوداوەندی میهرەبان بەبەندەکان دەگەێنن، بەمەش زاراوەی ئێزدیەت دەبێتە بەندە یان شوێنکەوتوانی خودا یان شوێنکەوتووانی فریشتەکان"

دکتۆر قوستەنتین لەبارەی ساغکردنەوەی ئەم زاراوەیە رەسەنایەتی ئەم ئاینە دەڵێ "دژواری ساغکردنەوەی ئەسڵ و فەسڵی ئێزدیەکان ناشارێتەوە، چونکە هەروەک خۆی ئاماژەی پێدەدات یەکێک لە هۆکارەکانی نا تەبایی خودی ئێزدیەکان سەبارەت بە سەرجەم شتگەلە تایبەتەکانی ئاینەکەیان کە بە چەشنێک تێکەڵاو خورافات و ئەفسانەی

کاڵ و کرچ بوون، که دواجار ساغکردنەوە و یەکاڵاکردنەوەی دەبێتە مەحاڵ، بۆ نموونە لەکاتێکدا هەندێکیان پێیانوایە ئەوانیش وەکو هەموو بنیادەمان لە باوکە ئادەمەوە هاتوون، بەڵام لەوەدا خۆیان جیادەکەنەوە و نەک دایکە حەواو باوکە ئادەم، لەکاتێکدا سەرجەم میللەتانی دیکە بە بڕوای ئەوان دەرەنجامی بەیەک گەیشتنی ئادەم و حەوا هاتوونەتە دونیاوە، ئەمە جگە لەبۆچونی کۆمەڵێک لەو ئێزدیانەی کە پێیانوایە دامەزرێنەری ئاینەکەیان بە بنەچە دەچێتەوە سەر (موعاویەی کوڕی سوفیان) بەتایبەتیش ئەو دەمەی موعاویە ژنێکی هەشتا ساڵەی خواست و ئەو ژنە بەشێوەیەکی سەیر گەنج بۆتەوە و بووە بەدایکی یەکەمین دامەزرێنەری ئایینی ئێزدی" (٩)
لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئێزدیاتی نەتەوەی جیاوازن لە کورد یان جگە لە ئایینەکە نەتەوەیەکی سەربەخۆن، چونکە بەشێک لە ئێزدیەکان وەکو پەرچەکردار خۆیان بە کورد وەکو نەتەوە نازانن و تەنها دەڵێن ئێمە ئێزدین، بەڵام لەلایەکی دیکەوە کە کەسە ناسراوەکانیان ئەمەیان یەکلایی کردوەتەوە کە بە کولتوور و شێوەزار و جلوبەرگ و جوگرافیاکەیان دیارە کە کوردن و بگرە خۆیان لە کوردەکانی دیکە بە رەسەنتر دەزانن، بەڵام کێشەی ئایینەکە و عەرەبی پۆشینەکەیان وەکو ستایلی جلوبەرگی پیاوان و ژنانیان، ئەوە پەیوەندی بەوە هەیە کە لەرووی جوگرافی و دیموگرافییەوە واهەڵکەتوونە جوگرافیاکەیان کە لەنێوان مەسیحی و عەرەبی موسڵمان و عەرەبی سوونەن، بەمەش ئایین و کولتورەکەیان بووە بە قوربانی "هەرچی پەیوەندی بە کوردی داسنییەوە هەیە و دەنگوباسی مەسیحیاتیان هەر یەکەم رۆژی دابەزینی رۆحی پیرۆز بیستویانە و لەنووسینی پیرۆزی سریان و کەلدانیەکان ناویان هاتووە، وەکو ئەو میللەتانەی کە هێنرانە پێشەوە، بۆ ئەوەی نهێنییە گەورەکەی کەنیسەی تازە لەدایک بوو جێبەجێ بکەن، چونکە مانای وشەی پارتی کە دووەم بەشی کردەوەی ئەسحابەکانە بە سریانییە و بە (کێرا دیان کورد) ناسراوە، مێژوو پشتی ئەم گشتیەی سریان و کلدانیەکان دەگرێ و پێمان دەڵێ کە ئیمبراتۆڕیەتی پارتەکان لەلایەن هەڵهاتووەکانی سیتیەوەوە بڵاو بۆتەوە بەناو ئاشوریاوە کە ئەویش گەورە بووە بەناو ئەو هەرێم و میرنیشینانەی خستیانیە ژێر دەستی خۆی هەتا دەگاتە کرمان، هەروەها ناوچەی زۆر گەورەی میزۆپۆتامی خستە ژێر دەستی خۆی بەم شێوەیە کوردە ئێزیدیەکان کە لەڕووی ئاینەکەیانەوە تەماشایان دەکەم، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە پارتەکانەوە هاتوون و بەتایبەتی ئاسورییەکان کە پێیان دەگوترێ داسنی، لەلایەن حەزرەتی تادێوە روناکی ئیمانیان بۆ هاتووە، تاقە مەرقەدی ئێستاشیان هەر ئەوە، بووە بە مەرقەدی هەموو کۆمەڵەکەیان و مەزارگای ئاسایی میللەتە ئێزیدیە، وەک دەڵێن ژمارەیەکی زۆر چرای تا بەردەوام هەڵکراوە بۆ پیرۆزکردنی یادی شێخ ئادی، ئەمیش حەزرەتی ئەسحابە نۆدێیە بە زانای خۆیان، وەک چۆن بەعەرەبی دەگوترێ تدای، هەموو ئێزدییەکان دینی راستەقینەیان لەم سەرچاوەیەوە وەگرتووە چ میزۆپۆتامیا، چ لەهەندێ ناوچەی تر ناوی شێخ عادی بەرز دەبینن و وشەی ئاساییتر و جوانتر نییە بەلایانەوە

وەک وشەی شێخ عادی، واتە زانای عادی، جگەلەوە داسنیەکان مەسحییەکانیان خۆش دەوێ و رقیان لە موسڵمانەکان دەبێتەوە، لەبەرئەوەی تەبیعەتی شەڕکەریان هەیە و ئازایەتی پارتیان هەیە". (١٠) و (١١)

## مەسحەفا رەش و جیلوە

زاراوەی سحف کە لەزۆربەی ئاینەکاندا وەکو زاراوە عەرەبییەکان بەمانای پەڕەی نوسراو دێت، قورئانی ئیسلامیش وشەی سوحفی تێدا هاتووە، بەڵام وشەی مەسحەف بەمانای نوسراو دێت و رەش بەمانای ئەو رەشەبایە دێت کە لەئاینی ئێزدیا بەکارهاتووە و پیرۆزە، ئەوەش کە بۆچی وشەی عەرەبییان بەکارهێناوە و وشەی کوردییان نییە لەبری مەسحەف، ئەوەش پرسیارێکی دیکەیە کە بۆخۆشیان وەڵامیان پێنیە کە بۆچی ئەدەبیات و رێنووسی عەرەبی بەسەرییاندا زاڵە، ئایا تەنها ئەوەیە کە کەتوونەتە نێو ناوچەیەکی عەرەبی، یان پاشماوەی ئەو فتووحاتەیە کە لە مێژوودا دووچارییان بووە، هەرچی وشەی جیلوەشە بەمانای پەیدابوون و سەرهەڵدان دێت، یان بەمانای پەیدابوونی تاوس مەلائیکە دێت، مەسحەفا رەش ناوێکی دیکەی هەیە کە تائێستا کەمتر بەکارهاتووە. ئەویش (قەرە فرقان)* ە، قەرە واتە رەش و فرقان یش واتە بەرزەخ یان پنتی نێوان خێر و شەڕ، واتە ئەوشتەی کە شەڕ باتڵ دەکاتەوە. (١٢)

ئەگەرچی ئەو دوو تێکستە بەناوی جیلوە و مسحەفا رەش لەبەردەستن و تا ئێستا خوێندنەوەیەکی زانستیانەیان بۆ نەکراوە ئایا هەقیقەتن و هەن یان تەنها ناوی کتێبێکی وەهمییە، لەکاتێکدا خۆیان کەسانی وەکو خەیری بۆزانی کە کەسایەتییەکی دیاری ئێزدیاتییە دەڵێ ( هەردوو مەسحەفا رەش و جیلوە، تەنها ناوێکن و تائێستا نەبینراون و کتێبی پیرۆزیش نیین)، بەهەمان شێوەیە پیر خدریش کە یەکێکە لەرۆشنبیر و پیرێکی ئایینی ئێزدیە و جەخت لە کێشەی زمانەوانی ئەو دوو تێکستە دەکاتەوە و دەڵێ" ئێمە بیستمان دوو کتێبی ئاینی ئێزدیاتی هەیە بەناوی (جیلوە و مەسحەفا رەش)، ئەو دوو کتێبە بەئەلف و بایەکی تایبەت و بەکوردییەکی سۆرانی و عەرەبییەکی تێکشکاو نوسراوەتەوە، ئەوەش نوسخەی ئەسڵی واتە پارچە رەسەنەکە نییە، ئەوانەی دەڵێن لە لەندەن هەیە، یان ئەوەی دەڵێ لای من هەیە نوسخەی ئەسڵی، بەڵام هیچیان راست نین و لێدوانی نا ئاسایین، ئەگەر ئەو نوسخەیەش بێت ئەوە تێکشکێنراوە لەئەنجامی ئەو هەموو کارەسات و سەرکوت کردنەی ئێزدیەکان کە لەلایەن مەسیحی و زەردەشتی و موسڵمانەوە زوڵمیان لێکراوە کێشەی رەسەنایەتی تێکستەکانی دروستکردووە"

" پارچە نوسراوێک هەیە لە مەسحەفا رەش دەڵێ ( لەسەردەمی لافاوەکەوە هەتاکو ئێستا حەوت هەزار ساڵی خایاند، لەماوەی هەر هەزار ساڵێکدا یەک لەخواوەندەکان هاتۆتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، ئەوەی کە کتێبەکانی ئاسمانی بۆ ئێمە نووسیوە و یاسایەکان و دەستووری یاسایی بۆ ئێمە داناوە، لەپاشان چۆتەوە بۆ سەرەوە" (١٣) بەڵام من نەمزانی مەسەلەی لافاوەکە مەبەستی ئەفسانەکەی نوح ە یان لافاوێکی دیکەی مێژووییە، چونکە مێژوو باسی دەیان لافاوی کردووە گە سرووشت تووڕە بووە و هەرچی داروبەرد و ئاژەڵ و ئینسانە رایماڵیوە، بۆ نموونە تۆفانی سۆمەری و سەردەمی یۆنانی و تۆفانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و هتد، باشترین سەلمێنەری ئەوەیە کە مەبەستی لافاوەکە دیار نییە، چونکە مێژووەکەی دیار نییە.
بەڵام لەبارەی ئەوەی کە مەسحەفا رەش دەقێکی ئاسمانی یە، یان نوسراوەتەوە و لە کتێبێکی ترەوە وەرگیراوە پیر خدر دەڵێ" ئێزدیاتی یەکێکە لەبیروباوەڕە کۆنەکانی کوردەواری، بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ" بەم قسەیە بێت هیچ کام لە قۆناغەکانی پێشووتریان نەبووە و ئایینی ئەزەلی نییە.
قۆناغی یەکەم: قۆناغی بەر لەمەسیحیەت بووە، واتە حورمەتگرتن بووە لەدیاردەکانی سرووشت، چونکە ئێزدیاتی بۆ هەر دیاردەیەک خودانێکیان ناسیوە، بۆ رۆژ خودایەک و بۆ مانگ خودایەک و بۆ مردن و با و ئاو خودایەک و هتد و بۆ هەریەک لەم خودایەش مانایەک و شکردنەوەیەکی لۆژیکیان هەیە وەکو هەر ئاینێکی دیکەی سەر زەمین کە لە هیندستان و مالیزیا و چین و بەشێک لە ئامریکا لاتین هەیە.
قۆناغی دووەم : قۆناغی ناسینی خودا بووە کە زۆربەی ئایینەکانی دیکە بەم قۆناغانەدا رۆیشتوون. هەراینە تائێستاش بە قۆناغی سەرەتایی تێدەپەڕن کە خودا لەلای ئەوان، بریتییە لە ئاژەڵ و ئەستێرە و ئەندامی جەستەی ئینسان و هتد.
قۆناغی سێهەم: قۆناغی شپرزەیی و زوڵم و زۆرداری بووە، کە گوایە زەردەشت هاتووە زوڵمی کردووە، مەسیحیەت لەسەدەی دووەمی زاینی هاتوون هێرشیان کردۆتە سەر لالش و کردوویانە بەکەنیسە، ئیسلام لەساڵی بیستی کۆچی (عومەری کوڕی فەرقەد) یەکێک بووە لەسەر لەشکرەکانی جەیشی عەیازی کوڕی غەنەم کە هێزی ناردووە بۆ سەریان، ئیدی ئەو پیاوە بە خۆی و لەشکرییەوە هاتۆتە موسڵ و ئەودیوی ئاوی دیجلە، سەرەنجام لەشەڕێکدا ناوچەکەی کردووە بە دوو بەشەوە، دواتر هاتۆتە باعەدرا کە پایتەختی ئێزدیان بووە و داگیری کردووە، ئیدی ئەوەی بووە موسڵمان و ئەوانی تر هەڵاتن و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە".
قۆناغێکی تر هەیە کە هاتنی شێخ ئادی کوڕی موسافیر لەشامەوە هاتۆتە هەکاری، هاتە لالش و لەکریستیانی سەند و وەکو دەروێشێک و ریفۆرمی لەئایینی ئێزدی کردووە، ئەوکات دوو چینی هەبووە، چینی گشتی کە مورید و چینی پیر، چینێکی تر جیابووە و بوون بەسێ چین و شێخیش پەیدا بوو.

شێخ حەسەن کوڕی شێخ ئادی بوو، شەش ساڵ واتە لەساڵی ٦٤٤ چۆتە خەڵوەتەوە، هەندێک نوسینی هەبووە کە هێشتا دیارنییە وەکو نووسینی ئاسەواری بەناوی "جەلوە بۆ ئەهلی خەلوە"، ئەحمەد تیمۆر لەخێزانی تیمۆرییەکانە، ئەو دەڵێ ئەو شێخ حەسەنە چەندین ساڵ لەخەڵوەتدا بووە و بەشێوەیە خودای ناسیووە، ناکرێ بەو قسەیە بڕوابکەین کە شێخ شەش ساڵ لەخەڵوەت بووە، چەند لاپەڕەیەکی پڕوپوچ بنووسێ، ئەگەر بنووسێ بۆچی بەکرمانجی خۆیان نانووسێت و بەسۆرانیەکی تێکشکاو دەینووسێ، ئەم حاڵەتە هەبووە مامۆستا (گیو موکریانی و ئەنوەر مائی) چەند بەیتێکیان نوسیووە، گوایە ئەمە نوسخەیەکی کۆنی دەستنووسی شێخ ئادیە، بەڵام ڕاست نییە" (١٤) . ئەوەی کە باس لە دەستتنوس دەکرێت لەلایەن شێخ ئادییەوە، نەک هەر من بەڵکو بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتناسەکانیش گەڕاون، بەڵام هیچیان بۆ ساغ نەبۆتەوە کە کتێب یان نووسین هەبێت بەناوی جلوە بۆ ئەهلی خەڵوە، تەنها قسەیە و هیچی تر، ئەوان بۆ خۆشیان پێیانوایە ئەو شتانەیان کە لەسەر نوسراوە، بەشێکی زۆری خەیاڵە و اقیعیەتی نییە، بەڵام قەوال یان هەبووە و ڕەنگە ئەو قەولانە لەمدواییەدا نووسرابنەوە وئێستا لە گۆڤار و بڵاوکراوەکان دەبینرێت.

لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا جەخت دەکاتەوە کە تێکستەکانی ئێزدی پێشتریش هەبوون و کاریان پێکراوە بەر لەوەی ئەنفال و جینۆساید بکرێت و دەڵێ "ساڵی ٦٥٣ کۆچی موسڵمانەکان بەسەرکردایەتی (بەدرەدین لولو) هەڵمەتێکی گەورەی کردۆتە سەر ئێزدیەکان و پەرستگای لالش و ماڵ و حاڵیان تاڵانکردوون". ئەم نووسەرە چیرۆکی خۆی بڵاوکردۆتەوە کە چۆن ویستوویەتی کارێک لەسەر ئەم بیروباوەڕە بکات کە ناوی ئێزدیاتیە، گوایە شێخ جەلیلێک هەبووە دوای ئەوەی قەناعەتی کردووە کتێبی (جلوە) ی پێنیشان بدات، ئیدی شێخ هەڵساوە لەماڵەکەی خۆی دەستی بردووە بۆ سندوقێکی دارین و لەسندوقەکەدا (جلوە) ی دەرکردووە و کتابەکە بەقەبارەی (٤٠٠) لاپەڕە و ٢٢سم بە ٣٠ سم بووە و بەرگێکی ڕەشی هەبووە و لەسەری نووسراوە جلوە و هیچی تر. ئەو دەڵێ کتێبەکە لەحەوت بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم سەبارەت بە بوونە هەروەک لەتەوراتیش هەیە بەناوی (سفر التكوين) بەشی دووەم نەسیحەت و مواعیزە و بەشی سێهەم چیرۆکی پیر حەسەن و شێخ ئادی کوڕی موسافیرە، بەشی چوارەم بۆماوە و خاوەن ماڵە، بەشی پێنجەم ئیرشاداتە بۆ ئەو شێخ و پیرانە و چۆنیەتی وەعزدادانە و بەشی شەشەم کردار و ڕێورەسم و تەلاسم و چارەسەری نەخۆشی و لێقەومانە و بەشی حەوتەم بۆ خێرە" (١٥). بەڵام ئەم چیرۆکەش تەنها گێڕانەوەیەکی دەماودەم و بێ بنەما و بێ دیکۆمێنتە و کتێبێکی ئەو چەشنە نییە تاکو لەبەردەست بێت، خۆ ئەگەرێکی وەها بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرین کە لەترسی نەیار و دوژمنەکانیان دەریناخەن، ئێستا وەکو جاران نییە ترس نەماوەو پارێزگارییان لێدەکرێت و شوێن و دەستگا و ئینتەرنێت زۆرە تاک بمێنێ، هەروەها چاپخانە زۆرن بۆ ئەوەی پارچەی ئەسڵ لەنێو نەچێت.

"مینۆرِسکی رۆژهەڵاتناسی روسی بووە هاتۆتە ناوچەکە و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم ئایینە کردووە بۆی دەرکەوتووە کە دەقەکە هەیە و دانەیەکیش لەو دەقانە بەردەستی م. پیتەر ی نەمساوی کەوتووە و وێنەی گرتووە بەکامیرا و دواتر ساڵی ١٩١٣ جارێکی دیکە چاپکراوەتەوە لە ڤیەننا، ئیفریانۆف لە کتێبەکەی دا بەناوی سەفەرێکی ماکۆ ساڵی ١٩٠٥ دەڵێ گوندێک هەبوو بەناوی جەبارلو لەکوردستان بووە و لەئیمارەتی ماکۆی ئەوکات نزیک بووە و زیاتر لە ٢٥ خێزانی تێدا دەژیا و هەموویان ئێزدی بوون، هەروەها موژدەبەخشێکی کاپۆلیکی بەناوی میشیل فیبر لە شاری حەلەب، ساڵی ١٦٧٤ لەکتێبێکیدا کە ناوی دانەرەکەی نەهاتووە لە رۆما چاپ کراوە، پێی وایە کە ئەو کتێبە گرینگترین کتێبێکە باسی لە بیروباوەڕەکانی ئایینی ئێزیدی کردبێت " (١٦) بەهەر حاڵ ئەوەی کە لەبارەی جیلوە و مەسحەفا رەش دەگوترێ، یان بەشێکی لەلایەن خۆیان ئێزیدیەکانەوە دەنووسرێتەوە و شرۆڤەی بۆ دەکەن، پێناچێت خۆیان بەکتێبێکی ئاسمانی بزانن، بەقەد ئەوەی کە کۆمەڵە قەول و نووسینێکن بۆ ئێزدیەکان و کاری پێبکەن، ئەمە جگەلەوەی کەکتێبەکە بەزمانێک نوسراوەتەوە تێکەڵەیەکە لەکوردی و عەرەبی تێکشکاوو و خەریکن کۆی دەکەنەوە و چاکی دەکەنەوە.
پەیوەندی ئەم ئایینە و میترایی پەیوەندییەکی مێژوویی ئارکۆلۆژییە، بەمانای هەڵکۆڵینێکی مرۆناسیانەیە کە پسپۆڕانی ئەم بوارە ئاشکرایان کردووە، ئیدی ئەمە لاگیری تێدابووە یان ئەکادیمی، لەهەردوو بارەکەدا ئەوەیە کە ئێستا پاشماوەکەیان دەیسەلمێنێت بۆچی هەموو نهێنیەکانیان بە کراوەیی ماوەتەوە و رێگەی بە تێڕامانی جیاواز داوە، بەوپێیەی کە ئاسەوارناسەکان ئەو دۆزراوانەیان کردۆتە پێوەر بۆ لێکچوونێک لەنێوان پاشماوەی میترایی و ئێزیدی کە وەکو تەشیر و تانە، پێیان دەگوترێت شەیتان پەرست، لە راستیدا ئەمان وەکو ناونیشانی شەیتان کە مانای شەڕ بێت ئەوە ناپەرستن، بەڵکو وەکو ئەوەی باوەڕ بە سزا و پاداشت نییە، " شەیتان پەرستی بە شێوەی ئایینێکی جیاواز واتە تایبەت کە ئەوەش لە ئێرانی کۆن واتە لە سەردەمی زۆر رابووردودا، بەشێوەی نهێنی بەکار دەهات لە پاشان هەر بەردەوام بوو بەشێوەی ئایینی زەردەشتی تاکو هاتنی ئایینی ئیسلام. بناغەی ئەو جۆرە شەیتان پەرستنە لەسەر بنچینەی (جن و عفاریت و شەیتان پەرستن) بوو هەروەها باوەڕی بە سزا و پاداشت نەکردن و بەکارهێنانی جادوگەری و ئەفسونەی ناڕاست و هەورها باوڕ هێنان بە نەمری لە گیان واتە روح، هەڵگرانی ئایینی میترایی کۆن دەرویێشەکانیان و نوشتە و درودی گونجاویان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی لەدژی دوژمنەکانیان بەکاریبهێنن کە بڕیاریان بۆ لەناوبردنیان هەبووە، ئەمە لە ئاینی میترتییدا هاتووە هەڵسانەوە و زیندووبوونەوەی گشت مردووەکانە" (١٧ و ١٨)

**رێساکانی مەسحەفا رەش**

وەکو پێشتر باسمان کرد، ئەگەرچی نووسراوێکی وەها نییە کە ئەو ٣٢ و خاڵە وەکو ڕێسایەک و کولتوورێک ئێزدیەکان کاری پێبکەن و پێی بگوترێت مەسحەفا ڕەش، بەڵام لێرەو لەوێ قسەیان لەبارەوە دەکریَ و هەندێ جاریش چەند خاڵێک لەو خاڵانەی کە باس دەکرێن، دەیبینین و خۆشیان دانیپێدا دەنێن کە ڕاستە، نموونەش شوومی ڕەنگی شین و بوونی ئەو مرواریەی کە باس دەکرێ و دواتر جوبرائیل دەستکاری سرووشت دەکات بەپێی فەرمانی خودا، هەروەها مەسەلەی پیرۆزی چەمکەکانی وەکو (با و ئاگر و ئاو و خاک)، بۆیە ئەو خاڵانە ڕاستیەکیان تێدایە، بەڵام پێدەچێ ئەو فەرهەنگ و کولتوورە جیاوازەی کە ئێستا هەیانە و لەپێشوو جیاوازترە، لەوە دەچێ ڕەوتی ژیان گۆڕِبێتی و لەمدواییەدا کە خوێنەوار ڕۆشنبیر و نووسەریان تێدا هەڵکەوتووە، بۆیە ئەو بەشەی هەیە، هەبوونەکەشی تەنها نوسخەی نوێیە نەک کۆن. ئەمەی خوارەوە ئەو خاڵانەن وەکو ڕێسا کاری پێدەکرێت لەنێو ئێزدیاتی.

١: ڕۆژی یەکەم خودا مرواریەک لەزاتی خۆی دروستدەکات، دواتر باڵندەیەکی دروووست کردووە کەناوی ئەنفەرە و مرواریە گەورەکەی خستۆتە سەر پشتی باڵندەکە و ماوەی چل هەزار ساڵ لەسەری نیشتەوە.

٢: خودا لەیەکەم ڕۆژی یەکشەممەدا فریشتەیەکی دروووست کرد بەناوی ئێزرائیل، ئەو فریشتەیە ناوێکی تری هەیە بەناوی مەلەک تاووس کە سەرۆکی هەموو فریشتەکانە، بەو پێیەی کە خودای خستۆتە بەردەم دوو ئەگەری لۆژیکی، وەکو ئەوەی گوتوویەتی (ئایا کەس هەیە لە خوا گەورەتر بێت بۆ ئەوەی بیپەرستێت؟).

٣: دووەم ڕۆژ خودا فریشتەی دەردائیلی دروووست کرد کە شێخ حەسەنە.

٤: سێشەممە ئیسرافیلی دروووست کە شێخ شەمسەدینە.

٥: چوارشەممە لەنەبوونە فریشتە میکائیلی دروست کە شیخ ئەبو بەکرە.

٦: پێنجشەممە لەنەبوونەوە جوبرائیلی دروووست کرد کە ئەویش شێخ سەجادەدینە.

٧: هەینی شامایلی دروووست کرد کە لەلای ئێمە بەناوی نەسرەدین ناسراوە.

٨: شەممە تەنها نورائیلی دروووست کە جگە لەفەخرەدین کەسێکی تر نیە.

٩: مەلەک تاوس کرا بەسەرۆکی هەموو فریشتەکان.

١٠: خوا حەوت ئاسمان و زەوی، خۆر و مانگی دروووست کرد.

١١: فەخرەدین لەلای خۆیەوە مرۆ ئاژەڵ و باڵندەی کێوی دروووست کردن و خستیە ناو گیرفانی جل و بەرگی خۆیەوە، بەمشێوەیە بەهاوەڵی پۆلێک فریشتە لەناو مرواریە گەورەکە دەرچوو. دواتر دژی مرواریە گەورەکە هاوارێکی لێهەڵسا و دەمودەست مرواریەکە بوو بەچوار بەش، لەسینەیەوە ئاو دەرچوو زەریای لێدروووست بوو، لەو دەمەدا هێشتا زەوی خڕ و بێدرز بوو.

١٢: خوا شێوەی باڵندەی بەجوبریل بەخشی، ناردی تاهەر چوار گۆشەی دونیای دانا، دواتر پاپۆڕێکی دروووست کە جوبریل ماوەی سێ هەزار ساڵ تێیدا مایەوە و پاشان لەلالش نیشتەجێبوو. ئەویش بەشوێن خۆیەوە زەوی هاواری کردو ڕەق ڕەق بوو،

زەوی رەقەڵان دەستی کرد بەلەرزین، ئەودەمە جوبریل پارچەیەک لە مرواریەکەی هەڵگرت و خستیە ژێر زەوی بۆئەوەی سەقامگیر بێت و پارچەیەکی دیکەشی خستە سەر دەرگای ئاسمان بۆ رازاندنەوەی، لەم بەشەی مرواری بوو کەخۆر و مانگ هەڵاتن، پاشان مانگ و خۆری بەتۆزێک رازاندەوە کەلە پارچەکانی مرواریەکە بوون و بوون بەئەستێرەی گومەزی شینی ئاسمانی، هەموو بەئاسمانەوە هەڵواسرابوون.
١٣: هەر جوبریل بوو دارو دروختی بەبەرو گژ و گیای سەر زەوی رواند و هەر ئەویش بوو چیایەکانی هەڵنان بۆئەوەی زەوی پێ برازێنێتەوە و دواتر عەرشی لەسەر فەرشی شانازی درووست کردووە.
١٤: ئەوکاتی سەرداری جیهان گوتی، لەوانەیە مەبەست لەمە جوبریل بێت، بەڵام بۆچی پێیدەڵێ سەرداری جیهان نازانین، گوتی" هۆ فریشتەکان من ئادەم و حەوا دروووست دەکەم دەیانکەم بەمرۆڤ و بوونەوەر، لەوەچەی ئەوانەوە شەهر ئیبن سەفەر لەدایک بوو، دواتر نەتەوەیەکی لەسەر زەوی لێوە پەیدابوو، هەر لەهەمان ئادەم نەتەوەی ئیزرائیل پەیدابوون، بەمشێوەیە میللەتی هەڵبژاردەی تاوس مەلەک نەتەوەی ئێزدیاتی پەیدابوو.
١٥: شێخ ئادی کوڕی موسافیر لەخاکی سوریاوە هاتە لالش و لەوێ نیشتجێ بوو.
١٦: خوداوەند دێتە سەر چیای رەش، هاوار دەکات و دەمودەست سێ هەزار فریشتە دروست دەکات، لەو فریشتانە سێ دەستەیان لێدرووست دەکات، دەمودەست بۆماوەی چل هەزار ساڵ دەست دەکەن بەپەرستنی و دواتر خودا دەیانداتە دەست مەلەک تاوس و هەڵیان دەکێشێتەوە بۆ ئاسمان.
١٧: خوا دادەبەزێت بۆ قودس و فەرمان بەجوبریل دەدات کەمێک خۆڵ لەهەر چوار گۆشەی زەوی بهێنێ، جوبریل گوێڕایەڵی دەکات، (با، ئاگر و ئاوی تێگەڵ بەخۆڵەکە کرد) بەم شێوەیە یەکەمین مرۆڤی دروست کرد. بەقودرەتی خۆی روحی پێبەخشی، خوا فەرمانی بەجوبریلدا، تاکو ئادەم لەبەهەشت نیشتەجێبکات، جوبریلیش بەقسەی کرد، خودا رێگەی بەئادەم دا لەبەری هەموو درەختێک بخوات، بەڵام لێی قەدەغە کرد، دەست بۆ گوڵە گەنم ببات.
١٨: دوای چڵ ساڵ تاوس مەلەک بەخودای گوت، ئادەم چۆن وەچە پەیدا بکات و کامانەن، خوا وەڵامی دایەوە من هەموو شتێکم خستۆتە بەردەستی تۆ و چۆنت دەوێ وەها بکە، هەر ئەوکاتە تاوس مەلەک رووی لەئادەم کرد و پێی گوتی" ئایا گەنمت خواردووە"، ئەویش وەڵام دەداتەوە "نەخێر چونکە خوا قەدەغەی کردووە"، تاوس مەلەک گوتوویەتی "بیخۆ چونکە بۆتۆ باشە"، ئیدی ئادەم کە گەنمی خوارد، سکی پەنەما و ئەوکات تاوس مەلەک چوو بۆ ئاسمان و ئادەمی بەجێهێشت.
١٩: ئادەم لەتاو سکی هەراسانی لێبڕابوو، هێندە پڕ ببوو بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی میز بکات، (خوا بەزەیی پێداهاتەوە) باڵندەیەکی دەنوک گەورەی بۆ نارد و بەدەنوکی

خۆی بەشێوەیەکی کارامە دەروویەکی لەشوێنێکی شیاو بۆ کردەوە، ئادەم یەکسەر ئارام بوو.
٢٠: جوبریل ماوەی سەد ساڵ لە ئادەم خۆی جیاکردەوە و بۆ ئەوەی خۆی خەمبار بنێتەوە و ئەو ماوە دوورو درێژە بۆ جوبریل دەگریا.
٢١: خوا فەرمانی بەجوبریل دا حەوا دروست بکات، فریشتەی گوێڕایەڵی خوا لەباڵی چەپیەوە حەوا ژنی ئادەمی درووست کرد.
٢٢: دوای ماوەی سەد ساڵ تەواو بوو، تاوس مەلیک لەئاسمانەوە هاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، بۆئەوەی سەرقاڵی میللەتی ئێمە بێت کە درووستی کردبوو. بەدەر لەپاشای کۆنی ئاشوریەکان، ئەم پاشایانەی خوارەوەشی پێبەخشین: نەسرۆخ، بەوتەیەکی تر نەسرەدین، کامبیز، یان فریشتە فەخرەدین، ئارتیمۆس، فریشتە شەمسەدین، پاشان بەمشێوەیە دوو شانشینی دیکە شاپوری یەکەم و شاپوری دووەمی پێبەخشین کە لەلای ئێمە ناسراوە بەحوکمڕانیەکانیان پێکەوە ١٥٠ ساڵ بوو، میرەکانی ئێمە راستەوخۆ لەوانەوە کەوتوونەتەوە.
٢٣: رقمان لەچوار پاشا دەبێتەوە، (باسی هیچ پاشایەک نەکراوە و کێن و کەیبوون).
٢٤: ئەوانە ئەوانەن کە ئێمە قەدەغەیان دەکەین:
سەرەتا (خاس) چونکە ناوەکەی لەناوی ژنە پێغەمبەری خاسمان دەچێت.
فاسۆلیا، رەنگی شین، ماسی خواردن لەبەر پێغەمبەری یۆنان قەدەغەیە.
ئاسک بۆئێمە قەدەغەیە، چونکە رانەمەڕ گەلی یەکێک لەپێغەمبەرەکانی ئێمەیە.
گۆشتی کەڵەشێر قەدەغەیە، چونکە ئەم باڵندەیەماڵیە لەوێنەی تاوسە و لەحەوت خوا نایابەکانی گەردوونە.
کولەکە قەدەغەیە. گەرماوی گشتی و هتد.
٢٥: پێش هاتنی عیسا ئاینی ئێمە ناوی بتپەرستی بوو، جولەکە، مەسیحی و موسڵمان، بەهەمان شێوە فارسەکان و (مەزدائیەکان) هەمیشە دوژمنی ئایینی ئێمە بوون.
٢٦: لەناو سەردارە کۆنەکان، یەکێک ناوی ئاهاب بوو، فەرمانی بەهەمووان دا کە هەر یەکێک لەئێمە ناوێکی تایبەتی لێبنێن، ئەوەی ئێمە لەو سەردەمە ناوی خوای ئاهاب، یان بیلعەزاب بوو، ئەمڕۆ لەلای ئێمە بەناوی (پیر بووب) ناسراوە.
٢٧: بابل پاشایەکی تر هەبوو ناوی (نەبوخوز نێر) بوو، لەئێران پاشا ئارسیۆس دواجار لەکۆنستانتینۆپڵ ئاگرینکالیۆس بوو.
٢٨: پێش ئەوەی ئاسمان و زەوی دروست بکات خوا لەسەر زەریاکاندا هەبوو پاپۆڕێکی دروست کردبوو بەهەوەسی خۆی پیاسەی پێدەکرد.
٢٩: خوا مرواریەکی گەورەی دروستکرد کەماوەی چاودێری کرد، پاشان لێی تورە بوو شەقێکی تێهەڵدا.

٣٠: سەیر و سەمەرە لەهەراو زەنای چیاکان و لەتۆزەکەی گردۆلکەکان و لەدوکەڵەکەی ئاسمانی لێوە دروست بوو، هەڵمەکانی کە لێوەی هەڵدەست ئاسمانیان دروست کرد و خوا هەڵکشا بۆ ئاسمانەکان کە بەبێ ستوون راگیری کردوون.
٣١: بەکلیل زەوی بەکەندەڵانەکانی کڵۆمدا و پاشان قەڵەمێکی بەدەست گرت و رووداوەکانی دروست کردنی ئەفرینەکانی نوسیوە.
٣٢: شەش خوداوەند لەروناکی خۆی دروست کرد، بەڵام لەسەر هەمان ئەو شێوەیە دروستی کرد وەختایەک مرۆڤ لەچرایەکەوە چرایەکی دیکە دادەگیرسێنێ.
٣٣: یەکەمین خوداوەند بەدووەمینی گوت" من لەنەبوونەوە تەنها ئاسمانم دروست کرد، هەرچی تۆ هەڵبکشێ بۆ ئەوەی شتێکی تر دروست بکەیت"، ئەویش هەڵکشا بۆ ئاسمان و بوو بەخۆر، ئەویش بەهەمان شێوە شتی بەهی سێهەم گوت و بوو بەمانگ، چوارەمیان بوو بەخولگەی مەداری و جەستەی ئاسمان و پێنجەمیان بوو بەئەستێرەی بەیان، دواجار شەشەمیان بوو بەئەتمۆسفێر." (١٩)
هەموو ئەو مەرجە ئاینیانە کە بۆ سەلماندنی ئێزیدیاتی باس کراوە و ئەنستانت مار کرملی وەکو رۆژهەڵاتناسێک باسی کردووە و لە کتێبەکەی خۆی نووسیویەتی، رەنگە بە روویەکدا بۆ سەلماندنی باسەکەی بێت، بەروویەکی دیکەدا پێدەچێ بۆ سووک کردنی ئاینزاکە بێت کە ئەو بەپێی خوێندنەوەی خۆی هیچ تێنەگەیشتووە لەو ئایینە کۆنە، بۆیە ئەو مەرجانەی وەکو پێوەری ئایینی بەراورد کردووە بۆ باسەکەی خۆی لەگەڵ ئایینەکانی دیکەی ناوچەکە و ئەوانی تر، بەڵام لەشوێنێکدا مافی نووسەر و لێکۆلەرە کە تێرامانی جودا لەوانی تر بخاتە روو و بنەچەی ئەم ئایینە بخاتە روو، چونکە ئەوان خۆیان پاساوی تەواوییان نییە بۆ ئەو پرسیارانەی کە رووبەڕوویان دەکرێتەوە، هەر ئەمەشە دوچاری گومانی کردوون لەو قسە سەر زارەکی وات شەفەهییانەی دەم بەدەم بیستویانە.
لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کە مەرجن بۆ ئێزدیاتی مەرجی دیکەشیان هەیە، ئەویش نوێژکردنە بە زمانی دایک کە ئێزیدیاتی و کوردییە، هەروەها دەبێ بڕوایان بە جلک سپێتی هەبێت کە جل و بەرگی رەسەنی ئێزیدیاتییە، کریف یەکێکە لە مەرجەکانی ئێزدیاتی و ئەویش بڕوا بوونە بە نزیک بوونەوەی کەسانی دیکەی وەکو ئێزدیی، ئەوەی کە قەولی خۆیانە و دەڵێن ( ئێزدیمە و جلک سپیمە و بەهەشتیمە)، هەروەها مەرجێکی دیکە بڕوا بوونە بە حەجی لالش و خۆ پاککردنەوە لە ئاوی سپی و زووم زووم کە هەر منداڵێکی ئێزدی دەبێ لەوێ پاک بکرێتەوە و بەگوێیدا بچرپێندرێ، و هتد.
"بەر لە بوونی شێخ ئادی یەکەم و دووهەم و شێخ حەسەن سڵاوی لێبێت، ئەوکات پیرۆزی لەنێوان ئێزدییەکان زانرابوو، بۆیە لەپێناو چاکسازیدا لەنێوان شەمسانی و عەدەوییەکان سەریهەڵدا، هەروەک ئەوەی لەنێوان عەشائیرە ئێزدییەکان بۆ لەنێو بردنی دوژمنایەتی و جیاوازی لەنێوانیان سەبارەت بە بۆنە و جەژنەکان کە لەنێوان

کورده غەیرە ئێزدییەکانی وەکو ئیسم هەبووە، لەوێوە سەریهەڵدا، هەر بۆیە ئەو تایپە کوردییەی کە هەیەتی وەکو حاڵەتی نەتەوایەتی لە پێش ئیسلامیشەوە هەبووە". (٢٠) ئەوان بۆ ئەسڵ و بنەچەی خۆیان ئەم دەمارگرژییەیان هەیە کە ئیسلام چی بەسەر هێناون و ئەنفالی کردوون، هەر لەبەر ئەمەشە بنەچەی خۆیان دەگەڕێننەوە بەر لە ئیسلام و مەسەلەی کوردیش بەهەمان شێوە بەر لەهەموو پێکهاتەکانی تر، بەشێکیان پێیانوایە کە ئەوان کوردی ڕەسەنن.

## مەسحەفا ڕەش و میتۆلۆژیا

بەپێی ئەو تێکستەی کە گوایە بەقسەی خۆیان لەمەسحەفا ڕەش هەیە و دەڵێ" بەر لەوەی ئاسمان و زەوی دروست بێت، خودا لەسەر زەریاکان هەبوو، پاپۆڕێکی دروست کردبوو بەهەوەسی خۆی بەهەمووولایەکدا پیاسەی پێدەکرد، ئەمە بەهەمان شێوە لەلای ئەهلی هەق زەریا توخمێکی سەرەکیە و بەر لەدرووستبونی گەردوون، زەریا تەنها لەگەڵ خودا هەبووە، لەلای ئەهلی هەق خودا حەوت فریشتەی لەیەکەم ڕۆژدا درووستکردوە، میکائیل سەرۆکی فریشتەکانە، هەمان شت لەلای ئاینی ئێزدی بەجیاوازی ئەوەی خودا لە هەفتەیەکدا هەر ڕۆژە و فریشتیەکی دروست کردووە، لێرەدا مەلیک تاوس وەکو میکائیل، لای ئەهلی هەق سەرۆکی فریشتەکانە.
لەمیتۆلۆژیای دروست بوونی گەردوون لای ئەهلی هەق، خودا داوای لەجوبریل کردووە خۆڵی بۆ بهێنێ تاکو مرۆڤی پێدروست بکات، بەڵام جوبرەئیل رازی نەبووە و ئیزرائیل ئەم کارەی گرتوتە ئەستۆ، بەهەمان شێوە لەمەسحەفا ڕەش خودا فەرمان بەجوبریل دەکات کەمێک خۆڵی بۆ بهێنێ، لەمەسحەفا ڕەش جوبریل گوێڕایەڵی دەکات، (با) ئاگر و ئاو تێکەڵ بەخۆڵەکە دەکات و بەمشێوەیە یەکەمین مرۆڤ درووستدەکات، لەتیۆری درووست بوونی گەردون لەلای ئەهلی هەق، خودا حەوت زەوی و حەوت ئاسمانی هەیە، بەهەمان شێوە خودا حەوت ئاسمان و زەوی، خۆر و مانگی درووست کردووە، بەگوێرەی ئەو تێکستەی کە مەرجەعی یارسانە، لەلای ئەهلی هەق خودا مرواریەک درووست دەکات و لەناو مرواریەکە پێنج شێوەی خۆی تێدا دیار دەخات، بەهەمان شێوە لەمەسحەفا ڕەش خودا یەکەم جار مرواریەکی گەورەی سپی لەزاتی خۆی درووست دەکات". (٢١)
ئەوەی کە لەمەسحەفا ڕەشدا هاتووە، چوار توخمی سەرەکی هەن کە پیرۆزن لەلای ئایینی ئێزدی، ئەوانەش بریتین ( هەوا و ئاو و ئاگر و زەوی) هەموو ئەو توخمانەش لەئاینی میترایی و کاکەیی هەن و پیرۆزن. میتۆلۆژیاش بەلۆژیک مامەڵەی لەتەکدا ناکرێ، بۆیە ئەم بۆچوونە کۆنەی کە لەسەروەختی هاتن و سەرهەڵدانی بیروباوەڕەکەدا هاتووە، تائێستاشی لەگەڵدابێت، بەرۆشنبیر و پیر و شێخ و

نەخوێنەواریانەوە باوەڕیان پێیەتی، هەروەک چۆن رۆشنبیر و پیاوی ئاینی و نەخوێنەواری ئاینەکانی دیکە بڕوایان بەوە هەیە کە لەنێو کتێبەکانیان هەیە و پێیانوایە نێردراوە و گومانی لێناکرێ، بۆیە هیچ ئاین و بڕوایەک خاڵی نیە لەمیتۆلۆژیا و ئەفسانە، چونکە دەسەڵاتێکی نادیارە بۆ بەردەوامی بڕواکە، هەڵبەت ئەوەش دەبێ باس بکەین کە بەبێ میتۆلۆژیا و ئەفسانە، هەموو ئایینەکانی سەر زەمین فەلسەفەکەیان باتڵ دەبێتەوە و سحرییان نامێنێت، چونکە ئەو لۆژیک و مانایەی کە بەر لە هاتنی سەدەی ئاشکراکردنی داتاکان هەبوو، زۆر جیاوازترن لەوەی ئێستا کە هیچ شتێک شاراوە و سیحرێکی نەماوە، گومانی ئەو نەوە خوێندەوارەشی لەنێو ئەم پێکهاتانەیە لێرەوە دەست پێدەکات کە وڵامی زانست ناداتەوە، لەکاتێکدا تێکەڵکردنی ئاو و خۆڵ و گەرم کردنی بە ئاگر، هاوکێشەیەکی فیزیایی و کیمیائییە و زانستە، ئیدی بۆچی ناتوانێ لە میتۆلۆژیا رزگاری بکات، ئایا عەدبێکی ئاسایی وەکو شێخ ئادی و ئەوانی تریش، چۆن زانیویانە خودا ئەوەی کردووە، خۆ مێژووی بەشەرییەت زیاتر لە ١٠ ملیار ساڵ دەبێت و ناژمێردرێت، لەکاتێکدا شێخ ئادی یان هەر پێغەمبەرێکی تر چەند سەد ساڵێک دەبێت هەبوونە.

## لالش چییە

لالش پەرستگای گەورەی ئایینی ئێزدیە، دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیای شێخان کە لە رۆژئاوای موسڵ نزیکە ولەولاشەوە گرێدراوە بە زنجیرە چیای مەقلوب کە بەپایتەختی ئێزیدیاتی ناسراوە و (٦٠ میل) درێژییەکەیەتی و (٤٩١٤) پێ دەبێ، شوێنێکە لەڕووی کەشوهەواوە بەزستان ساردە و بەفری لێدەکەوێ، چواردەوری ئەو بەرزاییانەی شەنگار چڕن بەداری بەڕوو، هەروەها رەزی میوەی وەکو هەنار و هەنجیر و قەیسی و زەیتوونی لێیە و گرنگی پێدەدەن و بەشێکیشە لەسەرچاوە دارایی پێشوی ئێزیدیەکان و ئێستاش کە شوێنێکیان بۆ تەرخان کردوون تاکو بیکەن بەزەیتون و بیفرۆشنەوە یان بیبەخشن بەوانەی سەردانی پەرستگای پیرۆزی لالش دەکەن.
هەڵبەت لەو پەرستگایە چەندین گومەتی لێیە بەناوی لالش، هەریەک لەوانە بەناوی شێخ یان پیرێ کیان کەسایەتییەکی کۆنی ئێزدیەکان ناسراوە، ئەو گومەتەی کە ناوی لالشە و قاژ قاژە و لەشێوەی سێگۆشەیە و قووچ بەرەو ئاسۆ هەڵکشاوە، بەپەرستگەی لالش ناسراوە و هەرکەسێک بەپێی بۆچوونی خۆی شرۆڤەی دەکات، چونکە فەلسەفەی گومەتەکە تەنها قاژ قاژی سەحنەکە جودای کردۆتەوە کە لەلای ئیسلام گومەت خڕە و لەلای کریستیانەکان گومەتی پەرستگە تیژ بەرەو ئاسمانە و هەر ئایینێکی دیکەش بە ستایل و دیزانێکە، لەمبارەیەوە پیر خدر روونکردنەوەی هەیە و دەڵێ" ئەم قاژ قاژی گومەتی پەرستگەی لالشەی ئێزدیاتیە، لەوێوە هاتووە کە لەلای ئێمە رۆژ پیرۆزە، رۆژ نورە و ئەو نەبێ ژیان نابێ، چوار شت لەلای ئێمە پیرۆزە (

خاک، ئاو، ئاگر، با) بۆیە قوبەکەش وەکو تیشکی رۆژوایە، مەخروتیە و هیمایە بۆ رۆژو بەرەو ئاسۆ دەچێ، تاوسیش، کە مانای تیئۆسە، ئەویش کلکی لەشێوەی رۆژە، ماریش بەهەمان شێوە نیشانەی سەلامەتیە". لەبارەی بوونی مار وەکو سیمبول و وەکو گیاندارێک کە لەسەر دیواری بەردەرگای یەکەمی پەرستگای لالش هەیە، پیر خدر دەڵێ" وەختێک دەڵێن کەشتیەکەی نوح کوون بووە، مار دەچێت پەپکە دەخواتەوە و کونەکە دەگرێت و خەڵکەکە لەمردن رزگار دەکات، ئەمە میتۆلۆژیای ئێزدی یە، هەروەها مار شارەزا و حەکیمە، بۆیە مار بۆتە هێمایەک لە فەرهەنگی ئێزیدیاتی". بابا چاویش شێخێکە لەپەرستگای لالش خزمەت و کاری زیوانە دەکات و تائێستا خێزانی پێکنەهێناوە و لەپەرستگا دەژی، لەبارەی لالشەوە دەڵێ" لالش پەیامی ئاینی ئێزیدیە و پەرستگایە، کەوتۆتە ناوەراستی چەند شاخێک لەناوچەی بادینان و باعەدرێ و شێخان، مەڵبەندی گشتی پەرستگاکە لەچەند شوێنێکی جیاجیا پێکدێت، وەکو شوێنی ئەو باوەردارانەی کە مردوون و هەموو ئێواران چرایان بۆ هەڵدەکرێ وەکو وەفایەک، لالش دوو کانی تێدایە، یەکێکیان بۆ کور و ئەویدی بۆ کچ ". هەروەها لەبارەی وێنەی دوو شێر لەنێوانیاندا بورجێک هەیە، لەسەرووی بورجەکە، وێنەی مانگ و رۆژ هەیە، کە لەسەر دەرگای چوونە ژوورەوەی پەرستگاکەیە، بابا چاویش دەڵێ" لە وێنەی دوو سەرە شێرەکە هێزی خودا دەبینین، ئەو بورج و خۆر و مانگەش نوری خودایە، تاووسیش ئاماژەیە بەهەمەرەنگی دونیا و زینەتی دونیا کە مەلەک تاوس بەو ناوەنراوە". لەسەر دیواری راست و چەپی پەرستگا هێلکەی رەنگاو رەنگ دادەنرێ وەختێک بەهاردێت و جەژنە سەرکیەکان دەسپێدەکات و گوڵیلکە سوورەی بەهاری لێدەدرێ، بۆ نموونە لە جەژنی رۆژی چوار شەممە سورەدا، زۆر لەو رەنگانەی هێلکە دادەنرێت و خەڵک و باوەرداران وەریدەگرن وەکو پیرۆزییەک، لەمبارەیەوە بابا چاویش دەڵێ" ئەمە مانای موژدە بەخشینی دونیایە کە زیندوو بۆتەوە".

لەپەرستگای لالش هەردوو مەرقەدی شێخ ئادی و شێخ حەسەن هەیە و ئێزدیەکان دەچن بۆ سەر ئەو مەزارانە و زیارەتی دەکەن و نیازیان پێ حاسڵ دەکەن، هەروەک چۆن پەرۆیەک بەچاوی نوقاوەوە سێ جار هەڵیدەدەن و ئەگەر راوەستا ئەوا مرازیان حاسڵ بووە، هەروها ژوورێکی دیکە هەیە پریەتی لەگۆزەی کۆن و بەرمیل، ئەو گۆزە و بەرمیلانە پێدەچێ زۆر کۆن بن، باباچاویش لەمبارەیەوە دەڵێ" ئەو بەرمیلانە رۆنی زەیتوونی تێدایە و ئێمە لێرە کۆیدەکەینەوە و بۆ مەراسیمی ئاینی بەکاریدەهێنین، سەرچاوەی ئەم زەیتوونەش لەنزیک پەرستگای لالشە و زیاتر لە ١٠٠٠ دار زەیتوونەو ساڵانە کەڵک لەبەرەکەی وەردەگرین". ژوورێکی تر هەیە لەلالش کە گۆرێکی تێدایە و بەخورییەکی رەش داپۆشراوە، بابا چاویش دەڵێ" ئەوە مەرقەدی شێخ بەکرە و برای شێخ ئادیە و بۆتە مەزارگەی ئێزیدیەکان". ئەم پەرستاگایە جیاوازی لە پەرستگای ئاینەکانی تر ئەوەیە کە ئەوان تاکە شوێن بووە پێشتر بۆ خۆپارستنیان لە دوژمن و بۆ زیندووکردنەوەی ئایینەکەیان لە و یادکردنەوەی شێخ و میتۆلۆژیاکەیان کە

مەترسی هەیە ئەگەر ئەم پەرستگایە نەبوایە، ئەوان وەکو رۆشنبیری و فەرهەنگی ئایینی، نەیاندەتوانی وەکو ئێستا بەرگری لە خۆیان و سەلماندنی بوونی خۆیان بکەن.
سنووری جوگرافیای ئێزدیاتی
مرۆڤایەتی شاهیدی ئەوەیە کە ئینسان بەکۆمەڵ نەیتوانیوە بەهۆی ململانێوە لەشوێنێک دابمەزرێت و پەرشوبڵاو بۆتەوە، بەتایبەتی ئەو ئاینانەی کە کەم بوونە لەرووی چەندایەتیەوە، ئیدی کەوتوونەتە بەر شاڵاوی شەڕی کوشتن و هێرش بردنە سەریان، ئەگەریش هەر بەرگریان کردبێت، بەناچار ئەوا تۆمەتیان بۆ هەڵبەستوون و ناشیرین کراون لەلای باوەڕ و ئاین و ئیمانداره زۆرینەکان کە بەتایبەتی ئیسلام ناشرینی کردوون، ئێزدی ئەگەرچی بەقسەی پیرەکان و شێخانی ئێزیدی بێت، ئەوا پێشتر بیروباوەڕی کوردان لەناوچەکە ئێزدیاتی بووە، بەڵام ئاشوریەکانیش لەم ناوچانە بوون کە پێی دەڵێن کوردستان، لەو سنووره جیاوازه بوونە کە ئێستا هەیە، بەڵام بیروباوەڕی کوردان بیروباوەڕی ئێزدیاتی بووە، پاش هاتنی ئاینیەکانی تر و جەنگی کولتوورەکان، ئیزیدیاتی جگە لەوڵاتانی دەرەوەی کوردستان و رۆژئاوا، تەنها لەناوچەکانی شێخانی بادینان و باعەدر و شەرگات و موسڵ و دهۆک ماون، ئەمە جگەلەوەی لەتەواوی ئەو ناوچانەی کە ئێزیدی لێ نیشتەجێیە، ئاینی مەسیحی و ئیسلامیشی لێ نیشتەجێیە، بەڵام سنوورەکە بەسنووری ئێزیدیاتی ناسراوە، چونکە پێدەچێ زۆرینەی ناوچەکە بن، بەڵام بەهۆی ئەوەی باوەڕیان وایە خۆیان بپارێزن لەدوژمنانیان لە ناوچەکانی باشوری ئێران و لە سوریا و تورکیا و لوبنان و جۆرجیا و ئەرمینیا و روسیا و ئاڵمان و هتد، نەک هەر بنکەی کۆمەڵایەتیان هەیە، بگرە ئەگەر بەقەد کوردستان نەبن کەمتر نین، ئەمە جگەلەوەی بەهۆکاری ناجێگیربوونی ئاسایشی خۆیان، بەشێکی زۆریان لەدەرەوەی وڵاتن لە ئاڵمان و سوید و دانمارک و بەشێکی دیکەیان لە روسیا نیشتەجێبوونە و نەهاتونەتەوە تائێستا کە ئەوانەی دەرەوەی وڵات بە کۆمەڵگەی ئێزدی مەنفا ناسراون، دوو نەوەیان تائێستا گەورەبوون کە لەنەریت و ئاینەکەیان شارەزا نین و لەدەستیان دەرچووە.
"ئەو ناوچانەی کە ئێزیدیاتی تێدا دەژین دەکەونە رۆژهەڵات، لە ئەنادۆڵەوە لەلای باکوری رۆژهەڵاتەوە تاکو باشوری رۆژئاوا ئێزدییەکان لەم شوێنانەن.
١. ئەرمینیا بەشی روسیا. لەباشوری رۆژئاوای یەریڤان.
٢: لە باکوری گۆماوی وان و ورومییە.
٣: لە باکوری موسڵ (بنکە و مەزارگای گەورەیان لەوێیە مەرقەدی شیخ ئادی کە دامەزرێنەری ئێزیدیەکانە) هەروا لە زنجیرە شاخی سنجار واتە شەنگار.
٤: لە ولایەتی حەلەب ژمارەیان لە سەدەی هەژدە کەمتر بووە، بەهۆی کوشتار و ئەو قەڵاچۆیەی بەسەریاندا داهاتووە، بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی ١٨٩٢ و بەتایبەتی ساڵی ١٨٣٨ ئێزدییەکان وەک ئەرمەنییەکان، بۆ بەدبەختیان لەو ناوچانە دەژین کە کورد زاڵە تێیدا". (٢٢) .

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە ئێزدیەکان پێدەچێ بەهۆی ناجێگیری و ناسەقامگیریی خۆیانەوە بەناچار جوگرافیایان گۆڕیوە بۆ هەڵهاتوون بۆ ئەرمینیا و تورکیا و سوریا و شوێنەکانی تر و بەهۆی دوچاربوونیان بە ژێر دەستەیی لەژێر ستەمی ئاینی زاڵی ناوچەکەش ناچار بە راگواستن کراون و بوون بە کورد زووبانی پلە دوو، چونکە بەغەیرە دین ناسراون و هەمیشە تەعنیان لێدراوە.
بەشێکی دیکە لە نیشتەجێبوونی ئێزیدیەکان مەنفا و ئەوروپایە، لە دوای ساڵی ١٩٩١ بە شێوەی تاک و فەردی ئەم خاوەن شوناس و پێکهاتەیە بەهۆی نەبوونی ئازادییە فەردی و رێورەسمە ئایینیەکان و بە بۆنەی نەبوونی کار و مەعیشەت وەکو خەڵکی دیکەی کوردستان و خوارووی عێراق کۆچیان بەرەو هەندەران کرد و لەوێ بە شێوەیەک لە شێوەکان بوون بە خاوەن شوناسێکی تایبەتی ئاینزایی و پێکهاتەیی نەتەوەیی و ئاینیی. بەڵام ئەمانە وەکو خێزانێک مانەوە و ئینتیمایان بۆ ئایین زیاتر بوو نەک نەتەوە، بگرە لە زور شوێنیش ئینکاری نەتەوەیی دەکەن و دەڵێن (ئێمە کورد نین و ئێزدین)، بۆیە ئەو رۆڵەیان نەبوو لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و هێزی لۆبی نەتەوەیی، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە کوردستانیان بە جێدەهێشت بەرەو هەندەران دەچوون، یان دەبوون بە نوێنەری ئێزدیاتی لەوێ ناسنامەی نەتەوەییان پشتگوێ دەخست و زیاتر باسی ئێزدیاتیان دەکرد و خۆیان وا پێناسە دەکرد نەک خاوەن شوناسێکی نەتەوەیی، ئەمە بەدەیان وێنەی جودا جودا هەیە بیسەلمێنێت، نموونەش ئەو رێکخراو و سەنتەری رۆشنبیرییانەیە کە لە وڵانی ئاڵمان سوێد و تەواوی ئەوروپا هەیان و لە ئاڵمان لە شاری بلفێلد و هانۆڤەر سەلماندوویانە کە بە ئاشکرا نوێنەرایەتی مەزهەبێک دەکەن نەک بەشێک لە پێکهاتەی نەتەوەیی کورد کە لە کوردستان بەشیکیان بە هۆی سوودگەراییەوە باس لەوە دەکەن ئەوان بەشێکن لە پێکهاتەی نەتەوەیی کوردی، بەڵام بە شوناسی ئاینێکی دیکەوە، ئەم ئینکاریکردنەی نەتەوەیی بوونە ئێزدی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە وەکو خۆیان دەڵێن، ئەوان هیچ سوودیان لە کوردبوون وەرنەگرتووە، بگرە لەئەنجامی ئەوەی کورد بەشی زۆریان لەدوای فتوحاتی ئیسلامیەوە بوون بە ئیسلام، هەمیشە وەکو کافر و ناحەز تەماشای ئێزدییان کردووە، ئەوانیش وەکو تۆران و توڕەبوونێک لەدژی کورد، کە دەچنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دوور دەکەونەوە لە دەسەڵاتی کوردی، خۆیان تەنها وەکو ئێزدی دەناسێنن و باسی کورد ناکەن وەکو شوناس.
هەندێک پێیانوایە رەسەنایەتی ئەم پێکهاتە ئاینیە لە یەکێتی سۆڤیەتەوە سەرچاوەی گرتووە و بەتایبەتیش لە قەوقازەوە کە لەلایەن قەیسەری رووسەوە راونراون و هاتوون، ساڵی ١٨٠١ جۆرجییەکان دوام، ئەوان موڵکی خۆیان رادەستی روسەکان کرد، ساڵی ١٨٢٨ وڵاتی فارسیش دەستی لە ئێریڤان هەڵگرت کە بە یەریڤانیش دەخوێنرێتەوە و روسیا بەشێک لە پارچە بچووکەکانی ئیمبراتۆرییەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٢٩ دەستکەوت، دوای خۆ کشانەوەی هێزەکانی روسی لە ئەنادۆڵ و لە دوای

جەنگی ١٨٢٨ و ١٨٢٩ ڕێگەیان بە حەسەن ئاغای ئێزدییەکان دا کە گەورەی قەبیلەی جەسەنلی ئێزدییەکان بوو، پیاوەکانی خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ چیای ئارارات و لەوێ خەریکی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات بن" (٢٣) ئەم رووجاوە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێزدیەکان هێشتا جوگرافیای نیشتەجێبوونی خۆیان وەکو خاوەن زەوی بۆ یەکلایی نەبۆتەوە، بۆیە کە ناوی قەوقاز و شوێنەکانی تری یەریڤان و ئەوانی تر دێت و لەوێ هێشتا ئێزدی تێدا دەژی و خۆیان بە خەڵکی ناوچەکە دەزانن، ئیدی ناوچەی شێخان و سەنگال و لالش دەکەونە بەردەم پرسیارەوە، ئایا ئەوە ئەوان بوونە خەڵکی ئێرە بوونە و چوونە بۆ ئەو وڵاتانە، یان ئەمانەی ئێرە خەڵکی ئەوێن و پەراگەندەی ئێرە بوونە، پرسیارێکی جەوهەرییە و هێشتا وەڵامی نییە، تەنانەت لەلای خۆشیان مەگەر وەکو شیکردنەوەی کێشەکانی دیکە تەنها بە تێرامان و بۆچوونی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، هەر ئەوەی دەبینین تەنها رۆژهەڵاتناسەکانی وەکو جون بەشوێن شوناسی ئەم پێکهاتیەوە بوونە و خۆیان نەیانتوانیوە رەسەنایەتی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، باشترین سەلمێنەری ئەو راستییە تاڵەن کە بەشێک لە خۆیان و لە کوردەکانیش بەم راستییە نارەحەتن.
لەمبارەیەوە بلیخانۆف کە بیرمەندێکی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەهۆی ئەوەی کە پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی و غەیرە روسی لە یەکێتی سۆڤیەت بوونە وەکو پەناهەندە، بۆئەمەش پێویست بووە رێگەچارەیەکی فکری و سیستماتیکی دابنرێت بۆیان، بەهۆکارەوە ئەو تیۆری تایبەتی خۆی هەیە لەسەر ئەو پێکهاتانەی کە غەیرە سۆڤیەتی و روسین و لەوێ دەژین، ئەو مەسەلەی جل و بەرگ و پۆشینی رەسەنەیاتی بە مەسەلەی نیشتەجێبوون بە شوێنی و جوگرافیاوە دەبەستێتەوە، بۆ نموونە دەڵێ (جەبرییەتێک هەیە بۆ پۆشین، کەسێک ئەگەر سەر بەپێکهاتەیەک بوو خاوەن جلوبەرگی خۆی بوو، بەڵام لە شوێنێک بوو دوور لەشوێنگەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی، ئەوا بەناچار ئینتیما دەکات و جل و بەرگی دەگۆڕێت و دەبێ بە بەشێک لەو پێکهاتانەی لەوێ زاڵن، بۆیە جل و بەرگ یەکسانە بە کەشوهەوای شوێن و کولتووری زۆرینە) هەڵبەت لەبەرکردنی جلوبەرگی ئێزدییەکان لە ناوچەی عەرەب نشینەکان عەگال و دشدایە کە جل و بەرگی عەرەبییە و لە ناوچەی سەر بەیەکێتی سۆڤیەت بە جلی ئازەری و جۆرجی و لە تورکیا بە جلو بەرگی تورکی و هتد، ئەمە کێشەی ئیتنیکی و ئاینزاییە و هەموو کەمینەکانی دونیا ئەم کێشەیەیان هەیە، هەروەک چۆن سابیئەکانیش هەمان کێشەیان هەیە و لە هیند بەشی زۆری ئاینزاکان لەناوچەی جیاجیا ئەم کێشەیەی جل و بەرگیان هەیە.
بەڵام بۆ ئێزدییەکان ئەم کێشەیە بەهۆی تێکەڵ بوونیان لەشێوەزار و لەناوچەی کوردنشینی و نزیکی ئایینەکە لە کوردەوە، کێشەی جل و بەرگیان نەبووە، هەروەها بە هۆی ئەوەی جلکی سپی لەلای ئەوان پیرۆزە، هەر شێوە جل بەرگێک درووست بکەن

و لەبەری بکەن، زیاتر گرینگی بە رەنگی سپی دەدەن و ناترسن لەوەی بەهۆی جلوبەرگەوە لەناو بچن.

باجی بڕواداری

ئێزدیاتی تا ئێستا ٧٤ جار ئەنفال کراون و چەوسێنراون و دواجاریشیان ئەنفالی دەستی داعش بوو کە لەساڵی ٢٠١٤ وە دەستی پێکرد و هەزاران ئافرەت و منداڵ و پیریان کوژراو سوکایەتیان پێکرا و بوونەتە قوربانی سیاسەت و جیاوازی ئاینی و فکری خۆیان کە لەمێژووی خۆیاندا ئەمە بەردەوام هەبووە و بەردەوامیش دەبێ، ئەمە باجی بڕواداری ئایین و مەزهەبێکە کە بە گومان کۆتایی دێت.

بەگوێرەی خوێندنەوەی سەرچاوەکان وادیارە بەلای کەمەوە ئێزدیەکان لەدەورانی عەباسیەکانەوە، تەنگیان پێهەڵچەنراوە و رەودوونراون، ئوومەویەکان لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت، پارێزگاریان لەئێزدیەکان کردووە، لەم سۆنگەیەوە ئەوان خۆیان بەلایەنگری خەلیفە یەزید ژماردووە، شێخی ئێزدیەکانیش رێگەی بەموریدەکانی نەداوە کە بەخراپە باسی یەزیدی کوڕی موعاویە بکەن، دواتر بۆیە بەهەڵە لەسەرچاوە عەرەبیەکان ناوی ئێزدیەکان لەناوی (خوداپەرستان) وە بووە بە (اليزيدية) واتە لایەنگرانی یەزید، ئەمە تەنها تێڕوانینی جیاوازە لەو تێڕوانینە باوەی کە هەیە.

". دوورنییە کە ناونانی ئێزدی لەلایەن شیعەکانەوە ئەم ناوەیان بەبەردا بڕابێت، کە تەواو رقیان لەخەلیفە یەزید دەبووەوە، لەسەرەتای سەدەی پانزەهەم چەوسانەوەی ئێزدیەکان دەست پێدەکات، لەسەدەی ١٨ هەم میری جەزیرەی سوریا لەشکرکێشی دەکاتە سەر ئێزیدیەکان و ناتۆلێرانسی ئیسلامی بەرامبەر بەئێزیدیەکان، ئەوەندە زۆربووە لەو لەشکرکێشیەدا گڵکۆی شێخ ئادی هەڵدەتەکێنن، تاکو دوای ئەوە ئێزدییەکان بۆخۆیان درووستی دەکەنەوە، دواتر لەگەڵ دەسەڵات بەگەیشتنی عوسمانیەکان، دیاردەی ئەنتی ئێزدی و بەناچارکردنیان بۆ ئیسلامی فراوانتر دەبێت و شێوەیەکی سیستماتیکی وەردەگرێت، بەتایبەتی رەشەکوژییەکانی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم و نۆزدە موچڕک بەلەشدا دێنێ، هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشانەشدا میدیای عوسمانی بۆ رەوابیدان بەکوشت و بڕینی ئێزدیەکان ناوی شەیتان پەرستیان بەباڵای ئێزدیەکاندا بڕی، ئێستاکەش لەلای نەیارانیان ئەم ناوەیان بەباڵادا بڕاوە و هەر ماوە.

(ئەولیای چەلەبی) لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (سیاحەتنامە) باسی لەشکرکێشیەکانی ساڵی ١٦٤٠ و ١٦٥٥ دەکات و " ئێزدیەکان بەخەڵکی هەشت سمێڵ ناودەبات". و دەڵێ "ئێزدییەکان لەسەدەی هەژدەی ساڵی ٢٥٠ هەزار کەس دەبوون، چوار هەزار سوارچاک و هەشت هەزار سواریان هەبووە، لەسەدەی نۆزدەهەمدا بوونەتە ٢٠٠٠٠٠ و سێ هەزار سوارچاک و شەش هەزار پیادە، بەرگریی ئێزدییەکان لەبەرامبەر نەیارەکانیان و کاریگەری کوشت و بڕ، ئەوەندە ترسناک بووە بەجۆرێک لەنیوەی سەدەی نۆزدەهەم، تەنها پەنجا هەزار کەسیان لێماوەتەوە، هێرشەکانی (والی بەغدا سلێمان پاشا) ساڵی ١٧٩١ هێندە دڵڕەقانە بووە، تەنانەت یەک

ئێزیدی لەودیوی چیای شەنگال نەهێشت، لەساڵی ١٨٠٢ (عەلی پاشا) والی بەغدا هێرشی کردە سەر شەنگال و ژمارەیەکی لەرادەبەدەری لێکوشتن، (سلێمان پاشا) لەساڵی ١٨٠٩ بەهەمان شێوە لەساڵی ١٨٣٧ (رەشید پاشا) لەگەڵ کۆمەڵێک کورد، هێرش دەکەنە سەریان و هێندەیان لێ سەردەبڕن کە لەسەر ریگەو بانی ئاواییەکان دەرژێ، بەمجۆرە تاساڵی ١٨٤٥ تەنها پەنجا هەزارکەسیان لێمایەوە، بەهەمان شێوە بەگ و میرە کوردەکان وەکو عوسمانیەکان دەستیان بەخوێنی ئێزدیەکان سوور بووە و بەشداری لەشکرکێشیەکانیان کردووە بۆ ئێزدی کوشتن، (ئەوڕەحمان پاشای) بابان و هەروەها میری بەناوبانگی جەزیرەی بۆتان میر بەدرخان، ١٨٠٩ بۆ ١٨٧٠ ئەویش دەستی تێداهەبووە، لەساڵی ١٨٣٢ دیسان دەستی لێوەشاندوون، یەکێک لەو هۆیانەش کەوای کرد بەدرخان بەگ لەکاتی لەشکرکێشی ساڵی ١٨٤٧ سوپای عوسمانی ئەو گەرەنتیە رەتبکاتەوە کە بۆ بەدرخان پاشایان دانابوو، ئەوەبوو کە دەترسا دواتر لەژێر فشاری ئەوروپیەکان لەسۆنگەی کارەکانی دژبە نەستوری و ئێزدییەکان پەلکێشی بەردەم دادگا بکرێت، میری ئەمارەتی سۆران (پاشای کۆرە) دەستی لە ئێزدیەکان وەشاند، بەمشێوەیە لەسەدەی هەژدەم و نۆزدەهەم، کوشتنی ئێزدیەک لەئێمپراتۆرییەی عوسمانی هەقی بەبەهەشت شادبوونی بەموسڵمانەکان دەبەخشی، چونکە لەدیدی دەوڵەتدا ئێزدی ئاینێکی بێ کتێب بوو، لەودیو یاسای ئیسلامەوە بوون، لەساڵی ١٨٤٧ بەدەست پێشخەری دیبلۆماتی بەریتانی، لەکۆنستانتنی نۆپڵ بابی عالی دان بەئاینی ئێزدیا دادەنێت و لەخزمەتی سەربازیان رەها دەکات، ئۆکتۆبەری ١٨٤٩ شێخ یوسف وەکو نمایندەی ئێزدیەکان بۆ پارانەوە لەرزگار بونیان لەخزمەتی سەربازی، دەچێتە لای بەرپرسانی ئیمپراتۆریەی عوسمان و سەردانی کۆنستانتنی نۆپڵ دەکات و نامەیەک دەداتە سەدری ئەعزەمی عوسمانی و دەوڵەت داواکەیان قبوڵ دەکات، ساڵی ١٨٧٢ دووبارە ئەم لەخزمەت سوپا بەخشینەیان لێدەسێنرێتەوە، لەگەڵ داوا کردنەوەی ئێزدییەکان بۆ خزمەتی سەربازی، ساڵی ١٨٧٢ کۆمەڵێک لەپیاو ماقوڵانی ئێزدی داوەتنامەیەک ئاراستەی دەسەڵاتدارانی (بابی عالی) دەکەن و لەو نامەیەدا لە ١٤ خاڵ پرنسیپەکانی ئایینی خۆیان روونکردۆتەوە، سیستمی ئاینیان رێگرە لەوەدەگرن کە خزمەتی سەربازی بکەن، ئەم هەوڵانە هیچی سەرینەگرت، لەنیوەی دووەمی ساڵی ١٨٩٢ کۆلۆنێل عومەر پاشا لەسەر داوای دەسەڵاتی عوسمانی بەبیانوی چەند ریفۆرمێک هێرشی کردە سەر ناوچەی موسڵ و ئێزدیەکان، دوای کوشتارێکی زۆر پانزە هەزار ئێزدی لێ یەخسیر کردن، عومەر پاشا کوڕەکەی نارد بۆ لایان و تاکو ببن بەموسڵمان واز لەئاینەکەی خۆیان بهێنن، بەگوێرەی رۆجەی لیسکۆ ئێزدییەکان لەنێوان ساڵانی ١٦٤٠ و ١٩١٠ بیست کوشتاری گەورەی کۆمەڵکوژیان لێکراوە، دواهەمین هێرشی سوپای عوسمانی لەدوادوایی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهاندا بوو کە تەنها دوو مانگێک بەر لەخۆ بەدەستەوەدانی بابی عالی و راگەیاندنی گرێبەستی مۆدرۆس بوو". (٢٤) و (٢٥)

جۆرێکی تری چەوسانەوە هەیە کە بەکارهێنانی زاراوەی ناشرینە لەدژی ئێزدییەکان، ئەویش بەکارهێنانی وشەی شەیتانە کە گوایە ئەو شەیتانە، مەلەک عەزازئیلە، " چیرۆکی عەزازیل کە سوجدەی بۆ خودا رەتکردۆتەوە، لەلای هەر یەک لەموسڵمان و مەسیحی و یەهودی، هەروەها دەرکردنی لەلایەن خوداوە، باوەڕێکی کۆنە، بەڵام ئەوەی کە ئەو مەلائیکەیە وەکو روحێکی شەڕانگێزی گرێدەدات و خراوەتە نێو فەرهەنگی ئێزدیەوە، بۆیە ئێزدییەکان بەرگری لێدەکەن، ناوی عەزازئیل لەلای ئێزدییەکان کەمتر بەکاردێت، شەیتانیش زاراوەیەکە لەلایەن باوەڕەکانی ترەوە بەکارهاتووە، بۆیە ئەو وشەیە قەتیس کراوە و ئەگەر بەکاریش هات لەبەرامبەر ئێزیدییەکان، بەو شێوەیە وەکو سوکایەتی دێت، هەر بۆیە هەردوو وشەی ( ش و ت) کە وشەی شەیتان پێکدێنێ، لەلای ئێزیدییەکان وشەیەکی ناحەزە و ئەوانیش بە مەلەک تاوس لەقەڵەمی دەدەن". (٢٦)

هەر لە هەمان باس (دوو نواتیڵ) کە باڵیۆزی ئامریکی بووە لە ناوچەکە ، هەڵبەت وڵاتانی دیکەش جگە لە عێراق کاریگەری نەرێنیان هەبووە لەسەر ئێزدییەکان " ئەو سێیەرەی کە وڵاتی فارس دەیخستەی نەماوە، قەپلان پاشا کە هیچ کارێکی تری نەبوو لەوە زیاتر کە ئەوەندەی بۆی بکرێ بکرێ شەڕ بکات دژی سێ میللەتی جیاواز، کە وەک دەڵێن کۆبوونەوە و لەلایەن عەرەبەوە پێشیان گیرابوو. ئەمانەش ئەشیلییە و سەشیلیە و چەلەکییەن. یەکەمیان موسڵمان و دوانەکەی تر لەو مەسیحییانە بن کە بڕوایان بە بوونی خوا و ئێنسان لە مەسیحیدا نییە، بەڵام هیچی تریان بۆ نەماوە لەوە زیاتر شەیتان قبوڵ بکەن و وەکو خوای خۆیان یان بەلانی کەمەوە ئەیانەوێ قسەی خراپی پێ بکرێ، لەترسی ئەوەی غەزەبی لێیان نەدا، ئەم سێ میللەتە کە لەناوچە شاخاوییەکەی نێوان نسیبین و جزیرەن، زۆر ئازایانە بەرگری لە خۆیان دەکەن، ئەویش زۆر ئاسانە چونکە بەدە کەس دەتوانن رێگای گەیشتن ببڕن، بۆیە هەتا ئێستا هەزار سوارچاکی ئازایان لە کیس پاشا داوە، کە یەکێکیان ئاغایەک بوو ژنێکی عەرەب بە پارچە ئاسنێک کوشتی، دوو ئاغاکەی تری دیاربەکریش کوژران، هەروەها سەرکردەیەکی ئێزدییەکان شەوێک لە چاوپێکەوتنێکی نهێنی هەبووە لەگەڵ نواتێڵ، لەوە دەچێ پێی گوتبێ کە ئەگەر مەلیکی فەرانسە بڕیار بدا هەوڵی داگیرکردنی فەلەستین و سوریا بدا، پەنجا هەزار ئێزدی لەگەڵ دەبێ، سەرکردەی ئێزدییەکان باڵیۆزی داوەت کردبوو بۆ راو، بەڵام دو نواتێڵ سوپاسی کردبوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانەی تورک نارەحەت نەبن، کە ئێزدییەکان گومانیان هەبوو بەرامبەرییان، بەڵام پاش ئەوەی نواتێڵ بگەڕێتەوە بۆ کەنار دەریا لە سوریا، سەرکردەی ئێزدییەکان سەری لێدا و ژمارەیەکی زۆر لە سوارچاکانی بەدواوە بوو بە چەکی رم و تیر و کەوانەوە، ئەم سەردان و یەکتر بینینەی سەرکردەی ئێزدییەکان بۆ ئەوە بووە کە هاوپەیمانی بکەن لەگەڵ مەلیکی فەرانسە، نەک ببن بە مەسیحی، ئەوان ژمارەیان ئەوکاتە لە ئێستا زۆر زۆر زیاتر بوو". (٢٧)

ئەم یاداشتەی نواتێڵ سەبارەت بەوەی ئێزدیەکان ویستوویانە هاوپەیمانی بکەن لەگەڵ فەرانسە تاکو ببن بە مەسیحی، راستییەکە نییە، بەڵکو ئەوە راستییەکە بووە کە هەمیشە ترساون لەوەی کودێتایان لێبکرێت و قەتڵ و عام بکرێن، هەر نموونەش ئەوەیە کە ئەو ئێزدییانەی کە لەناوچەی حەڵەب بوونە، رەگەزیان چووتە سەر فرەنجەکان کە تیرەیەکی موسڵمانن، بەهۆی ئەوەی هەمیشە مەترسیان لە موسڵمان هەبووە بە هۆی ئەوەی پێیان گوتراوە شەیتان پەرست و بەمەش خوێنیان حەڵاڵ کراوە، هەروەک چۆن بەدەستی کورد و هاونیشتیمانیەکانی تەنیشت خۆیان و بەدەستی ئیسلام خوێنیان حەڵاڵ کراوە و تائێستاش بەو شێوەیە تەماشایان دەکەن، مەگەر لە ترسی دەسەڵاتی خۆجێی کوردی، ئەگەرنا ئێستاش لەبەردەم مەترسی گەورەن و ناتوانن لەدەرەوەی ناوچەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەگەڵ ئەوانی تر بژین بە سەلامەتی.

## ئاین و ئافسانە

تموحی ئینسان زۆرە، ئەوەی کە ئێزیدی پشتی بەئەفسانە بەستووە، تەنها ئایین نییە، بەڵکو هەموو ئایینەکان پشتیان بەئەفسانە بەستووە و بەبێ ئەفسانە و چیرۆکە ئەفسوناویەکان ئایین بەشێکی بەخاڵی دەمێنێتەوە، چونکە ئەفسانە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە گومان دروست دەکات لەنێوان نەمری سەرزەمین و نەمری دونیایەکی تر کە هەموو کتێبە ئاسمانیەکان باسی دەکەن، لەو کتێبەی کە چاوپێکەوتنێکە کەمبڵ لەگەڵ بێل مویرز کردوویەتی، لەبارەی ئەفسانەوە دەڵێ " وێنە ئەفسانەییەکان روحی هەریەک لەئێمەن، بەقوڵبوونەوە لەو وێنانە، هێزەکەی بۆ ناخمان دەگوێزێتەوە". ئەم قسەیە بیانووی ئەوەمان پێدەدات کەبتوانین بڵێین ئەفسانە جۆرە دەسەڵاتێکی رەهای نادیار کە کەسایەتی و پاڵەوان و پێغەمبەرەکان، بەرادەیەک گەورە و نەمر دەکات، بۆ ئەوەی وێنەی ئەوان لەخۆماندا بەرجەستە بکەین، ئەمەش تەنها میتولۆژیا نییە، بەڵکو ئەوە ئایینە بەو سیمبولانە، هەم پەیوەندیەکان چڕتر دەکاتەوە کە ئایین پێویستی پێیەتی، هەم دەسەڵاتی کولتوور و سرووتەکان بەهێزتر دەکاتەوە، تاکو بتوانێ موقاوەمەی بەرامبەرکەی بکات، بەبڕوای پیر خدر ئەو ئەفسانەیەی کە ئێزدی پشتی پێبەستووە، مەسەلە تمووحی ئینسان بووە و خەیاڵی کردۆتەوە، هەروەک چۆن ئینسان تموحی هەبووە رۆژێک بێت کەشتی ئاسمانی هەبێت، سەرئەنجام هات.

پێشتر ئەفسانە جۆرێک لەقەناعەت پێکردن بووە، بۆیە ئەفسانە بۆ ئەوە بووە کە هەوڵبدرێت و خوداش هاوکاریت بکات لەدروست بوونی وەکو واقیعێک، هەریەک لە شێخی نێو پەرستگا و رۆشنبیرەکانی چوارچێوەی ئاینەکان بیروڕای جیاوازیان هەیە بەرامبەر بەسەرهەڵدان و ئەفسانەکانیش کە لەنێو تێکستەکانیاندا جێگەی دەبێتەوە و شێخەکان بەکوفری دەزانن و رۆشنبیرەکان بەئەدەبیاتی ئاینی لەقەڵەمی دەدەن، لەمبارەیەوە بابا چاویش دەڵێ" ئەو کاتە هەموو دونیا ئاو بووە و بەستویەتی، لالش

هاتۆته خوارەوە و زەوی ژیاوەتەوە، لەبارەی ئەم ئەفسانەیەشەوە شیعرێک هەیە و دەڵێ" لالش کوردستان دهاتە، عەرزێ شین بوو نەباتە، پێ زەینین چ قەست کنیاتە".
ئەمە جگەلەوەی دەیان ئەفسانەی دیکە لەبارەی سەرهەڵدان و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئاینەکەوە هەیە، هەروەها ئەو ئەفسانانەی کە بوونەتە بەشێک لەپشت بەستنی ئێزیدی کە پەیوەندی بەئاینەکانی دیکەوە هەیە و ئێزدیاتیش خۆی وەدەر نەناوە لەو مێژووە، بەتایبەتی چیرۆکەکانی ئیراهیم و موسا و هتد.

## دۆنای دۆن

مردن حاڵەتێکە بۆ هەموو بەشەرییەت یەکسانە و لەدەستدانی جەستەیە، بەڵام لەنێو ئەفسانە و بیروباوەڕی ئاینی روح لەجەستە جودا دەبێتەوە و دەمێنێت، ئەم دۆنای دۆنە لەزۆر ئەفسانە و بیروباوەڕی ئایینی هەیە، یوسف زێدان لە کتێبی دوامات الدین، واتە گێژاوی ئاینەکان، باسی لە هەمان بابەتی ئایینی کردووە کە لە زۆربەی ئاینە کۆنەکاندا هەبووە، ئەگەرچی پێشتر ئەم تێگەیشتنە بۆ مردن و روحی پاک هەبوو کە خۆی دەگوازێتەوە بۆ کەسێکی تر و جەستەیەکی تر، سەرەتا لە یۆنان و میسر هەبووە، دواتر لە تەلموودی ئاینی یوهودییەتەوە ئەم تێگەیشتنە بۆ ئاینەکانی دیکە بە جێماوە، پێش ئەوانیش لە ئاینی وەسەنییەت هەبووە، کەواتە جێماوەی رێسای ئاینی کۆنە، هرمسیە لەسەردەمی میسرییە کۆنەکان هەبووە، لە لای یۆنانیەکان ناوی ئەرمیسە، لەلای ئیسلام ادریس، لەهەر سێ حاڵەتەکەدا یەک مانای هەیە، تەنها جیاوازی لە ناوەکەیەتی، هرمیس لەژیانێکی خراپدا ژیاوە، پێیوابووە کە روحەکان لەدایکبونێکی تردا زیندوو دەبنەوە و نوێ دەبنەوە، ئینجا لە چەرمەسەرییەکاندا پاک دەبنەوە کە لەژیانی رابردوودا بینیویانە، ئەم روحە پاکە بەردەوام جەستەکان دەگۆڕێت تاکو کۆتایی ئەو فەرمانەی بەسەر گوناهەکانیدا دەدرێت، ئەوکات لەرێگەیەکی ترەوە خۆی بۆ رزگار بوون ئامادە دەکاتەوە، و دەبێتەوە بەروحی خواوەندی گشتی کە خوداوەندە رەسەنەکەیە".
ئاراستەیەکی ئاینی یە و بۆیاغێکی ئینسانی پێوەیە، ئەو کارێکتەرە ئەفسانەییە لە مەزنییەتیەوە نازناوەکەی وەرگرتووە،
بەڵام لەلای ئێزدیاتی بە تێکست سەلمێنراوە بۆ باوەڕدارەکانیان و گوایە کەسێک کە دەمرێت ئیدی گیانی دەچێتە نێو لەشی کەسێکی چاک و نەمر دەمێنێتەوە و تێکستەکەش بەم شێوەیەیە (روحا رەحمانێ، نابت فانی، هەرا لبەر دەستی یەزدانێ) ئەمە بەو مانایە دێت کە روحی رەحمان بێناونیشان نامێنێتەوە و وەکو هەر جەستەیەکی دیکە نەمێنێ، بەڵکو دەچێتە جەستەیەکی دیکەی سوود بەخشەوە و دوای مردنی دەبێتە پیاوچاکێک، بەڵام مرۆڤی خراپەکار کە دەمرێت روحەکەی دەچێتە گیانی دڕندەیەکی وەکو گورگ و سەگ و گیانداری شەڕانگێز، هەروەها بیروڕاکە وایە کە ئەو روحە هەمیشە ئازار دەکێشێ بەو شێوەیە دەمێنێتەوە تاکو خودا لێی خۆش دەبێت و جارێکی تر دەگەڕێتەوە

ژیان بەئاوایەکی دیکە، بۆ ئەمەش بەحسێکی خدر سلێمان هەیە کە باسی کراس گۆڕینی کردووە یەکسە لەش و گیانی لەخۆی جودا دەبێتەوە تاکو قەت نەمرێت، جار ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەو مرۆڤە چاک بووە یان خراپ، لەمبارەیەوە قەولێکی مسکینۆ ژارۆ هەیە دەڵێ " ئەڤ عەردە خانە

عەڤدو بەشەر بازرگانە
هنەکا مالا خوە بارکر
هنەکا ژنوو دانا"

هەروەها دەڵێ " بەنی ئادەمۆ هزار ساڵی تەمامکەی
میریاتییێ ل شەرقێ هەتا بشامکەی
دوماهییێ هەردێ ژکاسا مرنێ تامکەی" .

ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە مردن بێتەوە بەرچاویان بزانن کەدوای ژیان مردن هەیە بەڵام مردنی باش و مردنی خراپ هەروەکو پێشتر باسمان کرد کە ئەگەر چاکەکار بێت گیانی دەچێتە روحی چاکەکارێک و دەگەڕێتەوە ئەگەرنا دەچێتە جەستەی شەڕانگێزێکەوە و ئازار دەکێشێت تاکو خودا لێی خۆش دەبێت". (٢٨) . دۆنای دۆن یەکێک لەو رەگەزانەیە کە زۆربەی ئاینەکان باوەڕیان پێیەتی، قەناعەتێکە کە تەنها میتۆلۆژیا دەتوانێ جێگەی بکاتەوە، بەو واتایەی کە کەسێک دەمرێت، ئەوە تەنها جەستەیەتی لەبەرچاو نامێنێ و لەناودەچێت، ئەگەرنا رۆحەکەی دەمێنێت و دووبارە لەجەستەیەکی دیکە دووبارە دێتەوە ژیان، لەئاینی ئێزدیاتیدا (دۆنای دۆن) شێوەیەکی دیکەی جیاوازی وەرگرتووە، ئەوەیە کە پێی دەڵێن کراس گۆڕینەوە، ئێزدی باوەڕی بەوە هەیە کە خودا و مەلیک تاوس کراسیان گۆڕیوەتەوە، بۆیە رۆژ و ئاگر دەپەرستن، وەکو ئەوەی رۆژ هێمای خوداوەندە و ئاگریش هێمای شەڕانگێزییە کە وەکو هەر ئاینێکی دیکە بۆ دوالیزمی خێر و شەڕ پێناسە کراوە، یان شەیتان و خودا و چاکە و خراپە.

"ئێزدییەکان باوەڕیان بە گواستنەوەی رۆح هەیە، لەو رووەی کە توانەوەیەکی خۆشە وەکو پرنسیپێک بۆ سزا و پاداشت، ئەم پرنسیپە فرسەتێک بە روحمان دەدا کە جارێکی تر حساباتێکە بۆ خێر و شەڕ کە ئینسان خۆی لەبەردەم هەڵبژاردنی هەر یەکەیانە".(٢٩)

لەبارەی زانستییشەوە کە کەسێکی وەکو ستیفنسۆن ساڵی ١٩٦٠ پرۆفیسۆرێکی زانکۆی ڤێرجینیایە و ٢٥٠٠ حاڵەتی وەها کۆکردۆتەوە لەهەموو دونیا و بەتایبەتیش ئامریکا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو کەسە ئاسایی و کەسە نائاساییانەی کە ئەو جۆرەن و لەشێوەی دۆنایدۆن هاتونەتەوە، وەکو ئەوەی کەسوکار یان ئەوانی تر کەلەگەڵیان دەژین، پێیانوایە کەسەکە هاتۆتەوە، ئەو پێی وایە ئەو حاڵەتە پەیوەندی بە لەناوچوونی بیرکردنەوە لە (مۆخ) ە وە هەیە، هەروەها دەڵێ کەسایەتی هەبووە لەهەمان خێزان و هەمان شارستانی و هەمان مێژوو ژیاوە و جارێکی دووبارە بۆتەوە،

بۆیە ئاشکرا بووە، ئەمە پەیوەندی بەو عەقڵەوە هەیە کە دەتوانێ لەو ژیانەی پێشوو دابېڕێت و هەموو روحێک لەهەر جەستەیەکدا بێت پێویستی بەشارەزاییەک هەیە کە پێشوتر پێکەوە گرێبدات گەر بێتوو کەسەکە دڵخۆش بووبێت یان ناخوشی بینیبێت هەمیشە، بەڵام دۆنایدۆن کە چەمکێکی سیۆلۆژییە، جیاوازی هەیە لەگەڵ کەسێک خۆی دەکات بەکەسێکی تر، هەروەک ئەوەی لەبواری نواندنا هەیە و پێی دەڵێن (تقمێ) واتە خۆنواندن وەکو پاڵەوانی فیلم یان تێکست یان هەر بابەتێکی تر، بۆچوونێکی دیکە هەیە دەڵێ" ئەم حاڵەتە تەنها لەکاتی منداڵیدا هەیە، ئەویش مردنی کەسێکە و چیرۆکەکان لەگەڵ خۆیدا دەبات، چونکە مردنەکە بەشێوەیەکی نائاسایی بووە و کەسوکاریشی نازانن چۆن پێناسەی مردنەکە بکەن، بۆ ئەمەیە هاتنی منالّی دوای ئەو لەرێگەی بیستنی چیرۆکەوە دەبێتەوە بەکەسە مردووەکەی پێش خۆی، ئەگەرچی ئەمە شێوەیەکە لەفۆبیا، بەڵام بەشێک لەبیرمەندەکان بڕوایان بەو حاڵەتە هەیە". (٣٠).

روح دەرچوون کەسێک و چونی روح بۆ کەسێکی دیکە، کڕۆکی فەلسەفەی دۆنای دۆنە و فەلسەفەی تاڕادەیەکی زۆر سەرقاڵی ئەم باسە بووە، چونکە مەسەلەی روح مەسەلەیەکە چ لەنێو ئەددەب و چ لەنێو کۆمەڵناسی و ئاین و فەلسەفە بابەتێکی زیندووە، " هۆکارێکی سەرەکی جیاوازی فەیلەسوفەکان سەبارەت بە نەمری و دژەکەی، بۆ جیاوازی تێڕوانینیان بۆ ماهیەتی دەروون (روح) دەگەڕێتەوە، لێرەوە بەدرێژایی مێژوو ی فەلسەفە دوو ئاراستە بۆ دیاریکردنی مانای (روح) دەبینرێ: ئاراستەی یەکەم کە دەروون وەک بەشێک لە جەستە دەبینێ و هەوڵی ناساندنی دەروون لەگەڵ جەستەدا دەدات، وەک ئەوەی ئەرستۆ دەروون بەوە دەناسێنێ کە کەماڵ و پیگەیشتنی یەکەمی جەستەیەکی سرووشتی ئامێریە، کە خاوەنی ژیانێکە بەتوانین (بالقوە) لەم ئاراستەیەدا دەروونێکی جیابووەوە لەجەستە نیە، کەواتە بە لەناوچونی جەستە ئەویش لەناو دەچێت، ئاراستەی دووەم کە ئەفلاتون و دیکارت ڕێبەرایەتی دەکەن باوەڕیان وایە کە روح جەوهەرێکی ناماتریالی هەیە و توانای بوونی بەسەربەخۆ لەجەستە هەیە، لێرەوە دەروون بەر لەوەی بچێتە نێو جەستەو پاش ئەوەش، لەگەڵ جەستەدا پەیوەندی دەپچڕێنێ، ئەمەش نەمری بوونی دەسەلمێنێ". (٣١) " دۆنایدۆن هۆکارێکی راستەوخۆی پشت بڕوای خەڵکێکی سەرەتاییە کە نفس بەمانای روح بەبوردەوامی لە جەستەدا دەژی هەر لە ژیانەوە تاکو مردن، هەروەها لە شتەکانی سروشتیشدا دەتوێتەوە، وەکو درەخت و روبار و بەرد و شاخ و هتد، بەم شێوەیە مردووەکان و شتەکان کە لەجەستە دادەبڕێن و دەبنە نەفسێکی دیکە، ئیدی دەبنە خواوەندێکی تر کە خەڵک دەیانپەرستێ". (٣٢)

ئەم دۆنای دۆنە وەکو فەلسەفەیەک کە تائێستا تێگەیشتنی جیاوازی فەلسەفی و ئاینی و ترادیشنی و میسۆلۆژیە، بۆیە نەیتوانیوە کە قەناعەت بەئینسان بهێنێ گوایە روح لەناو ناچێت و دەگوازرێتەوە بۆ جەستەیەکی دیکە، چونکە تائێستا نهێنیە و شتێکی مەلموس نییە وەکو ئەوەی زانست بۆ نەمانی جەستە دەیسەلمێنێ، ئەوەش کە قەناعەتی هەیە

تێگەیشتنەکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ژیان بەردەوامە و هەندێکجار بە سوتفە نموونەیەک لە کارێکتەر دەبینرێت و بەمەش ناونراوە دۆنای دۆن، واتە گواستنەوەی روحێک لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دیکە، یان زیندووبوونەوەی روحێک لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دیکە.
بەپێی قسەی میسیۆلۆژیەکان بێت، ئاین لە دەرەنجامی سیحرێکەوە دێت کە لەخەڵک دەکرێت، بەپێی فرایزر ئینسانی کۆن زۆر هەوڵیداوە کۆنترۆڵی چواردەوری خۆی بکات بەتایبەتی ئەوەی کە واقیعە لەدەورووو پشتی، وەختێک بینیویەتی باران بەسەر زەویدا دەبارێت، بڕوای بەوە هێناوە کە هێزێکی گەورە هەیە کە ئەم کەشوهەوایە دەگۆڕێت و کەڵک بە درێژەدانی ژیان دەگەێنێت، بۆیە لێرەوە بیری لەوە کردۆتەوە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیاردانە بکات و ئەفسانەی لێبەرهەمبێنێت، ئەگەرچی ئەم داتایە کە میسیۆلۆجیا درکانوویەتی لە رۆژئاوا درەنگ وەرگیراوە و زووتر کەڵکیان لێوەرگرتووە بە هۆی ئەوەی ئاینی بوزی و مەسیحی درەنگتر گەیشتوون، بەڵام لە رۆژهەڵات و کوردستان زووتر هەبووە، بەڵام درەنگتر کەڵکیان لێوەرگرتووە، چونکە بڕوادارانی کرد لە کوردستان بە گشتی مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی (٩٠٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوون) ئەویش سیمبول و پارچە کۆنەکان و شوێنەوارەکان دەیسەلمێنن.
بەڵام بەپێی ئەوەی کە لە گردی (مەغزەلییە) لە نزیک شارۆچکەی شەنگار ٧٥٠٠ ساڵ پێش زایین ئاسەوار ئاسەکان پارچە بەردی ١,٥ م یان لەو شوێنە دۆزیوەتەوە کە ئەمە کۆنترە لەوانەی رۆژئاوای ئاسیا، هەروەها لە زێی شمشاراش هەمان ئاسەواری کۆن هەیە کە نزیک زێی بچوکە، ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە یەکەی شارستانی لە زۆربەی شوێنەکانی کوردی هەیە" (٣٣) بەو پێیە بێت ئایین و دۆزینەوەی خودا بەر لە هاتنی ئیسلام کە فتوحاتی کردووە، لە کوردستان هەبووە، بەڵام بەو لۆژیکە نەبووە کە ئێستا هەیە و نامۆیە بەو ئاینانەی ئێستا.
لە بارەی جن ەوە کە لەزۆربەی ئاینەکان مانا و بوونی هەیە و بڕوایان پێی هەیە، ئێزدییەکان هاوکێشەیەکی حیسابییان بۆ سەر سێ رۆژی یەکەم داناوە کە دەبێت بۆ مردوو خێر بکرێت، تێیدا بۆ زیادبوونی خێر بەسەر شەڕدا کە چل و حەوتە، ئەو رۆژانە لەبەرچاو گیراوە بۆ حیساب تاکو روح بۆ جهانی بەختەوەری بچێت و ئەو ماوەی ساڵە یان دوای ساڵێک، روحە مەحاسەبە کراوەکە دادەبەزێتە سەر دونیا، بۆئەوەی هەڵسن بە خێرات بەر لەوەی دەورەی زەمەنی مردووەکە بگەڕێتەوە بۆ لای روحەکە". (٣٤) ئەوان لێرەدا مەسەلەی جنیان باس نەکردووە، بەڵام تێڕامانی خۆیان مەترسی جنە کە کاریگەری بۆ سەر مردووەکە نەبێت، بۆیە خیراتی بۆ دەکرێت کە بیپارێزێت لە شەڕێک کە روحەکە نەچێتە شوێنێکی دیکەی شەڕ و بگەڕێتەوە لای کەسێکی پاک.

## پلەکانی ئێزدیاتی

ئێزدی سێ چینی جیاوازی تێدایە و هەرچینێک سنووری دەسەڵاتی جیاوازە لەوەی تر و واجبی تایبەتی خۆیان هەیە، چ لەلە نێو پەرستگا و چ لەدەرەوەی پەرستگای لالش.
کە بریتین لە شێخ واتە میر و پیر و مورید
مورید زۆربەی زۆری ئێزیدیەکانن کە بڕوایان بەئاین و کولتوورەکە هەیە، بابا چاویش کە پیاوێکی روحانی ئێزدییەکانە و تەمەنی خۆی لە لالش خەرج کردووە و تا ئێستا هاوسەرگیری نەکردووە و ژیان نەزر کردووە بۆ خزمەتی ئەم ئاینزایە و دەڵێ" من لەچینی پیرەکانم، چونکە بەبەرە باب وەرمگرتووە، ئەم سێ توێژەی ئاینی ئێزیدی لەخزمەتکار، بەشێکە لەکولتووری ئێزدی، هەر یەکێک لەو سێ چینەش کاری خۆی هەیە لەخزمەتکردنی ئاینەکە و کارەکەش ئارەزوو مەندانەیە".

شێخ و پیر دوو چینی جیاواز
لە زۆربەی ئایین و کولتوور و مەزهەب و رێبازە جیاجیاکانی دونیادا، پلەو پایەی ئایینی و مەزهەبی بوونیان هەیە وەکو پلەو پایەی چینایەتی، ئێزدیاتیش هەروەها و بگرە زیاتر و زەقتر ئەو کێشە چینایەتییەی تێدایە، بەوپێیەی کە پلەداری لە ئایینەکەدا وەکو شانازی باس دەکرێت و کاری پێدەکرێت، ئەوان چەند پلەیەکیان هەیە کە بەشێوەیکی چینایەتی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە هەژمار دەکرێت، چونکە پلە نزمەکان بۆیان نییە لەئاست بەرزەکان هەم وەکو خوداپەرستی و هەم وەکو کۆمەڵایەتی جێگە و رێگەیان وەکو یەک بێت و کوڕ و کچیان پێکەوە بتوانن هاوسەرگیری بکەن و لەلای پیاوە روحانیەکانیان و شەریعەتەکەیان ئاسایی بێت، بەپێچەوانەوە ئەمە دیاردەیەکی نەشازی ئاینییە و حەرامە، بۆیە سەلماندوویانە کە هیچ نەبێ بە ئاشکرا ئایینزایەکی چینایەتی رووتە و بە ئاشکرا خۆیان نمایش کردووە، بۆیە لەلای ئێزدیاتی شێخ رێبەری ئیداریە و خزمەتی پەرستگای لالش دەکەن، هەروەک ئەوانەی کە ئێستا وەکو شێخ بابا چاویش لەلالشە و لەوێ دەژی. بۆیە وەکو دەڵێن فەرزە و دەبێ شێخایەتی بیکەن
پیر نیشانەیە، هەروەک ئەوەی کە هەر ماڵێکی پیر نیشانەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە و لە ماڵەکانیان هەڵواسراوە، "ناوی پیر کە مانای ئاماژەیە بۆ ئەوانەی لە ئەستێرەی پیرۆ، پیر سیفەتێکە کە بۆ پیاوانی ئایینی ئێزدی هاتووە و ئەم نازناوە مانایەکی تر ی هەیە بۆ پیاوانی ئایینی کە نازناوی شێخە و لەلای عەرەبەکان هەبووە و ئێستاش هەیە ئەمەش لەوێوە هاتووە کە شێخ ئادی و شێخ عەدەویە لە ناوچە ئێزدیاتییەکاندا سەرکردایەتی دونیایی کردووە و دواتر ئاستەکەی دابەزیوە بۆ سەر زەمین و کە دەسەڵاتی شێخ ئادی بووە". (٣٥)، بەم بۆنەیەوە وەکو پیر کونجی گوتی"
تێکستێک هەیە لەناو ئێزدیاتی و دەڵێ
"دا دەستێ شێخا بسک و مەقەسا

دادەستێ پیرا فتر و زەکات
شێخ فەرە و پیر نیشانە
وەستا و مەرەبی وەکی وانە
فەرزا برای ئاخیرەت فەرزەکا گرانە".
دیارە بەپێی ئەم تێکستە بێت دەبێ هەر ئێزدیەک واجبێکی هەبێت.
لەنێو پەرستگادا ژورێکی تێدایە و گۆڕێک هەیە، بابا چاویش دەڵێ" ئەوە گۆڕی شێخ ئادیە و پێی دەڵێن (تاوس مەلەک) مەلائیکە، سەرجەلەی شێخ و پیری ئێزدیاتی سەرچاوەی تیاگرتووە، خودا تاوس مەلەک سوڵتان یەزید و شێخ ئادی، ئیدی هەر ئێزدیەک بۆ سەردان بچێتە ئەو ژوورە، دەبێ سێ جار بەدەوری گۆڕەکەدا بسووڕێتەوە، واتە تەواف کردن". ئەمەش جۆرێکە لەدروستکردنی خودایەک کە لەسەر زەمین کاری پێدەکەن، ئەم جۆرە ئاینزایە لە ئاستی خوارەوە کە خەڵکە عەوامەکەیە، چەندین خودای بچووکیان دروستکردووە و پیرۆو کراوە کە لەهەندێک ئایینی دیکە نییە، مەگەر ئاین پەرستی ئەمدواییە نەبێت کە لە ئاینی ئیسلامیشدا کەسانێک هەن شەرعییەتیان بە پیرۆزکردنی خۆیان داوە. ئێزدیەکان بڕوایان بەوە نییە تاووس (خودان _ خوان هێنی شاراوە بێت) کە خودا خەڵقی کردووە کە لەسەرەتای زەمانەوە سەریهەڵداوە و دەرکەوتووە بۆ ئەوەی خۆی نیشان نەدا و کەرەستەیەکە کە لەرێگەی درووستکردن و ئیدارەدانی ئەستێرەیەک بۆ ئەوەی ببینێ تاووس وەکو مەلائیکەیەک وەکو شێوەیەک درکی لەلای خودا کە سنووری نییە، بەڵام ئێزدییەکان داوا دەکەن تاووس و مەلائیکە و شەش لە ئەوانی تر، ئەوانیش هەموویان نوێنەرایەتی حەوت لە قەوس و قوزەح دەکەن، بەوپێیەی دەبینین شەش مەلائیکە گەورەکە ئەوان رەسەنن و بەشێک لە تاوس مەلەک کە وەکو قەوس و قوزەح دەردەکەوێ" (٣٦) لێرەدا مانا تاووس وەکو ئەوە وایە کە دەرکەوتنی تاووس بۆ ئەوەیە کە خودا وەکو پیرۆزییەک دەرنەکەوتبێ و نهێنی و سیحری خوداییش لەودا کەم نابێتەوە کە سنووری دەسەڵاتی تا هەتاییە.
لەناو ئێزیدیاتیدا شاێ کیان دیاردەیەک هە یە پێی دەگوترێت کرێف واتە نزیکایەتی و قەبوڵ کردنی ئەویدیکەی غەیرە ئێزدی، کریف یان کرێف یەکێک لەو مانایانە کە ئێزدیاتی بەمدواییە شانازی پێوە دەکەن، گوایە ئەوان نزیکایەتی قەبوڵ دەکەن و جێگۆڕکێ بە بنکەی کۆمەڵایەتی و پێکەوژیانی چینەکان ئاسایی کراوە و کەسێک دەتوانێ لەدەرەوەی ئایینی ئێزدی ببێتە کریف واتە دۆستی نزیکی ئێزدییەکان، بەڵام راستییەکەی ئەمە تەنها ریکلامێکی مۆدێرنە و بەمدواییە دەستیان بۆ بردووە، باشترین سەلمێنەر ئەویە کە ئەوان دەڵێن برایەتی بە خوێن و تێکەڵ بوون لەگەڵ یەکتر، واتە ئەو تێکەڵ کردنە دەبێ لەرووی چینایەتییەوە بێت ئەگەر کەسەکە ئێزدیش نەبێ جا با کوڕ بێت یام کچ بۆ هاوسەرگیری. بەڵام لەرووی شەرعیەت و کولتوورییەوە ئەمە حەرام کراوە و مەترسیدارە، بۆیە کریف واتە نزیک بوونەوە، تەنها بۆ ئەو کەسانەیە

که نزیکی ئێزدی دەبن و دەبن بە خولامی ئەوان و هیچ نزیکیایەتییەک داوا ناکەن بە هۆی ئایینەوە، بەوپێیەی که نزیکایەتی و تێکەڵ بوون لەلای ئێزدیاتی تەنها خوێنە و خوێنیش هەڵگری شوناسی کۆمەڵایەتی ئاینییە، واتە دەبێ کەسەکە هەڵگری شوناسی ئاینی ئێزدیاتی بێت، نەک لە ئاینێکی دیکەوە خۆی بخزێنێتە نێو ئاینی ئێزدی کە لەلای ئەوان ئەمە بە فرت و فێڵ لەقەڵەم دراوە وهیچ کەسێک ئیسلام یان کریستیانی یان جولەکە یان سابیئی یان هەر ئاینێک بێت بچێتە سەر ئاینی ئەوان، بەپێچەوانەوە ئەوان ئەم حاڵەتە واتە داواکردن بۆ ئینتیمای ئێزدیاتی بە فێڵ و کاری سیخوڕی دەزانن، وەکو ئەوەی ئەوان ڕێکخراوێکی نهینی بن و خەڵکی نەیار بیهەوێ دزە بکاتە نێو ئایینەکە و خراپ کەڵکیان لێوەربگرێت، هەڵبەت ئەمە بەناڕاستەوخۆ وڵامی ئێزدیەکانە بۆ ئەوکەسانەی کە دەیانهەوێ ببن بە ئێزدی.

قەولەکان ... وتەکان و پەیڤەکان

هەروەک چۆن لەئاینەکانی دیکەدا بەرلەوەی تێکست بنوسرێتەوە و تەدیون بکرێ، بۆئەوەی نەفەوتێ و بەدیکۆمێنت بمێنێتەوە تاکو کاری پێبکرێ و باوەڕداران بیخوێننەوە، قەوال هەبوونە، ئەوانیش بریتی بوونە لەو کەسانەی کە گوێیان لەپێغەمبەر یان شێخی مەزن و ڕەهبەری ئاینەکان بنچینەی بۆداناون، لەئاینی ئێزدیاتی زۆرێک قەوال هەبوون و هەر قەولێکیش بۆ مەرامێک و بۆنەیەک و ڕێوڕەسمێک گوتراونەتەوە.

بۆیە قەوالەکان یەکێک لە سەرچاوە گرینگەکانی کولتور و یان نەتەوە یان ئاینێکی دیاریکراون، چونکە نووسینەوەی گوتە و کولتوور و تێکستی سەرزارەکی بەشێوەیەک لە شێوەکان سەخت و قەدەغە و یاساغ بوونە، بەوپێیەی کە لەمێژوودا وا زانراوە کە نوسینەوەی وتەی خودا یان خوداوەند کوفرە، بۆ نموونە نوسینەوەی خوداوەکانی فیرعەونەکان و بابلیەکان و ئاشورییەکان و تاکو دوای مردنی پێغەمبەری ئیسلامیش هەروابووە، کە عوسمانی کوڕی عەففان قورئانی کۆکردۆتەوە و کردوویەتی بە دیوان و نوسراو، بۆیە قەوالەکان بەشێکن لەو سەرچاوەیە، لە رووی فەلسەفیشەوە وەکو ئەفلاتون دەڵێ سوقرات لەخۆڕا نەبووە قسەکان و فەلسەفەکانی نەنووسیبێتەوە، بەوپێیەی کەفەیلەسوفەکانی بەر لە سوقرات و خودجی سوقراتیش بڕوایان بە نووسین نەبووە و تەنها ڕۆشنبیرییەکی سەر زارەکی هەبووە و موناقەشەی ڕاستەوخۆ لەسەر بابەتە فەلسەفییەکان هەبووە، چونکە بڕوایان بەوە نەبووە فەلسەفە حوکم بکرێت لەلایەن کەسانێکەوە کە خۆیان هیچ بەرهەمناهێنن، بەڵام گواستنەوەی تێکست لەلایەن قەوالەکانەوە بنەمای تێکستی نووسراوە، "بۆیە زۆر قورس بووە لەلایەن قەوالەکانەوە هەردوو کتێبی سەرچاوە ( مسحەفا رەش و جیلوە) وەکو سەرەتای ئەبجەدییەتی کوردی بوو بێت لە سەدەی ١١ی میلادی، بەو هۆیەشەوە ناتوانین ناوەخنی ڕاستەقینە بەبێ هیچ گومانێک زانای متەسەووف شێخ ئادی و شێخ حەسەن و شێخ فەحرەدین و شوعەرای عیلمای دین و نموونەشیان ( پیر رەشی حەیران و دەروێش قاتانی و درویش قتک و

بابکر و ئومر و کچک جەم و درویش تاجەددین و بابەکر جەزیری و مسێکو ژاو) ئەوان لەو سەدەیە ژیاون، ئەمە سەرباری دروشمەکانیان دەستنوسەکانیان ئەوانەی کە بەئێمە گەیشتوون نوسراونەتەوە، ئەمەش گومانی تێدانییە وەکو ئاسەوارێک بۆ ئێمەیان جێهێشتووە و بوونە بە بڵاوکراوەی کۆنی ئێزدیەکان". (٣٧) ئەمە خوارەوە بەشێکە لەو قەولانەی کە ماونەتەوە و بینای تێکستی مەسحەفا رەش و جیلوەی لەسەر دروست بووە وەکو خۆیان کە شارەزایانی ئایینەکە باسی دەکەن.

١: قەولی سەرەمەرگ: بریتیە لە ٧٧ قەول

٢: قەولی زەبوونی مەکسوور: بریتیە لە ٤٩ قەول و لەلای شێخ حوسێنی کوڕی شێخ حەسەن بووە.

٣: قەولێ ئیمان: ئەم قەولە بریتیە لە٤٥ قەول و شێخ عەلی کوڕی شێخ شەمۆ گوتوویەتی کە تەمەنی ٦٧ساڵ بووە.

٤: قەولی ناسردەین: ئەم قەولە بریتیە لە ٣٤ قەول و لەسەر زاری شێخ عەلۆ ی کوڕی شێخ خەلەف گوتراوە.

٥: قەولی شێخۆ بەکر: ئەم قەولە بریتیە لە٣٤ قەول و لەلایەن ماڵی رەشۆی شێخ حوسێن نوسراوەتەوە و نەزانراوە کێ گوتویەتی و خاوەنە رەسەنەکەی کێیە.

٦: قەولی قەرە فەرقان، بریتیە لە ٥٤ قەول، قسەیەکیش هەیە کە قەرە فرقان ناوی رەسەنی مەسحەفا رەش و جیلوەیە کە عوسمانییەکان ناویان ناوە. (نوسەر).

٧: قەولی عەرد عەزمان، بریتیە لە ٣٨ قەول و دیلۆگێکە لەنێوان زەوی و ئاسمان.

٨: قەولی هەزار و یەک ناو، بریتیە لە ٥٢ قەول.

٩: قەولی بەحر: ئەم قەولە بریتیە لە٣٢ قەول.

١٠: قەولی جومجمی سوڵتان، ئەم قەولە بریتیە لە ٤١ قەول.

١١: قەولی بێ و ئەلف، ئەم قەولە بریتیە لە١٤ قەول.

١٢: قەولی عیلمی نادر: ئەم قەولە بریتیە لە ١٨ قەول.

١٣: قەولی قەندیل، ئەم قەولە بریتیە لە٢٤ قەول.

١٤: قەولی سورا: ئەم قەولە بریتیە لە ٢٦ قەول.

١٥: قەولی گا و ماسی: ئەم قەولە بریتیە لە٤٩ قەول.

١٦: قەولی هەرێ و بەرێ کۆبو : ئەم قەولە بریتیە لە٢٦ قەول.

١٧: قەولی مەها: ئەم قەولە بریتیە لە٦٣ قەول. پەراوێز: بۆزیاتر شارەزابوون و شیکارکردنی ئەم قەولانە بڕوانە کتێبی پەرن ژ ئەدەبی دینی ئێزیان، نوسینی د. خەلیل جندێ رەشۆ. دەزگای سپیرێز لەدهۆک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپەری دوو فەلسەفا ئێزیدیاتی دەرهەقا ئافەرینا دنێ و خولیاقەتی.

بۆیە پیر خدر وەکو رۆشنبیر و شارەزایەکی ئەم ئاینزایە دەڵێ بەشێک لەوەی نەمانتوانیوە خۆمان کۆبکەینەوە، یان خۆمان ئاشکرا بکەین و بەرگری تەواو لە رەسەنایەتی ئایینەکە بکەین، ئەوەیە کە قەولە کۆنەکان کۆنەکراوەنەتەوە و

نەنوسراونەتەوە و نوسراوە سەرەتاییەکانی ئێزدیاتی، بەشەکەی دیکەی سوتێنراوە یان دزراوە لەکاتی ئەنفالکردنی ئێزدیەکان لەلایەن دوژمنانیەوە کە ئەمەش هۆکاری جۆراو جۆری هەبووە.
کێشەی ئێزدیاتی ئەوەیە کە لەترسی لەناوچوونیان خۆیان کۆ نەکردۆتەوە، واتە قەولەکانیان کۆ نەکردۆتەوە تاکو بیکەن بە تێکستێک بەناوی مەسحەفا رەش و جیلوە چاپی بکەن و ناوی تێکستی ئێزدیاتی لێبنێن. ئەوان کەسێکیان نەبووە وەکو پۆڵس و لۆقا و یۆحەننای مەسیحی و کرسیتیانی تاکو ئینجیل بنوسێتەوە، یان وەکو عوسمانی کوڕی عەففان قەولەکانی ئاینی ئیسلام کۆبکاتەوە و بیکات بە تێکستێک و سەوابتی بۆ دروست بکات و ناسنامەکەی دیار بێت، تەنانەت وەکو سابیئەکانیش نین خاوەن تێکستی خۆیانن و بواری ئاڵوگۆڕپێکردن و شێواندنی ییە، بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەوان کێشەی ناسنامەیان هەیە لەرووی ئایینیەوە کە بۆ خۆشیان یەکلایی نەبوونەتەوەی کە خاوەنی تێکستێکن بەناوی مەسحەفا رەش و جیلوە و خۆشیان نەیانبینیووە.

## جەژن و بۆنەکانی ئێزیدی

ئێزدی زۆر جەژنی هەیە، چونکە هەموو جەژنەکان وەکو بۆنەیەکی تایبەت بەئاینەکە و کولتوورەکەیەوە بەستراون بەسروشتەوە، یان ئەوەی ئەوان بەهۆی رزگاربونیان لەدەستی دوژمن یان روداوی سرووشتی درووست بووە، هەندێک سەرچاوە هەن دەڵێن ئێزدیاتی پێشتر دوو گروپ بوون، گروپی کۆچەر و گروپی کرمانج، گروپی کۆچەرەکان ئەوانە بوون کە جێگیر نەبوونە لەجوگرافیایەک و ئاسەواری خۆیان بەجێبهێڵن تاکو پشتی پێببەسترێت بۆ داهاتوو، ئەوانەش کە کرمانج بوونە نەیانتوانیوە وەکو کۆچەرییەکان کراوە بن و خۆیان کۆ بکەنەوە جەژنەکان بکەن بەگشتی.
ئەوانەی کە جەژنی جوتیارن، ئەوانەن گوڵگای دای، بۆئەوە بووە کە جوت تەواو بووە، وەختێک پیاوەکە هاتۆتەوە، ژنەکەی شیرینی بەرەو پیری پیاوەکەی بردووە لەخۆشی ئەوەی جوت تەواو بووە.
جەژنی سەری ساڵ: ئەم جەژنە دەکەوێتە یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسان و مانای یەکەم دەسەڵات وەرگرتنی مەلەک تاووسە بۆ بەڕێوەبردنی دونیا، بۆیە رۆژێکی موبارەکە و ئەوان هەڵدەستن بە مەڕ سەربڕین و ئەوەی دەخورێت و ئەوەش دەمێنێتەوە بەسەر هەژارەکاندا دابەش دەکرێت، بەڵام ئێستا ئەم جۆرە بەهۆی ئاڵوگۆڕی ژیان و بەدەستهێنانی پێداویستی ژیان و بوونی خەرجی بۆ پەرستگا و لالش لەلایەن دەوڵەت و حکومەتی هەرێمەوە، زیاتر لە مەڕێک سەردەبڕدرێت و هەر لەوێ دەکرێت بە چێشت و لەلایەن سەردانیکەرەکانەوە دەخورێت.
جەژنی عدوە: ئەم جەژنە لە رۆژی حەوتەمی مانگی کانونی دووهەمە و دوازدە رۆژ بەسەر لەدایکبوونی شێخ ئادی کوڕی موسافیر تێدەپەڕێت، جەژنەکە مانایەکی تایبەتی

هەیە، ئەویش ئەوەیە کە چیرۆکێکی ئەفسانەیی هەیە و رۆژەکە کە گرێدراوی دزینی منداڵێکە، شێخ ئادی و بۆ ماوەی ١٢ مانگ شاردویەتیەوە و پاشان دراوەتەوە بە دایکی و دەبینین هەویری زەیتونی بەدەستەوەیە و ئیدی ئەو رۆژە ناودەنرێت جەژنی عەجوە.

جەژنی شوان: ئەو جەژنەیە کە سەری ساڵ چوارشەممەی یەکەم، یەکەم رۆژی شەرقیە و هەموو ماڵێکی ئێزدی ماڵەکانیان دەرازێننەوە و بەشداری بەهاری نوێ دەکەن، بەو مانایەی کە زستانی سارد و مەترسی کۆتایی هاتووە و بەهاری نوێ هاتۆتەوە، شوانیش بیر ناکەن و ئێستا هەیە، بۆیە لەم جەژنەدا بەگشتی کۆچەر و کرمانجەکان و پلە ئاینیەکانیش دەچن بۆ لالش بۆ بەشداریکردن لەو جەژنە.

جەژنێکی تر هەیە کە دەکەوێتە مانگی دوانزە کە لەسنووری هەفتەیەکدایە و کورترین رۆژە، بۆیە تەواوی ئێزدیەکان بەتێکڕا سێ رۆژ رۆژی دەگرن، رۆژوو گرتنەکەش تائێوارەیە و هیچ ناخۆن و دواتر کە تەواو دەبێت هەفتەکە جەژنی بۆ دەگێرن.

جەژنی جەما: کە دەکەوێتە مانگی سێ و حەجی تێدا دەکرێ، بۆنەکە لەمانگی دەیە و حەوت رۆژە دەبێ ئێزدی بچنە لالش و گایەک سەردەبردرێت و دەکرێتە قوربانی بۆ خودا، دواتر ئەم گایە بەشە شێرەکەی دەدرێت بەو کەسەی چالاکیەکە دەکات و گایەکە دەکوژێت و پاشان هەموان بەشداری خواردنی گۆشتەکەی دەکەن و وەکو موتفەڕک و بەخێر دەخورێت.

جەژنی یەزید. ئەم جەژنە لەرێکەوتی ١٤ ی کانونی یەکەم ئێزدیەکان ٣ رۆژ بەرۆژوو دەبن و نان ناخۆن و زیارەت کردنیش رێگەپێدراو نییە.

جەژنی خدر ئەلیاس: ئەم جەژنە دیسان بۆ رۆژوو گرتنە یەکەم رۆژی شوباتە و ئێزدیەکان هەڵدەستن بە دروستکردنی شیرنەمەنی . ئەم جەژنە لەلای مەسیحیەکانیش هەیە.

جەژنی قوربان: لەم جەژنەدا کە دەکەوێتە یەکەم رۆژی جەژنی قوربانی ئیسلام و یەهودی کە لەدونیادا ناسراوە، پیاوانی ئایینی لەم رۆژەدا دەچن بۆ سەر مەزاری شێخ ئادی و دواتر دەچن بۆ سەر شاخ کە وەکو ئیسلامەکان ناویان ناوە شاخی عەرەفات و لەوێ تەراتیل واتە گۆرانی ئایینی خۆیان دەڵێن.

لەنێو پەرستگا حەوت کۆڵەکەی تێدایە، بابا چاویش لەبارەی ئەو کۆڵەکانەوە دەڵێ" هەریەکەیان لەو کۆڵەکانە، هی مەلائیکەتێکن، (ئیزارئیل، جوبرائیل، دەردائیل، میکائیل، شەقمائیل، ئیزرافیل، عەزرائیل) کۆڵەکەکان کە بەپەڕۆی رەنگاو رەنگ پێچراون، دیاری ئەو ئێزدیانەیە کە نەزر دەکەن". ئەمە جگەلەوەی مەزاری شێخ ئادی و شێخ حەسەن و چەند شێخێکی تریان هەر لەوێ نێژراون، ئێواران هەریەکەیان لەو مردوانە مۆمیان بۆ دادەگیرسێ و هێلکەیان بۆ رەنگ دەکرێ، ئەمەش بۆ یادکردنەوە و بیرنەچوونەوەیانە، وەکو یادێک و وەکو کولتوورێک بۆ نەوەی داهاتوو کە بزانن مانای ئەو مەلائیکەتانە چین و کۆڵەکە چین و بۆچی پەڕۆکان رەنگاو رەنگ دەکرێن.

جەژنی چوارشەممە سوورە: ئەم جەژنە لە ٤/١٨ هەموو ساڵێک دەکرێت و لەهەموو ئەو شوێنانەی ئێزدی لێیە خەڵکی بڕوادار دەچن بۆ پەرستگای لالش و لەوێ ئاهەنگ دەگێڕن و هێلکەی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ ئەو پیاو چاکانە دەنەخشێنن کە ڕۆژانێک خوداپەرستیان کردووە و کەلەپوریکیان بۆ نەوەکان جێهێشتووە، هەروەها سوننەتە کە هەرکەسێک دەبێت فتیلێک بستوننێ و لەسەر بەردێک یان لەسەر شەمعدانێک کە لە لالش هەیە بیستوننێ بۆ شێخ ئادی و بۆ نوێکردنەوەی خوداپەرستی، هەروەها بۆ هەر کەسێک ئێزدی دەبێ کە چووە ژووری پەرستگا بەسەر پێپلکی دەرگاکە بازبدات و پاشان بە ئاوی زومزوم دەست و چاوی بشوات وەکو سوونەتێکی ئێزدیاتی.
ئەوی جێگەی سەرنجە پێشتر ئافرەتی ئێزدی بە جلوبەرگی سپییەوە جەژنەکەیان دەکرد، ئێستا کچەکانیان بە هۆی ئەوەی ژیان پێشکەوتووە و تێکەڵبوونیان لەگەڵ ئاین و کولتوور و نەتەوە و پێکهاتەکانی تر، ئەوان لەڕووی کولتوورییەوە لە داخراوییەوە کەمێک کراونەتەوە و ئەوەی پێشتر یاساغ بووە، ئێستا ئازادی بەرفراوان فەراهەم بووە، بەڵام هێشتا مەسەلەی کچ بە شوودان بۆ کوڕێکی ئاینێکی تر و بۆ ئاینەکەی خۆشیان بە فەرمانی کەسی یەکەمی کچەکەیە و کەمترین ماف لەلای کچەکە نییە.

کانی سپی و زومزوم
بەپێی لێکۆڵینەوەی یاقوتی حەمەوی بێت، زومزم مانای بیری بچووکی ئاوی نزمی سەر زەوی و ڕاکردنی جوبرائیل و شیفای نەخۆشی و خواردن و خواردنەوەی وەکو شەرابی بەتام دێت.
کانی سپی کە دەکەوێتە نێوەڕاستی پەرستگای لالش، کانییەکی سرووشتییەو لەوەتەی ئێزدیەکان لەوێن ئەو کانییە هەیە، کەوتۆتە نێو ئەو ئەشکەوتەوە کە شێخ ئادی لەکاتی خەڵوەتگرتنی بۆ ئایین و بیروباوەڕەکەی بەزەحمەتییەکی زۆرەوە هەڵیکەندووە و دواتر بووە بەو کانییەی کە ئێستا دیزاینی گۆڕاوە، دواتر ئەو کانیە بەردەوامی وەرگرتووە کە خزمەتکراوە و ئێستا ئەو ئاوە وەکو ئاوی زومزوم ناسراوە لەلای ئێزیدیەکان و ئەلتەرناتیڤی ئاوی زومزومی مەککەی قیبلەی ئیسلامە لە سعودییە، هەڵبەت پرسیاری ئەوەی کە بۆچی ئەوان وەکو ئیسلام ناوی زومزوم دەهێنن ئەگەر پاشماوەی ئاینی ئیسلام و یەزیدی کوڕی موعاویە نین، هیچ وەڵامێکی ئەو بابەتە نادەنەوە جگە لەوەی کە وەکو ئاوێکی شاز و بەرهەمی خودا بۆ موعجیزەکانی شێخ ئادی و ئاوی ئەو پەرستاگایەیە کە ئێزدیاتی هەیەتی و هیچی تر، لەمبارەیەوە بابا چاویش زیاتر لەو تێبینیانەی هەیە و دەڵێ" کانی زمزم و بەردی ڕەشی کەعبەی موسڵمان کە لە سعودیەیە، لەلای موسڵمانەکان پیرۆزە، بەڵام کە لەئێمەی ئێزدیەکان قەدەغەکراوە و نابێت سەردانی بکەین، بۆیە ناچارین کانی سپی بکەین بەپیرۆز بۆ خۆمان و بڕوادارە ئێزدییەکان، ئەم جۆرە کانییە لەکوردستانی تورکیاش هەیە، چونکە ئەو بەردە لەزەمانی ئیبراهیم خەلیل رویداوە". بەپێی قسەی باباچاویش بێت، ئەو کانیە لەمەککەوە

سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئیسلام نەیانهێشت بچنە ناوی و کەڵک لەو ئاوە وەربگرن و زیارەتی بکەن ساڵانە، چونکە بەقەولی ئیسلام کرێتەیە واتە گوناهە بۆ ئەوان، بۆیە بەناچار ساڵانە هەموو ئێزدیەکان دەچن بۆ لالش و حەج دەکەن. هەر لە ساڵی نوێ و لە رۆژی چوارشەممە سوورە و لە جەژنەکانی تری ئێزدیاتی کوڕ و کچی نەوەی نوێ دەچن دەست و دەموچاویان لەو ئاوە دەشۆن و خۆیان پیرۆز دەکەنەوە.
بەو قسەیە بێت کە ئێزدییەکان لەبری یان وەکو ئەلتەرناتیڤی بەردی رەشی پیرۆز کە لە سعودیەیە، گومانێکی دیکە دروست دەکات کە ئەوان ئەگەر ئاینێکی سەربەخۆییە، بۆچی خۆیان بە مەغدوور دەزانن لەوەی مەحرووم کراون لەزیارەت کردنی ئەو بەردە پیرۆزکراوە، ئەگەرنا دەبوایە هیچ وەکو لەبری کانییەکە ناوی نەیات و هیچ پێویستی نەدەکرد ئەو بەرد و ئاوی زومزومەی مەککە بکەن بە گرێیەکی دەروونی ئاینی کۆمەڵایەتی و بەخەڵکی ئێزدی بڵێن فەرموون مەچن بۆ مەککە و پەرستای خوداپەرستی ئێوە لە لالشە و کانی زومزووم هی ئێوەیە، باشترین نموونەش کە ئەوان وەکو ئەلتەرناتیڤ کانییەکەی وەرگرتووە، ئەوەیە کە هەمان ناوی هەیە کە بەکانی زوومزوم ناوی دێت.

## ئێزدی و ئەوانی تر

زۆر دیاردە هەیە کە دەیسەلمێنێ ئاینی ئێزدی و کاکەیی پەیوەندیان هەیە و نزیکن لەیەکتری بەتایبەتیش ئەوان بەشێکیان هەیە کە رۆشنبیرن و شارەزان لە ئاینە کۆنەکان و بەتایبەتیش ئاینە کۆنەکانی ناوچەی کوردستان کە پەیوەندییان بە رابردووی کوردەوە هەیە، پیر خدر بۆ گرێدانی ئەو پەیوەندییە نموونەیەک دەهێنێتەوە، رۆژێک لەگەڵ فەلەکەدین کاکەیی سەیدی کاکەییەکانی کوردستان بووە، فەلەک ویستویەتی پیر خدر دەعوات بکاتـ بۆ نیوەڕۆ خوانێک، بەڵام نەیتوانیوە بیباتەوە ماڵەوە، لەبەر ئەوەی کەماڵیان واتە خێزانەکەی بەرۆژوو بووە، پیر خدریش گوتوویەتی" ئەمڕۆ رۆژووی ئێمەشە"، واتە رۆژووی ئێزدیەکانیش بووە. کە ئەمە یەکێکە لەخاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو ئاین یان بیروباوەڕی ئێزدی و کاکەیی.
دوو تێکستی شیعری کاکەیی هەیە، باس لە دروست بوون و خوڵقانی کەون دەکات، رێک ئەو تێکستە لەئاینی ئێزدیشدا هەیە، لەلای ئەوان پیر هەیە، لەلای ئێزدیش پیر هەیە، لەلای کاکەیی جەم و جەمخانە هەیە، لەلای ئێزدیش جەم و جەما هەیە، مەسەلەی هێشتنەوەی سمێڵ کە لەلای کاکەییەکان سوننەت و پیرۆزە، لەلای ئێزدیش سمێڵ پیرۆز و فەرزە، پیر خدر دەڵێ" ئێمەش تائێستا نازانین وەکو پێویست چیمان هەیە، چونکە تازە دەکەوینە خۆمان و شتەکانمان کۆ دەکەینەوە". لەبارەی ئەوەی کە کەسێک باوەڕ بە ئاییینی ئێزدی بهێنێ موسڵمان یان مەسیحی بێت ئێزدی وەریدەگرن، بابا چاویش شێخی ئێزدیان دەڵێ" پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو ئاینەکان باشە، بەڵام

کەسێک بۆ ئاینەکەی خۆی کەڵکی نەبێت، چۆن بۆ ئێمە کەڵکی دەبێت، بۆیە ئێمە کەس قەبوڵ ناکەین ببێتە ئێزدی". ئەم قسەیەی بابا چاوش لەخۆیەوە نەیگوتووە، بەڵکو یەکێکە لەو پرنسیپانەی کە ئایین قەبوڵی فەرزی کردووە و دەبێ بڕواداران کاری پێبکەن.
هەرچەندە نازانرێ مەسحەفا رەش کە ئایا دەقی ئێزیدیە و لەکوێیوە هاتووە و سەرەتاکەی چۆن بووە، بابا چاویش دەڵێ" ئەو کتێبە ئێستا لە مۆزەخانەی لەندەن لەگەڵ کتێبی جیلوە پارێزراوە". بەڵام ئەم قسەیەی بابا چاویش تەنها وەرگیراوە و زانستی نییە و بیروڕای پسپۆرانی ئاسەوارناسی و ئاین و نەتەوە ناسی نییە و تەنها وەکو شێخێک لەخزمەتی لالش قسەکەی کردووە، بۆیە لە بواری پسپۆریدا وەکە ئیعتیباری ئەکادیمی و سەنەد وەرناگیرێ.
"بەپێی مێژوونووس ویل دێورانت بێت لە کوردستان نەتەوەیەک هەبوونە پێشتر لە رەگەزی هیندو ئەورووپی بوونە و ناویان ئامادی و مادی و میدان بووە، ئەوان لە نزیک دەریای قەزوین بوونە کە رۆژئاوای ئاسیا دەکات کە دەکاتە ١٠٠٠ ساڵ پێش زایین ئەوان یەکەمین پاشایان دیویس بووە کە ناوی خودایەکی کوردی کۆن بووە، کە پایتەختەکەی هەمەدان بووە کە لە کوردستانی ئێرانە، هیرۆدۆت دەڵی شێوەی پاشاکەی کوردان مەترسییەک بووە بەسەر ئاشورییەکانەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو چاکەخوازییەی هێز و دادپەروەرییەکەی کە هەیبووە، بۆیە بۆتە گەورەترین پاشای ناوچەکە و بە میدییەکان ناسراو بووە، ئەمە لە مسیۆلۆژیای کوردیدا هەیە کە وێنەی پاشایەکە و دوو باڵی هەیە و بەسەر ئاژەڵێکەوەیە". (٣٨). ئەگەرچی ئەو لۆگۆیە بەشێکی بۆ ئەو خورافەیە دەگەڕێتەوە کە ئینسانە کۆنەکان و ئاسەوارناسەکان دایانناوە و ناکرێ ئینسان بەو شێوەیە بوو بێت، بەڵام دەبێ ئاسایی وەریبگرین، چونکە لە هەموو ئاینەکاندا ئەو لۆگۆ خورافییە هەیە، بۆ نموونە سامورایی و لاماسۆ کە گایەکە باڵی هەیە و دەفڕێت و پەیکەری بابل کە شێرێکە و دەیان تێڕامانی بۆ کراوە و هتد، کەوابوو ئەو داتایەی پێشوو بەنموونە وەرمانگرتووە، ئەمە دەیسەلمێنێ کە مادام لێرەدا لەم مێژووە کۆنە کە تەنها ئەو کۆمەڵگەیە لە کوردستان بوونە و پاشایان هەبووە و ناوی دیسیوس بووە و بە میدییەکان ناسراو بوونە و ئاینیان هەبووە کە زەردەشتی بووە و لۆگۆکەی تا ئێستاش دیارە، کەواتە کاریگەری لەسەر تەواوی ئایینەکانی ناوچەکە هەبووە، چونکی تا ئێستا پاشماوەی ماوە، بۆیە دەکرێ کاریگەری لە رووی فۆرم و ناوەڕۆکیشەوە بەسەر ئایینی ئێزیدییەوە هەبوو بێت هەروەکو ئەوەی خاڵی هاوبەشی ئێزیدییاتی لەگەڵ یارسانەکان کە خۆیان بە پاشماوەی زەردەشتی دەزانن هەیە.
سەرباری ئەوەی کە کاریگەری ئاینی زەردەشتی لەسەر ئیزدیاتی دێتە باسکردن، لەلایەکی ترەوە قسە لەسەر کاریگەری و بەزۆر چەسپاندنی ئایینی ئێزدیاتی و زەردەشتی بەسەر کریستیانەکانەوە هەیە، بۆ نموونە لەو سەردەمانەی مەجووسیەکان حاکم بوون لەناوچەک، لەکاتێکدا کە هێرشی فارسەکان بۆ سەر ناوچەکە و گرتنی

لەلایەن مەجوسییەکانەوە، بەشێک لە خاکی کریستیانەکان کەوتە ژێر قەڵەمڕەوی مەجوسییەکان بە قەولی کریستیانەکان، لەوێ ئەوان پێنج راهیب دەگرن و هەردەم لە نوێژ و رۆژوو و لە پاڕانەوە دا بون لەگوندی (کشاز) ئەمانە ناوەکانیانە (تەقلا و مەریەم و مەرتا و مەریەم نامە) دواتر بریانن بۆ گوندی حەزە، و داوایان لێکرد شویان پێبکەن وە هەروەها سوجدە بۆ خۆر بەرن، بەلام ئەمانە سەریان بۆ ئەو ملهوڕە نەنواند و بەتوندی رەتیانکردەوە و خراپترین ئەشکەنجە و چەوساندنەوەیاندا پێیان هەموویان بەیەکەوە و یەک دەنگ هاواریان کرد بۆ نەرسای تەمشاپوور، ئەوان گوتیان ئێمە بەهیچ لەو زلە پیاوانەت ناترسێین و هەڵناخەڵەتێین، بەڵکو خێرا بکە لەوەی کەوا بڕیارت داوە، لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ تەماعکارییەککی ئەو دونیا چروکەمان نییە، ئێمە خۆمان کردۆتە قوربانی خوڵقێنەرەکەمان ئێمە کۆیلە نین تەنها بۆ خودا نەبێت". (٣٩).
بەم تێهەڵچوونەی جەمیل عیسا و بەرگریکردنە لە کریستیانەکان وەکو باوەڕدارێکی نەگۆڕ لەبەرامبەر تموحی دونیا بێت کە ئەو رۆشنبیر و سیاسیەکی کریستیانی بێت کە لەنێو کورددا دەژی و ناترسێ لە ناڕەزایەتی کورد وەکو بەشێک لە بەرگریکاری ئاینزای زەردەشتی، باسی ئەوە دەکات کە ئێزدی و زەردەشتی لەناوچەکە زۆریان لە کریستیانەکان کردووە کە ئاین بگۆڕن وەکو دەسەڵاتداری ئاینی لە کوردستان و لە ناوچەکە، هەڵبەتە کێشەی زۆرینە و کەمینە هەمیشە هەبووە، ئەمە باشترین سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە گوتاری زۆرینە زاڵە بەسەر کەمینە لە هەموو سەردەمێکدا.

## شین.. رەنگی شوومی ئێزدی

ئێزدیەکان قینیان لەرەنگی شین دەبێتەوە، ئەمەش بۆ دوو هۆکاری جیاواز دەگەڕێتەوە، هۆکاری یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە عفریتە دژەکانی ئایینی ئێزدی و مەلەک تاووس بە جلوبەرگێکی شینەوە هاتووە، بۆیە حەرام کراوە لە ئێزدییەکان، هۆکاری دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەختێک زەردەشتیەکان دێن و زوڵم لەئێزدیەکان دەکەن و بەناهەق شەڕیان پێفرۆشتوون و زوڵمیان لێکردوون، لەوکاتەدا کە هاتوون ئاڵاکەیان رەنگی شین بووە، وەختێکیش ئەوان ئەو ئاڵایە دەبینن رێک نەمانی خۆیان دەبینن، بۆیە ئەو رەنگە لەلای ئێزدی شوومە، وەختێک خانوویەک دروست دەکەن، یان منداڵێک لەدایک دەبێت و دەیخەنە نێو لانک، مورووویەکی شین بەلانکەکەوە دەبەستن، چونکە نیشانەی خۆبەدەستەوە دانە بەدوژمن، بەڵام پیر خدر دەڵێ" هیچ پەیوەندیەک لەنێوان ئێزیدیاتی و زەردەشتی نییە، چونکە ئێزیدیاتی کۆنترە لە زەردەشتی". بۆچوونەکە رێی تێدەچێ، چونکە ئەگەر یەک ئاین یان درێژە پێدەری ئەو ئاینە بوونایە، زەردەشتیەکان هێرشیان ناکردنە سەر و بیانکوژن و قەتڵ و عامیان بکەن، یان لانی کەم کورد لەمێژووی نوێ زوڵمی لێناکردن لەبەر خاتری ئاینی زەردەشتی.

## ژن لە ئاینی ئێزدیاتی

کولتووری هەموو گەلانی رۆژهەڵات بەیەکسان تەماشای ژن ناکەن، لەئاینی مەسیحی و ئاینی ئیسلام و یەهودی، ژن یان ئەوەتا دایکی پێغەمبەرە، یان ئەوەتا کچی پێغەمبەرە یان ژنی پێغەمبەرە، لەلای ئێمە پێغەمبەر نییە، لەلای ئێمە چاک، یاخود باب چاک هەیە، ئەوان دەڵێن شێر شێرە، چ ژن بێت چ پیاو، ئەوان حەوت ژنی چاکیان هەیە، بۆ نمونە خاتون فەخرا، خودانا بوونە، ستیائێس، خودای ژیانە، ستیا تاوس، خودانی جوانیە، ستیا زینە، ستیا حەبیب، یانی خۆشەویستی، ستیا بولغان، مەیا خاتوون ساڵی ١٩٥٢ داپیری تەحسین بەگ، حەوت ساڵ میرایەتی کردوە وتەنازولی بۆ عوسمانیەکان نەکردووە، هەروەها ئەوان ژنی سوارچاکیان هەبووە، بۆ نمونە شیرنا عیدۆ، چۆتە جەنگ، تائێستاش هەندێ ژنی ئێزیدی هەیە کوێخان لەگوندەکان، زۆر بنەماڵەش تائێستا هەن کە بەناوی ژنەکانیان ناویان دەرکردووە، بۆ نمونە ماڵی حەجێ خەمێ، ماڵی مورادێ شیرینی عیدۆ، میرزای خەپشێ، بۆیە ئەوەی لەلای ئێزیدی شێخ و باب چاک هەیە و شانازیش بەژنەوە دەکەن.

لەبارەی ئافرەتانەوە بابا چاویش دەڵێ" ئافرەت وەکو پیاو بۆی هەیە مەراسیمی جەژنەکان بکات، بەڵام لەناو پەرستگادا وەختێک ئاگر دەکرێتەوە، نابێ ئافرەت لەگەڵ پیرەکان تێکەڵ بن، لەبارەی کۆمەڵایەتیشەوە دەبێ ئافرەتی ئێزدی تەنها شوو بەپیاوی ئێزیدی بکات، هەروەها ئافرەتی ئێزیدی خەتەنە ناکرێ و بۆی هەیە خۆشەویستی بکات لەژێر پەردەیەکی پاک و لەگەڵ کوڕێکی ئێزدی، لەبارەی یاساشەوە، مارەیی لە ٢٥ مسقاڵ زێڕ زیاتر نەبێ، باوکی کچەکەش برە پارەیەک وەردەگرێت، ئەگەر کەسێک لەم رێسایە لایدا، ئیدی بەشێخیشەوە پەیوەندی لەگەڵ دەپچڕێنن و نانی ناخورێ و مردووەکانیشی رێگە نادرێت تێکەڵ بەمردووی ئێزدیەکان بێت" زەریف خاتوون یەکێکی دیکەیە لەو ژنە ناودارانەی کە لەمێژووی ئێزیدیاتی ناوبانگێکی زۆری هەیە و شانازی پێوە دەکرێ، زەریف خاتون ژنێکی باوەڕداری خەڵوەتگیر بووە و چیرۆکێکی لەگەڵ میر مەحەممای میری بۆتان هەیە، رۆژێک میر مەحەما دەچێت بۆ راوە ئاسک لەگەڵ تەمۆی خزمەتکاری، لەو ئەشکەوتە پێی دەڵێ تۆ دوور بکەوە لێم و دەچم بۆ ئەو ئەشکەوتە، ئەشکەوتەکە حەوت شاخ و حەوت دۆڵ لەشوێنەکەوە دوور بووە، ئەوەبوو شوێنەکەی بڕی و گەیشتە ئەشکەوتەکە، بەڵام تەمۆ هەر چاودێری محەمای کردووە، ئیدی میر گەیشتۆتە ئەشەکەوتەکە و لەوێ لەگەڵ ژنێکدا رای بواردووە، دواتر ژنەکە دەزانێ کەسێک ئەوانی بینیووە، ئیدی شەقێک لەمیر دەدات و دەڵێ ئیدی پەیوەندی من و تۆ نەما، چونکە مرۆڤ ئێمەی بینی، دواتر محەما دەزانێ ئەو ژنە زەریف خاتوونە". (٤٠) .

بەو پێیەی کە زەریف خاتوون یەکێک بووە لە باوەڕدارە گەورەکانی ئێزیدی، چیتر قەبوڵی نەکردووە دوای ئەوەی مرۆڤ ئەوان ببینێ، جارێکی تر بگەڕێتەوە لای میر

محەمما، چونکە بەبڕوای ئەو پلەی روحانیان لەلای خودا لاواز دەبێت، بۆیە دواتر بۆ دوپات کردنەوەی سۆز بۆ یەکتری ستران دەڵێن پێکەوە و ئەمەش بۆتە سەربوردە و میتۆلۆژیای ئایینی ئێزیدی، ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە زەریف خاتوون ژنێکی بەجەرگ بووە و هیچی لەپیاو کەمتر نەبووە. "لەئایینی ئێزدیاتی پێشوودا و تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت کە پەیوەستن پێوەی، ژن مارەکردن و شووکردن، لەرۆژی چوارشەممەی مانگی نیسان قەدەغەیە، چونکە مانگی هاوسەرگیری خوداوەند و مەلائیکەتەکانە، هەروەک تەراشینی سەرو ریش و زەوی کێڵان و جل شوشتنیش هەر لەو رۆژەدا قەدەغە کراوە، ئەم رێوڕەسمە لەلای بابلییەکان و سۆمەریەکانیش قەدەغە بوونە". (٤١) ئەم حاڵە پێدەچێ تەنها ترادیشنێکی کۆمەڵایەتی بێت کە هەندێکجار لەئاینی ئیسلام و سابیئە و شیعەی ئیسلام و کاکەییش هەیە کە هەر یەکەیان رۆژێکیان هەیە حەرام کراوە خۆ جوانکردن و رێوڕەسمی مارەکردن.

## نوێژ و مارەکردن

ئێزدیەکان وەکو خۆیان دەڵن خودا رۆژی سێ جار نوێژی بۆ داناوین، نوێژی ئەوان رووبەڕوو بەرەو خۆر رادەوستن بەیانیان و رۆژئاوابوونیش بەرەو ئاسمان و لە شەویشدا بەرامبەر رۆژهەڵات رادەوستن، ئەم نوێژانە هیچ شێوازێکی داچەمین و سەردانەواندن و رێوڕەسمی تایبەتی نییە، جگە لە دەست پانکردنەوە بەرەو هەتاو و ئاسمان بەو مانایەی پاڕانەوە بەرەو قاپی خودا و پاڕانەوە بۆ پاراستنیان لە بەڵای سەر زەمین، یان دوورخستنەوەیان لەشەڕی زەمانی سەر زەوی و ناردنیان بۆلای مەلەک تاووس کە مەزنی مەلائیکەکانی ئەوانە، کە دوای خودا مەلەک تاووس دێت، چونکە یەکەم مەلائیکە بووە دروستکراوە، بەڵام ئەو ملکەچی مەلائیکەتەکانی تر نەبوو و گوناهی نەکرد بەرامبەر خودا، بۆیە پیرۆزە لەلای ئەوان و لە رێوڕەسمە ئاینییەکانیان هەمیشە ناوی دێت وەکو پیرۆزییەک.
لەکاتی مەراسیمی مارەبڕینی کوڕ و کچ پیاوێکی روحانی ئامادە دەبێت و نوێژی تایبەت دەکات، دواتر کوڕوک چ نزیک دەبنەوە لەیەکتری بۆ دروست کردنی خێزان و هاوسەرگیری، زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ کولتووری ئایینەکانی تر، شێخی گوند شتێک واتە (شیرنەمەنی) لەسەر دەستی دادەنێت بەناوی بەرات، ئەو کەسەی ئەو پەیوەندیە قەبوڵ دەکات دەبێ دەستی شێخ ماچ بکات، ئەو شتەش پێکهاتووە لەگڵ و ئاوی کانی سپی، سەبارەت بەوەی کە پلەکانی ئێزدیاتی دەتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتردا بکەن بابا چاویش دەڵێ" نەخێر ناکرێ، چونکە ئێمە وەکو چینەکان پیر و مورید و خزمەتکارمان هەیە، نابێ بەپێی رێسا هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتر بکەین، تەنها ئەوەیە کە پیر لەگەڵ پیرە و موریدیش لەگەڵ مورید و خزمەتکار هەر بەو شێوەیە دەبێت لەنێوان خۆیاندا هاوسەرگیری دەکەن، واتە خەڵکی عەوامیش پێکەوە

دەیکەن". بەڵام ئەمە وەکو زانراوە کێشەی بۆ ئێزیدیەکان دروست کردووە کە ناتوان زیاد بکەن، هەروەک چۆن ئاینەکانی وەکو ئیسلام و مەسیحی و هتد هەیە و جیاوازی لەنێوان چینەکاندا ناکرێ، لەکاتێکدا بەر لەچەند دەیەیەک ئەو نەریتە لەنێو چەند خێزان و بنەماڵەیەکی سەید و شێخی ئیسلامیش هەبوو، واتە ڕێگە نەدەدرا کچی سەید بدرێت بەکوڕی مسکێنێک کە پلەی بنەماڵەییان نییە لەنێو ئاین و مەزهەب، بەڵام دواتر بەدرێژایی ساڵ و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئەو نەریتە لەبەین چووە و جیاوازی نەماوە، بەڵام لەنێو ئێزیدیاتی تائێستاش لە ئەوروپاش بەهەمان شێوە مامەڵە دەکەن و ئەو جیاوازییە چینایەتییە هەر ماوە کە بەشێکە لە ڕێسای ئایینی ئێزیدیاتی.

## شێخ و مورید .. جیاوازی چینایەتی

وەک هەر ئاینێکی دیکە ئەم ئاینە پلە بەندی لەنێوان میر و شێخ و مسکێن واتە هەژارە بێ پلە ئاینیەکان هەیە کە جیاوازی چینایەتیە و هیچ مانایەکی تری نییە کە ئەمە لەنێو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق و ڕۆژهەڵاتیش هەیە، هەروەک چۆن لەنێوان سەید و مسکێنی سووننە و شیعەو بەگزادەی جاف و مسکێنی ناوچەی گەرمیان و لەنێو بارزانییەکان و زێباریش هەیە، بەڵام ئێزدییەکان وەکو خۆیان دەڵێن پلە بەندی و پەیوەندییەکە وەکو پەیوەندی چینایەتی نییە کە لەنێوان ئاغا و ڕەعیەت هەیە، " مورید چینێکی ژێرەوەی پلەی شێخایەتی نییە، مورید دەتوانێ لەڕێگەی خودا پەرستییەوە ببێت بە شێخ وەکو کوچەک برایم کە مورید بوو لەکاتی خۆیدا، لەسەر هەڵبژاردنی مەرگەهێ دانیشتووە کە پڕ بووە لە مورید و هەژاریش بوونە، ئەو بۆ خۆی تاجێکی شێخ ئادی بەکار دەهێنێت، دیسان قەوالەکانیش موریدن و بەشداری سەما و گۆڤەندی ئاینیان کردووە و هەندێک جار لەوێوە پلەیان وەرگرتووە، هەروەها هەندێکجار مورید دەتوانێ شێخی خۆی بگۆڕێت، بەهەمان شێوە پیریش موریدی خۆی دەگۆڕێت، ئەمەش ئەرک و فەرمان جودا دەکاتەوە بەڵام لەنێو ئاینەکە وەکو یەک تەماشا دەکرێن و جیاوازی نییە لەنێوانیان، چونکە موردیاتی لەلای ئێزیدیاتی وەکو موریدی تەسەوف وایە". (٤٢).

وەکو زانراوە لەنێو هەموو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبی و کولتوورییە ڕەسەن و کلاسیکیەکاندا، چینەکان هەبوونە و جیاوازییەکانیشیان بریتی بووە لە شێوەی ژیان و نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەکەش، ئەمە لەنێو ئێزدیاتیش نمونەیەکی دیکەی ئایینەکان کە شێخ و سەید خاوەندارن و موریدیش تەنها جێبەجێکاری فەرمانەکانی میر و شێخە و هیچی تر، تاکو بیسەلمێنن کە ئەوان ئینتیمای تەواو ئاینیان هەیە بۆ ئاینەکە و بۆ ڕابەرانی ئایینەکە و بۆ ئینتیما بوون بە ڕێساکانی ئایینەکە، بەپێچەوانەوە دور دەخرێتەوە لەو ئیمتیازاتە ئایینیەی کە پێی دراوە یان خۆی پەیدای کردووە لەڕێگەی خوداپەرستییەوە.

## پیرۆزییەکانی ئێزدی

هەموو ئاینێک پیرۆزی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانەش تێکست و سیمبول و شوێن و قەولەکانیانە، ئەمە جگە لەوەی کەسایەتی یەکەم کە لەخوار خوداوەیە و تەوتەمەێکە لەلایەن گروپێکەوە شەرعیەتی پیرۆزی لە رادەبەردی وەرگرتووە و بەوەش ئاینەکە دەناسرێتەوە، بۆ نموونە بوزی و ئیسلام و مەسیحی و یەهودی و هتد، کەسی یەکەم و دامەزرێنەری ئایینەکە وەکو تەوتەم و لەسەرووی ئاینەکەوە تەماشا دەکرێت، ئەمە لەدەرەوەی بیر و مەعریفەی باوەڕدار و جەماوەری ئاینەکەیە، هەروەک چۆن ئەمە لەلای عەشیرەتێکیش هەروایە و لەلای گروپە مۆدێرنەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداریش هەمان وەسفی وەرگرتووە "تەوتەم وەکو سادەترین سیمبولی گروپێک کە بکرێ جیابکرێتەوە، ئەوەش ئەومان بۆ لێکدەداتەوە کە بۆچی نوێنەری تەوتەم لە خودی شتە تەوتەمییەکە زیاتر پیرۆزترە، بێگومان ئەوش پرسیارەکە بێ وەڵام دەهێڵێتەوە، پرسیاری ئەو هۆکارەی کە پاڵ بە هۆزێکەوە دەنێ بۆ وەرگرتنی تەوتەمێک ئەوەیە کە ئەو شتانەی خەڵک  لە رادەبەدەر بڕوایان پێیەتی، چونکە تایبەمەندی باڵاتری لە خودا وەرگرتووە و هاوبەشی کردنی گروپەکە بە تەوتەم" (٤٣)

## ریزبەندی پیرۆزییەکان

١: ئاژەڵە پیرۆزە ئیلاهییەکان: مەڕ و بزن وەکو پیرۆزێک تەماشا دەکرێت لە ئایینی ئێزیدیاتی، چونکە ئەو دووانە وەکو مەلەک تاوسن، بزن و مەڕ وەکو ئێزدییەکان پێیانوایە کە ئەوان لە خۆڵن و چەماونەتەوە، ئەوانی تر خاک وەریگرتوون.
٢: خۆراک و خواردنەوە پیرۆزەکان: هەندێک لە سەوزەواتەکان حەرام کراون، وەکو خاس کە پیرۆزە، چونکە تاووس لەدەستی عفریتەکان لە پەنا خاس خۆی شاردبۆوە، بۆیە گوتوویەتی ئاشکرام مەکە، بەڵام دواتر حەرامە کراوە چونکە خاس بەپێی ئەفسانەکە چاکەی لەگەڵ تاووس نەکردووە و ئاشکرای کردووە، بۆ ئەمەش نەفرەتی لێکراوە.
٣: درەختە پیرۆزەکان: ئێزدییەکان بەشێک لە درەختەکانی سروشت بە پیرۆز دەزانن، پێیانوایە کە درەختی سمار کە مەلەک تاووس بینویەتی کە لەبەردەمیا گەشەی کردووە و بەرەو ژێر خاک چووە و سەری بۆ مەلەک تاووس دانەواندووە.
٤: پیرۆزی ئاگر: لەلای ئێزدییەکان ئاگر پیرۆزییەکی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە عفریتەکان بە ئاوی سارد ئاگری کوژاندۆتەوە، ئەم پیرۆزییە تاکو ئێستاش ماوە و کاریگەریی هەیە لەسەر تەواوی کورد، تا ئەو رادەیەی کە کورد جگە لە ئێزدیەکان، ئیسلامیش سوێند بە ئاگر دەخۆن.

٥: ئەستێرە پیرۆزەکان: کوپێک هەیە لەلای ئێزدییەکان کە لە میتاڵ واتە لە معدن دروستکراوە، ناوی فابیریکەی مەلەک تاووس ە، ئەوەش دواتر لەلایەن عفریتەکانەوە شکێنراوە. بۆیە وەکو ئەستێرەیەک ئەو کوپەیە پیرۆزکراوە.
٦: پیرۆزی هاوسەرگیری: ژن جێگەو ڕێگەیەکی رێزداری باشی هەیە لەنێو ئایینی ئێزدیی، خۆشەویستی ژن و منداڵ لەلای ئێزدی وەزیفەیەکی پیرۆزە، چونکە عفریتەکانی ئەفسانەی نێو ئایینی ئێزیدی، دژی منداڵن و منداڵ و ژنیان خۆشناوێ.
٧: پیرۆزی شوان: شوان لەلای ئێزدییەکان چێژ لەو پیرۆزییە دەبینێ کە وەکو سیفەتێک پێیدراوە، چونکە شوان گۆپاڵەکەی بۆنێکی خۆشی لێهاتووە لەکاتی وەپیرهاتنی مەلەک تاووس.
٨: پیرۆزی خاک: خاک بۆیە پیرۆزە چونکە هەموو کائینەکانی بەشەری و هەموو گیانلەبەرەکان لەو خاکەوە هاتوون و دەچنەوە ژێر ئەو خاکە.
٩: پیرۆزی نای: نای وەکو ئالەتێکی موزیکی بۆ مەلەک تاووس پیرۆزە لەلای ئێزدییەکان، چونکە بەپێی نوسراو و ئەفسانەی ئێزییاتی بێت، گەنجێک بە نای پێشوازی لە مەلەک تاووس کردووە، ئەمەش لەوێوە هاتووە کە ئەو گەنجە بە ژەنینی ئەو نایە هەموو عفریتەکان لە مەلەک تاووس دوور خستۆتەوە و ترساندوونی.
ئەم پیرۆزییانە لەلای ئایینی ئێزدیاتی کە بەشێکە لە ئەفسانەکان و کولتووری ئەوان، وەکو هەر ئاینێکی دیکە سەرمایەی کولتووری ئاینی ئەوان، هەم کەڵکی لێوەرگیراوە بۆ خۆ جوداکردنەوە لە ئایینەکانی تر، هەم کاری پێکراوە.
************************************

سەرچاوە و پەراوێزەکانی پاژی یەکەم

١: دکتور خلیل جندی. الایزیدیه و الامتحان الیعب. دار اراس للگباعه و النشر. سنه ٢٠٠٨ ل٣١ .
٢: ئەولیای چەلەبی. سەیاحەتنامە. کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا. وەرگێرانی. سەعید ناکام. ل٧٩ ل٨٢. ئەولیای چەلەبی ٤٠٧ ساڵ پێش زاینی ماوەی ٤٠ بەناوی ئیمبراتۆریای عوسمانی و هەرێمەکان ی دەروبەری گەڕاوە و چیرۆکی زۆری کۆ کردۆتەوە و سەرەنجام ئەو کتێبەی بەناوی گەشتنانەی ئەولیای چەلەبی بلاو کردۆتەوە. بەڵام بەشێکی لەسەر کورد تێدایە وەکو مێژوو، ئەم متێبە لە ئینگلیزییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی. بەڵام هێشتا بەگشتی وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی کوردی

٣: هەکار: ناوچەیەکە لە باکوری عێراق و سنووری جوگرافی تورکیایە و لەشاری جۆلەمێردەوە نزیکە کە دەکەوێتە نزیکە شاری شەمزینانی کوردستانی تورکیا و لەگەڵ ئامێدی و ئەتروش نزیک دەبێتەوە کە کوردستانی عێراقە.
دەمەلوجی: سدیق دەملوجی کۆمەڵناسێکی عێراقییە و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم پێکهاتە ئاینییە کردووە بەناوی ئێزیدییە، ئەو لەو لێکۆڵینەوەیە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر بەشێک لەو خەاایەی نەیهێشتووە ئێزیدیەکان خۆیان کۆبکەنەوە یان کولتوورییی خۆیان بە نووسین بپارێزن، ئەوا بەشەکەی دیکەی خەتای خۆیانە کە بەهۆی نەخوێنەوارییانەوە نەیانتوانیوە تەواوی کولتووری خۆیان بە نوسین و دیکۆمێنت بپارێزن و کۆی بکەنەوە، بۆیە ئێستا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پێکهاتانەی وەکو ئێزیدین زۆر قورسە بۆ دەستکەوتنی داتای رەسەن.
حەللاج: حسێن کوڕی مەنوسر کوڕی محمی موقلب کە ساڵی ٨٥٨ زاینی لە شاری واستی ناوچەی سپی لە عێراق لەدایک بووە و بەیەکێک لە شارەزایان و روشنبیرانی سەردەمی خۆی هەژماردەکرێت و دژی ناعەدالەتی دەسەڵات هاتە دەنگ و دواتر بەو بیانووەوە دادگایی کراو کوژرا، چونکە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە من لەسەر هەقم (انا الحق) بەو مانایەی کە دەسەڵات لەسەر هەق نەبووە و ناعەدالەتی هەبووەوئەو بڕوای بە عەدالەت هەبووە.
٤: ئیسماعیل بەگی چۆڵ . کتێی ئاینی ئێزیدی لەکۆن و نوێدا.. ١٩٣٤. چاپخانەی ئەمریکی لە بەیروت.
٥: حەسۆ هورمی . ئێزدیاتی. د (١٠٠) پرسان دا.. ناوەندی سپیرێز بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.. دهۆک. ٢٠٠٨.
٦: نووسینی مخلیٔ ئیزدی . مردۆخ و ایساگیلا و نابو و ایزید، گۆڤاری لالش ژمارە ١٧
٧: ئەنستانت مار کرملی. رۆژهەڵاتناسێکی فەرانسایی بووە کتێبێکی هەیە بەناوی. کتێبی ئێزدیاتی (جیلوە و مەسحەفا رەش) و بیبلۆگرافیای ئێزدیاتی. وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە بۆ کوردی. د. نەجاتی عەبدوڵلا و لە بڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخانە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠٠٩
٨: شەرەفخانی بەدلیسی. هەژار موکریانی. دەزگای توێژینەوەی موکریانی. کوردستان. بەرگی یەکەم، ل٨٢
٩: ئیسماعیل بەگی چۆڵ. ئێزدیەت لە کۆن و نوێدا.. ١٩٣٤. دکتۆر قوستەنتین زریق. چاپخانەی ئەمریکی بیروت.
١٠: پۆڵ پێردرێزی. دەربارەی کوردە ئێزدیەکان. کۆنترین دەسنوس. بەزمانێکی ئەورووپی لەسەر کورد.. وەرگێڕانی لە فەرانسیەوە بۆ کوردی. هەڵکەوت حەکیم. بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکرندنەوەی بەدرخان. ساڵی ٢٠١٣ ل٧٤

١١: هەڵبەت بەهۆی ئەوەی خۆیان وەکو ئێزدی نەیانتوانیوە ئەرشیف و دەستنوسی خۆیان یان سەرچاوەی مێژووی خۆیان بنووسنەوە یان پارێزگاری لێبکەن، یان بەهۆی ئەنفال کردنەوە بزرکراوە لێیان، ئەوان تائێستا کێشەی خۆ کۆکردنەوەیان هەیە، بۆیە هەر ئەرشیفیستێک و هەر رۆژهەڵاتناسێک و هەر مێژوو نوسێک و هەر ئایین ناسێک دێت لەسەر ئێزدی دەنوسێ، دەیانباتەوە سەر ئایینێکی تر. وەکو ئەوەی کە گوایە درێژەپێدەری ئاینی مانی یان زەردەشتین، راستیەکەی ئەمانە ئاینزان و تێکستیان نییە تائێستا

١٢: قەرە فرقان لە هیچ شوێن و سەرچاوەیەکی دیکە بەرچاوم نەکەوتووە، تەنها ئەوە نەبێت کە لە کتێبی خوێندنی پۆلی شەشەمی سەرەتایی هاتووە و لەمیتۆدی خوێندن ئەو نازناوە هاتووە کە میتۆدەکە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان قبوڵی کردووە و دەخوێنرێت و خۆشیان هیچ لێدوان یان نارەزایەتییەکیان بەرامبەر ئەوە نییە، بە پێچەوانەشەوە کەس لە ئێزدیەکان و مێژوونووسەکان پشتڕاستی ناکەنەوە.

١٣: تۆفیق وەهبی. پاشماوەی ئاینی میترایی لەهاترا، وەرگێرانی بۆ کوردی، شێخ بورهان بەرزنجی، . وەزارەتی رۆشنبیری. بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر. ساڵی ٢٠١٠ل٦٠

١٤: ب. ش. دلکۆڤان لەنوسینێکدا کە لەژماری ١٧ی گۆڤاری لالش بڵاوکراوەتەوە بەناوی (حقیقه کتاب الجلوه الایزدیه)

١٥: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ژمارە ١٧ ی گۆڤاری لالش

١٦: الدکتور خلیل جندی. الایزیدیه و الامتحان الێعب. دار اراس للگباعه و النشر. سنه ٢٠٠٨. ل٥٨

١٧: تۆفیق وهبی. پاشماوەی ئاینی میترایی لە هاترا. واتە حەزەر" و لە کوردستانی عێراقدا و شوێنەواری لە ئاینی ئێزدی" دا. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە. شێخ بورهان بەرزنجی. وەزارەتی رۆشنبیری. بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر. ساڵی ٢٠١٠. ل٢٨

١٨: ئەمەی تۆفیق وەهبیش لەو هەموو تۆمەتانە دەچێت کە بۆ ئێزدیاتی کراوە چونکە کەمینەیەک بوونە لەناوچەکە، بۆیە گوتاری زاڵی ئاینی و پێکهاتەیی گۆشەگیر بوونە، بۆیە بۆ ناشیرین کردنیان لەبەرامبەر خەڵک کە زۆرینە ئیسلام بوونە یان بە زۆر ئیسلامیان کردوون، ئەم قەناعەتەیان بۆ دروست کردوون.

١٩: ئەنستانت مار کرملی. کتێبی ئێزدیەکان، جیلوە و مەسحەفا رەش و بیبلۆگرافیای ئێزدیاتی، وەرگێڕانی، د. نەجاتی عەبدوللە، بڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ساڵی ٢٠٠٩ . ل ٨٩ تا ل٩٦ .

٢٠: سالم بشیر الرشیدی. اێل الاعتقاد الایزیدی. منشورات المدیریه العامه للشون الایزیدیه سلسله ١١. سنه ٢٠١٣. ل٦٧

٢١: ئەنستانت مار کرملی، جیلوە و مەسحەفا رەش و بیبلۆگرافیای ئێزدیاتی، وەرگێڕانی، نەجاتی عەبدوڵلا، بڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخان بۆ رۆژنامەوانی. ساڵی ٢٠١٠. ل٢١ _ ل٢٢ .
٢٢: پۆل پێردرێزی. دەربارەی کوردە ئێزدییەکان. کونترین دەستنووس بە زمانی ئەوروپی لەسەر کورد. وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە. هەڵکەوت حەکیم. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان. ساڵی ٢٠١٣. ل٣١.
٢٣: جون س. کیسیت. الحیاه بین الکرد. التاریخ الایزیدیین. ترجمه. عماد جمیل مزوری. دار سبیریز للگبع و النشر دهوک. سنه ٢٠٠٥. ل٤١٧
٢٤: ئەنستانس ماری کرملی، کتێبی ئێزدیەکان جیلوە و مەسحەفا رەش ، بیبلۆ گرافیای ئێزدیاتی ، د. نەجاتی عەبدوڵلە، ل١٥ تا ل٢٠.
٢٥: سعید الدیوجی لە کتێبی (الیزیدیه) لە لاپەڕە ٢٢١ و ٢٢٥ هەروەها سەدیق دملوجی لە کتێبی الیزیدیون لە لاپەڕە ١٠١ و ١٠٤ باسی هەمان سکاڵا دەکەن کە ئاراستەی دەوڵەتی عوسمانلی کرابوو.
٢٦: جون، س، کیتس. الحیاه بین الکرد. تاریخ الایزیدیین. ترجمه. عماد جه میل مزوری. موسسه سبیریز للگبع و النشر. دهوک سنه ٢٠٠٥. ل٨١ و ٨٢.

٢٧: پۆل پێردریزی. دەربارەی کوردە ئێزیددییەکان. کۆنترین دەستنوس بەزمانی ئەوروپی لەسەر کورد. وەرگێڕانی لە فەرانسیەوە بۆ کوردی. هەڵکەوت حەکیم. بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان. ساڵی ٢٠١٣. ل٤٨
٢٨: حەسۆ هورمێ .ئێزدیاتی د. (١٠٠) پرسان دا.. بڵاوکراوەکانی دەزگای سپیرێز. دهۆک. ساڵی ٢٠٠٨. ل٤٧
٢٩: سالم بشیر الرشیدانی. ائِل الاعتقاد الایزدی. منشورات المدیریه العامه لشوون الایزدیه. سلسله (١١) سنه ٢٠١٣. ل٦١
٣٠: ایان سیتفنسون، التناسخ و العلم الاجتماع، ومساهمه فی مسببات والوحمات و العیوب الخلقیه. مجلد ٢. گبعه لبنان
٣١: د. سەبور عەبدولکەریم (شکار) چەمکی مردن و ژیان لەشیعری مەولەوی تاوگۆزی و مەولانای رۆمی دا. زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس. ساڵی ٢٠١٤. ل٧٠
٣٢: مرشد یوسف. دموزی (گاوسی ملک) بحپ فی جڎور الدیانه الکردیه القدیمه. دار السردم للگباعه و النشر . ٢٠١٣. ل١٥
٣٣: مرشد یوسف . دوموزی (گاوس ملک) بحپ فی جڎور الدیانه الکردیه القدیمه.. سلسله کتب العربیه فی الدار السردم سنه ٢٠١٣. ل١٩
٣٤: سالم بشیر الرشیدی. ائِل الاعتقاد الایزیدی. منشورات المدیریه العامه لشوءن الایزیدیه. سنه ٢٠١٣. ل٥٩

٣٥: سالم بشير الرشيدانى. اێل الاعتقاد الايزيدى. منشورات المديريه العامه لشوون الايزيديه. سنه ٢٠١٣. ل٢٥
٣٦: سالم بشير الرشيدانى. اێل الاعتقاد الايزيدى. من منشوارات المديريه العامه لشوون الايزيديه. سلسله (١١) سنه ٢٠١٣. ل٦٩
٣٧: الدكتور خليل جندى. الايزيديه و الامتحان الێعب. دار اراس للگباعه و النشر. ٢٠٠٨. ل٤٧
٣٨: مرشد يوسف . دوموزى (گاوس ملک) بحپ فى جژور الديانه الكرديه القديمه.. دار السردم للگباعه و النشر. گبعه ٢٠١٣. ل١٢٧
٣٩: جميل عيسا. حدياب له مێژوودا ، چەوساندنەوەى چل ساڵ له ٣٣٩ تاكو ٣٧٩ شەهيدەكانى حەدياب. بەشى ٤. گۆڤارى رۆشنبيرى كلدانى. ژماره ٥٢
٤٠: نوسينى خەيرى شەنگالى. تەمۆيێ ساموا، و سترانا مير محەمەد و زەريف خاتوون. گۆڤارى لالش ژماره ١٧.
٤١: د. خەليل جندۆ رەشۆ .پەرن ژ ئەدەبى دينى ئێزيديان. بەرگێ ئێک، سالا ٢٠٠٩. ل٦٥.
٤٢: حەسۆ هورمى. ئێزدياتى د. (١٠٠) پرسان دا .. بڵاوكراوەكانى دەزگاى سپيرێز. دهۆک. ساڵى ٢٠٠٨. ل ٦٠
٤٣: ئانتۆنيۆ گيدنز. سەرمايەدارى و تيۆرى كۆمەڵايەتى هاوچەرخ. خوێندنەوەيەک بۆ كارەيكانى ماركس و دۆركهايم و ماكس فيبەر. وەرگێرشانى بۆ كوردى ئارام ئەمين شوانى. ناوەندێى ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە. ساڵى ٢٠١٦. ل٢١٦

## كاكەيى و كۆمەڵەى ئەهلى هەق
## كاكەيى ... ياران .. يارسان

كاكەيى يان ياران، يان يارسان يان ئەهلى هەق يان عەلى ئيلاهى، ئەوان و خەڵكيش هەموو نازناوەكە بەكاردەهێنن و يەک ماناى هەيە كە ئەويش برايەتى و رێزگرتنە لەيەكتر، يان ئەوەى كە هەموويان چوون يەكن لەلاى يەكتر، لەشوێنێكى تردا باس لە ئەهلى هەق و عەلى ئيلاهى دەكرێت. هەروەها كۆمەڵەى ئەهلى هەق ناويان هاتووە و ناوەكەيان لەلا پيرۆزە، چونكە خۆيان بە باوەڕى راستەقينە و هەق دەزانن و هەندێک پێيان دەڵێن عەلى ئيلاهييەكان، بەڵام سەرەنجام ئەوان بە هەموو جياوازييەكيانەوە ناويان كاكەييە.

ئێرانییەکان دوو ناوی دیکەیان بۆ ئەم کۆمەڵە و گروپ و پێکهاتە و ئاینزاییە داناوە، ئەویش بەچەی کورد و (خروس کوش)، ئەوان خۆیان بە ڕێبازێکی خوداپەرستی هەقانییەت دەزانن و پێیانوایە نووری خودا لە هەموو شتێکدا هەیە تەنانەت لە ئاژەڵیشدا هەیە، هەربۆیە ئازاردانی ئاژەڵ لەلای ئەهلی هەق و کاکەییەکان، مانای ئەوە دەگەیێنێت کە ئەو کارە بەدفەڕە خودا توڕە دەکات، تا ئەو رادەیە کاریگەری هەیە لۆژیکەکە کە ئەوان بەکردەوە و رەفتاری خراپی دەزانن.
سەبارەت بەوەش کە کاکەیی جگە لەوەی تایەفە یان کۆمەڵەیەکن و جیاوازن لەزۆرینەی خەڵکی کوردستان، بەهەر نرخێک بێت وەکو نهێنی پارێزی هەموو سرووت و دابونەریت و کولتوور و ئاینی خۆیان بەپەنهانی هێشتۆتەوە و ئامادەنین ئاشکرای بکەن، زۆربەی کۆمەڵناس و شرۆڤەکار و نووسەر و گەڕیدەی رۆژهەڵاتناسەکان کە لەسەر پێکهاتەی کاکەییان نوسیووە، لەسەر ئەوە کۆکن کە زۆر بەزەحمەت زانیاری و نهێنییەکەیان وەکو ئێزدی دەدرکێنن، یان ئەوەی بەزەحمەت زانیارییەکانیان کۆکردۆتەوە و گەیشتوونەتە نیمچە هەقیقەتێک کە ئەوان رەچەڵەکیان لەکوێوە هاتووە و چۆن ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەیان لێبەرهەمهاتووە.
بێدەنگبوونیان تا رادەی نهێنی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە " دوژمنەکانیان بەمەبەستی شمشێرخستنە سەر گەردەملیان لەسەردەمە جیاجیاکاندا بەرامبەریان کراون، تا رادەیەکی زۆر ترسناک بێدەنگبوونە، ئەو هەموو بێدەنگییەش ئەگەر لە رۆژگاری خۆیدا هەر بڕو بیانوویەکی بۆ داتاشرابێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە لەم رۆژانەدا هیچ بیانوویەکی نییە". (١). چونکە کاکەییەکان بۆ خۆیشیان بۆیان دەرکەوتووە کە بێدەنگبوون لە بانگەشەی ئاینی و ئاینزایی، بێدەنگبوونە لە خۆ مانیفێستکردن لەبەرامبەر ئەوەی تر کە ئاین و کولتوورەکانی ترە و بەتایبەتی موسڵمانەکان کە بەشێکی زۆری لەگەڵ موسڵمانی کورد لە کوردستان دەژین. چونکە هەم بزر دەبن و هەم نەوەکانی داهاتوویان مەحروم دەبن لەم زانیاریانە و هەم نەوەی ئایین و کولتوورەکانی دیکە و نەوەی کوردی مەحروم دەبێت کە ئەمە بەشێک لەخەتاکە، بۆیە کە شانی دەمسپی و پیاوە روحانی و شارەزایان و رۆشنبیرەکانی کاکەیی دەوەستێت.
ناوی کاکەیی کە مانای جیاوازی وەرگرتووە، هەر لەمبارەیەوە پارێزەر (عباس عەزاوی) نووسیویەتی ناوی کاکەیی لەوێوە هاتووە ماوەیەک لەهەر یەک لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیا دا، چەند گروپێک و کۆمەڵێک بەناوی کۆمەڵی (الاخیە) لەسەر شێوازی (الفتوە) درووستبوون، درووستبوونی ئەو کۆمەڵانە، وەکو خۆیان دەڵێن لەسەر رۆشنایی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بووە کە دەفەرموێ (انما المومنین اخوە). لەدرێژەی نووسینەکەیدا هاتووە کە رێڕەوی کاکەیی لەهەموو روویەکەوە دەچنەوە سەر بنەڕەتی (الاخیە) وشەی کاکەیش دەقاو دەقی مانا کوردییەکەیەتی، بەڵام ئەم بۆچوونە بەرەچاوکردنی تایبەتمەندییە ئایینیەکانی هەڵگرانی رێو ڕچەی یارسان هیچ فری بەسەر راستیەوە نییە و بۆچوونێکی داتاشراوە" (٢) .

زاراوەی یارسان لە بنەڕەتدا لە دوو بڕگەی ( یاری سان) ە وە هاتووە، بەڵام شتێکی دیارە لەهەندێک ناوچەی کوردەواریدا پیتی (ی) کاتێک ئەرکی ئامرازی پەیوەندی هەبێت قووت دەدرێت و لەوانەش شێوەزاری کەرکوکیەکان کە پیتی (ی) بەکارناهێنن بۆ هەر وشە و کۆمنێنتێک بێت، ئەمەش بووە بە ئیدیۆمێک بۆ کەرکوکیەکان، بەهەر حاڵ ناوی (سان) بۆ ماوەی چەند سەدەیک نازناوی حوکمڕانەکانی هەورامان بووە، هەریەک لە (مردۆخ سیسڵ، جۆن ئیدمۆندز و هادی بەهمەنی)، پێیانوایە وشەی سیسڵ (لە وشەی سان) ە وە هاتووە کە لەوشەی سوڵتانی عەرەبییەوە هاتووە، گوایە وەک نازناوێک لەلایەن پاشاکانی سەفەوییەوە دراوە بە حوکمڕانەکانی هەورامان کە زۆرینەی کاکەیی و یارسانییەکان لەوێ ژیاون، هەڵبەت سەرەتا و دواتر هاتوون بەرەو خواری نزیک کەرکوک و دواتریش بەرەو سنووری موسڵ کە ئەمە بابەتێکی جودایە و لە چاپتەرێکی تردا باسی دەکەین، نووسەر، ئەمەش وەک جۆرە کەمکردنەوە و سوکایەتیپێکردنێک بە پایەی سوڵتانەکانی عوسمانی، چونکە لەبەرامبەردا ئەوانیش نازناوی (پاشا) یان بە حوکمڕان و گەورە دەرەبەگەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەخشیوە". (٣) .

ئەم کۆمەڵە خەڵکە کە بەئەهلی هەق ناودەبرێن، خاوەنی ئاین و کولتووری خۆیانن، هۆکارەکەش تەنها ئەوەیە کە ترساون لەوەی هەم خۆیان و هەم کولتوور و ئاینەکەیان لەناو نەچن، هەروەک چۆن پێشتر لەناوچوون و پەرشوبڵاو بوونەتەوە بەسەر چەند شوینێک و چەند تیگەیەک لە کاکەیی و یارسان کە چەند پێناسەیەکیان بۆ کراوە و ئاڵۆز بوونە، ئەم بابەتە بۆ سەیدەکانی نێو ئیسلامیش هەر وابووە، وەختێک لەقۆناغێکدا لەعێراق و بەتایبەتیش لە خوارووی عێراق، وەکو مێژووی دەیگێڕێتەوە سەید قڕان دەستپێکردووە و دواتر ئەوان خۆیان حەشارداوە تاکو گەشەیان کردۆتەوە جارێکی تر و هاتوونەتەوە سەر ڕێبازە ئاینییەکەی خۆیان، بەهەرحاڵ بۆچوونێکی دیکە هەیە کە دەڵێ " بۆیە قسە لەسەر کاکەیی ناکەین، لەبەر ئەوەیە کە لەلایەن خوداوەندەوە مۆڵەتمان نییە بۆ قسەکردن". ئەمە بەگشتی لەلای کاکەییەکان بابەتێکی لۆژیکییە و هەموویان کۆکن لەسەر ئەو دەرنەبڕینە بۆ بەیان کردنی داتا لەسەر ئایینزاکە کە خەڵک کەمترین زانیاری لەسەریان نییە بۆیە بەشێک لەوەی تەشیرییان پێدەکرێت ئەوەیە، بەڵام بۆچوونی بەشێک زۆر لە ڕۆشنبیرە کراوەکانیان ئەوەیە کە زێدەڕۆییەکە تەنها بۆ خۆ دەربازکردنی کاکەیی گوتراوە، وەختێک پرسیار لەنهێنی و دیسپلینە ئایینی و کولتوورییەکانی کاکەییەوە دەکرێت و ئەوانیش بە مەترسی بۆ سەر ئەمنیەتی خۆیانی دەزانن، لەحاڵێکدا ئەم وەهمە وەکو چۆن ئێزدییەکان ترساون لێی، ئەسڵی نییە و خۆیان بۆ خۆیانیان درووست کردووە، گوایە ئەگەر خەڵکی دیکەی دەرەوەی کاکەیی زانیارییان لەسەر کاکەیی هەبوو، ئیدی ئەوان دەکەونە بەردەم حاڵەتی لەناوچوون و مەترسی و هێرشی کۆمەڵایەتییەوە کە گوایە خوێن و مەرگی تێدەکەوێت و ئەوانیش کەمینەن و دەدۆڕێن، بەوپێیەی کە لەلای زۆرینەی خەڵکی ئیسلام، ئەم ئایین و

ئایینزایە قبوڵ نەکراوە و ئەوانیش بەو ڕێسا ناحەزەی دژ بە ئیسلام دەکەونە بەر هێرشی کۆمەڵایەتی و ناشیرین دەکرێن و دووچاری کێشەی کۆمەڵایەتی دەبن، تا ئەو جێگەیەی تەکفیریش دەکرێن، بۆیە دەترسن لەو فەزا داخراوەی کە ڕێگە لە ئازادی مومارەسەکردنی سرووتی ئاینی و بەیانی ئایینی دەگرێت، لەراستیدا هەقیقەتێکیش لەو بۆچوونەدا هەیە، چونکە زۆر لەو پێکهاتە ئایینی و کۆمەڵایەتیانە لەعێراق بەهەمان هۆکاری توندڕەوی ئایینی لەناوچوونە، لەوانەش عەباسییەکان ئەمەوییەکان و کلدو ئاشوری کە ئێستا بەهۆی ئایینی کریستیانییەوە نەبێت مانایەک بۆ نەتەوەکەیان نامێنێتەوە، لەحاڵێکدا ئەوان کێشەی نەتەوەییان پێ گرینگترە لە مەزهەبی کریستیانی جیاواز کە لەعێراق و ناوچەکە ناسراون و پاڵپشتی نێودەوڵەتییان هەیە.

"دامەزراندنی کۆمەڵی ئەهلی هەق، بێ گومان کاری ئەو دەروێشانەبووە کە بێ حسێب لە کوردستان هەبوون، وەک لە ئەفسانەی ئەهلی هەقدا هاتووە کە ٩٠٠ جاران ٩٠٠ مەقامی شاخوشێن بوون، هۆی ئەم هێرشە بەتەواوی ئاشکرایە، نیشتەنیمان و نانیشمان بۆ دەروێشەکان دابین دەکرد" (٤). ئەم تێڕوانینەی نووسەر ئیڤانۆڤ کە پێدەچێ گەریدەیەکی رۆژهەڵاتناس بێت بۆیە کورد و ئەو گروپانەی باش ناسیوە کە بانگەشەی تەریقەت و تەسەووفیان کردووە لە ناوچە کوردییەکان بەتایبەتیش ناوچەی هەورامان بەهەردوو دیوەکەی هەورامانی تەخت و لهۆن کە دوو دیوی هەورامان نشینی کوردیین و دابەشی سەر دوو هەرێم و دوو نەخشەی وڵاتی عەرەبی و فارسی بوون، بۆیە زانیویەتی ئەو کردەیە، واتە خوداناسی لەسەردەستی دەروێشەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، دواتر شێخەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە بۆ زیادکردنی بنکەی کۆمەڵایەتی و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی و سەرمایە زیادکردن و خۆشگوزەرانی خۆیان کە دەروێشەکان خزمەتکاری شێخەکان بوونە وەکو چۆن جوتیار خزمەتکاری ئاغاکان بوون تاکو نەمانی سیستمەکە، چونکە ئەوە روونە کە دەروێش توێژی هەژاری کۆمەڵگە بوونە، بۆیە چاویان لەدەستی خواپێداوەکان بووە و بە شێخ رازی بوونە کە پیاوی دەوڵەمەند بوونە و بەناچار لە خانەقا و پەرستگا ماونەتەوە و لەوێ ژیاون.

## سەرەنجام.. مانیفێستی پیرۆزی کاکەییەکان

کاکەییەکان وەکو خۆیان ئیدیعای بۆ دەکەن، خاوەنی دەقێکی سەربەخۆن کە کتێبی ئەوانە بەناوی (سەرەنجام) یان دیوانە گەورە یە، ئەم کتێبە ئەگەرچی نەبینراوە وەکو دەقە ئاسمانی و ئاینیەکانی دیکە، هەوەها بەشێکی زۆر لە خودی کاکەییەکانیش شارەزاییان لەبارەوە نییە، بەڵام دەزگای موکریان بۆ لێکۆڵینەوەی فکری ساڵی ٢٠١٢ چاپی کردەوە، کتێبەکە بریتییە لەقەوڵ و کەڵام و تێکستی ئایینی و نەسیحەت و شەریعەتی ئاینی تایبەت بەخۆیان، ئاینزایەکە لەئایینە کۆنەکانی کوردی و مێژووەکەی بۆ ٨٠٠ ساڵ بەر لەئێستا و زەمانی سوڵتان سوهاک دەگەڕێتەوە و کە وەختێک شێخ

عیسێ و شێخ موسێ لەبەرزنجەی سەر بەپارێزگەی سلێمانی بوونە، هەروەها دواتر لەناوچەی هەورامانی تەخت کە لە دیوی کوردستانی ئێرانەوە گەشەیان کردووە، بەڵام (ڤ. مینۆرسکی) کە گەڕیدەیەکی رووسی بووە و ماوەیەکی زۆر لەعێراق و کوردستان بووە و کاری زۆر لەسەر کولتوور و مێژووی کورد و ئایینەکان و پێکهاتەکانی دیکە کردووە، سەرەنجامی بەکتێبی یارسان لەقەڵەمی داوە و رۆژهەڵاتناسێکی تر هاوکاتی ئەو لەکوردستان بووە و پێچەوانەی ئەو قسەدەکات و دەڵێ "زۆر منجرانە ئەم تێکستەی خۆی ناوی ناوە کتێبی سەرەنجام، بەکتێبی پیرۆزی ئەهلی هەقی داناوە، من هیچ شۆپ و شوێنەواری کۆپییەکی دیکەی هەمان تێکستم چنگ نەکەوتووە، تەنانەت بەگشتی کتێبی پیرۆز هەڵنەگرتووە". (٥) .
ئەم قسەیەی ئیڤانۆڤ راستییەکی تێدایە کە هیچ کۆپییەک نییە وەکو تەورات و ئینجیل و قورئانیش کە چەند نموونەیەک هەیە و هەر نموونەیەکیش بەناوی کەسێک هاتووە کە گوایە کۆی کردوونەتەوە، بۆیە زۆر دوور نییە ئەو گەڕیدە رۆژهەڵاتناسانەی ئەوروپا کە هاتوونەتە کوردستان و کارییان لەسەر پێکهاتە ئاینی و ئاینزاکان کردووە کە مەبەستەکەیان بۆ ناسینی رۆژهەڵات بووە و لەوێشەوە کوردیان ناسیبوە کە مەبەستی سەرەکی عوسمانی بووە، چونکە زیاتر لە دوای جەنگی جهانی خاچ پەرستیەوە بووە کە کێشەی کریستیانی بۆ ئەوان کێشەیەکی گەورە بووە، چونکە مەسەلەی کریستیان تائێستاشی لەگەڵ بێت بەدوای کەیسی ئەو پێکهاتەیەوە بوونە کە کریستیانی بووە، بەهەرحاڵ بەشێکیان ئینتیمای فکرییان هەبووە و بەشێکیی تریشیان کەمتر خۆیان ماندوو کردووە، تاکو بەدوای رەسەنایەتی ئەو پێکهاتانەدا بگەڕێن و لەسەریان بنووسن و بیکەن بە دیکۆمێنت، هەر ئەوەی کە ئێستا بەشی زۆری باوەڕدار و بێباوەڕەکانیشیان کە هەمان شوناسیان هەیە، گومانیان هەیە لەوەی ئایا ئەمان رەچەڵەکیان لەکوێوە و لە پاشماوەی کام ئایینەوە سەرچاوە دەگرێت.
بەپێی سەرچاوەکان بێت، کاکەییەکان لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە کە سوڵتان سوهاک کوڕی شێخ عیسێ یە و لەساڵی ١٢٧٣ م لەدایک بووە، واتە ساڵی (٧١٦ کۆچی) لەگوندی بەرزنجەی سەر بەپارێزگای سلێمانی لەدایک بووە، لە کتێبی پیرۆزی سەرەنجام نووسراوە ساڵی ٥٢٨ ک لەدایکبووە و ساڵی ٦٢٨ کۆچی دوایی کردووە، بەم پێیە بێت (١٠٠) ساڵ تەمەنی گوزەراندووە. کەچی لەشوێنێکی تردا ساڵی لەدایکبوونی سوڵتان سوهاک ٦٥٠ ک و کۆچەکەی دیارینەکراوە کە گوایە ١٢٢ ساڵ ژیاوە، لە یاداشتەکانی کاکە رەدائی نوسراوە، سان سەهاک واتە سوڵتان سوهاک ساڵی ٤٤٥ ک لەدایکبووە و ساڵی ٥٨٨ کۆچی کردووە، بەم پێیەش بێت ١٤٣ ساڵ تەمەنی گوزەراندووە، مادام ماوەی ئایین و کولتوورەکەشی ١٠٠ ساڵە، کەواتە بەبێ کاریگەری ئایینی دیکەی زاڵ نەبووە، بۆیە بەشێکی دیکەی کاکەییەکان تەنها بەرگری لە کاکەیی دەکەن وەکو کولتوور، بەڵام رەفتار و سلوک و نەریتی رۆژانەیان وەکو موسڵمانە و بەوەش رازیین کە لە شوناسە شارستانییەکەیان بە ئیسلام ناویان هاتووە،

بۆیە کاکەییەکان بوونە بە دوو بەشەوە بەشیک کاکەیی توندڕەو و ئەوی دیکەش موسڵمان.
لە کتێبی شاهنامە حقیقت دا نوسراوە، ساڵی ٦١٢ ک لەدایکبووە و ساڵی ٩١٢ کۆچی دوایی کردووە، گوایە ئەم پێغەمبەرە ٣٠٠ ساڵ ژیاوە، ئەم مێژووە نەک هەر لەوانەی پێشوتر زۆر جیاوازە، بەڵکو لەگەڵ بڕوا و ژیریشدا نایەتەوە کە موبالەغەی تێدایە، دیارە ئەو نوسەرە هەوڵیداوە سوڵتان سەهاک وەکو موعجیزەیەکی دینی بخاتەڕوو و بیکات بە نوحێکی تر لە رووی زەمەنییە سوڵتان سەهاک بکات بە کائینێک لەدەرەوەی ئینسان، بۆیە تەمەنێکی ئەفسانەیی بۆ تۆمارکراوە". (٦) .
بەپێی هەندێک سەرچاوەی مێژوویی بێت، گوایە نازناوی ساهاک کە نازناوی سوڵتان سوهاک لەلایەن شاهەکانی دەوڵەتی سەفەوییەوە دراوە بە حکومڕانەکانی هەورامان، ئەمەش وەک جۆرە کەمکردنەوە و سوکایەتی پێکردنێک بە پایەی سوڵتانەکانی عوسمانی بووە، چونکە لەبەرامبەر ئەوانیش نازناوی (پاشا) یان بەحکومڕان و گەورە دەرەبەگەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەخشیوە، هەندێکیش گوتویانە وشەی (سان) لەوشەی شاهی فارسی یان شێخی عەرەبییەوە هاتووە، پاشان لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگاردا، زاراوەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام وشەی سوڵتان لێرەدا هیچ مانایەکی ئایینی نییە، بەقەد ئەوەی کە ئەم نازناوە بۆ دەسەڵاتداری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، بۆیە سوڵتان سوهاک پێدەچێت سوڵتان پادشای سەردەمی خۆی بووە و پێغەمبەرێکی ئایینی نەبووە.
مامۆستا (محمد ئەمین هەورامانی) لەکتێبی هەوراماندا نووسیویەتی وشەی سان لە ساتراپ ه وە هاتووە، کە وشەیەکی میدیە و مانای (حاکمی ناوچە و گەورەی ناوچە و کوێخا و کاربەدەست و فەرماندەی چەکداری ناوچە) دەگەێنێ، چونکە وڵاتی میدییەکان بە وڵاتی ساترابنیشینان ناوبانگی دەرکردووە و تائێستاش ئەو وشەی ساتراپی میدیی لەفەرهەنگی جۆر بەجۆرە ئەوروپاییەکاندا بەهەمان ماناوە دێت". (٧) عیسای مەسیح لەپێناو خەڵکدا خۆی لە خاچدا، ئەمە وای کردووە بەشێکی زۆر لە ئاینەکانی دوای ئەو پێغەمبەرە گەرەکیان بووە لاسایی ئەویان کردبێتەوە، سوڵتان سوهاک یەکێک لەو مەرجەعانەیە کە لاسایی عیسای کردۆتەوە، هەروەک ئەوەی عەلی کوڕی تالیب بەهەمان شێوە هەم چەپی ئیسلام بووە و هەم لاسایی ئەو پیاوەی کردۆتەوە، بۆیە ئەوان بڕوایەکی تەواویشیان بەوە هەیە کە لەدایکبوونی سوڵتان سوهاک، شێوەیەکە لەشێوەکەی لەدایک بوونی عیسای کوڕی مەریەم و موعجیزەیەکە بۆ کاکەییەکان.
ئیدی ئەم ئایین و کولتوورە پلەبەندی تێدا دەستنیشان کراوە، وەکو پیر و سەید و مورید و کەلامخوێن و ئوممی واتە (نەخوێنەوار). هەریەکەش لەو پلە روحانیە، خاوەنی جۆرێک لەتایبەتمەندی روحانی خۆیانن و وەزیفەی هەریەک لەوانە، جیاوازترە لەوی تر، ئەمە جگەلەوەی کە سرووتی تایبەت بەخۆیان هەیە کە لەچاپتەرەکانی دیکەدا بەیانمان کردووە.

له بەشێکی شیعرو کەلامە شیعرییەکانی سەرەنجامدا هاتووە کە گفتوگۆی نێوان عزرائیل و خەلیفە عزمەواچو دا هاتووە لە چەند بەیتێکدا هاتووە

"ئیدەن رەوایەت سەر ئەنجامشان
پەری مەخلوقات ئەرز و ئاسمان
هەچەروی ئاسو تا وە مەحشەرگاه
حەق فەرمان ویش مەنمانو ئیجراه
مەینو ئەوزان راست و سەنگەلاه
میرد وەکەردەی ویش مەیاو وەجاه
هەرسە ئەمیران خەلیفەت الله
تامایی وەلای سوهەیل و زەهراه"

عزرائیلیش وەڵام دەداتەوە و باسی بەکار هێنانی تەمبور دەکات وەکو کەرەستەیەک بۆ خودا پەرستن وەک چۆن داوود پێغەمبەر کاتێک لەسەر هەڵەیەک دەردەکرێت و لە پێغەمبەرایەتی دوور دەخرێتەوە و دەڵێ

" یەمەن توو ئارو ویت و قستاری
جەوەقت حازر کە پەی کری کاری
تەمبور و رەباب زەهرای خوش ئاواز
بارف عەو سوهەیل چیشتەن نیاز". (٨)

ئەگەرچی پێشووتر باسمان لە نازناوی سوڵتان سوهاک کرد و چەند مانایەکی جیاوازمان بۆ هێنایەوە و کە لەبەڵگە و نووسینە جیاوازە مێژووییەکان و فەرهەنگیەکانی ئەوروپا هەن، بەڵام لەشوێنێکی تردا کە لەبارەی ئەوەی بۆچی بە سوهاک دەڵێن سوڵتان، هۆکارەکەی ئەوەیە کە خاوەن دەوڵەت بوونە و سەڵتەنەتیان هەبووە کە نزیک بە ٧٠٠ ساڵ بەردەوام بووە و دەسەڵاتەکەش تاکو کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم بەردەوام بووە. بەڵام دواتر وردە وردە بەرەو کۆتایی هاتووە و لەبەرامبەر بابانیەکان خۆیان بەلاوازتر بینییەوە و سەرکردەکانیان لاواز بوونە، دواتر کە تورک دێن بۆ ناوچەکە لەبێتواناییەوە خۆیان پەنای حکومەتی عێراق داوە، بوونە بەپاشماوەی دەوڵەتی عێراقی نوێ، بڕوایەکی دیکە هەیە کە دەسەڵاتەکە تاکو ناوچەی هەولێریش هاتوونە، نموونەش ئەو کاکەییانەن کە لەسنوور هەولێرن و لەسوفەیەی سەر بە شارۆچکەی خەباتی ئێستا و کەڵەکی یاسین ئاغای رابردوو کە خەباتە و ماون، لەوانەیە بوونی بەرزنجەکانیش هەر بۆ ئەو مەددە بگەڕێتەوە.

## چاوگی وشەی کاکەیی

کاکەیی لەو وشەیەوە هاتووە کە شێخ عیسێ یەکەمجار بەکاریهێناوە، روایەتێک هەیە کە دەڵێ " کاتێک شێخ عیسێ دەیهەوێ دار بکێشێتەوە و بیخاتە سەر دیوار، بۆ ئەوەی

تەکیەکەیان دروست بکەن، سوڵتان سوهاک چاودێری باوکی دەکات، بینیویەتی کە باوکی دەتوانێ چەند دارێکی گەورە بکێشێت، رۆژێک سوڵتان سوهاک دارێک هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر یەکێک لەو دیوارانە، برایەکی لەوێ دەبێت، بانگی دەکات، کاکە بیکێشە، ئیدی ئەم وشەی کاکەییە، دەبێتە لۆغەت و سەرەنجام دەبێتە هێمای ناسینەوەی کاکەییەکان" (٩). بەپێی قسەی عەلی خوسرەوی بێت، کاکەیی یان ئەهلی هەق، یان یارسان دروست مانای ئەوەی هەیە (کاکە) زاراوەیەکە بەمانای رێزگرتن بەکاردێت، لەسەرەتای هاتنی ئەو رێچکە خوداناسینەوە، سوڵتان سوهاک کاکی بەکارهێناوە، ئیدی ئەمە بۆتە لۆغەت و بڕوادارانی کاکەیی، بەیەکتریان گوتووە ( کاکە) خەڵکیش بەبیستنی ئەم وشەیە، ئەم کۆمەڵە خەڵکەی بەکاکەیی ناسیوە و بانگی کردوون و دواجار تائێستا بووە بەناسنامەی کاکەیی کان. تەها هاشمی کۆمەڵناسێکی عێراقییە و باسێکی لەسەر ئەم ئایینزایە نوسیوە و لە کتێبەکەی خۆیدا لەژێر عینوانی (مفێل جغرافیە العراق) دەڵێ " ئەم ئاینزایە رووبەرە فراوانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گوندی بەرزنجەی نزیک شاخی بەرانانە و سەر بەشاری سلێمانی یە و ژیانیان بەندبووە بە کشتوکاڵەوە، ئەو دەڵێ کاکە لەو چیرۆکەی عیسێ و موسێ وە هاتووە و پیتی ی بۆ شوناسەکەیانە واتە کاکایی، یەعنی کاکەییەکان".
بەڵام لەراستیدا لەرووی سۆسیۆلۆژییەوە وشەیەک کە ریشەی هەبوو و مانای هەبوو، پێویست ناکات بۆ سیمبولی پێکهاتەیەکی ببێت بە کۆدی کۆمەڵگەیەک کە ئاینێک پێکیەوە دەیانبەستێت، کێشەی کاکەییەکان ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەی ترساون لەوەی کۆدەکانی سۆسیۆلۆژی خۆیان ئاشکرا بکەن و ئەوانی تر شارەزاییان هەبێت لەبارەیانەوە، ئیدی رێگەیان بە خۆیان داوە تێڕامان و شیکردنەوە و پێناسەی جیاواز بە کۆدەکانیان بدەن، ئەم جۆرە لە ئاشکرا کردنی شفرە کارێکی ئەرێنی نییە، بەقەد ئەوەی گومانی نەیاران و نەشارازەیانی ئەوان زیاتر دەکات کە خۆیان لەو کێشەیە تێناگەن، چ پاشخانێک بۆ نەوەکانیان بەجێ دەمێنێت و چارەسەر نابێت، بەڵام ئەمە تەنها بۆ باوەڕدارانی کاکەیی نییە، بەڵکو وەکو چۆن ئێزدییەکان هەیانە، ئاوهاش کاکەییەکان گومانیان لەو ئایینزایە هەیە کە بووە بە شوناسیان.

## عەلەوی و کاکەیی

کاکەیی جگە لە یارسان عەلی ئیلاهیەکانیشیان پێدەگوترێت کە زۆربەیان لە تورکیا دەژین، یان عەلەوی قزڵباشییان پێدەگوترێ، عەلی قول واتە خزمەتکار، عەلی یان عیسا قولی خزمەتکاری عیسا، موسڵمانەکان بەمانە دەڵێن (اپیسیلمان) هەموویان بەناوی عەلییەوە دەناسرێن، یان عەلی دەپەرستن.

عەلی هەمیشە خودایە، خوای باوک و عیسا خوای کوڕ و محەمەد خوای روح، عەلەوییەکان بڕوای تەواویان بە پێنج مەلائیکە هەیە کە یاریدەدەری خوایان داناوە لەدروستکردنی دونیا و بەڕێوەبردنیان، دوای ئەمانەش ١٢ یاریدەدەری تر ئینجا ٤٠ کەسی تر. واتە عەلی و محەمەد و حەسەن و حوسێن و ئەمەیە هونین و جودن ئەهلی هەقیقەت ئیمانیان بەم پێنج مەلائیکەیە هەیە، ئەمە گروپ یان پێکهاتەی شەبەکیش هەمان قەناعەتییان هەیە". (١٠) .

بەهەر حاڵ مەبەست لە ئەهلی هەق و عەلەوی بەو مانایەی کە ئەوان هەم روحی عەلی وەکو نەمری و شێوەیەک لە مەسیح دەبینن، هەم نزیکن لەو مەزهەبەی ئیسلامەوە، بەپێی قسەی عەلی خوسرەوی پیاوی روحانی و رۆشنبیری کاکەیی بێت کە لەئەسڵدا سەر بەناوچەی پاوەی کوردستانی ئێرانە، واتە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێستا لەسوید دادەنێشێ، عەلەوی و کاکەیی لەبارەی بیروڕاوە خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام لەرێوڕەسمی ئاینیدا جیاوازیان هەیە، چونکە عەلەویەکان وەکو موسڵمان نوێژ دەکەن و کاکەیی نوێژ ناکەن بەو شێوەیە و بەڵام یەک مەرجەعییان هەیە کە لەلای هەندێک عەلی کوری تالیب ە و لەلای هەندێکیشیان سوڵتان سوهاکە، هەروەها جۆری خوداپەرستن و مەراسیم و کتێبی تایبەتی خۆیان هەیە کە لەزەمانی سوڵتان سوهاک کوڕی شیخ عیسێ بەرزنجیەوە هاتووە، ئەویش کتێبی سەرەنجامە، یان دیوانە گەورەی پێدەڵێن.

لەبارەی ئەوەی کە ئەو کتێبە بۆچی وەکو قورئان و ئینجیل و کتێبەکانی تر نابینرێن، ئایا دەکرێ پێی بگوترێ دەقێکی ئاسمانی یان نا، ئایا کێشەی تێدایە یان بۆخوتان ترساون دەریبخەن؟. بەپێی قسەی سەدیق بۆرەکەیی بێت" سەرەنجام ناوی یەکێک لەکتێبەکانی کاکەییە و سوهاک نوسیویەتی و داگری شەش بەشە و هەر بەشێکی ناوی تایبەتی خۆی هەیە کە بریتین لەدەرەوەی حەوتەوانە بارگە بارگە، گڵێم گڵێم، دەورەی جڵتەن دەوری عابدین، وردە سەرەنجام، ئەم شەش بەشە لەبارەی مەبەست و ناوەڕۆکەوە لەگەڵ یەکتر تەوفیریان هەیە، واتە جیاوازیان هەیە، هەروەها مینۆڕسکی کە رۆژهەڵاتناسی روسی بووە و هاتوتە عێراق و لەسەر ئەو کتێبەی نووسیوە و کۆی کردۆتەوە سەر زمانی روسی و لەساڵی ١٩١١ بەچاپی گەیاندووە، ئەمە محەمەد ئەمین هەورامی و مینۆڕسکی و رەشاد میران و سەدیق بۆرەکەیی و باسیلی نیکتین باوەڕیان وایە کە دەقەکانی سەرەنجام لەگەڵ یەکتر جیاوازن، وێڕای هەندێ کتێبی تەزکەرەی تەعلا هەر بەسەرەنجام دەبینن دوو ناوبن بۆ یەک ناوەرۆک، ڤ ئیڤانۆڤ کە تەزکەرەی تەعلای لەفارسیەوە کردووە بەئینگلیزی هەمان ناوەڕۆکی سەرەنجامە کەیاساو رێسای تایبەتی ئەهلی هەقی تێدایە" (١١) بەڵام عەلی خوسرەوی بەلەبەرچاوگرتنی ترسەکە باس لە دەرخستنی ناکات و پێیوایە " راستە دیارنییە کتێبەکەمان وەکو کتێبی ئیسلام و مەسیحی و یەهودی، بەڕەسمی کاری پێناکرێ و دەریناخەین، بەڵام رۆژێک دێت ئاشکرا دەبێت، مەترسیش لەوەی کە ئاشکرا نەکراوە،

هۆکارەکەی ئەوەیە کە چونکە لەلایەن دوژمنەکانمانەوە، بۆ نموونە موسڵمانەکان زوڵمیان لێکردووین، کە چەندین جەنگمان بینیوە، لەزەمان حەزرەتی سوڵتان سوهاکەوە لەشارەزوور چیچینیەکان و عوسمانیەکان هێرشیان کردە سەرمان، سوڵتان فەتوای دا بەرەنگاریان ببینەوە و ئیدی شەڕ روویدا و لەهەردولا خوێنیش رژا". دیارە ئەم ترسەی لەوانی دیکەی ئیسلام و حوکمەکانی دیکە، بەشێکە لەو بیانووەی کە هەم لەباری کولتووری و رەفتارەکانیان و لەبارەی فەرهەنگیشەوە، هەروەها سەرەنجام وەکو کتێبی ئایینی کاکەیی بەئاشکرا دەرناخرێت. لەبارەی ئەوەش کە دەقێکی ئاسمانیە یان تەنها کەڵام پیاوە روحانیەکانە و کاری پێدەکرێ، عەلی خوسرەوی دەڵێ" ئەوە کتێبی کارپێکراوی کولتوری و ئایینی ئێمەیە، ئاسمانی نییە، بەڵام کەڵامەکان یان قەولەکان کە لەلایەن پیاوچاک و روحانیەکانی پێشووی ئێمە گوتراونەتەوە، فەلسەفەی خۆیان هەیە و کاری پێدەکەین و پیرۆز کراوە لەلای ئێمە". ئەو مەبەستی لەو کەڵامانە یە کە وەکو رێسا لەژیانی کۆمەڵایەتیدا کاری پێدەکرێت، بۆ نموونە رەنگە بۆ کێشەی نێوخۆیی بێت یان بۆ مارەبڕین و هاوسەرگیری و کێشەی بۆماوەیی بەکاربێت.

حلول، یان توانەوەی روح لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، خاڵی هەرە درەوشاوەی پەیوەندی نێوان عەلەوی و کاکەییە، سەلماندنیش بۆ ئەمە ئەوەیە کاکەیی بڕوایان وایە گوایە خودا دوای دروستکردنی کەون و ئینسان، بەجەستەبوون لەهەر پیاوێکی ئاینیدایە، توانەوەی وێنەی خودا لەدونیادا لەرێگەی توانەوەی خۆیدایە بۆ کەسەکان، ئیدی ئەو کەسە هەڵدەستآ بەئیرشادی کۆمەڵێک خەڵک، لەوانەش کە تواونەتەوە لەناوی خودا و خوداپەرستیدا، ئیمامی عەلی بووە لەشەریعەتدا و سوڵتان سوهاکیش لەهەقیقەتدا، بۆیە پێیانوایە کە ئیمامی عەلی خودی سوڵتان سوهاکە، ئەمەش لەسەرەنجام کە کتێبی گەورەی کاکەییە نوسراوە، خودا لەگەڵ خۆیدا چوار جەستەی هەڵگرتووە، ئەوان پێی دەڵێن (یاران چوار مەلەک) کە ئەوانیش مەلەک (جوبرائیل و ئیسرافیل و میکائیل و عزرائیل) ە، گوایە ئەمانە یارانی خودا بوونە، جاری دووەم لە کەسێتی ئیمام (عەلی) یە، کە لەگەڵیدا پێنج مەلائیکەت هەبوون، ئەوانیش (محەمەد، سەلمان، قەمبەر، نەسیر و فاتیمە کچی ئەسەد) بەجەستەبوونی سیانەکەی دیکە لەکەسێکدا، (شا خۆشین) ە، ئەویش چەند مەلائیکەیەکی لەگەڵدا بووە، لەوانەش (بابا بزرگ، بابا ئەو کۆفتی، کاکە رەزا، بابا تاهیر، مامە جەلالە) بوونە.

دواهەمین جەستەش، سوڵتان سوهاکە کە کاکەییەکان بەبەهێزترین جەستەی دادەنێن، ئەویش پێنج جەستەی لەگەڵدابووە، (بنیامین و داود و پیرموسا و مستەفا داودان و رەزبار)، لەهەندێ جاریشدا دوو مەلائیکەی دیکەش زیاد دەکەن، ئەوانیش ( شابراهیم و بابا یادگار) بۆئەوانیش پێنج مەلائیکە زیاد دەکەن کە پێیان دەگوترێ (هەفتەنی ناجیان) هەفتەوانە واتە حەوت نەمرەکان، لەوانەیە هەر ئەمەش بێت کە لەگەڵ شیعەکاندا بەراوردیان بکەین، لەیەکتر دەچن، وەکو ئەوەی کە باسکرا لەپێشووتر، بۆیە

ناویان نراوە ئەهلی هەق و تێکەڵەیەکن لەبیروڕا لەگەڵ شیعەکاندا و پێیان دەڵێن عەلەوی.
لەلایەکی دیکەش ئەوەیە کە زۆر لە کاکەییەکان بڕوایان بەعەلی کوڕی ئەبو تالیب هەیە و بەپێغەمبەری خۆیانی دەزانن، هەروەک ئەوەی کە لەکاتی نەزردا وەختێک نانێک حازر دەکەن لەگۆشتی کەڵەشێر و ئیمامێک دادەنیشێت لەناویانداو کەسێک وەکو خزمەتکار گۆشتەکە دابەشدەکات و دەڵێ (یا عەلی)، ئەوەی کە گوێی لێیە دەڵێ یا مەولا عەلی، ئەمەش تەنها لەئێران هەیە کە پێدەچێ ئەو وتەیە یا عەلی و مەولا عەلی، کاریگەری مەزهەبی شیعەبێت لەسەر بەشێک لەئەو کاکەییانەی کە لەئێران دەژین و هەندێکیش دەڵێن کاکەیی بەشێکە لە مەزهەبی شیعەگەرێتی، بەڵام عەلی ئیلاهیەکان دەڵێن عەلی نەمردووە، بەڵکو رۆحەکەی بەرزبۆتەوە بۆ ئاسمان و چووەتە ناو خۆرەوە، خۆریش هیچ جوڵەیەک ناکات هەتا فەرمان لەوەوە وەرنەگرێت، هەر لەم بوارەدا میترایيەکانیش دەڵێن خوایەک هەیە لەناو خۆردایە ئەویش (میترا _میهر) بەڵام ئەوان ناڵێن خۆر خودی خودایە، هەروەها حەزرەتی مەسیح پاش لەخاچدانی روحی چووە بۆ ئاسمان و بەرزبۆتەوە و یارسانەکان بە میهر مەسیحا ناویدەبەن و ناوی عەلی کوڕی ئەبوو تالیبیش بە میهری عەلی دەهێنن. (١٢)
مەسەلەی ئەوەش کە شیعەکان بەردەوام بیریان لەوەیە ڕێوڕەسمی یادی عەلی بکەنەوە و مەراسیمی بۆ دەکەن و پێیان وایە کە عەلی نەمردووە، ئەم مەراسیمە لەچاپتەرێکی دیکەدا بەدرێژی باس دەکەین، رەنگە ئەمەش پەیوەندی بەو توانەوەیەوە هەبێت کە لەنێوان عەلی و سوڵتان سوهاک هەیە و کاکەییەکان بۆخۆیان بڕوایان بەو ئەفسانەیە هەیە. "ولیام جاکسۆن لە گەشتنامەکەیدا بەناو نیشانی (ایران در گزشتە و حال) نوسیویەتی، گۆرانەکان لەناو کوردەکاندا زۆر (عەلی کوڕی ئەبی تالب) یان خۆشدەوێت، بەپێی قسەکانی خۆیان دەڵێن عەلی لەیەزد خانوویەکی هەبووە، زەردەشتیەکانی ئەو ناوەش لەبەر ئەوەی لە ئازاردان بەدووربن لەهەمان ئەو گەڕەکەدا ژیاون کە ماڵەکەی عەلی لێبووە و شوانی و گاوانیان بۆ کردووە، هەر لەوێشەوەیە کە پێیان گوتراوە (گبران). و وشەی گبران لای فارسەکان بووە بە گورون و دواتر بووە بە گۆران و راستیەکەشی مانای گاوان دێت". (١٣) نمونەیەکی دیکە هەیە کە دەیسەلمێنێ ئەو تێگەیشتنەی کاکەییەکان بۆ ئیمامی عەلی هەیانە گوایە خودا لە رەنگ و روخساری عەلیدا خۆی نواندووە، یان وەکو ئەوەی کە ئەولیاکانی رابردوو زۆربەیان لەسەرەتای لە دایکبوونەوە روحێکی کامڵ تێکەڵ بەجەستەیان بووە، هەروەکو ئەو موعجیزەیەی عیسای کوڕی مریەم، بەڵام خودا و نوری نەبوونە هەروەک ئەوەی بانگەشەیەکی شەرمنانە بۆ ئەم باسە هەیە، " شیکردنەوەی حەزرەتی سوڵتان سوهاک هەر لەم بازنەیەدایە بەڵام دەزانین شیکردنەوەی فەلسەفی لە سەرەتاوە لە بیرۆکەی ویلایەتی ئیسلامیدا دەست پێکرا تا گەیشتە مەلا سەدرا و شیکاری عیرفانی عەلەوی لای گەورە پیاوانی وەک سەید حەیدەری ئامولی و لێرەدا گەیشتە

لوتکە لەبەر ئەوەی بنەمای راڤەکاریی ویلایی راڤەی گێرانەوەیە و هیچی تر و رێگەی گەیشتن بە ئەنجامی گێرانەوەی عەقلی و مەعریفییەکانە، ئاخۆ راڤەی عەلەوییەکان کە دەڵێت شاخەکانی زەوی ئەهلی بەیتن بارانێکە لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارێ بەڵگەیەک بە دەستەوەیە کە ئەمە تەنها حەدیسە" (١٤) .
هەڵبەتە بۆیە ئەم باسەمان کردەوە کە لۆژیک نییە خودا لە شێوە عەلی خۆی نمایش کردبێت، تاکو لە سەر زەوی کارەکانی خودا بکات و وەکو جەستەیەک لە بری خودا کە نابێت ببینرێ. بەڵام خودا بێت، چونکە پرسیارەکە ئەوەیە ئەی پێش عەلی ئەو هەموو مێژووە هەیە و ئەو هەموو ئیعجاز و بوونە لە ئەفسانە و میتۆلۆژیا و تێکستە ئاینیانە هەیە، ئەی ئەوکات کێ خودا بووە و خودا لەبەرگی کێدا هاتووە بۆ سەرزەوی تاکو بەشەر هەڵەی گەورە نەکات، هەموو پێغەمبەرەکان خاوەنی پەیام و پرنسیپ و دیسپلینی کۆمەڵایەتی بوونە وەکو دەستوورێک بۆ سەر زەوی تاک ژیان رێکبخرێت، بەڵام بە خودا بوون وەکو ئەوەی مەسیح یش لەعەقڵەوە دوورە و خودا پەرستیش ئەم موبالەغەیەی گەرەک نییە، تاکو ئینسانێک بکرێت بەخودا و بپەرسترێت، هەموو ئەو داتایانە ئەوە دەسەلمێنن کە گومان لەو تێگەیشتنانەوە دروست بووە، بەتایبەتی لەنیوەی دووهەمی سەدەی بیست کە دونیا زیاتر چاوی کرایەوە و لێکۆڵینەوەکان بەتایبەتی لەلایەن دەزگا تایبەتەکانی شیعە لە ئێران و شوێنەکانی دیکەوە، عەلی کوڕی ئەبی تالیب وەکو پەیامبەرێک پێناسە کرا نەک خودا، کە پێشتر بڕوادارانی بە خودایان دەناسی و تاکو سنووری پەرست بوو، بەتایبەتی تریش هاتنی رەوتی عیلمانی و رۆشنبیری پێشکەوتوو کە لەناو شیعەکان سەریان هەڵدا بۆ خەڵکیان سەلماند کە خوداپەرستی بەوشێوەیە نییە، ئیدی گومانەکە کەمێک رەویوەتەوە.

## چیرۆکی گوێزشکاندن و چەقۆ

مەسەلەی گوێز شکاندن و بەکارهێنانی چەقۆ یان سیکارت بەقەولی کاکەیی و یارسان و ئەهلی هەق، چیرۆکێک هەیە کە پەیوەندی بەجەمیشەوە هەیە و چیرۆکی پێشترە، سەری ئەوکەسەی کە دەبێ بەگوێز نمای بۆ بکرێ بە ئۆجاغی سەید دەسپێردرێ و سەیدیش گوێزەکە دەشکێنێ و دەیکاتە چەند پارچەیەکەوە و بەسەر جەمنشینانیدا دابەشیدەکات و ئەوانیش دەیخۆن.
سوڵتان سوهاک ئەمە واڕاڤە دەکات کە ئەم مەیدانە (ئەو جێیەی جەمی تێدا دەکرێ واتە جەمخانە) مەیدانی مورتەزا عەلیە و ئەو چەقۆیەش (تیغ  سیکارت بەمانای شیریش دێت، لەبری نمای) زولفەقاری ئیمامی عەلیە، شمشێرە بەناوبانگەکەی عەلی، گوێزەکەش لەبری سەرەکەیە، نماکاری رێورەسمەکە لەسەر هزری جادوویی دواکەوتوویی دامەزراوە". (١٥) بەهەرحاڵ هەروەک چۆن ئەسڵ و فەسڵی ئاینەکان دەچنەوە سەر یەک کولتوور و کەڵکیان لەیەکتر وەرگرتووە و جۆرێک جیاوازیان

دروستکردووه و کردویانه بەموڵکی خۆیان، ئاوهاش چیرۆکەکان لەکولتوورێکی مێژینەوه سەرچاوه دەگرێ و جۆرێک ئەفسانەیە کە تەنها میتۆلۆژیا دەتوانێ شرۆڤەیان بکات، بۆیە یارسانیەکان یان کاکەیی پێیان خۆش بێت یان نا، کولتوورەکەیان بەشێکە لەکولتووری عەلەوی و شیعەکان، بەشەکەی دیکەیان لە گروپی ئیسماعیگەرایی و میترایی و مانییەوه هاتوون و وەرگیراون، یان پاشماوەی ئەو ئاینانەن کە بەئایینی کۆن ناسراون لەناوچەکە، هەروەک چۆن ئێزیدیاتیش کە هاوبەشیان هەیە لەگەڵ کاکەیی، خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئایینی مانی کە لەمیزۆپۆتامیای کۆن هەبوونە و ئێستا وەکو مێژوو ناویان دێت. (١٦)

## پیاوە روحانیەکانی کاکەیی

پیاوە روحانیەکانی کاکەیی وەکو هەر مەسەلەیەکی تر لەنێو کاکەییەکان بیرو بۆچوونی جیاوازی تێدا هەیە، بەڵام بەرلەوەی ناویان بێت وەکو روحانی، پلەکانیان بریتین لە (سەیدەکان، باوە، ئیمام، کەلامخوێن، دەروێش، خەڵکی عەوام).
هەندێک شارەزا لەئاینی کاکەیی بنەماڵە و پیاوانی رەسەنی روحانی، رەگو ریشەکەیان بۆ ٧ بنەماڵە دەیگێڕنەوە، بەڵام سەید عەلی خوسرەوی تەنها بە ئیشتیهادی خۆی ئەم باسە بۆ ١١ پیاوی روحانی دەیگێڕێتەوە، ئەوانیش کە لەشێخ عیسێ بەرزنجی یەوە سەرچاوە دەگرن و تادەگەنە سوڵتان سوهاک و دواتر پیر خدری شاهۆ و دواتر بنەماڵەکان بریتی دەبن لەمانەی خوارەوە. ئەم پلە بەندیە نەژاد بەنەژاد هاتوونە تائێستا و بریتین لە کۆمەڵێک بنەماڵەی جیاواز کە هەرکەیان پلەی روحانی خۆی هەیە و لەلای کاکەیەکان ناسراون.
١: بنەماڵەی شا ئیبراهیمی کە سەید محەمەدی گەورە سوار پێکیهێناوە.
٢: بنەماڵەی بابا یادگاری
٣: بنەماڵەی خامۆشی کە ناوەکەی سەید عەبدولوەفایە. بەرپرسی عیرفان بووە.
٤: باوایی یان پیر برایمی. سەید باوەی عەلەمدارە. یەعنی خاوەن ئاڵای کاکەییە، کە نەسەبیان بۆ بابا حەیدەر بابا دەگەڕێتەوە بۆ سەید حاجی حوسێن باوسی عەلەمداری کوڕی سوڵتان سوهاک، و خاوەن کەرامەت بوونە.
٥: بنەماڵەی ئاتەش بەگی
٦: بنەماڵەی یەکتاشیا
٧: خانەدان باوا نەژادی سەیدەکانە.
٨: بنەماڵەی ئالی قەلەندەری
٩: سەید خەلیل کە دوا پیاوی روحانی قەلەندەری بووە و لەسوید لەساڵی ٢٠٠٤ تیرۆر کراوە.

بەبڕوای خوسرەوی کە جیاوازی هەیە لەبیروڕای هەندێک رۆشنبیر و مێژوونوسانی کاکەیی، ١١ بنەماڵەی کاکەیی هەیە ئەوانەش بریتین لە خانەوان میر و تەیاری و مەلەکی.
رابەرایەتی لەلای کاکەیی ئەوەیە هەرکەسێک وەجاخ باوکی تێکنەدات و بەردەوام بێت لەبیروباوەڕای کاکەیی و رۆشنبیری ئەم ئاینەی هەبێت، چونکە هەموو کەسێک ناتوانێ ببێتە رابەر، بەڵام بۆ پلەی روحانی کاکەیەتی شیعرێک هەیە کە ئەوان پێی دەڵێن کەلام و دەڵێ
"یاری چوارچێوەن، باوەڕی وەجا، میکیو راستی، پاکی و رەدا"
واتە ئەم شیعرە کە هەموو کاکەییەکان لەسەر زارییانە، مانای ئەوەیە کە ئینسانی کاکەیی دەبێت باوەڕی بەو چوارچێوەیە هەبێت کە ئاییزاکە بۆی داناوە، وەکو رێسا و خۆی بەگەورەتر نەزانێ لەئینسانی ئاسایی و پاک بێت و میهرەبان بێت لەگەڵ خەڵک.
بەم چوار بنچینەیە هەر ئینسانێکی کاکەیی دەتوانێ پلەی روحانی بەدەست بهێنێ و قسە لەبارەی ئاین و باوەڕی کاکەیی بکات. بەڵام جگە لەوەی سەید هەیە لەنێو کاکەییەکان، هیچ پلەیەکی تری نیە وەکو مەلا و قەشە و هاخام و هتد. واتە پلەبەندی لەشێوەی رێورەسمی ئاینیەکانی دیکە نییە.
بەپێی چەند سەرچاوەیەکی جیاواز کاکەییەکان کۆمەڵێک رابەر و پیاوی روحانیان هەیە، بەڵام سەرچاوەی دیکە هەن کە پێیانوایە پێنج رابەر هەیە لەمێژووی کاکەیی و یارسان کە هەر ئەوانیشن سەرەتا و پێش سوڵتان سەرەنجامیان نوسیوەتەوە و دەوڵەمەندییان کردووە تاگەیشتووە بە ئێستا و کەسایەتییە بنچینەییەکانیان پێدەگوترێت، ئەوانەش بریتین لەم کەسایەتییە روحانییەی خوارەوە.
١: بالولی مایی _ بالولی ماهی
٢: باوا سەرهەنگی دەودانی
٣: شاخوشێنی لۆڕستانی _ موبارەک شا
٤: باوانوسی جاف _ باوا ناووسی سەرگەتی
٥: سان سەهاکی بەرزنجی _ سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی .
یەکەم: بالولی مایی : یەکەم کەسە هەوڵی بڵاوکردنەوەی کتێبی پیرۆزی سەرەنجامی داوە،
مەزارە ناسراوەکانی کاکەیی و پاشان لەگەڵ کۆمەڵێک لە یارانیدا چووەتە بەغدا بۆ خوێندن و لەخزمەت ئیمام جەعفەری سادق خوێندوویەتی.
دووەم: باوا سەرهەنگی دەودانی: ئەم زاتە ساڵی ٣٢٤ ک لەدەوروبەری کێوی شاهۆ لەدایکبووە، ئەمەش دێرە شیعرەکەیە.
"وەسەنەی سێیەد بیست و چوار هیجری
هاتف نام او جە شاهۆ چڕی".

باوا سەرهەنگی گوتوویەتی من ناوم باوا سەرهەنگە و لەگەڵ موریدان و شوێنکەوتووانمدا بەهەموو شوێنێکدا دەگەڕێم بۆ زیندوو کردنەوەی ئاینی کوردان تێدەکۆشم. ئەم پیاوە تەمبوور ژەنێکی شارەزا بووە. بۆیە ئێستاش تەمبور بەیەکێک لەو ئامێرە موزیکییە پیرۆزانە دادەنرێ کە یارسان و کاکەیی ناتوانن لەبیری بکەن و تارادەیەکیش زۆربەیان دەیزانن بیژەنن و ئەم هەقیقەتە دەزانن.

سێهەم: شاخۆشێنی لوڕستان. موبارەک شا: بەپێی کتێبی سەرەنجام ئەم پیاوە کوڕی جەلالە خانمی کچی میرزا ئامانی حاکمی لوڕستان بووە، ساڵی ٤٠٦ کۆچی لەدایکبووە و لێرەش لیکچونێک لە شێوەی لەدایکبوونی ئەم پیاوە و حەزرەتی مەسیح هەیە، کە هەردوکیان بێباوک و دایکبوون. جەلالە خانم وەکو مەریەم لەکاتی خۆیدا توشی هەمان ئەو ناوو و ناتۆرە بۆتەوە کە مەریەم تووشی بووە لەسەر لەدایک بوونی حەزەرتی مەسیح، چونکە مێردی نەبووە و پاکیزە بووە و ئەم چەند دێڕە شیعرەش سەلمێنەری ئەو راستیەن..

"کاکە رەیا سواری دانا
یەحوکمێ ئاما جە هەفت ئاسمانا
خەڵکی لوڕستان بە زۆڵیش مەزانا".

چوار: باوا ناووسی جاف: باوا ناووسی سەرگەتی. ئەم پیاوە رۆحانیە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە، هەر لەسەردەمی مناڵی و لاوێتی یەوە خراوەتە بەر خوێندنی حوجرەی ئەوکات و دواتر وازی لەخوێندن هێناوە و وەکو گەڕۆکێک هەڵسوکەوتی کردووە، زۆر قسەی نەستەقی کردووە، لەبەر ئەوەی خەڵک لەقسەکانی تێنەگەیشتوون بە شێتیان لەقەڵەمداوە، بەڵام وەکو یاوەرانی پێشووی هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئاینی یارسانی داوە، لەکتێبی مێژووی کوردی بەرگی یەکەم نوسراوە کە لەساڵی ٤٤٧ کۆچی لەدایکبووە و شاعیر و عاریف بووە، بەڵام خۆی لەشیعرێکدا دەڵێ من ناوم بلەیە، و لەم شیعرەدا زیاتر دەردەکەوێ.

(ناممەن بلە و شۆرەتم ناووس
بابۆم ئەحمەدن یاحب جا و کووس
پێکانم وەسەر جوقەی پەڕ تاوس
زات سوارەتان چەنی کەیکاوس) .

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە ناوە راستەکەی بلە بووە، وەکو خۆی لەشیعرەکە بەیانی کردووە، ئەگەرچی ئەم پیاوە لەکاتی خۆیدا نەیاری زۆر بووە، بەڵام بەزیندوویی ماوەتەوە و تائێستا مەزاری ئەم پیاوە لەسەرگەتە. (١٧)

مەزاری سوڵتان سوهاک لەیەکێک لەشاخەکانی هەورامانی دیوی کوردستانی ئێرانە و مەزاری سەید برایمی لەنێوان گۆڕی شێخ عومەر لەناوەڕاستی بەغدایە، دوکانی داوود خاوەنی مەزار کە خەلیفەی سوڵتان سوهاک بووە، دەکەوێتە نێوان شارۆچکەی سەرپێڵ زەهاوو و بای تاق لەئەشکەوتی شاخە.

مەزاری زەینلعابدین لەداقوقی شاری کەرکوکە، مەزارگەی خان ئەحمەد لەکەرکوک لەگەڕەکی موسەڵڵایە، مەزاری عومەر مەندان لەکفریە، (ئەم عومەر مەندانە، ئەو پیاو چاکە نییە کە دەکەوێتە ناوچەی شوانی نزیک کەرکوک و پردێ) بە ئۆمەرمەندان ناسراوە. ئیدی کە مەزاری دیکەی پیر و سەیدی دیکەی کاکەییەکان لەشوێنی دیکە هەن، بەڵام هەر ئەوەندە زانیاریمان چنگ کەوت کە خودی کاکەییەکان درکاندوویانە و پێی دەڵێن عومەر مەندان و یەکێکە لە پیاوە چاکەکانی کاکەیی، راستیەکەی بزربوون و دەرکەوتنی ناوێکی دیاری ئیمام یان شێخ یان پیاوچاکێک لەناوچەکە بە دووجار، مانای لێکچوون و تێکەڵەیەکی کولتووری و رێسایی و مێژوویی هەموو ئاینەکانی ئەم ناوچەیە واتە عێراق و کوردستانە، بۆیە زۆرجار شەخسێکی ئاینی لە دوو شوێن مەزاری بۆ کراوە و ناوی لە دوو ئاینی جیاوازدا هاتووە.
هەروەک چۆن عیسای مەسیح لەلای کریستیانەکان نییە و شتێک بەوناوە نییە، بەڵام راست یان هەڵە گۆڕی عیسای مەسیح
لەیەکێک لە شارەکانی پاکستان هەیە و خەڵکیش بڕوایان پێیەتی، ئەم لێکچوونانە یەکێک لە هۆکارەکانی گومانی باوەڕدار و بێباوەڕە کە هەموو چیرۆک و مێژووی ئایینەکان لەیەکترەوە نزیکە و هەموویان ناکاتە ٢٠٠٠ ساڵ، تاکو ئەوەندە کولتوور و سیمبولی یەکتر نەزانن و تێکەڵ ببێت، بەڵام رەنگە بەهۆی ئەوەی ئایینەکان بەشێکیان یەکتریان سڕیوەتەوە و شەڕیان بووە لەنێوان خۆیان، هەروەک ئەوەی کە سیمبولی دەرفشی سابیئەی مەندائی و خاچی کریستیانەکان لەیەکتر دەچن و کێشەی بۆیان دروست کردووە. ئەمە جگە لەو سیمبولانەی کە لەلای ئاین و ئاینزاکانی هیندستان هەیە کە بەحیساب نایات.

## لە دایکبوونی کەون

هەموو عەقیدە و ئاینەکان لەسەر بونیاتی ئەفسانە پێکهاتوون و لەشێوەی چیرۆک گێردراوەتەوە و لەشێوەوی شیعریەت گوتراوتەوە و دواتریش نوسراونەتەوە، یان ئەوەی زۆربەیان لەسەر یەک چیرۆکی ئەفسانەیی کۆکن، بەڵام بەشێوەی جیاواز لەیەکتری و هەندێجاریش لەشێوەی یەکتر دەیگێڕنەوە و نوسیویانەتەوە.
کاکەیی لەبارەی دروست بوونی کەون، واتە فەلەک یان بوون وەکو فەزا، واتە زەمین و ئاسمان و هەسارەکانی تر، چیرۆکی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەوان بڕوایان وایە هەروەک چۆن ئاینیەکانی دیکە، پێیانوایە کە خودا بەشەش رۆژ کەون و دونیای دروست کردووە و رۆژی حەوتەمیش بۆ پشووی خۆی بووە، هەمان ئەو چیرۆکەیە کە تەورات و ئینجیل و قورئان و ئێزدیەکانیش و رەنگە زۆربەی ئاین و ئاینزاکانی دیکە بەو شێوە کۆک بن لەسەر ٧ رۆژەکە و دوارۆژی پشوش بۆ خوا، بەڵام هەریەکەیان رۆژێکیان داناوە هەمان بۆ پشوودان، ئەم چیرۆکە هێندە جێکەوتە بووە لەعەقلیەتی

گشت کۆمەڵگەی بەشەری کە هیچ ئاینێک نەتوانێ خۆی دابڕێنێ لەو ئەفسانەیە و چیرۆکێکی دیکە بەرهەمبهێنێ، چونکە هیچ چیرۆکێک نییە بەبارتەقای ئەوە بتوانێ بوونی خودا و یەکەم رۆژ تا کۆتایی هەفتە کاری خوڵقاندنی کەون لەلایەن خوداوە بسەلمێنێ، بۆیە باشترین لۆژیکی ئاینی و باشترین چیرۆک بۆ سەلماندنی خودا و کردارەکانی، قسە نەکردنە لە بوونی خودا و مانا تایبەتەکانی، چونکە گەر باسی خودجا کراوە و کەسێک ویستی بە لۆژیک بیناسێ و بەشێوەیەکی ماتریالی قسەی لەسەر کرد، باتڵ دەبێت، هەروەک ئەوەی لە فەلسەفەدا لۆژیکێک هەیە دەڵێ (وڵامی ماتریالی بۆ ئیدیالی ناشێت و وڵامی ئیدیالیستیش بۆ ماتریالی ناشێت).
بەهەر حاڵ ئەوان پێیانوایە خودا دوای پشووەکەی، دواتر خودا جوبرائیلی وەکو مەلائیکە دروست کردووە، ئیدی دونیا لەژێر دەستی ئەو مەلائیکەیە بووە و پاشان دونیای بەر لەگەشەی بەشەرییەت دروست بووە. بەڵام بەپێی بیروڕای کاکەیی چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە.
جوبرائیل ، واتە بینیامین وەکیلی خودا بووە لەسەر زەوی.
دوای ئەویش خودا سێ مەلائیکەی دیکە بەناوەکانی (ئیسرافیل و میکائیل و عزرائیل) ی دروست کردووە.
ئیسرائیفیل: واتە داوود، چاوی خودا و قازی خودایە لەسەر زەوی.
میکائیل: واتە موسێ، وزیری نوسینی خێر و شەڕی ئینسانە.
عیزرائیل: واتە مستەفا، مەلائیکەی مردنە.
ئیدی پاش ئەوەی خودا دوڕڕەکە دروست دەکات، بریسکەی داوەتەوە و دونیا رۆشن بۆتەوە و روحی ئیلاهی گەورەش رۆشن بۆتەوە کە جوبرائیلی لێ خەڵق کردووە، یەعنی خودا لەروحی خۆی جوبرائیلی خەڵق کردووە، چونکە دونیا پێشتر لەژێر ئاو بووە، ئیدی جوبرائیل بۆتە پیر و سەرکردایەتی روحی و ماتریالی جهانی کردووە، ئیدی خودا فرێیدەداتە نێو دەریا و دوو باڵی پەڕی لێئیجاد دەکات، دەتوانێ بفڕێ و کەسیش نابینێ و لەو نهێنیەش تێناگات کە شاردراوەتەوە لەکەوندا، ئیدی جوبرائیل دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەخودا وەربگرێ، پاشان دەگەڕێ بەبێ ئەوەی خودا بپەرستێ و بیر لەبوونی خودا بکاتەوە، هەتا ئەوکاتەی کە دەنگێک دێت و پێی دەڵێ " من لەگەڵتا بەنهێنی قسە دەکەم، هەقیقەت بڵێ دەبیتە سەردار". جوبرائیل بەبیستنی ئەم دەنگە دەمی کردەوە و وەڵامیدایەوە و پێدەڵێ" من نازانم تۆ کێی، من کائینێکی ئازادم و هیچ شتێکی تر نازانم، کەس مافی ئەوەی نییە بەسەر منەوە و کەس ناناسم ". بەڵام کە جوبرائیل بەمشێوە شێتانەیە قسەی کرد، خودا وەڵامیدەداتەوە و باڵەکانی دەسوتێنێ و شاخ و گردی لێدرووست دەکات، لەخوێنی باڵەکانی نەوت و لەگۆشتەکەی خۆڵ و لەچاوی ئاسمان و ئەستێرە دروست دەکات، دواتر ژیانی بۆ دەگەڕێنێتەوە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە نەزانست و نەئەفسانەکانی دیکەی نێو تەورات و قورئان، بەم ئەفسانەیە رازی نین و بەخورافەیەکی دەزانن و چیرۆکی وەها

ئەفسانەیەک بوونی نییە لەئاینەکانی تر، هەروەها تەنها بەوەی دەزانن کە خۆیان بەو خورافانە جودا دەکەنەوە لەئاینەکانی دیکە، بەڵام سەرەنجام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە مادام ئاینێکی تایبەتە و جودایە لەوانی تر، مەرج نییە لێکچوون هەبێت یان جیاوازی، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هەقیقەت لەلای کەس نییە و هەر فەلسەفەیەکی ئاینیش بە ئەفسانەی خۆیەوە ناسراوە و شوناسی دیاری کراوە، ئەگەر وانەبوایە هیچ ئاینێک لەوەی دیکە جیاواز نەدەبوو.

## دروست بوون
## لە خوداوە بۆ سوڵتان سوهاک

کاکەییەکان پێیانوایە کەدروست بوونی کەون بە دوو قۆناغ تێپەڕیوە، یەکێکیان کەونی روحیە و ئەویدی مادییە، ئەوان وای تێگەیشتوون کەبەر لەوەی خودا کەون دروست بکات بەتەنها خۆی بووە، دواتر دوڕڕی دروست کردووە، ئەو دوڕڕە لەنێو ئاودا بووە، بەو مانایەی کە خودا لەسەر ئاو عەرشی دروست کردووە.
کاکەیی بڕوایان بەسێ شت هەیە، ئەوانیش (بێدەنگی و ئاوو دوڕڕە).
بێدەنگی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە بەر لەوەی خودا هیچ شتێک درووست بکات، دونیا بێدەنگ بووە، بۆیە هەمیشە لەدوعا خوێندنیشدا کاکەییەکان بێدەنگیان هەڵبژاردووە و بێدەنگی لەلای کاکەییەکان یەکێک لە مەرج و مانای شوناسی ئایینییانە.
سەبارەت بەئاو، ئەوان پێیان وایە کە عەرشی خودا لەسەر ئاوە و ئاویش بەشێوەیەک لەشێوەکان پیرۆزکراوە.
دوڕڕ، ئەو تەنها ئەو مادەیە نیە کە هەیە لەنێو دەریایە، بەڵکو لێرە لە ئەدەبیاتی ئایینی کاکەیی، ئەوەیە کە بەو تیشکە دونیا رۆشن بۆتەوە و ماناکەشی تیشکی خۆرە کە زەوی رۆشن کردۆتەوە.
"لێکۆڵینەوەکان لەو باوەڕەدان کە خودا لەلای ئەهلی هەق حەوت جاران دابەزیوە و وەکو مرۆڤ خۆی نیشانداوە، بەم بۆنەیەشەوە مێژووی ئایینەکە کە بەسەر حەوت چەرخ دابەشبووە، کەچی خودا حەوت جار دابەزیوە لە ئاینی هەقدا، تەجسید واتە بەرجەستەبوونی خودا زۆرن، دووهەم ئەگەر مەبەست لەحەوت تەجسیدیی خودایی، تەجسیدە سەرەکی و هەرە بەناوبانگەکانی بێت، ئەوا ئەوانیش حەوت نین، راستیەکەی شەش تەجسیدە، واتە شەش جاران بەرجەستە بووە". (١٨) .
ئەم عەقیدەیە لەلای کاکەییەکان جیاوازیشی هەیە لەنێوان خۆیاندا، چونکە بەشێکیان بڕوایان بەوە هێناوە کە پێشتر جیاوازی هەبووە لەنێوان خوداپەرستی وەکو پیرۆز و ئەویتر وەکو ئەفسانە، چونکە خودا نەک هەر حەوت جار وەکو جەستە دانابەزێتە سەر زەوی، بەڵکو هەر نایاتە سەر زەوی، بۆیە جیاوازییەکە تەنها لەو تێگەیشتن و خوێندنەوانەیە کە بۆ بوونی خودا و موعجیزەکانی هەیە، ئەم جیاوازییەش لەوێوە

سەرچاوەی گرتووە کە بەشێک لە بڕوادارانی کاکەیی ڕاستە کاکەیین و خودا پەرستن بەپێی ڕێسایی کاکەیی، بەڵام نکوڵی لە جۆرە ئەفسانەیەک دەکەن کە لە ئەدەبیاتی هیچ ئاینێکی دیەکەدا نییە و هیچ لۆژیکێکی تر قبوڵی ناکات، هەروەها بەپێی زانستیش خودا جەستەی نییە و موناقەشەی بونیش لێرەدا کۆتایی پێدێت کە خودا موناقەشە ناکرێت، لێرەشدا نهێنی گومانێکمان بۆ دەردەکەوێت کە خودی بڕوادارانی کاکەییش بەو گومانەوە هەمیشە ەبەردەم پرسیاری بێ وەڵامن، ئەمە یەکێک لە کێشەکانی گومانی نێو ئایینە کە چارەسەر ناکرێت.

## تەڵقین و مردوو شوشتن

بێگومان لە هەموو ئایینەکان جگە لە بوزیەکان مردوو شوشتن هەیە، یان باشتر بڵێین مردوو شوشتن مەرجێکی ئایینەکانە و بەشێکە لە خوداپەرستی و مەرجی ئینسانی کە ناکرێ ئینسان بۆ ڕێزگرتن لە جەستە و رووحی لەبەردەم زیندووەکان بمێنێتەوە بۆیە دەنێژرێت.
لەلای کاکەییەکان مردوو شوشتن جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕێوڕەسمی ئاینەکانی دیکە، ئەویش ئەوەیە کە مردوو شوشتن لەلایەن خەلیفەیەکەوە دەشۆرێت، ئەگەر ژن بوو ژنی رەهبەر ئەم کارە دەکات، ئەو ئاگرەی ئاوی بۆ شوشتنی مردوو پێی گەرم دەکرێت، تاکو حەوت رۆژ نابێت بکوژێتەوە، رەنگە ئێستا ژیان پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە و ئاگر بە دار سوتاندن ناکرێتەوە و کەرەستەی دیکە هەیە، مردووەکەش بەری بەرەو قیبلە، واتە گۆڕی سوڵتان عیسا بێت، پرسەکەش حەوت رۆژە کە ئەمەش ئێستا بەپێی یاسایەک کە ئەوقاف دایناوە گۆڕاوە بۆ دوو رۆژ، بەڵام ئەوان بۆ تەواوکردنی نەریتەکەی خۆیان کە پێویست ناکات خەڵک بیزانێ، لەماڵەوە دادەنیشن و حەوت رۆژەکە تەواو دەکەن، چونکە رۆژی حەوتەم لە جەمدا قوربانی بۆ دەکەن، بەحیساب جەستەی مردووەکە لەرۆژی حەوتەمدا دەچێتە لەشی کەسێکی ترەوە، وەکو ئەوەی ئەوان بڕوایان بە دۆنای دۆن هەیە". (١٩) .
هەڵبەت کە مردوو لەلای کاکەییەکان بەرەو رووی قیبلەی خۆیانە، مەبەست لەو قیبلەیە گۆڕی سوڵتان سوهاقە لە گوندی شێخانە، لەلای ئەوان مردوو دوای هەڵسانەوە و لێپێچینەوە لەلایەن خوداوە سێ جۆرن، ئەوانەی بە ئاگری دۆزەخ دەسوتێن کەسانی بوختانکەر و زۆربڵێ و زماندرێژ و ڕێگرەکانن، ئەوان بڕوای تەواویشیان بە مەسەلەی ئەخلاق و ئابڕووی کۆمەڵایەتیش هەیە و زۆریش پابەندن پێی، جگە لەمەش درۆکردن فێلبازی و دزی و سوێندخواردن بە گۆڕی سوڵتان سوهاق، یەکێک لە قیزەونترین رەفتارەکانە لەلای کاکەیی و ئەهلی هەق، بەتایبەتی ئەگەر ئەو سوێندە درۆی پێبکرێ.

## جەم و جەمخانە و جەمبەستن

جەمو جەمخانە، واتە کۆبوونەوە و شوێنی کۆبوونەوە، بەو مەراسیمە دەگوترێت کەلە شەوێکدا ساز دەکرێت و لەدەمە ئێوارەدا بەبێ ئاگاداربوونی هیچ کەسێکی بێگانە، واتە غەیرە کاکەیی نابێت ئامادەی ئەو جۆرە مەراسیمانە بێت، ئەمە پێی دەڵێن نەزر و نیاز و هەندێکیان هەفتانەیە و هەندێکیان مانگانەیە. "لەنێو باوەڕی کۆنینەی دەروێشاندا هاوپەیوەندیەکی سەرنجڕاکێشی دیکە لەگەڵ مەزدائیزمدا هەیە، لەڕێوڕەسمێکی ناو زمانی کەس لێی حاڵی نەبووی دەروێشاندا رەنگە وەکو قەرزو وزە وابێ، کە (بەدیک جۆش) ناسراوە واتە، مەنجەڵ کوڵان، هەمان ئەو قوربانییەیە کە لەجەمی ئەهلی هەقدا پێشکەش دەکرێ، لەگەڵ کوڵاندنی گۆشتەکە خوتبەو نزا و دوعایەکی دووروو درێژ بۆ خێر و هەموو شتێ و هەموو کەسێکی ئەم دونیایە دەخوێنرێ، دەبێ لەو ماوەیەدا کە گۆشتەکە لەسەر ئاگرە، خوتبەکە تەواو ببێ و ئەمە لەگەڵ رێورەسمی زەردەشتیەکاندا هاوشانە". (٢٠) بەشێکی ئەو جەم و جەمخانەیە ئەو جۆرە مەراسیمانەیە کاکەییەکان لەشەوی پێنج شەممە لەسەر جومعە دەکرێت، یان بۆ لەدایک بوونی منداڵێک، یان بۆ مردنی کەسێکی ئازیزیان، یان بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری کچ و کوڕ، یان وەکو فەریزەیەکی ئیمان دەیکەن، ئەمە لەلای کاکەییەکانی عێراق کەمتر دەبینرێت، ئەگەریش بکرێ بەنهێنی دەکرێ لەترسی دوژمنەکانیان یان ناحەزەکانیان کە بەقسەی خۆیان هەمیشە لە بۆسەدان بۆیان، رەنگە ناهەقیان نەبێ، چونکە هەمیشە لەوکاتانەدا قەتڵ و عام کراون یان بەکومەڵ لێیان کوژراوە، بەڵام ئەم رێوڕەسمە ئایینیە پێشتر بەحوکمی ئەوەی کە لەسەردەمی سوڵتان سوهاک کراوە و دامەزراوە، ئەوکات بوونی تەکیە و پەرستگاکەیان بووە کە کێوی شاهۆ و باوەشاسواری یارسانیە لەئێران هەیە و بەئاشکرا تائێستاشی لەگەڵدابێت دەبینرێت، "دوو بەڕێوەبەر لەجەمدا هەن، هەردووکیان خەلیفە و خاد، هەڵدەبژێردرێن، واتە بەرەزامەندی هەمووان دادەنرێن، خەلیفە کە بەمانای جێگر دێت، واتە جێگری پیر بنیامین، وەکو سەرۆکی دێر رەفتار دەکات و کۆبوونەوەکانی جەم بەڕێوەدەبات و وێرد و نزای پێویست دەخوێنێ، ئەرک و وەزیفەی خادم ئەرکی بەڕێوەبردنە، ئەو بەهاوکاری چەند کەسێکی ئارەزوومەندی دیکە لەجەمدا خواردن دەبەخشێتەوە، بەهەرحاڵ واپێدەچێت وەزیفە و کاری ئەو دووانە واتە (خەلیفە و خادم) جۆرە تێکەڵاوییەکیان هەبێت" (٢١). ئەو دوانە لەدەرەوەی ئەم وەزیفەیە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە، واتە بۆیان نییە بەشداری لە هیچ سوڵح و چاکسازییەک بکەن بەو پۆستە ئاینییەوە، جگە لە مەراسیمە، کە مەراسیم تەواو بوو دەسەڵاتیان لێدەستێنرێتەوە.

هەرچی ئەوەی کە وەکو مزگەوت یان کەنیسە یان وەکو لالش خانوییەک بێت وەکو پەرستگا بێت و کۆببنەوە تێیدا، لەعێراق لەگوندەکانی خۆیان دەیکەن، وەکو ئەوەی لەگوندی عەلی سەرای سەر بەکەرکوک و داقوق و لەگوندەکانی لای سوفەیەی نێوان

هەولێر و موسڵە و دەکەوێتە نزیک کەڵەک هەیە، لەو شوێنانە بترازێ شوێنێکی ئاشکرایان نییە لەکوردستانی عێراق، بەڵام لە دیوی ئێرانەوە کۆمەڵێک نزرگایان هەیە کە باوە شاخوشێن و سوڵتان سوهاک و باوە موراد و هتد، بەڵام نەبوونی ئەو مەزارانە و ئەو تەلارەی کە پێویستە دیزانەکەی وەکو مزگەوت یان وەکو لالشی ئێزیدیەکان بێت یان وەکو کەنیسە بێت، بۆتە پرسیارێک و تائێستا وەڵامی نادرێتەوە، لەمبارەیەوە عەلی خوسرەوی کە یەکێکە لە سەیدەکانی کاکەیی و شارەزایە لە مێژوو و کولتووری ئاینەکە دەڵێ" مەسەلەی بوونی پەرستگایەکی وەکو مزگەوتی ئیسلام یان وەکو کەنیسەی مەسیحی، ئەمانە لەلای کاکەیی قەبوڵ نیە و پێشتریش نەمانبووە، لەعێراق لەگوندی عەلی سەرای لەگەرمیان شوێنێک هەیە بۆ کۆبوونەوەی کاکەییەکان و جەمو جەمخانەی تێدادەکەن، بەڵام لەشێوەی ئەوەی کە شوێنێک بێت قوببەی هەبێت و دیاربێت پەرستگای کاکەیی بێت نیە و مۆڵەتیش نادەین دروست بکرێت، بەڵام چەند تەکیە و مەزارێکی پیرمان هەیە و کاکەیی دەچنە سەری، بۆنمونە نەزر و نیاز لەو شوێنانە دەکرێت و لەماڵەکانیش دەکرێ، بەڵام دوو شێوە ئامادەکردنی خواردنن، یەکێکیان گۆشتی کەڵەشێر و گۆشتی ئاژەڵی گەورەیە وەکو مانگا و گۆلک و بەرخ و مەڕ و هتد. ئیدی خواردنەکە لەلایەن کەسێکەوە دابەشدەکرێت کە ناوی نراوە خزمەتکار و کەسێک وەکو ئیمام دیاری دەکات، ئیدی نەریتەکە وەهایە کە نابێت ئیسکی گۆشتەکە بشکێنرێت و بەگوناه لەقەڵەمدەدرێت، چونکە پێیانوایە کە ئەو جەستەیە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە نێو ئیسکەکە، ئەمەش شێوەیەکە لەدۆنایدۆن، ئەو کۆبوونەوەیە تەنها پیاوانی سەرۆک خێزان دەگرێتەوە کە لەکاتی شێوان دەکرێت، ژنان نابێت بچنە نێو پیاوانەوە، تەنها ئەوەنەبێت کە نزیکی جەمەکە دەبن بۆ ئەوەی گوێیان لەو دوعا و نزایانە بێت کە پیر و ئیمام و سەید و پیاوان دەیکەن و لەخوا دەپاڕێنەوە کە لەکێشە بەدووربن".

جۆرێکی دیکەی نەزر هەیە کە لەسروتی جەم دەکرێت بەڵام فەرز نەکراوە و ئیختیاریە، یان باشتر بڵێین بەئارەزووە دەکرێت یان ئەگەر نەکرێت کێشەیەک نابێت بۆئیمان لاوازی کاکەیی، ئەویش ئامادەکردنی شیرنەمەنی یەو دڵیان خۆشدەکات و بەهەمان مەراسیمدا تێدەپەڕن، ئەمە لەکاتێکدا جەم و جەمخانە ناسراوترین مەراسیمی کاکەییە و وەکو خۆیان نکوڵی لێناکەن، زۆر نزیکە لەجەژنی جەمای ئێزیدیەکان، بەتایبەتی خاڵە هاوبەشەکە لەوێدایە کەنانەکە پێکەوە دەخۆن، یان ئەوەی نابێت بێگانە تێکەڵیان بێت، یان ئەوەی نابێت ژنان تێکەڵ بەپیاوان بن بۆ بەشداری کردن لەو مەراسیمەدا، لەحاڵێکدا خودی وشەکەش کەناوی جەمە و لەلای ئێزیدی ناوی جەمایە، لەیەکتر نزیکن و پێدەچێ یەک چاوگیان هەبێت، بەڵام زۆربەی بیرمەندی بواری ئاینی و رۆژهەڵاتناس و لێکۆلەری ئاینی و کولتووری و کۆمەڵناسەکان، ئەو

دوورخستنەوانەی ژن لەلای هەردوو ئاینی ئێزیدی و کاکەیی، بە ناڕەوا دەزانن بە جۆرێک لە داخراوی ئاینەکەی لەقەڵەم دەدەن.
هەرچی ئەوەی کەناوی لێنراوە نەزر و نیاز، دیاردەیەکی نوێ نی یە لەئاین و کولتووری گەلان و یارسانیەکان دایانهێنابێت، بەڵکو لەلای ئاینی مەسیحیش هەیە کە بۆ قوربانی کردن بەخاتری کەسێک کراوە، یان ئەوەی کە لەلای موسڵمانان کراوە کە دەبێ مەرجی قوربانیەکە ئەوەبێ ساڵێکی بینیبێت و ئاژەڵی گەورە بێت، مەبەست لە (گیسک و مەڕ و گۆلک و مانگا) و هەتد، لەمێژووی سەرهەڵدانی ئیسلامدا حوشتر هەبووە و کراوە بەقوربانی، بەڵام دواتر لەو شوێنەی کە حوشتر نەبووە، جۆری ئاژەڵی دیکە قەبوڵ کراوە، هەرچی ئەوەی یارسانی یە کە جیاوازی هەیە لەگەڵ قوربانیەکانی دیکە، ئەوەیە کە کۆتر یان کەڵەشێرە و گۆشتەکە لەئێسک جیادەکرێتەوە، ئەگەرنا دیاردە یان کولتوورەکە، پێدەچێ لەئاینەکانی دیکە وەرگیرابێت.
هەڵبەتە نیاز مەبەستێکی دیکەی لەپشتەوە نییە، جگەلەو شتەی کە لەدڵی تاکدایە و دەیبەخشێ بەکەسانی تر، ئەمە بۆ کەسێکی بێ ئاین و باوەڕداریش هەروایە، بەڵام ئەوەی گرێدراوە بەقوربانیدانەوە، واتە کەسێک یان کۆمەڵێک بەنیازی ئەوەی لەدڵیان یان پاراستنیان لەلایەن یەزدانەوە، قوربانی دەکەن و ئاژەڵێک دەکوژن و دەیکەن بەخێر، ئەمە لەئاینەکانی ئیسلام و مەسیحی و ئەرمەنیش هەیە، رەنگە تەنها خێر کردن بێت، یان جۆرێک هاوکاری کردنی هەژاران بێت کە دەستیان کورتە و کەڵک لەو گۆشتە وەربگرن کە دەستکەوتنی گرانە، بەڵام لەلای ئەهلی هەق و کاکەیی، بۆتە رێوڕەسمێکی ئاینی و کولتووری و هیچ بیانوویەکی دیکەی نییە جگە لەلاسایی کردنەوەی نەریتی ئاینەکانی پێشتر، یان پێڕەوکردنی ئەو چیرۆکانەی کە لەزاری پێشینانەوە بۆ سەر زاری ئێستا هاتوون و بووە بەباو.
چیرۆکێکی دیکە هەیە کە پەیوەندی بەئاینی ئیسلامیشەوە هەیە، ئەویش (جەمە) لەشێوەیەکی دیکەو شرۆڤەی دیکەی بۆ کراوە، گوایە بنیامین ی کوڕی یەعقوب پێغەمبەر، پرسیاری ئەوەی کردووە جیاوازی نێوان پرنسیپەکانی هەقیقەت و شەریعەت چۆنە، ئایا چۆن یەکەمین جەم دەکەن و بەڕێوەدەچێ؟. خوداکان وەڵامیانداوەتەوە" ئێمە کەعبەمان بۆ یارانی هەقیقەت داناوە، ئەگەر یاران بەساز و ریتواڵی هەقیقەت جوڵانەوە، هەروەکو ئەوە وایە زیارەتی کەعبەیان کردبێ، ئیدی چ ئێوارە بێت یان بەیانیان، ئەگەر پێنج کەس بێگوێدانە ژمارەیان بەڕەزامەندنی خۆیان کۆبوونەوە، یان قوربانیان کرد، ئەوا ئێمە لەگەڵ ئەواندایین و کەعبەی هەقیقەتە، یان چ ژن بن و چ پیاو، نابێ ئەو جەمە لەشەوی هەینی تێپەڕێ، نابێ سەرەتای مانگێکی دیکەی قرمزی بێت، دەبێ خۆیان باش بشۆن (غوسڵ) جلی پاکوخاوێن لەبەر بکەن، نابێ کەسێک ئەگەر ئەرکەکانی خۆی نەکردبێ بەشداری بکات، دەبێ شیرینی دابەش بکرێت و دوعا بخوێنرێ، ئینجا بەشی ئەوانەش بدرێت کە بەشداریان لەو جەمەدا نەکردووە". (٢٢). ئەمەمان لەبەشەکانی دیکەش باس کردووە، بەڵام ئەوەی کە

دەتوانین قسەی لێوەبکەین، ئەوەیە کە ئەو جەمە جگەلەوەی لەچەشنی جەماکەی ئێزیدیەوە نزیکەوە بیانووەکە ئەوەیە کە دوای هاتنی ئیسلام، ئەوان واتە (ئەهلی هەق) مەککەیان لێحەرام کراوە، ئیدی لەجیاتی ئەوە جەمی خۆیان دەکەن، هەروەک ئەوەی کە گوتراوە لەجیاتی چوونە کەعبەیە یان مەککەیە، یەعنی شێوەیەک لەدرێژەپێدانی ئەوەی ئیبراهیم پێغەمبەر دایناوە و ئیسلامی و مەسیحی و یەهودیش پەیڕەوی دەکەن، یان ئەوەی کە مەتتی گوتوویەتی" ئێوە لەچەند کەسێک واتە لەسێ کەس تێپەڕبوون و کۆبوونەوە، ئەوا من لەنێو ئێوەدام". ئەمە دەقاودەق لەقسەکانی سوڵتان سوهاک دەچێ و هەمان قسەی گوتووە بەیارانی خۆی سەبارەت بەجەم، بەڵام ئەوەی کە کاکەیی پەیڕەوی دەکەن، شتێکی کەمێک جیاوازترە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە کە خۆیان وەکو ئاین و کولتوور جودا بکەنەوە و لەسەر ئەو بنچینەیە شوناسی خۆیان دیاری بکەن.
شەوی کەڵە شێرە .. !

## شەوە بێناونیشانەکە

لەبارەی ئەوەی کە لەنێو کاکەییەکاندا نەریتێک هەیە بەناوی شەوە کەڵە شێرە، گوایە کاکەییەکان لەو شەوەدا چرا دەکوژێننەوە و تێکەڵ بەیەکتر دەبن و ئیباحیەتی سێکسی هەیە و دەست پێدەکەن، ئەگەرچی ئەمە وەکو بوختانەکانی دیکەی موسڵمانە توندڕەوەکانە بەرامبەر ئەوانی تر کە بە غەیرە دین ناسراوون، ئەم بوختان کردنە هەمان ئەو جەمەیە کە لەبەشی جەم و نەزر و نیاز باسمان کردوو و عەلی خوسرەوی دەڵێ " موتڵەقەن ئەمەمان نەبیستووە کە لەعێراق وەکو بوختان بۆ خوشک و برا کاکەییەکان کراوە و دژی کاکەیی، ئەمە تەنها بوختانی خودی ئیسلام و ئیسلامی سیاسیە توندڕەوەکانە و لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە بڕواناکەم کەسێک هەبێت بڕوای پێبکات کاکەیی هێندە سەرەڕۆبن لەنەریتی ناشیرین". جگە لەو بوختانە کاکەیی پێیان دەگوترێ شەیتان پەرست وەکو ئێزیدیەکان، چونکە بەشێکی تریان هەیە بەناوی رافزی، یان گوایە کاکەیی مناڵی خۆیان سەردەبڕن وەکو نەزرێک بۆخودا، یان کافرەکان و هتد، عەلی خوسرەوی دەڵێ" ئەم جۆرە بوختانە حازر بەدەستن بۆ دوژمنانی کاکەیی و زۆرمان بینیووە و رەتمان داوەتەوە بەکردەنی و سەلماندوومانە کە بوختانە، بۆ نموونە چەند ساڵێک بەرلەئێستا واتە ساڵی ٢٠٠٥ لەئێران نوسینێک لەرۆژنامەیەکدا بڵاوکرابۆوە و نوسیبووی کاکەیی یان یارسانیەکان، شەیتان پەرستن، ئێمە بەبیستن و خوێندنەوەی ئەم هەواڵە ناخۆشە، هەستاین بەنارەزایەتیەک کە نزیک بە ٢ ملیۆن کەسی کاکەیی چووینە سەر جادە و ناچارمان کردن لەهەمان رۆژنامە داوای لێبوردن بکەن و بۆ گشت خەڵکیش ئاشکرابێت کە کاکەیی بیروباوەڕێکی پاکە و هیچ جار باوەڕی بەو بوختانانە نییە و قەبوڵیشی ناکەن، جگە لەوەش بەنەریتی خۆمان رووە جوانەکەی کاکەیمان بەیان کرد بۆ هەموو

لایەک". عەلی خوسرەوی ئەو پیاوە راستگۆیەیە کە زۆر نهێنی لەسەر کاکەییەکان دەزانێ، بەڵام ئەویش بەهۆی ترسی توندڕەوە ئاینیەکانی دیکە و توندڕەوانی کاکەییەوە ترسی هەیە هەموو شتێک بدرکێنێ". هەڵبەت ئەم ترسەی عەلی خوسرەوی بەشی زۆری کاکەییەکانی گرتۆتەوە بەوانەشەوە کە رۆشنبیری ماتریالیستی و کەسانی مارکسین، بەڵام کە باس دێتە سەر کاکەیی و نهێنییە شاراوەکانیان، دەترسن شتێک بدرکێنن و پێدەکنن، بە مانای ئەوە هەموو خورافیاتە و ئایین مافی کەسی نەپاراستووە، تاکو ئەرک و مافی کاکەیی بپارێزێت لەم ناوچەیەی کە پێی دەگوترێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئیسلامی توندڕەو تێیدا باڵادەست و خاوەن گوتاری زاڵن بەسەر کەمینە مەزهەبی و ئایینیەکانی دیکەوە.
لەبارەی ئەوەی کە کەڵەشێر پیرۆز کراوە لەلای کاکەیی، عەلی خوسرەوی دەڵێ" ئەمە بۆ چەندین سەدە دەگەڕێتەوە، ئەوکات کاکەییەکان بۆ بەرگری کردن لەخۆیان، کە لەجەنگ گەڕاونەتەوە، چوونەتەماڵی هەژارێک و خواردن دروست کراوە لەناویشیاندا کەڵەشێر هەبووە وەکو سیمبولێکی قوربانی بۆ ئەو مەراسیمە ئاینییە، ئیدی سەیدێکی گەورە لەخزمەت سوڵتان بووە و گۆشتی کەڵەشێرەکەی لەگەڵ خواردنەکانی تر کە رەنگە ساوەر یان برنج بووە، بەعادلانە دابەشکردووە بەسەر ئامادەبوان و لەوێوە ئیدی کەڵەشێر بۆتە بەشێک لەکولتووری ئێمە و خواردنێکی دیاری کاکەییە، بەڵام پێدەچێ دوژمنانی کاکەیی ئەو کولتوورەیان بەشێوەیەکی ناشیرین و دوور لە ئەخلاق گواستبێتەوە بۆ ئەو شێوەیەی کە بوختانە بۆ کاکەیی" هەروەک ئەوەی بوختان بۆ کەمینەکانی دیکەی وەکو یەهودی و مەزهەبی شیعە و ئێزیدی و پێکهاتەکانی تر کراون، چونکە بێدەسەڵات بوونە و گوتاری زاڵ لە کوێ بووبێت ئەوان ستەملێکراو بوونە.

## چەمەری و تەمبور

چەمەری شێوەیەک لەشێوەکانی مەراسیمی کاکەیی و بەزمان ماچۆ گوتراوەتەوە و ئێستاش هەمان زمانی ماچۆیان هەیە کە وەکو هەورامیە و لەئەدەبیاتی کوردیشدا زۆر کەڵکی لێوەرگیراوە، لەوانەش شیعرەکانی مەولەوی تاوەگۆزی، عەلی خوسرەوی دەڵێ" چەمەری ئاهەنگێکی سۆفیگەریانەی کۆنی کوردە، ئەمە لەلای ئێمە بۆخۆی مەراسیمی کوردیە بەرلەوەی کاکەیی بێت، ئێمە پێشتر بەتەمبور چەمەریمان کردووە و لەکاتی مردوو بردن بۆ گۆڕستان و ئەو مەراسیمەیان بۆگێڕاوە و ئێستا کەمتر بووە".
تەمبوور کەرەستەیەکە لەکەرەستەکانی موزیک و لەلای کاکەیی پیرۆزە و دەڵێ" ئەمە پیشەی پیشەوای گەورەمان شا خورشینی لوڕستانی بووە، نزیک بە ٩٥٠ ساڵ و سەدەی چوارەم، ئەمەش بۆ تەرویجی ئاینی کاکەیی و سەرەنجام بووە"، لەبارەی ئەوەش کە ئەو تەمبورەی هەیە و ئەو داودەش کە ناوی دێت لەلای کاکەییەکان،

لەحاڵێکدا داوود سەرچاوەکەی داقیدە کە دووەم فریشتە یان مەلائیکەتە و ئەو ئامێرە موزیکیەی بەکارهێناوە بۆ شێوەیەک لەخوداناسین، عەلی خوسرەوی دەڵێ" ئەو داوود پێغەمبەرەی کە لەتەورات ناوی هاتووە و خاوەنی زەبوورەکانە و بەهەمان تەمبوور خودا پەرستی پەخش کردووە، جیایە لەداوودەکەی کاکەیی، چونکە ئەو داوودەی ئێمە یەکێکە لەیارانی سوڵتان ئیسحاق، سوڵتان ئیسحاقیش بۆخۆی شێخێکی بەرزەنجەیی بووە و لەو سەردەمە زووترە کە داوود پێغەمبەرەکەی پێشوو ناوی دێت و بە تەمبور خوداپەرستی کردووە، پیر بنیامین کە لەخوراسان هاتووە و باب و باپیریشی لەسوریاوە هاتوون، بۆیە دەبێ جیاوازی بکرێت لەنێوان هەردوو داوودەکە".

ئەگەرچی کاکەییەکان وابەناوبانگن کەزۆر یەکگرتوون، بەتایبەتی ئەوەی کە جەژنەکانی تایبەت بەخۆیان هەیە و کەس بۆی نیە بەشداریان لەگەڵدا بکات، بەتایبەتی جەژنەکانی وەکو (نەزور و نیاز و زکر) کەسێ جەژنن، بەڵام پێدەچێ ئێستا ئەو مەراسیمانە کاڵبوونەتەوە و بەشێکی زۆر لەوەچەکانیان واتە کوڕ و کچە تازە پێگەیشتووەکانیان، ئامادەی ئەو مەراسیمانە نابن، چونکە بڕوایان پێی نەماوە.

## جوگرافیا و جیاوازی کاکەییەکان

بەوپێیەی کە کاکەییەکان لەلایەن ئاینەکانی دیکەوە ڕێگەیان لێگیراوە کە لەیەک شوێندا کۆببنەوە و نیشتەجێبن، پەرشوبڵاوبوونەتەوە بەسەر چەند شوێنێکی جودا، جگە لەئێران کە لەلوڕستاندا هەن، "لەچەند ناوچەیەکی کافکاس هەن و لەهەریەک لە وڵاتانی عێراق و سوریا و لوبنانن، هەروەها لە ناوچەی قارس و هەرێمی ئیلیزابیس پۆڵ، بۆیە لەهەر شوێنێک بن کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆیان هەیە، لەعێراق لەگەرمیان و لەخوارووی کەرکوک هەن و بەعەلی سەرا ناسراون و شوێنی سەرەکی کاکەییەکانە و جەم و جەمخانەی لێدەکرێ، لەهەورامان و هەڵەبجە کەپێیان دەڵێن هاواری و لەگوندی هاوار بونیان هەیە، لەسنووری کەرکوک و لەناحیەی داقوق کە پێی دەڵێن تاوغ، لەو گوندانەش". (٢٣) جیاوازی لە جوگرافیای نیشتەجێبوون کە بریتیە لە ٤ شوێنی جیاواز کە ڕەوانسەر و دیوی ئێران و هەواری هەورامان ی عێراق و عەلی سەرای کەرکوک و سوفەیەی شارۆچکەی کەڵەک کە سەر بە پارێزگای هەولێرە، ئەمە جیاوازی لەنێوان شێوەی بەکارهێنانی کولتوور و نەبوونی شارەزاییەکی باش لەنێوان کاکەییەکان دروست کردووە، هەر بۆ نموونە مەسەلەی گوێز شکاندن لەلای کاکەییەکانی سەفەیە بوونی نییە و شارەزاییان لەبارەی ئەو سرووتەوە نییە، هەروەها نەبوونی پەرستگا لە سوفەی و لە ناوچەی هاواری هەورامان، کەچی لە عەلی سەرای کەرکوک هەیە، ئەم جیاوازیە لە داتای خۆیان جیاوازی و گومانیش لە بڕواداریيان دروست بووە.

کاکەیی ڕێژەکەشیان کە ئامارێکی کۆنە و ڕەنگە ئێستا گۆڕابێت بەهۆی تێکەڵبوونیان لەتەک پێکهاتەکانی دیکە و ژن و ژنخوازی و زاوزێ، لەساڵی ١٩٨٢ نزیکەی ٢٠٦٣ کەس بوونە، لەکاتێکدا ساڵی ١٩٥٧ کە ئامار کراون، نزیکەی ٢٦٦٢ کەس بوونە، بەڵام پێدەچێ بەهۆکاری ئەوەی کە تەعریب و ڕاگوێزراون بۆ شوێنانی دیکەی کوردستان، ڕێژەکەیان کەمتر بوونەتەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی کە مەترسی لەناوچوون و ڕاگواستنیان نەماوە، ڕێژەکەیان بۆ نزیکەی زیاتر لە(٧٠٠) هەزار کەس زیادی کردووە، هەروەها لە (کفری و کەلار و خانەقین و ئەنبار و مەندەلی) بونیان هەیە، لەسنووری شاری چەمچەماڵ چەند گوندێک هەن، لەوانە چۆڵمەک و لەکاوە و هتد، بەڵام ئەم گوندانە بەشی زۆریان بوون بە موسڵمان و ناچار کران، بەڵام هێشتا خۆیان بە کاکەیی دەزانن وەکو پیکهاتەی کۆمەڵایەتی، بەڵام وەکو ئاین خۆیان بە ئیسلام دەزانن و پەیوەندیشیان لەتەک کاکەییەکانی دیکەدا هەیە لەناوچەکانی تر جگە لەوەی هیچ بەشدارییەکیان نییە لە جەم و جەمخانە و جەژنەکانی دیکە و مەراسیمەکانیان، ئەمە جگەلەوەی کە نەوەی نوێیان کاکەیی ناناسن، هەروەها لەسنووری هەولێر چەند گوندێک هەن سەر بەناحیەی خەباتن، واتە کەڵەکی یاسین ئاغای کۆن، لەوانەش (سوفەییە و مەترات و شەش گوندی ترە و لەوانەش گوندەکانی (وردک و زەنگل و تیلەبەن و کولەبۆر و گەزەکان و کەبەرلو) کە بڕوایان بەئاینی کاکەیی هەیە، هەروەها لەموسڵ لەگەڕەکی عەتشانە و نەبی یونس و تەلەعفەر، هەروەها لەئێران ناوچەی خوراسان و لوڕستان و مەریوان و کرمانشان و هتد. لەتورکیا و میسر و سوریا و روسیا هەن، بەڵام ڕێژەی خێزان و کەسەکان دیاری نەکراون بەنزیکەش دیارنیە چەند کەس دەبن و چۆن گەشەیان کردووە، چونکە ئامارێکی راستەقینە لەبەردەستدا نیە کە بزانرێ چەند هەزار کەسن، ئەمانە بۆیە لەیەک سنوور نەماون، چونکە بەپێی قسەی خۆیان ناحەزەکانیان لەمێژووی کاکەیی دا، ڕێگەیان لێگرتوون و ستەمیان لێکردوون، یەکێک لەو ناحەزانەش کە زۆر باسی لێوە دەکەن، ئاینی ئیسلامە لەکاتی فتوحاتەکان پەرشوبڵاوی کردوونەتەوە و ڕێگەیان لێگیراوە کۆببنەوە، لەترسی ئەوەی گەشەبکەن، بەڵام هەر کۆمەڵێک کە لەشوێنێک یەکیانگرتووە، مەراسیمی خۆیان دەکەن و بڕوایان بەئاینەکەی خۆیان هەیە و بەرگریش لەو بڕوایە دەکەن کە هەیانە، بەڵام لەهەندێک شوێن لەئاینەکەی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە و بوونە بەئیسلام، ئەمە جگەلەوەی کە تاک تاکە لەشارەکانی تری کوردستان هەن و لێپرسراویشیان هەیە لەحکومەتی کوردی و لەعێراقیش بەهەمان شێوە، لەبوارەکانی رۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی و هتد، کەسانی شارەزایان هەیە و ناویان لەنێوەندەکاندا ناسراوە و وەکو پێکهاتە و وەکو ئاینیش هەم جودان و هەم ئازادن لە مومارەسەکردنی سروتە ئاینیەکانیان و خۆشیان بە بەشێک لە نەتەوەی کورد دەزانن.

# دۆنایدۆن

دۆنایدۆن چەمکێکی روحی ئاینیە و لەلایەکی تر فەلسەفەیەکە بۆ رەواجدان بەئەفسانە و چیرۆکە ئەفسانەییەکان، مەبەست لێی گواستنەوەی روحێکە بۆ روحێکی تر کە لەهەندێک ئاینی پاشماوەی میترایی و مانی هەبووە، بۆیە لەنێو هەندێک لەئاین و ئاینزاکان لەدونیادا دۆنایدۆن هەیە و جێگەی باوەڕە، بەتایبەتی ئاینی یارسان و ئێزیدیاتی لەکوردستان.

هەڵبەت دەبێ وشەکە وەکو دوو بەش لەیەکتر جودا بکەینەوە، "وشەی دۆن کە وشەیەکی تورکییە لەبنەچەدا و بەمانای کراس گۆڕین هاتووە، واتە بەپێی ئەم مەبدەئە گیانی هەر مرۆڤێک ١٠٠١ جار لەش بگۆڕدرێت، واتە ئەوەندە جار بمرێت و زیندوو بێتەوە" (٢٤). هەڵبەت وشەی دۆنایدۆن ئەومردنە جەستەییە نییە کە تەنها لاشەیەک نامینێ بەڵکو تەعجیزیە و لەدوای خۆی بوونێکی دیکە هەیە شانازی پێوەدەکات و ئاسەوارێکی دیکە بەجێدەهێڵێ کە لەپێناسە باوەکە مانایەکی نییە، چونکە رووحیش لەوێدا نامێنێت، بەڵام لەدۆنایدۆن دا کردەیەک هەیە خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە ئەویش گواستنەوەی روحێکە بۆ روحێکی تر کە جەستەی مردووەکە لەجەستەیەکی دیکەدا دێتەوە ژیان و ئەکتیڤ دەبێتەوە، بۆیە لەنێو زمانیش مانای جیاوازی هەیە کە نە عەقڵ و نە لۆژیک قەناعەتی پێناکەن، چونکە پارێزگاری لەو بوونە دەکات کە لەناوەوەی خۆی سیحرێک هەیە، ئەویش جۆرێکی تری نەمری یە و تائەو رادەیەی مردنیش دەمرێنێت وەکو چەمک.

دۆنایدۆن جۆرێک لەقەناعەتە کە ئینسان دەمرێ تەنها جەستەی دەڕوات و ئەوانی تری کۆمەڵ و حاڵەتە کۆمەڵایەتیەکە جێدەهێڵێ، بەڵام دواجار روحەکەی زیندووە و دەگەڕێتەوە و دەچێتە جەستەی کەسێکی ترەوە. بەشێک لەئاینەکان باوەڕیان بەدۆنایدۆن هەیە، واتە (تناسخ الارواح) لەکاتێکدا ئەم چەمکە فەیلەسوفەکانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان باسیان لێوە کردووە و رەهەندی فەلسەفییان پێداوە نەک رۆحی و ئایینی، لەهەندێک شوێنیش دەگوترێ ئاینی بوزی و هیندۆسی و ئەو ئاینانەی گوایە ئاینی سەر زەمینین نەک ئاسمانی بوونی هەیە، فەلسەفەکە وەکو بڕوایەک لەلایەن بڕوادارانی ئەو ئاینانە، هەروەها ئاینەکانیش بەتێکڕا بەناڕاستەوخۆ و راستەوخۆ باوەڕیان پێیەتی، بۆ نموونە مەسیحی کە بڕوایان وایە مەسیح دەگەڕێتەوە و لەلای ئاییینی ئێزیدیش هەمان تێڕوانین هەیە کە ئەوان بەکراسێک دەیشوبهێنن کە کراسی شێخی گەورە شێخ ئادی کوڕی موسافیر بووە. جگە لەئەوان ئاینی مەجوسی و سابیئەش بڕوایان پێیەتی، چونکە وەکو شەهرستانی لەکتێبی "الملل و النحل، بەشی دووەم دەڵێ" ئەو ئاینانەی کە بڕوایان بەو دۆنایدۆن هەیە، بڕوایان بەمردن و دوا رۆژ واتە قیامەت نییە". دواجار ئاییینی موسڵمانیش بڕوای بەهاتنی محەمەدی مەهدی هەیە و گوایە بەهاتنی ئەو زاتە ئارامی و هێمنی بۆ ژیان دەگەڕێتەوە کە ژیانێکی دیکە دەستپێدەکات.

بەشێک لەئاینەکان باوەڕیان بەدۆنایدۆن هەیە، واتە (تناسخ الارواح) لەکاتێکدا ئەم چەمکە فەیلەسوفەکانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان باسیان لێوە کردووە و ڕەهەندی فەلسەفییان پێداوە نەک ڕۆحی و ئایینی، هەروەها ئایینەکانیش بەتێکڕا بەناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ باوەڕیان پێیەتی، بۆ نموونە مەسیحی کە بڕوایان وایە عیسای مەسیح دەگەڕێتەوە و لەلای ئایینی ئێزیدیش هەمان تێڕوانین هەیە کە ئەوان بەکراسێک دەیشوبهێنن کە کراسی شێخی گەورە شێخ ئادی کوڕی موسافیر بووە. جگە لەئەوان ئایینی مەجوسی و سابیئەش بڕوایان پێیەتی، چونکە وەکو شەهرستانی لەکتێبی "الملل و النحل، بەشی دووەم دەڵێ" ئەو ئاینانەی کە بڕوایان بەو دۆنایدۆن هەیە، بڕوایان بەمردن و ڕۆژی ئاخیرەت واتە قیامەت نییە".
دکتۆر تەها الهاشمی لەو لێکۆڵینەوەیەیدا باسی ئەوەی کردووە کە ئەم داتایەی لەخودی کاکەییەکان وەرگرتووە و دەڵێ "تەڵقینی کاکەییەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاینەکانی دیکە، بۆ نموونە ئەوان کە تەڵقینی مردوو دەدەن، ئەمە دەڵێن (ئەگەر مونکیر و نەکیر هاتن بۆلات، بڵێ گەنم و جۆم هەبووە هەموو لە عەمباری فڵانە کەسدایە کە مەبەست لەکەسە نزیکەکەیەتی، ئەگەر ویستی بیدەرێ و ئەگەرنا تەشتێک نیسکی پێبدە و ئەگەر ئەویشی نەویست و ڕازی نەبوو، فنجانێک شەرابی پێبدە و بڵێ من کاکەیی م وون بە لێم و بچۆ بۆلای کەسێکی دیکە، ئەوکات لەلات دەڕوات و تۆ دەچیت بۆ بەهەشت، ئەمە یەکێکە لەو دیاردانەی کە کاکەیی دەیسەلمێنن بڕوایان بە مردن نییە و ئەوان پێیانوایە زیندوو دەبنەوە و لەروحێکی دیکەدا دێنەوە ژیان". (٢٥). ئەو دانپێدانانە ئەگەر بە ناڕاستیش بێت کە کەسی مردوو عەمباری گەم و جۆی هەیە کە لەکۆنەوە هاتووە، مانایەکی یەکسانی خوازی دەبەخشێت کە لەدوای خۆی هەموو موڵکەکانی دەبەخشێت بە ئەوانی تری دەستکورت، دەنا هیچ فەلسەفەیەک لە پشت ئەو ئاشکرا کردنەی عەمباری گەنم و جۆ یان وەکو ئەوەی ئێستا بکرێت بە موڵکی دیکە مانایەکی دیکەی نییە، کەواتە وەکو یەکسانیخوازییەک لە شێوەی یەکسانیخوازی لۆکاڵی ئامریکای لاتین لە نێو کۆمەڵی کاکەیی هەیە.
بەهەرحاڵ ئەگەر کەمێک لە ئایینی کاکەیی دوور بکەوینەوە و ئاینەکانی دیکەی دەرەوەی عێراق و کوردستان تەماشا بکەین، دەبینین بەشێک لەئاینی هیندوسیەکان و بودیەکانیش هەمان بڕوایان هەیە کە روحێک دەڕوات لەجێگەی ئەو روحێکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە، یان دەچێتە جەستەی کەسێکی دیکە کە لەدایک دەبێ، " ئەوەی کە دەڵێ نەفسێک واتە روحی کەسێک بمرێ و دووبارە لەدایک دەبێتەوە و دەبێتە کائینێکی زیندوو لەنوێ ئیمانی سمسارا، هەروەها ئەو ئیمانەی کە دەڵێ لەدونیادا یان لە دونیایەکی تردا، ببینن دەرەنجامی کردەوەکانی دەخاتە سەرشان، ئەوەش بە کەرما ( karma) ناسراوە، هەڵبەت ئەم تێگەیشتنە عەقیدەییە کە لەلای بەشێک لە ئاین و ئاینزاکانی هیندستان هەیە، وردبینی و شرۆڤەی بۆ کراوە کە بڕوای تەواویان پێی هەیە و بەقسەی خۆیان ئەزموونیان کردووە، چونکە لەلای ئاری فیدییەکان هیوایەکی تەواو

هەیە بەو بەختەوەرییە مادییەی کە دونیایەکی دیکە هەیە و لە ئاسمانەوەیە دوای مردن، ئەم تێگەیشتنە دواتر بۆ خوداوەندەکانیش بوو بەدیاردە کە مرد دەبێت جارێکی تر لەنوێ زیندوو بێتەوە" (٢٦). لێکۆلەرەکە جگە لەو نموونەیە باسی ئەوەدەکات کە زۆر عەقیدەی دیکە هەن کە لەشێوەی کۆمەڵەیەک باوەڕێکی نیمچە ئاینیان بۆ خۆیان دروست کردووە و هەمان باوەڕیان بەوە هەیە کە دەمرن و زیندوو دەبنەوە، ئەمە بەزۆری لە هیندستان و نیپاڵ و پاکستان بانگلادیش هەن کە گوایە روحی تاک هەرچەند هەڵبێت لە مردن، هەر دەبێت بمرێت، بەڵام بۆ دوڵنیایە جارێکی تر زیندوو ددەبێتەوە، رەنگە ئەم تێگەیشتنە عەقیدەییە بۆ ئەوە بیری لێکرابێتەوە کە مردن نەبێتە گرێییەکی دەروونی و ئینسان لەداخی مردن بێهیوا بێت یان لەڤینا چاکەکار نەبێت و هەمیشە بیر لە خراپە بکاتەوە.
بەپێی بۆچوونی یارسانیە کۆنەکان جەستەی ئینسان لەلایەن خوداوە دروستکراوە و یەکەم جاریش حەزرەتی ئادەمی دروستکردووە خودا، یەکەمجاریش بەرجەستەبوونی روح لەلایەن حەزرەتی عەلی بووە، پاشان ئەو بەرجەستە بوونە لە تەنیشت هەریەک لە بالوولی مایی و باوا سەرهەنگی دەودانی و باوا ناووسی جاف و شاخوسێنی لوڕستانی و دواجار سوڵتان سوهاک بەرزنجی بووە، هەروەها ریوایەتێکی کاکەییەکان هەیە دەڵێ بەرجەستەبوونی روح لەهەر کەسێکدا چوار فریشتە و بازنەکانی هەفتەن و هەفتەوانە هەندێکجاریش چلتەن، ئەم تەنانە لەرێگەی دۆنایدۆنەوە دووبارە بوونەتەوە. لەمبارەیەوە یارسان شیعر و سروودی تایبەتیان هەیە بۆ سەلماندن و قەناعەت پێکردن بەو باوەڕە ئاینیە. شیعرەکە بەم شێوەیەی خوارەوە یە

(حەفت دونەن بەیان بۆ ڤاچان پێتان
تەحقیق بزانان مەعلوم بۆ لێتان
ئەوسا نە لەوبی ، نە ئاریا بی
نەئەرش نە فەرش جهان دەریابی
مەولا ڤەدوڕبی دور ڤە تەی دەریا
ڤە دوڕ بەر ئاما، جهان کەرد مەهیا ).

لەشوێنێکی دیکە دەڵێن مرۆڤ لەکاتی مردندا رۆحەکەی لە جەستەی جیادەبێتەوە، هەموو روحێک هەزار و یەک تەن دەگەڕێت و ئینجا دەچێتە دونیای جاویدان و نەمری، بەمەش دەوترێ نەمری و دۆنایدۆن، ئەوان پێیانوایە مردن وەکو مراویەک وایە و ناخنکێت، کە دەچێتە ژێر ئاو، دواتر لەشوێنێکدا سەر دەردێنێ. لەمبارەیەوە و لەدەرەوەی ئەو کتێبانەی لەسەر یارسان لێکۆڵینەوەیان لەبارەی کاکەیی کردووە و لەدەرەوەی تێکست و عیلمی کەلام و مێژوو، بەزیندوو عەلی خوسرەوی کە سەیدێکی کاکەییەکانە و خەڵکی دیوی هەورامانی تەختە و زۆر بڕوای بەو دۆنای دۆنە هەیە، دەڵێ" ئێمەش وەکو کاکەیی باوەڕمانوایە کە کەسێک دەمرێت، دوای ئەوە کەسێکی تر لەدایک دەبێ و جارێکی تر ئەو روحە دەگەڕێتەوە لەگەڵ لەدایک بوونەکە، واتە لەگەڵ

مردنی کەسەکە تەنها جەستەی دەڕوات، بەڵام روحی هەر دەمێنێت و دەچێتە جەستەی کەسێکی ترەوە، چونکە بەنی ئادەم لەچوار توخم پێکهاتووە، (ئاو، ئاگر، خۆڵ، با) ئەمە سرووشتی بەنی ئادەمە و تەکوین نەبوو تاکو خوداوەند پێکیهێنا، لەوجوودی هەر ئینسانێک زاتی خودای تێدایە و هەموو کاکەیش قەناعەتیان بەم لۆژیکە هەیە، چونکە خوداوەند نامرێت". بەڵام ئەوەی کەزانراوە روحێک کەلەروحێکدا درووست دەبێتەوە، مەرج نیە لەکاکەییەکەوە بۆ کاکەییەکی دیکە بچێت، رەنگە بچێتە روحی کەسێکی دیکەی دەرەوەی کاکەیی، بەڵام دەکرێ پێی بڵێین ئەو روحە، روحی فلانە کەسە کەرەنگە پیر، یان سەیدێک، یان پیاوچاکێکی کاکەیی بێت. بۆئەمە روایەتێک هەیە کە لەنێو کاکەییەکان هەیە، "ژنێک ئەگەر سکی پڕ بێت و خەوێک ببنێت بەپیاوێکی روحانی کاکەییەوە، دواتر کە منداڵی دەبێت، دەڵێت ئەوە روحی فلانە کەسە کەلەخەوما بینیومە، بۆیە ناوی ئەو مناڵە بەناوی ئەو پیاو چاکەوە دەنێن". (٢٧). هەروەها لەشوێنێکی دیکەدا لەسەر روح و دۆنایدۆن، بڕوای کاکەییەکان وایە کە ئینسان بەهەزار و یەک دۆندا تێدەپەڕیوە، لەدواجاریشدا ژمارە ١٠٠١ روحەکە دەگاتە ئاسمان و دەبێتە نور، بەڵام جەستەکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە و لەرۆژی ئاخیرەت هەڵدەستێتەوە کە پێی دەڵێن (کرد و کەرەم). (٢٨). روحی ئینسان لەدابەزین و سەرکەوتندایە و ئەوانەی کە دەچنە بەهەشت، ئەوانەن کە لەگڵ درووست بوون، ئەوان پێی دەڵێن (زەردە گڵ). ئەوانەش کە پێیان دەڵێن هەفتەوانە، ئەو حەوت سەیدەن کە روحیان لەسجلی دەفتەرەکەی پیر موسێ نووسراوەتەوە. بۆیە هەر بەپێی ئەو بڕوا و فەلسەفە ئاینیە بێت کە یارسانەکان هەیانە، یەکێک لەو رابەرانی رۆحی ئایینەکە کە پێشتر ناومان هێناوە و ناوی شاخۆشینە و پێشتر مەولا عەلی _ ئیمامی عەلی بووە و رۆحی گواستراوەتەوە، وەک لەم شیعرەدا دەردەکەوێت.

(من جەن تەریقەت ئاوم بی زەڵال
وەنام خۆشێن ئامام وەرووی کار
دویست ساڵ نەی وەر نەدوون مەولام
ئامام وەبیسات وەشیرین کەلام).

ئەمەش بەو مانایە دێت کە من ئێستا ناوم شاخۆسینە و پاش دوو سەد ساڵ لەمەوبەر مەولا عەلی بووم. ئەو مەسەلەیەی کە بڕوابوون بە (ئاو و ئاگر و خۆڵ و با) یە. بابەتێکی هەستیارە و بەشی زۆری ئاینەکان بەتایبەتی ئاینە کۆنەکانی سیخی و هیندۆسی و سابیئی و تەنانەت ئیسلامیش بڕوایان پێیەتی کە ئەم رەگەزە زیندووانەی سەر زەمین کە هەرکەیان پێکهاتەیەکی زیندووە و دەتوانن پێکەوە ژینگەیەکی نوێ درووست بکەن و ئینسان بەشێکە لەو پێکهاتانە و لەو ژینگەیەدا خوڵقاوە و پیاوچاکەکان لەرێگەی ئەو رەگەزانەوە گەڕاوەتەوە بە روحی و خۆی و بەجەستەیەکی دیکەوە.

هیچ ئاینزایەک بە بارتاقای کاکەییەکان بڕوایان بە سەید و پیاوە روحانیەکانیان نییە، بۆیە کە قسەی ئەو پیاو چاکانە بە نمونە دەهێننەوە، ئەگەر کەسی زانستی و پێشکەوتووخوازیش بن، بڕوا بەو قسەیە دەکەن، تائێستا لەنێو خۆیاندا هیچ جۆرە موناقەشەیەک نییە لەوەی ئەو چیرۆکانە لەگەڵ تێگەیشتنی سەردەم بۆ دونیابینی و ئایینزایی کرابێت، بۆیە ئەو تێکستە شیعریانە لەنێو مەحفەلی کاکەیی بەکاردێت و بەشێکی گەورەیە لە عەقیدەی ئەوان، ئەگەر نا چۆن ددەبێ کەسێک بەخۆی بڵێت من فلانە شێخ و پیر و پیاوچاکم و گەڕاومەتەوە نێوتان.
تا ئەو رادەیەی کە پیاوە روحانیەکان کە پێی دەڵێن (پیر) هێندە لەژێر ئیتاعەی ئەو پیاوەن ئەوەندە لەژێر رێسا و یاسای دەوڵەت نین، ئەو پیاوە روحانییە چاوی لەهیچ شتێکی ماڵی دونیا نییە و بەشێوەیەکی زۆر خاکی و سادە دەژی، بەڵام وەکو زانراوە بۆی هەیە مامەڵە بە موڵکی هەموو کاکەییەکانەوە بکات ئەگەر لایان نەدابێت لە رێساکە، بۆ نموونە لە کاتی لێقەومان پیر هەڵدەستێک بە کۆبوونەوەیەک بە کاکەییەکان و بەنهێنی کێشەکە بەپارە و ماڵی دونیا چارەسەر دەکات و لەسەر هەموو کاکەییەکیش فەرزە بەشداری بکات. ئەمە یەکێک لە کارە گرینگەکانی پیر و پیاوی روحانی و ریش سپی کاکەییە کە تائێستاشی لەگەڵ بێت ماوە.

## دوانەیی ئایین

هەموو ئاینەکان لەسەر بوونی یەکتاپەرستی خودا کۆکن و نکوڵی لێناکەن، بەڵام لەشێوەی خوداپەرستیەکەیان جیاوازیان هەیە، ئەمە جگە لەوەی لەرووی کولتووری و پەرستگا و شێخ و پیر و پێغەمبەرەکانیان و کتێبەکانیان زۆر جیاواز لەیەکتر بیر دەکەنەوە، رەنگە خاڵی یەکەمی جیاوازیەکەیان، ئەو کتێبە بێت کە لەرێگەیەوە خودا دەپەرستن، سەرەنجام کتێبی پیرۆزی کاکەییە، ئاینی ئێزیدی کە بە (جیلوە و مەسەفا رەش) ناسراوە، خاڵی هاوبەشیان زۆرە لەگەڵ کاکەییەکان، وەکو لەبەشی ئێزیدیەکان باسمان کردووە، مەسەلەی دانانی سمێڵ و پیر و سەید و چینە جیاوازەکانی ئاین و خودا پەرستی، هەروەها جەم و جەمخانە و دۆنای دۆن و کەلام کە لەلای ئێزیدیەکان قەوڵی پێدەڵێن، لەبارەی سمێڵ داناوە عەلی خوسرەوی بەشیعرێک وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ" سمێڵ نیشانەی دەرەجەی یارە، سمێڵ لەجوملەی شەرت و قەرارە".
هەروەها ئەو دەڵێ "ئەمە لەکاتی سوڵتان سوهاکەوە بۆمان ماوەتەوە کە فەرمانە، یان بەمانای فەریزەی کولتووری و ئایینی کاکەیی و یارسانی هاتووە و دەبێ هەموو کاکەییەک بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی کاکەیی وەکو سیمبولیک بێت، هەروەها ئێمە بەرلە ٧٠٠ ساڵ جەمعێکمان هەبووە بەناوی جەمی هەفتە، لەوانە دووان ژن بووە کەرابەر بوونە و حەوتی پیاو، ئەوکات جیاوازی ژن و پیاو لەناو کاکەیی نەبووە، پیاو

سمێڵی هەبووە، ژنیش دەسماڵی سوور، بەڵام کە سایەتیان چوون یەک بووە و ژنیش وەکو پیاو خاوەن کەسایەتی خۆیان بوونە".
ئەوەی کە پەیوەندەی نێوان کاکەیی ئێزدی پێکدەهێنێ، ئەوەیە کە شێوازی رۆژوو گرتنیان لەیەک کات و سێ رۆژە لەیەک مانگدا، هەروەها شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکی ئەفسانەی بوون و ئاینیان وەکو یەکە، بوونی جەم و جەمخانە، وەکو ئەو جەمایەیە کە ئێزیدیەکان هەیانە، هەروەها ئەو جەمەی کە هەردوولا هەیانە و ژنانیش لەدەرەوەی جەمەکەن، چون یەکن و بەهەمان مەراسیم تێپەڕدەبن. قەول و کەڵام کە لەئایینی ئێزیدی هەیە، لەنێو ئاینی کاکەیی هەیە و لەکاتی مەراسیمە جیاوازەکاندا دەخوێنرێ. هەروەها جەژنەکانیشیان بەیەک دەچێ و هەندێکیان لەیەک کاتدایە. مەسەلەی هاوسەرگیری کە یەک ژن پێویستە و تەڵاق حەرام کراوە، لەهەردوو ئاینەکە وەکو یەکە، واتە هەر پیاوێک بۆی هەیە یەک ژن بخوازێت و بەبێ هۆ بۆی نییە ژنی خۆی تەڵاق بدات.
ئەوەش کە پەیوەندی بەئاینی زەردەشتیەوە هەیە لەگەڵ کاکەیی، ئەوەیە کە بڕوایەکی تەواوی هەندێکیان هەیە، ئەم ئایینە واتە کاکەیی و دەقی سەرەنجام، بەشێکە لەکولتووری ئاینی زەردەشتی و ئاڤێستای ئاینی زەردەشتی، بوونی پیاو لەنێو ئایینی کاکەیی وەکو سەردار، هەروەها بوونی سمێڵ وەکو رەمزی پیاوەتی، لەنێو هەردوو ئاینەکە چون یەکن و جیاوازیان نییە.
"هەوڵدانی رێبەر و موریدە کۆنەکانی یارسان و شوێنکەوتوانیان بۆ زیندووکردنەوەی ئاینی کۆنیان، تەنها لە چوارچێوەی پارێزێگاریکردن لەو دوو ئایینە نەبووە، بەڵکو هەندێک جاریش بەرەنگاربوونەوەی ئەو ستەمە بووە کە حوکمڕانەکانی هەردوو دەوڵەتی لەشوێن یەکی (ئەمەوی و عەباسی) بەرامبەریان کردوویانە، بۆیە ئەگەر بەسەرچاوە مێژووییەکاندا بچینەوە دەبینین، لەسەدەکانی دووەم و سێیەمی کۆچیدا، چەندین راپەڕینی گەورە و شۆڕش دژی حکومەتی خەلافەتی ئیسلامی سەریانهەڵداوە، نموونەش، یەکەم: راپەڕینی زەنگییەکان بەرامبەر عەلی کوڕی محەمەدی بورقعی عەلەوی. دووهەم: راپەڕینی بابەکی خوڕەمی. سێهەم: راپەڕینی هاشم کوڕی حەکیم ناسراو بە (المقنع) هەنیدَکیش لەو راپەڕینانە توانیویانە هەتاکو ئەستەنبوڵ بچن". (٢٩).
بۆیە راستە کاکەیی و ئاینزاکانی دیکە کە هەم سەربە ئاینەکانی رابردوون کە ئاسەوارێکی کەمی ماوە لەڕووی مێژووییەوە و شوێنکەوتوانیان نەمان، هەم بۆ مانەوەی خۆیانە وەکو ئەوەی پشت بەو رابردووە ببەستن و نەبن بە ئاینێکی ناحەز و بێ رەسەنایەتی و شوناسی جوگرافی، ئەم مانەوەیەش بۆ کاکەییەکان لەنێو هەموو شەڕو شۆڕو ململانێی نێوان سەفەوی و عوسمانی لەناوچەکە کە هەردوولایان موسڵمان بوونە یان بڕوایان بە شێواوی حوکمی ئیسلامی بووە، باشترین سەلمێنەری ئەو راستییەن کە کاکەیی خۆڕاگر بوونە لەبەرامبەر سڕینەوەیان، بەڵام ئەمە گومانی

بۆ ئایین و شوێنکەوتووەکانیان نەسڕیوەتەوە کە تائێستاش هەیانە گومانیان لە ڕەسەنایەتی ئایینەکە هەیە. (٣٠).
تاکە شتێک کە دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوان ئەم دوو ئاینزایە واتە (کاکەیی و ئێزیدی) ئەوەیە کە کاکەییەکان لە مەزهەبی شیعەگەرێتیەوە نزیکن و بەشێکی زۆریان بە ناڕاستەوخۆ، عەلی کوڕی ئەبی تالیب بە سەرەتای ناوی خودا و نوێنەرایەتی خودا دەزانن، هەرچی لەبارەی ئێزیدیەکانەوە هاتووە، بەوە ناسراون کە درێژە پێدەری مەزهەبی سوننەی ئیسلامن و بەو دەلیلەی کە شێخ ئادی کوڕی موسافیر زۆر لە شێخ عەبدولقادر گەیلانیەوە نزیک بووە، یان پێیان دەگوترێ پاشماوەی یەزدیەکان کە مەبەست لە یەزدی کوڕی موعاویە یە، بەڵام ڕاستیەکەی بە پێی مێژوویان بێت هەردوو ئانەکە هیچ ڕەگێکیان ناچێتەوە سەر ئەو ئاینە و ئاینی سەربەخۆن وەکو لە تێکست و قەولەکانیان دیارە، یان لە کولتوورەکانیانەوە دەردەکەوێ، یەعنی هاڵی جیاوازی ریشەیی نێوان ئێزدی و کاکەیی، وەکو ئیسلام وان کە لەسەر دوو مەزهەبی سوونیە و شیعە نارێکن و نەگونجاون ئەویش بەهۆی پەیوەندی کۆنی فیگەر و ئایکۆنە ئاینەکەیانەوەیە کە سوڵتان سوهاکە لە عەلەوییەکان نزیک بووە و شێخ ئادی ئێزدییەکانیش لە سوونەکان و بەتایبەتیش شێخ غەبدولقادری گەیلانی نزیک بووە.

## قەول و کەڵام

کاکەیەکان وەکو هەر ئاینێک کەسەرەتا بە قەول و کەڵام و قەوال هەبوونە و دواتر تێکستەکانیان نوسراوتەوە و بووە بە دەقی پیرۆزیان، ئەوان لێکچوونێکیان هەیە بەهەمان شێوە و بەتایبەتی وەکو ئێزیدیەکان قەول و کەڵامیان هەیە و نوسراوەتەوە و کاری پێدەکەن، هەڵبەت ئەو قەولانە وەکو دەقێکی پیرۆزە و بەشێکیشە لەدەقی سەرەنجامی پیرۆزی کاکەییەکان، بۆنموونە ئەم قەولانە بەشێکیان وەکو موعجیزە تەماشا کراون و بینراون، وەختێک شێخ عیسێ کاتێک دەیهەوێ بچێت بۆ زیارەتی مەککە، داوا لەسوڵتان سوهاک دەکات لەناوچەکە بمێنێتەوە، ئیدی شێخ بەو مەرجە دەڕوات و کەشکۆڵێک دەکاتە شانی، دەروێشەکانیشی لەگەڵ شێخ خۆیان ئامادە دەکەن، بەڵام سوڵتان سوهاک دەچێتە ژوورەکەی خۆی و دەرگا لەسەر خۆی دادەخات، بەباوکی دەڵێ" تۆ بڕۆ من لێرە دەمێنمەوە". ئیدی دەڕۆن و لەرێگە شوانێک دەبینن، شێخ داوا لەشوانەکە دەکات کە مەڕێکیان پێبدات بۆ ئەوەی گۆشتەکەی بخۆن، شوانەکە داواکەی ڕەتدەکاتەوە و پێی دەڵێ بەبێ بەرامبەر بزنێکتان دەدەمێ، پاشان ڕێگە دەبڕن، کاتێک دەگەنە مەککە، دەبینن سوڵتان بەر لەئەوان گەیشتووە، لەو کاتەدا دەیبینن مەلائیکە ئیزرائیل دادەبەزێتە خوارەوە، بۆ ئەوەی روحی شێخ بکێشێ، سوڵتان ئەمر دەکات دواییخەن و دەڵێ" ئەوەڵ ببخشە بەگوناه شوانە.... دووەم لاشەکەی بەرە و ئەویانە" دواتر دەگەڕێنەوە بۆ بەرزنجە و لەوێ خودا روحی شێخ عیسێ دەکێشێ و

دەمرێ، ئیدی دوای مردنی باوکیان براکانی لەسوڵتان تووڕە دەبن و دەبێتە شەڕیان و بەناچار موڵکەکەیان دابەش دەکەن، سوڵتان جگە لە هەندێ شتی بەسیت بەولاوە هەڵناگرێ وەکو میراتی باوکی، ئەوانیش (فەرش و سفرە و قەدەرەکانی باوکی) یەتی، ئیدی براکانی بەناوی (بنیامین و داود و پیرمۆسێ و مستەفا داودان و دایکیان، دەمێننەوە و ئەو گوندەکە جێدەهێڵن، دواتر پرسیار دەکەن سوڵتان لەکوێیە، دەڵێن رۆیشت و هەموو شتەکانی باوکمانی برد، ئەوانیش پێیان دەڵێن، موڵکە گەورەکە ئەو بردوویەتی و کەرامەتەکە دەستی ئەو کەوتووە، ئیدی بەسەرکردایەتی سێ دانە لەبراکانی سوپایەک درووست دەکەن و بەدوایاندا دەڕۆن و لەوێ دەبینن لەئەشکەوتی (مەڕنۆ) لەناوچەی شارەزوور کوژراون". (٣١) پێدەچێ کاکاییەکان بەر لە ئێستا بڕوای تەواویان بە ئیسلام هەبووبێت بۆیە چوون بۆ مەککە، ئەمە ئەگەر بەزۆریش ببوون یان کرابن بە ئیسلام، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوان جگە لەوەی بەخۆیان دەڵێن ئایینی سەربەخۆ، بەڵام پێدەچێ وەکو پاشماوە و جۆرێکی تری ئیسلام بووبوون، ئەگەر وانەبێت چۆن شێخ عیسێ بەپێی ئەو سەرچاوەیە دەچێت بۆ مەککە و چۆن تائێستا ئەمە رەتنەکراوەتەوە، یان ئەگەر ئەوان لە ژێر کاریگەری ئایننزای زەردەشتین بۆچی دەچن بۆ سنتەری ئاینی ئیسلام و سوننەکان کە مەککەیە؟ ئەمە ئەو گومانەیە کە کاکەییەکان هێشتا وەکو پرسیار وەڵامی پێنەدراوەتەوە.

## کەڵامخوێن وەکو کتێب نووس

کۆمەڵێک کارێکتەری ناسراو لە ئاینزای کاکەیی هەن کە خاوەنی کەڵام بوونە و کتێبەکانیش بەناوی ئەوانەوە ناسراوە و نوسراونەتەوە، ئەم کەڵام خوێنانە بەشێکی وەکو سەحابی ئیسلام ناوی لەنێو کولتووری ئایینی کامەیی دێت، تاڕادەی پیرۆزکردن، بۆیە بەناوی ئەوانەوە کتێبەکان نوسراونەتەوە. لەوانەش:

١: کەلامی سەی خامۆش
٢: کەلامی پەردیوەی
٣: کەلامی شا تەیموری
٤: کەلامی زلفەقار
٥: کەلامی جەناب
٦: کەلامی قائید
٧: کەلامی موجرم
٨: کەلامی خان ئەلماس
٩: کەلامی حەیدەری
١٠: کەلامی نەورۆز
١١: کەلامی دەروێش ئاجاق

ئەمانە بەشێوەیەکی گشتی بە زمانی هەورامی گوتراون و خۆیان کاکەییەکان پێی دەڵێن زمان ماچۆ و چەند دانەیەکیشیان بە تورکی نوسراون.
لەکتێبی (شاهنامەی هەقیقەت) باس لەوە دەکات کە دەیان هەزار کەلام و بەیتی شیعری هەن یارسانییەکان ئەزبەریان کردووە و قەوالەکان دەیانگوتەوە لەکاتی مەراسیمی تایبەتیان کە هەر بەیت و کەلامێک بۆ بۆنەیەک گوتراوەتەوە، بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت کە (١١١١٧) دێرە شیعر بەزمانی فارسی نووسراونەتەوە و یەکێک لەو ناودارانەی نوسیویەتی، حاجی نیعمە توڵڵای جەیحون ئاوای یە، کە یەکێک لەگەورە پیاوانی یارسانی بووە. بۆ نموونە سرودی مردن و تەڵقین و جەم و جەمخانە و مناڵ لەدایک بوون لەسەر زاری ئەو بووە و ئێستا هەر دەخوێنرێن.
ئەگەرچی سەرەنجام جێگەی شانازی کاکەییەکانە و بەتێکستی ئەسڵی ئاینی خۆیانی دەزانن، بەڵام مینۆڕسکی کە رۆژهەڵاتناسێکە و هاتۆتە عێراق و کتێبێکی لەژێر عینوانی (نامەی سەرەنجام نووسیوە. " مینۆڕسکی زۆر رەقەکار و منجڕانە ئەم تێکستەی خۆی ناو ناوە کیتابی سەرەنجام و بە کتێبی پیرۆزی ئەهلی هەقی داناوە، من لەرەوەنی دوورودرێژی پرس و لێکۆڵینەوەکاندا هیچ شۆپ و شوێنەواری کۆپییەکی دیکەی هەمان تێکستم وەچەنگ نەکەوتووە، تەنانەت بە گشتی شوێنی هیچ کتێبێکی پیرۆزم هەڵنەگرتووە". (٣٢). هەڵبەت بەپێی سەرچاوەیەکی تر کە هاتووە یەکێک لەو کەسانەی کە لەسەر تێکستی ئاینی کاکەیی واتە سەرەنجامی نوسیوە، تیکستەکەی بە (مەسنەوی) دەناسێنێ وەکو بەشێکی لەشیعر و دەڵێ " ئەمە و بەشە شیعرییەکەی سەرەنجام کە سروودەکانن، لەسەر کێشی خۆماڵی کوردی دامەزراوە، هەروەها بەشێک لە (وردە سەرەنجام) پەخشانەکانی بەفارسی نوسراون، سوڵتان سوهاک لەم بەشەدا کۆڵەکەی دینەکەی بۆ کاکەییەکان لە چوار شت دەربڕیوە ئەویش: ( پاکی و راستی و لەناوبردنی فیز و هەوا و بەخششن). بەڵام شیعرەکانی لەسەر شێوەی مەسنەوی نووسراون، ئەگەر تاک تاک وشەی فارسیشیان تێدابێ ئەوا بەکوردییەکی رەوان بۆ سەردەمی خۆیان نووسراون و زۆربەیان بەتایبەتی پیرەکانیان ئەزبەریان کردوون لەترسی ئەوەی نەفەوتێ.
بەشی زۆری تێکستی ئایینەکان بە ئەوەی پێی دەگوترێت ئاسمانی و زەمینی، بریتیین لە تێکستی شیعری و بەزمانی شیعری خوداپەرستی پێکراوە، هەموویان دەڵێی کەسێک نووسیونی و یان دەڵێی یەک ستایڵن لە نوسین، بەڵام پێدەچێ لاسایی یەکتریان کردبێتەوە وەکو چۆن شاعیرەکانی کلاسیک وەکو یەک شیعرییان نوسیوە و بەڵام فۆرمی جیاواز و ناوەڕۆکی جیاوازیان هەیە، ئەمەی تێکستی کاکەیی و ئێزدیی و تەنانەت سابیئەش هەر وایە، بەڵام قورئان و ئینجیل کە دوو شێوازن، پەیوەندی بە بڕواکەیانەوە هەیە، ئەگەرچی قورئان وەکو ناسخ و مەنسووخ تەماشای تێکستەکانی نێو تەوراتی کردووە، بەڵام هەمان قەول و چیرۆک و شیعر لەیەکتر دەچن، هەرچی

ئەمانەی تێکستی زەمینیین درووست دەڵێی شاعیرەکانی ئەو سەردەمە نووسیویانە بۆیە لەیەکتر دەچن.

ئەمە یەکێک لە قەولەکانە

"باوەڕی وەجا ، باوەڕی وەجا
یاری چوار چشتان باوەڕی وەجا
چاکی و راستی و نیستی و ردا
مەبۆ باڕوێت سوک کەی جەدنیا
چونکە ئی دنیا جاکەی بوارەن
گا سەرەو بان و گا سەرەو خوارەن
مە بۆ وەپاکی و راستی وردا
گرد وات ویتان نیست کەن پەی مودا"

ئەم شێوە مەسنەویە کە لە ئینگلیزیدا پێی دەڵێن ( هیرۆییک کە پلێت) لەگەڵ جۆری فارسی و ئینگلیزیدا جودایە، چونکە لەوەی فارسی و ئینگلیزیدا هەردوو دێڕ لەشتێک دەدوێن، بەواتای گەر جوتێک لەدەقە شیعریەکە دەربهێنی زۆر کار لەرامانی دەقە شیعریەکە ناکات، بەڵام شێوازی دارشتنی دەقە شیعریەکەی (سەرەنجام) چونکە دەقێکی ئاینییە، کەواتە دەرهێنانی جوتە دێرێک تەواوی دەقەکە تێکدەدات، کتێبی زولاڵ لەچەند بەندێک پێکهاتووە، هەر بەندێکی لەسەر باسێکی خواناسی بەهۆی بابە یادگاری سەرانەیی و شابراهیمی ئێوەتەوە هۆنراوەتەوە، ئەم دوو هۆنیارە لەسەدەی ١٥ هەمدا ژیاون هەردووک بەخواناس ناسراون، دەبێ هەردووک لەسەردەمی سوڵتان سوهاک ژیابن، ئەم پەرتووکە یان لەسەر کێشی دە هیجایی خۆماڵی هۆنراوەتەوە لە١٥٦ بەند و ١٠٠١ هۆنراوە پێکهاتووە، سدیق بۆرەکەیی دەڵێ پەرتوکی زولاڵ یەکێک لەپەرتوکە پایەدارو گرینکەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچییە کە بەزاراوەی گۆرانی هۆنراوەتەوە "(٣٣).

لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە کاکەیی مادام لەسەدەی ١٥ ی زاینی ژیاون، هەروەها ئەوکاتە ناوچەکە پڕبووە لەشەڕ و کوشتار و ستەمی میللی و ئاینی و ئەوان ماونەتەوە لەسەر عەقیدەی خۆیان، کەواتە توانیویانە بەهۆی بەرگریکردن لە خۆیان و عەقیدەکەیان، ببن بە ئاینێکی سەربەخۆ و خاوەنی کولتووری خۆیان، هەروەک ئەوەی بە کوردی نوسراون و بەکوردی دەخوێنرێن و خۆیان بە کورد دەزانن نەک عەرەب، کەوابوو مانەوەیان لەناوچەکە کە ئاینی ئیسلام بەدەیان شێوە فتوحاتی کردووە و ئەوان ماون، دەیسەلمێنێت کە یەکێکن لە ئاینەکانی کوردی، بەڵام چونکە لەسەردەمی شیعر نوسین و سەردەمی منەوەری شاعیرەکاندا قەولەکان و دەقەکان هاتوونەتە سەر زاری خەڵک، گومان دەکرێت کە ئەمە ئایین بێت یان لانیکەم ئایینزا بێت، چونکە بەشی زۆری تێکستەکان دەقی شیعرین و هیچی تر، شەریعەتێکی تێدا نییە کە بیسەلمێنێت کەلامی خودایە و بۆ پرنسیپی ئایینی زیندوو راگیراوە، ئەمە جگەلەوەی هاتنی ئاین و

پێغەمبەرەکانیان تەنها بۆ خودا پەرستی نەبووە، بەڵکو رۆشنبیرییەک بووە کە لەرێگەی تێکستەکانەوە خودایان پێناسیوە و بەشێوەیەکیش نوسراونەتەوە کە لەزمانی ئینسانی ئاسایی ناچێت و فەلسەفەی تێدایە تاکو سیحری زمان کاریگەری هەبێت لەسەر خوداپەرستییەکەیان بۆ چاکە و خراپە لەسەر زەمین.

## پەیوەندی کۆمەڵایەتی

ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ی کە زیاتر مەسەلەی ئایینزاییەکە زاڵە بەسەریاندا و زۆر بەیەکترەوە گرێدراون و ئەمەش لە ترسی ئەوەی پێکهاتەکە دووچاری پەرشوبڵاوی نەبێتەوە و بکەونە بەردەم مەترسی لەناوچوون، هەوەک چۆن پێکهاتەی ئێزدیش وان، بەڵام ئەمانیش وەکو ئێزدی لەگەڵ یەکتردا هاوسەرگیری دەکەن و هەتا کەسێک یان کچێک لە پێکهاتە و نویکی خۆیان نمابێت ئەوان هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تر ناکەن و بگرە لە رووی یاسایی و عورفی کۆمەڵایەتیشەوە کێشە درووست دەکات، چونکە هەم خۆیان لەگەڵ موسڵمانی کورد و تورکمان و عەرەب هاوسەرگیری ناکەن، هەم موسڵمان ئەوان بە غەیرە ئیسلام و کوفر دەزانن، بۆیە لەگەڵ نزیکترین کەسی خێزانەکەشیان تێکەڵ دەبن بۆئەوەی بتوانن موومارەسەی سرووت و ئاینەکانیان بکەن.
ئەوان لەدوای هاوسەرگیری مەسەلەی تەڵاقیان حەرام کردووە، ئەوان پێشووتر بەر لەهاتنی چەرخی نوێی مۆدێرن و درووستبوونی شار و کارپێکردنی یاسا بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، پێشتر بۆ حاڵەتی هاوسەرگیر ئاهەنگیشیان نەگێڕاوە بەئاشکرا، بەڵکو گرێبەستێکی هاکەزاییان گرتووە، ئێستا بەناچار وەکو پێکهاتەکانی تر بەو یاسایەی عێراق هاوسەرگیری دەکەن، هەروەها لەلای ئەوان مەرج نییە باوک و دایک رازی بن بە هاوسەرگیری کوڕ و کچ، چونکە بەشێک لە ئازادیەکانیان بەخشیوە بە منداڵەکانیان، ئەگەر مارە بڕینیش هاتە پێشەوە، ئەوا دەبێ لە رۆژانی دووشەم و هەینی بێت، چونکە دوو رۆژی پیرۆزن لەلای کاکەییەکان، هەروەها بۆیان هەیە زیاتر لە ژنێک بهێنن، مەسەلەی تەڵاقیش بەشێوەیەک لە شێوەکان وەکو گوناه تەماشاکراوە، بۆیە پیاو ناتوانێ ژنەکەی بەئاسانی تەڵاق بدات. ئەگەر کەسێک ویستی ئەو هەڵەیە بکات، ئەوا کەسێکی تر یان پیاوێکی روحانی یان ریش سپییەک دەڵێ (بیدەنگ بە وەکو کاکەیی)" (٣٤). ئەمە ئەو کۆدەیە کە تەنها کاکەییەکان خۆیان لەیەکتر تێدەگەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان لەترسی هێرشی ئیسلام بۆ سەریان، هەموو ژیانیان بە نهێنی بووە تەنانەت قسە کردنیشیان، تاکو کەسی تری بێگانە لە عادات و نەریتیان تێبگات و کارەکەیان لێهەڵبوەشێننەوە.
کاکەییەکان چونکە پێکهاتەکەین لەترسی ئەوانی تر لەسەر ژیانیان، هەموویان لەو هەوڵەدان پێکەوە بژین و لە نزیک یەکتر بن، هەوەک چۆن لە سوفەیە و عەلی سەرا و گەرەکی شۆرجەی کەرکوک و لە چەمچەمال و لە هەڵەبجە و هتد پێکەوەن بەشی

زۆریان، بۆیە هەمیشە دەرگایان لەسەر پشتە و دەرگا داناخەن، ئەمە یەکێک لە جوانترین شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاکەییە، چونکە ئەوان هەموو یەکتر بە خوشک و برا تەماشای یەکتر دەکەن. هەروەها تا ئەو رادەیە پەیوەندییان توندە کە نان پێکەوە دەخۆن و وەکو نەریتێکی ئایینی کاکەیی تەماشای دەکەن و ئەگەر پشت لەیەکتر بکەن، ئەوا گلەیی زۆر دەکەن کە ئەو کەسە لە رێچکەی کاکەیی لایداوە و گوناهبارە. هەروەک چۆن کەسێک سمێڵ بتاشی بەهەمان شێوە تەماشای دەکەن، بەڵام ئێستا لەدوای هاتنی دونیایەکی تر ئەم نەریتە کەم بۆتەوە.

****************************************

سەرچاوە و پەراوێزەکانی پاژی دووەم

١: ئەیوب رۆستەم. یارسان. لێکۆڵینەوەیەکی دینییە. سەبارەت بە کاکەیی. بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگریت. ساڵی .٢٠١٣. ل٤٤
٢: ئەیوب رۆستەم. یارسان. لێکۆڵینەوەیەکی دینییە. سەبارەت بە کاکەیی. بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگریت. ساڵی ٢٠١٣. ل٥٥
٣: ئەیوب رۆستەم. لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دینییە سەبارەت بە کاکەیی. چاپی سێهەم. بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت. ساڵی ٢٠١٣. ل٥٢.
٤: ن. ئیڤانۆڤا. پێڕەوانی راستی. یارانی کوردستان (ئەهلی هەق) وەرگێڕانی. ئاسۆ کەریم. پیاچوونەوە. شوکر مستەفا. بڵاوکراوەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر. ساڵی ٢٠٠٣ ل٣٤
٥: ن. ئیڤانۆڤا .پێڕەوانی راستی، یارانی کوردستان (ئەهلی هەق). وەرگێڕانی بۆ کوردی، ئاسۆ کەریم. ل٤٢ و ٤٣.
٦: ئەیوب رۆستەم. یارسان لێکۆڵینەوەی مێژوویی دینیە. بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت. بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠٠٩. ل٥٠.
٧: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥١
٨: دیوانی ئادەم سەفی ئەڵڵا و سەرەنجامی قابیل و هابیل لە مەسحەفی موعجەمی کوردی_ کەلامی یارسان پێشەکی پێداچوونەوەی. د. محمد عەلی سوڵتانی. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. ساڵی ٢٠١١. ل٤٠ _ ل٤١
٩: . د. نوری یاسین هرزانی . الکاکاییە. دراسە انپنروبولوجیە للحیاە الاجتماعیە. معهد تراپ الکوردی. سنە ٢٠٠٣. ل٤٤.
١٠: عەبدوڵڵا قەرەداغی .. کۆکردنەوە و نووسین . ئاینی کۆن و کۆچکرد لە کوردستان. بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠١٣. ل٢٣١

١١: د. سەلام ناوخۆش. کاکەیی زمانی نەتەوەیی ئایینی. ساڵی ٢٠١٠ فەرهەنگی ژمارە (٣٧).
١٢: ئەیوب رۆستەم. یارسان.لێکۆڵینەوەی مێژوویی _ دینییە. لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت. ساڵی ٢٠٠٣. ل٥٨ .
١٣: ئەیوب رۆستەم. یارسان. لێکۆڵینەوەی مێژوویی و دینیە. بڵاوکراوەی سەنتەری مارگرێت. ساڵی ٢٠٠٣ ل٧٨.
١٤: د. محەمەد عەلی سوڵتانی. بنەوانەی باوەڕی یارسان. دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠١٠. ل٢٠
١٥: ن.ئیڤانۆڤا. پیڕەوانی راست، یارانی کوردستان ئەهلی هەق. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئاسۆ کەریم. پێداچوونەوەی. شوکر مستەفا. بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر. ساڵی ٢٠٠٣. ل١٣١.
١٦: پێشتر کریت سەنتەری رۆشنبیری کۆن بووە، هەروەک بۆ دایک پلە و پایەی بەرزی بۆ دانراوە، ئەم ئاینە لە ناوچەی میزۆپۆتامیا هەبووە و سیمبولەکانیشیان شمشێر و فاسی دووسەرە بووە، ئەم سیمبولانە بوونە بە کەرەستەی کۆنترۆڵکردنی هەموو ئاژەڵێکی شەڕانگێز لە دارستاندا و ئاینێکە لەرێگەی ئەو تێگشتانەی هەیبووە کە دەتوانێ بوار بۆ ژیان و مردن دابنێت لەرێگەی ئەو پەیکەرانەی بۆی دروستکراوە و لەسەر شاخێک دانراوە و لەنێوانیاندا دوو شێر هەن، هەروەها وێنە و چیرۆکی ماریش هەیە کە باڵی هەیە، بەڵام هاوڕێ گەنجەکەی خوداوەند زیۆس کە لەسەر ئەو شاخە لەدایک بووە کە ئاینی مانی پێدەناسرێتەوە، لەدوای ئەو بووە بە بڕوایەک بۆ خەڵکێکی زۆر لەسەرەتای هەزارەی دووهەمدا.
١٧: ئەیوب رۆستەم. یارسان . لێکۆڵینەوەی مێژووی و دینیە.. بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت. ل ٩٩ ل ١٠٠ ل ١٠١ .
١٨: کۆکردنەوەی عەبدوڵڵا قەرەداغی. ئاینی کۆن و کۆچکردن لە کوردستان دا. بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی. ٢٠١٣. ل٢٢٧.
١٩: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢٣٠
٢٠: ن.ئیڤانۆڤا. پێڕەوانی راستی، یارانی کوردستان (ئەهلی هەق). ئاسۆ کەریم کرویەتی بەکوردی، پێداچوونەوی یشوکر مستەفا. بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری.ساڵی ٢٠٠٣. ل ٩٩.
٢١: ن. ئیڤانۆڤا. پێڕەوانی یارسان. یارانی کوردستان (ئەهلی هەق). وەرگێڕانی. ئاسۆ کەریم. پێداچوونەوە. شوکر مستەفا. وەزارەتی رۆشنبیری. بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر. چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٣. ل١١٦
٢٢: ن. ئیڤانۆڤا، وەرگێڕانی بۆ کوردی.پێڕەوانی راستی، یارانی کوردستان" ئەهلی هەق". وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئاسۆ کەریم. پێداچوونەوە. شوکر مستەفا.

بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر. ساڵی ٢٠٠٣. ل٢١٤ و ٢١٥.
٢٣: ئەو گوندانەی کەوتوونەتە سنووری شاری کەرکوک. بریتین لەمانەی خوارەوە. (عەلی سەرا و بنشاخ و ئەلبوسەراج و دایسی بچووک و تۆپزاوا و فەتاح ئاغا کاکەیی و مەتیق و ئەلبو محەمەد و زەنقەرە و تەلعرابە و دەلسی گچکە و دەلسی گەورە و لەهیب و دریس لەحەویجە)، لە مەندەلی لە (گەڕەکی قەڵەم حاجی و گوندی دوو شێخ) هەروەها لە شوینەکانی دیکەی کوردستان هەن بەپەرشوبڵاوی.
٢٤: عەبدوڵڵا قەرەداغی. ئاینی کۆن و کۆچکردن لە کوردستان. بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی. وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠١٣. ل٢٢٨.
٢٥: د. گە الهاشمی. مفێل جغرافیه العراق. دیراسه سوسیولوجیه حول الکاکایه. ێ٧٨
٢٦: جفری بارندر. المعتقدات الدینیه لدی الشعوب.. ترجمه. امام عبدالفتاح امام. مراجعه. د. عبدالغفار مکاوی. مکتبه المدبولی. سنه ١٩٩٦. ل١٧٧
٢٧: هەمان سەرچاوە پێشوو، ل ٧٨.
٢٨: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٧٨.
٢٩: ئەیوب رۆستەم. یارسان. لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی . دیینیە. لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگریت. ل٨١
٣٠: میترا کەسایەتییەکی مەردی کۆنی دلێر و ئازا بووە و چەکی تایبەت بەخۆی هەبووە کە بریتی بووە لە گورزێک و سەد تیغی پێوەبووە بۆ شکاندنی دوژمنەکانی، ژمارە ٧ لەلایەن میترائییەکان پیرۆز بووە کە حەوت تەبەقەی ئاسمان و حەوت ئەستێرە و حەوت چینی زەوی و حەوت دەرگا و حەوت پایە و هتد. بەپێی سەرچاوە و تێگەیشتنی رۆژهەڵاتناسەکان، ئەوان پێشتر خۆریان دەپەرست و ئەو خۆر پەرستنەش کە باس دەکرێت و گوایە زەردەشت و زەردەشتییەکان هەڵگری هەمان بیری میترا بوونە.
٣١: کتێبی کاکاییەکان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٤٥ و ل٤٦.
٣٢: ن. ئیڤانۆڤا. پێڕەوانی راستی. یارانی کوردستان ( ئەهلی هەق). وەرگێڕانی. ئاسۆ کەریم. پێداچوونەوەی. شوکر مستەفا. بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر. ساڵی ٢٠٠٣. ل٤٣
٣٣: د. سەلام ناوخۆش. کاکەییەکان و زمانی نەتەوەیی و ئاینی.. هەفتەنامەی فەرهەنگ.. ساڵی ٢٠١٠. ژمارە ٣٧
٣٤: گە الهاشمی. مفێل جغرافیه العراق. دیراسه سیوسیولوجیه. ێ٨٩

## سابیئەی مەندائی
## پێکهاتە لێکچووەکەی کریستیانی عەرەبی

سابیئە یان (سابیئەی مەندائی)، پێکهاتە یان تائیفییەکی ئاینییە لەعێراق و پێغەمبەر یەحیای کوڕی زەکریا کە خاوەنی دەقی (کەنزا رەبا) یە و دەقێکی پیرۆزە لەکن پێکهاتەی سابیئەکان کە بە ڕواڵەت لەگەڵ کریستیانیەکان لێکچوونێکیان هەیە، ئەوان بنەچەیان لەسەرەتای سەدەی هەشتەمی زاینی دەست پێدەکات و پێڕەوی مێژووی سەرهەڵدانی بونی ئادەم و حەوا ن، بۆیە لەوێیوە بڕوایان پێیەتی کە سەرەتا خودا و شیت و ئیدریس و نوح و دواتر سام کوڕی نوح هاتووەتە دونیاوە لەدوای تۆفانەکەی نوح پێغەمبەر، پاشان یەحیا کوڕی زەکەریا هاتووە، بۆیە ئەو دابڕانەیان باس نەکردووە وەکو هەر ئاینێکی تر بە پێغەمبەرەکەی خۆیان دەست بەو دابڕانە دەکەن کە یەحیای کوڕی زەکەریایە و بەپێی تێکستە دیکۆمێنتکراوەکانی خۆیان، ئەم دەقەی واتە (کەنزا رەبای) وەکو وەحی لەلایەن خوداوە بۆ هاتۆتە خوارەوە، واتە هەم ئاینەکە و هەم تێکستەکە لە ساڵی ٦٨ بەر لەدایک بوون. هاتۆتە ئاراوە و بووەتە بڕوای ئەو خەڵکەی ئەو کاتە و تائێستا پێڕەوانی بڕوایان پێیەتی و پەیڕەوی لێدەکەن و بەدەقێکی رەسەن و پیرۆزی دەزانن، زمانی ئەوان راستە عەرەبییە، بەڵام دەقە ئاینەکەیان بە زمانێکی جیاواز لەعەرەبی و سۆمەری و عیبری نووسراوە و تەنها شارەزایانی بواری ئینترۆپۆلۆژیا لەدەقەکە تێدەکەن و دەتوانن شرۆڤەی بۆ بکەن و مێژووەکەی بدۆزنەوە و ساغی بکەنەوە.

"ئەوان بڕوایان بە دوو جۆر جهانی بوون هەیە، جهانێک نهێنی و لێڵ و جهانێک ئەوان ناویان ناوە (مشونی کشتا) بەمانای شارێکی گەورە دێت، بەڵام نازانرێ ئەو شارە لەم جهانەدا هەیە کە بەنیسبەت جهانی نهێنی وەکو دەستی راست لەبەرامبەر دەستی چەپ، بۆیە ئەوان خۆیان داناوە بە بێگوناە و دوای مردنیش راستەوخۆ دەچن بۆ جهانی نور واتە جهانی دەرەوەی ئەم جهانە و رووناکە، جهانەکەی دیکە ئەو جهانەیە کە خەڵکی دیکە و بڕواداراانی دیکەشی تێدا دەژی وەکو ئەوەی ئێستا، کە ئەوان ناویان ناوە (تیبل)، بەمانای جهانی ماتریالی واتە میسالی یان زەوی بەپیت". (١). هەروەها ئەوان پێیانوایە کە هەموو پێغەمبەرەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە، بۆ نموونە "پێغەمبەری یەکەم ئادەم بووە و پیاوی یەکەم باوکی ئادەم کە ئەوان دەیپارێزن، پێغەمبەر شیتل کوڕی ئادەم ی یەکەم، کە باوکی نارد و روحەکەشی لە بەشەر پیرۆزترە. پێغەمبەر سامی کوڕی نوح کە ئەو کتێبی ئاینی سابیئەی نوسیوەتەوە و تەراتیلی گوتۆتەوە. پێغەمبەر یۆحنا یان یەهیا بن زەکەریا، خۆشەویستێکی بەرکراوەیە بلای خودا، مەندائییەکان کتێبەکەیان پاراستووە و بە پێغەمبەری یەکەم و دوا پێغەمبەری دەزانن". (٢).

ئەمە ئەو جهانە ئایدیاییە، واتە ئەو جهانە نموونەییە یە کە سابیئەکان بڕوایان پێیەتی، بەو مانایەی کە ئەوەی ئێستا هەیە لەلای ئەوان ئینسانی بینراوە و ئادەمە، بەڵام ئەوەی دیکەی نێو تێکستەکان هەر ئادەمە و ژنەکەشی هەر حەوایە بەڵام نەبینراوە، کەواتە لەلای ئەوان دوو ئادەم و حەوا هەیە لەو پابیرە گەورە و داپیرە گەورەیەیە کە ئادەم و حەوایە، بەڵام بەهۆی گوناهێکەوە ئینسان هاتۆتە ئەم جهانەوە کە ئەوان ناویان ناوە جهانی بینراو، ئەوان تەنها جیاوازیان لەگەڵ شیکردنەوەی ئەفسانەی دروستبوونی دونیا، ئەوەیە کە ناویان ناوە جهانی بینراو، ئەگەرنا لەبارەی ئەفسانە و چیرۆکی دروستبوونی کەون و تێگەیشتنی ئەوان بۆ خودا وەکو ئاینەکانی دیکەی ناوچەکەیە، چونکە سەرەنجام دونیا لەسەر دوالیزمی خێر و شەڕ وەستاوە و ئینسان، بەڵام پێدەچێت ئینسان لەلای ئەوان موسەیەر نەبێت و موخەیەر بێت لەهەڵبژاردنی هەرکام لە خێر و شەڕ.

مەندائیەکان یەکێکن لەو ئاینە کۆنانەی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونیان هەیە، هیچ زانیارییەکی دروست بۆ لەدایکبوونی ئەم پێغەمبەرە واتە (یەحیای کوڕی زەکەریا) لەبەردەستدا نییە، "تەنها ئەوە نەبێ کە لێرەو لەوێ دەنگۆی ئەوە هەیە کە یەحیای لە قودسی فەلەستین و لە کاهینێکی یەهودی لەدایک بووە". (٣). پێدەچێت وەکو ئەوەی شێوەی لەدایکبوونەکەی پێغەمبەر یەحیا وەکو لەدایکبوونی عیسای کوڕی مەریەم بێت، یان وەکو لەدایکبوونی محەمەدی ئیسلام بێت، لەبەر ئەوەش بێت کە لەرێگەی نەبوونی باوکێکی دیار لەژیانی ئەو پێغەمبەرانە، سۆزێک بە لایەنگران و بڕوادارانیان بدەن و لەوێوە شوێنکەوتووانیان زیاتر بکەن، هەروەها ناوی ئەم پێغەمبەرە لە هەریەک لە تەورات و قورئانی ئیسلام هاتووە، بڕوادارانی ئەم ئایینە کە لەلایەن پێغەمبەرەکەیانەوە وەکو کولتوور بۆیان جێماوە، بڕوایان بە یەکتاپەرستی هەیە و وەکو هەر کەمینە ئاینێکی دیکە، هەروەها بڕوایان بەدوارۆژێک هەیە کە مرۆڤ لە رێگەیەوە پاداشت و سزا وەردەگرێ، ئەوانەی کە فەزیڵەت واتە چاکەکارن لەم دونیایەی کە بینراوە، روحیان دەچێ بۆ بەهەشت، ئەوانەش کە خراپە دەکەن روحیان دەچێ بۆ جەهەننەم، واتە (دۆزەخ) و هەروەک ئاینەکانی دیکە، کەنزا رەبا باسی لەهەردوو دونیای بەهەشت وەکو پاداشتی چاکە و جەهەننم وەکو پاداشتی خراپە کاری کردووە.

ئەگەرچی هەریەک لە تەورات و ئینجیل ی لۆقا و قورئانی کەریم لە سورەتی مەریەم دا و لە کەنزا رەبای سابیئەکانیش کۆکن لەسەر ئەو چیرۆکەی کە ناوی لەدایکبوونی یەحیای کوڕی زەکەریایە، دایکی زەکەریا نەخۆش بووە و باوکیشی چووبووە ساڵەوە، بەڵام بەر لە مردنی هەردوکیان موژدەی ئەوەیان پێدرابوو لەلایەن خوداوە کە خودا بە رەحمەتی خۆی کوڕێکی ساڵحییان پێدەخشێت، ئەمە لەکاتێکدا هەندێک ئەفسانە هەیە باسی چیرۆکێکی هاوشێوەی عیسای کوڕی مەرێم دەکەن کە لە رێگەی دەمی دایکییەوە لە دایک بوو. بەڵام ئەم چیرۆکە دروستکراوە و هیچ بنچینەیەکی راستی نییە، چونکە

هەر ئەوەی کە دەگوترێت یەحیای کوڕی زەکەریا کە باوکی پێغەمبەر بووە پێشتر، ئیدی دەردەکەوێت کە باوکی هەبووە و ئەو چیرۆکە تەنها بۆ عیسا راستە، بۆیە تا ئێستا لە زاری سابیئەکانەوە ئەم چیرۆکە هەڵبەستراوە نەبیستراوە و خۆشیان سەرسامن بەو چیرۆکە.
لەبارەی ئەوەی کە چۆن ئەم ئایینە سەریهەڵداوە و چیرۆک و ئەفسانەکانی چۆنە و چین، ئەوان خاوەنی چیرۆک و ئەفسانەی خۆیانن کە ناسراوترینیان لە گێڕانەوە و نوسینەوەی و گوتنەوەی ئەو ئەفسانانە، پیاوێکە بەناوی، هورمزی کوڕی مەلا خدر و پیاوی روحانیشیان (عەبدولستار جەبار حلوە) کە پیاوی رۆحانی ئەم ئایینە یە و تائێستا ماوە و پێشتر کە عێراق ئارام بوو و شەڕی نێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە رووی نەدابوو، ئەوان لەبەغدا زۆریەنەی سابیئەکان بوون و مەنداشییان هەبوو کە ئێستا رێورەسمی تێدا ناکرێت بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لەو دۆخەی عێراق، بۆیە بەهۆکاری نائارامییەوە هەم خەڵکەکەیان ئاوارەی دەرەوەی عێراق بوون و هەم شێخ عەبدولستار جەبار حلو ئێستا لەهەندەران دەژی و چەند پیاوێکی روحانیان هەیە نوێنەرایەتیان دەکات و مەنداکانیشیان لە هەولێر و سلێمانی هەیە.
هەمو ئاینێک چیرۆکی ئەفسانەیە و مێژوویی هەیە ک نەنوسراوەتەوە و تەنها دەح بەدەم هاتووە و لەمدواییەدا رۆژهەڵاتناسەکان و دواتریش لەرێگەی نووسەر و ئەکادیمیستەکان نووسیویانەتەوە، گفتوگۆیەک لە نێوان (یەحیا زەکەریا و انهاری) ژنی هەیە کە لە تێکستی کەنزا رەبادا هاتووە، ئەمەش لە ئایەتی (الرستە) لە تێکستی کەنزا رەبا دا هاتووە و دەڵێ، "بۆ ئەوەی سرووتی خۆ شوشتن مومارەسە بکات ئەو لەسەر زەوییەکی وشک بوو، ئیدی بە ئاراستەی ئاوەکە رۆیشت، سێ جار لە ئاو نزیک بۆتەوە کە دەترسا نزیک بێتەوە، لە چوارەم جاردا ئاوەکە لە شوێنی خۆی مایەوە وەستا و گوێی لە دەنگێکی نهێنی بوو کە لە مەندای ئەدیهی دەچوو، گوتی دەبێت دابەزیتە نێو ئاوەکە و ماسی یەکان لەدەورت کۆببنەوە، یەحیا زەکەریا چووە نێو دەریاکەوە و هەموو ماسی یەکان لەدەوری کۆبوونەوە و رەنگی سپی بوو و گۆرانی دەگوت، هەر ئەوکاتە تەیرەکانیش لەسەر سەری ئەو گەنجە نیشتنەوە و هەمان گۆرانیان گوت" (٤).
ئەمە بەشێکە لەو چیرۆکە ئەفسانانەی کە لەپشت ئاین راوەستاوە وەکو هەر ئاینێکی دیکە، هەروەک چۆن بۆ هەر پێغەمبەرێک چیرۆکێک لە پشت بە پێغەمبەربوونییەوە هەیە و بڕوادارانی بڕوای تەواویان پێی هەیە کە ئەوە لۆژیکی یە و لەوێوە سەرەتای ژیانێکی نوێ بۆ ژیانی سەر زەمین هاتووە، گوناهیش بەو شێوەیە کۆتایی پێدێت وەکو پێغەمبەرەکە فەرموویەتی.
مەسەلەی بوونی چیرۆکی ئەفسانەیی کە لەهەموو ئاینێکدا هەیە و خۆشیان لەنێو تێکستەکاندا باسیان لێوەکردووە، چونکە ئەفسانە یەکێکە لە میکانیزمی بەرگریکردن لە پشتی دەقە ئاینییەکەیە، بەوپێیەی کە لۆژیکی ئینسان بۆ خوداناسی و خوداپەرستی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک لەژێر سایەی ئاینێکی دیاریکراو جێگەیان ببێتەوە و

بڕوایان پێی هەبێت، وەکو دەستوورێکی بنچینەی کە ئێستا وەکو تێکستێکی یاسایی ئەرک و مافی دیاری کردووە، تێکستی ئاینییش هەمان ئەو مانایەی هەیە، بەڵام لەرێگەی چیرۆکە ئەفسانەییەکان کە بەشی زۆریان خاڵی هاوبەشییان هەیە پێکەوە، چونکە ئەوەی کە ئاین وەکو تێکستێک بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە و پرنسیپێک بۆ چاکە و خراپە کە پاداشت و سزای بۆ دانراوە لەلایەن خوداوە، " خودا پێش ملیۆنان ساڵ لە خەڵقکردنی ئادەم، ئامانجی لە درووستکردنی زەوی ئەوەبوو کە بەشەرییەت بخوڵقێنێ، فەلسەفەی ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە ئینسان لەسەری دانیشن و زیاد بکەن لەرووی کەمییەوە، هەروەک لە لاپەڕەی ٤٥٢ کەنزا دا هاتووە سەرەتا خوا مەلائیکەی نارد بۆ سەر زەوی و دواتر زەوی خوڵقاند، پاشان ئاسمان کە وەک شێوەیەک دامەزرا و پاشان بارانی بۆ درووست کرد، لەوێشەوە دەریاکانی درووست کرد، دواتر شاخەکان لەسەر زەوی، ئەوەبوو جێگەی ماسی کردەوە لە نێو دەریادا هەروەها تەیرو تواڵی لەسەر زەوی و فەزادا خوڵقاند بۆ فڕین بە ئازادی، ئیدی لە هەموو گیانلەبەران نێر و مێی نارد و هەموو ئەو درەختانەی زەوی پێویستی پێیەتی، هەموو ئەمانە بۆ ئادەم و حەوا بوون تاکو لەرێگەی ئەوانەوە بەشەرییەت کەڵکی لێوەربگرن و نەوە پەیدا بکەن و سوپاسی خودا بکەن، ئەوەبوو ئادەم دوا ئەوەی زەوی ئاوەدان کردووە و کشتوکاڵی بەرهەمهێنا و نەریتی ژیانی لەسەر زەوی داهێنا، خودا پێی گوت تۆ بەکاری خۆت هەڵسایت، بەڵام ئادەم گوتی هێشتا زۆر کارم ماوە تەواوی بکەم ئەوەبوو بەردەوام بوو، خوداش پێی گوت بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پشتگوێت دەخەم و چەند مەلائیکەیەک دادەنێم چاودێری کارەکانت بکات ئەوانیش شارویل شروبا و قما میرزیوا کە کاریان گەڕانەوە بوو بۆ جهانی رۆشنایی ". (٥) ئەم چیرۆکە ئەفسوناوییە هیچی لە چیرۆکەکانی ئاینەکانی تر نە زیاتر و نە کەمتر نییە، بەڵام ئەوەی کە خودا سەرەتا ئادەمی لە قوڕ دروستکردووە و دواتر حەوای لە پەراسووی ئادەم خوڵقاندووە تاکو بەشەرییەت لە زیادبوون بێت و ژیان وەکو ئەوەی خودا ویستوویەتی و هەمیشەیی بێت تاکو رۆژی ئەزەل، ئەمە لە ئاینی سابیئەی مەندائی لۆژیک نییە و باس نەکراوە، چونکە ئەوان پێیانوایە خودا یەکجار ژیانی بۆ بەشەرییەت خوڵقاند، ئەویش لەبەر خاتری یەحیا زەکەریا بوو، ئیدی پێویستی بەو خورافەیە نەبووە و ناشبێت، چونکە پێشبینی هەموو ئەو رووداو و کارەساتانەی کردوو کە لە داهاتوودا بەسەر بەشەرییەت دێت، بۆیە پێویستی بەو چیرۆکانەی تر نەبووە کە بەشێک لە ئاین و ئاینزاکانی تر باسی دەکەن، بەڵام شێوەی گێڕانەوەکە وەکو کەنزا رەبا سابیئەکان نییە کە خودا بەو شێوەیە پێدان و وەرگرتن لەگەڵ بەندەی خۆی بکات، بەڵام ئەمان سوورن لەسەر ئەوەی کە زەوی بەبێ خۆشەویستی بۆ کەسێک لەلایەن خوداوە، ئاسان نییە درووستکردن و گرینگی پێدانی، بۆیە ئادەم ماوەتەوە و داوای لە خودا کردووە بۆ جارێکی تر لە دونیادا زیاتر بمێنێتەوە، ئەوەبوو خودا ئەو تکایەی قبوڵ کردووە و هێشتییەوە هەم بۆ ئەوەی زەوی دەوڵەمەند بکات و ئەزموونەکانی خۆی بکات و هەم

بۆ ئەوەی بزانێ مەخلوقەکانی خۆی چۆن دەتوانن خۆ ڕاگرین، ئەم شرۆڤەیە کەمایەسییەکەی ئەوەیە کە خودا هەرگیز بۆ ماوەیەکی دیاریکراو قسەی نەکردووە و شتی واش لۆژیکی نییە، پاشان دونیا بەپێی تێکست و ئەفسانە و لۆژیک و زانست و مێژوو بێت، هەرگیز لە مێژوویەکی دیاریکراودا قسەی لەگەڵ ئیسنان نەکردووە، هەڵبەت یەحیا زەکەریاش کە بەرلەوەی پێغەمبەر بێت ئینسان بووە، هەروەک ئەو پێغەمبەرانەی تر کە لەژنێک لەدایک بوون و دواتر بوون بە پێغەمبەر، بۆیە تەنانەت نا مەعسومییەتی پێغەمبەرەکانیش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، یەحیا زەکەریاش خۆی و تێکستەکەی مێژووکەیەان نزیکترە لە تەورات و ئاینەکانی تر، کەوابوو گومانەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە ئەمە ئایینانە دروستکراوی دەستی ئینسانن و دوورن لە قسەی خوداوە، هەروەک قسەیەکی باو هەیە کە هەر تێکستێک بەزمانی ئینسانەوە نوسرابێت و ئینسان قسەی لەسەر بکات و نوسرابێتەوە وەکو زمان ئینسان، کەواتە ئەوە قسەی خودا نییە، چونکە خودا خودا نەبەو شێوەیە قسە دەکات و نە بەو شێوەیە زمانی دەبزوێت و نەهێندە تواڵەسێنە.

لە دەستووریش هەمان پاداشت و سزا دانراوە، بەڵام لەسەرەوەختی خۆیدا ئەم دیسپلین و پرنسیپانەی کە لەلایەن پێغەمبەرەکانەوە هاتووە، دەبوو بەو لۆژیکەی کە ئەفسانەییە بیسەلمێنن کە گەورەیی خودا و بوونی پێغەمبەر چەند گرینگە وەکو مەعریفەیەک هەبێت و ئینسان وەکو بەرهەمێکی داهێنراوی خودایی مومارەسەی ئەم جهانە بکەن تاکو گەڕانەوە بۆلای خودا و تێکستەکانی، لەو ئەفسانانە دەربژێت کە لەئەدەبیاتدا هاتووە وەکو کولتوور و فۆلکلۆری نەتەوەکان، کەوابوو ئەم ئەفسانانە تەواو جیاوازن وەکو ڕامان لە تێکست، بەتایبەتی ئەو ئاین و ئاینزایانە تێکستەکانیان بە پیرۆز تەماشا کراوە و پێناسە کراوە.

## ڕەگوڕیشەی مەنداکان

وشەی سابیئە لەئارامی مەندائیەوە سەرچاوەی گرتووە. لەرووی زمانەوانی و وشەسازییەوە، ساب، بەمانای (س، ا، ب) واتە عاریف و سۆفی، یان بەمانایەکی تر واتە غگس، واتە خۆشوشتن لەئاوی لەبەر ڕۆیشتوو، واتە روبار، هەر بۆیە هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە لەو شوێنانە نیشتەجێدەبن کە رووباری لێیە، وەکو میسر و فەلەستین و ئوردن و دواتریش زۆنگاوەکانی خوارووی عێراق و بەغدا لەنزیک دجلە و لەسوریا لەنزیک روباری فورات، لەئێران نزیک قەزوین و هەرشوێنێکی دیکە کە روبار نزیکی بێت، نیشتەجێ دەبن لەوێ کە ئەمە نەسیحەتی یەحیا زەکەرییا بوە بۆ مەندائییەکان تاکو لەو ئاوە خۆیان بشۆن وپاک ببنەوە.

بەقسەی خۆیان ئەگەر شوێنێک سابیئەی لێبوو، واڕێکەوتبوو کە روباریش نزیکیان نەبوو بەهەر هۆیەکەوە بێت، واتە هێزێکی سیاسی دووریخستنەوە، یان ئەگەر چەند بنەماڵەیەک یان بنەماڵەیەک تاک بوونەوە لەکۆمەڵگەکەی خۆیان لەشوێنێک نیشتەجێبوون کە روباری لێنەبوو، بەناچار سروتێک دروست دەکەن کە بریتییە لەحەوزێک ئاو لەبەری بڕوات و خۆیانی تێدا دەشۆن کە ئەمە بەیەکێک لەگرنگترین سرووتەکانیان دەژمێردرێت، هەڵبەت شێوەی خۆ شووشتنەکەش بۆ پیاو بەشێوەیەکە و بۆ ژنیش بە شێوەیەکی ترە کە جیاوازییەکەش گرێدراوی مەسەلەی ئەخلاقییە، بەوپێیەی کە پیاوان دەتوانن بەبەرچاوی خەڵکەوە خۆیان بشۆن تاڕادەیەکیش تەڕبن و بەجلی سپییەوە یان هەندێکجار بەبێ جلی سپیش، بەڵام ئەمە بۆ ژنان گوناهە و نەفی کراوە، هەروەک چۆن لەلای زۆربەی ئایینەکان ژن پلە دووی ئینسانە و لەش و لاری گوناهە ببینرێت، ئەمەش گومانێکی ترە کە دەرکەوتووە گوتاری ئایین بەگشتی تەنها بۆ پیاوە هاتووە و بەو زمانەش کاری پێکراوە.
لەشوێنێکی دیکەدا وشەی سابا، بەمانای پەرستنی رۆشنایی دێت کە لەبنەڕەتدا ئینسانە سەرەتاییەکان ئەستێرە و مانگ و خۆریان پەرستووە، هەروەک چۆن زۆربەی ئەهلی ئایینەکانی بەر لە ناسینی تەورات و ئینجیل و قورئان و هتد، باس لەوە دەکەن کە ئینسان وێڵ بووە بەدوای خودادا، ئیدی هەر دیاردەیەکی سەرسورهێنەریان ببینیبا لەلایەن سروشتەوە، بەتایبەتی ئەستێرە و مانگ و خۆر کە زەقترین دیاردەی سرووشتی بووە، دیاردەیەکی نوێ بوو لەلۆژیکی ئەو ئینسانە سەرەتاییانە و لەبری ئەو خودایەی کە دواتر بەپێی لۆژیک یەکتاپەرستیان دۆزییەوە، ئیدی وەکو گوتمان ئەوان دیاردەکانیان دەپەرست و بەخودایان دەزانی.
وشەی مەندا، بەمانای (تێگەیشتوو)، یان (عاریف) دێت، واتە تەسەووف لەرێگەی ئایینی حەققەوە، هەر بۆیە ئەمانیش خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئێزیدی و کاکەیی و موسڵمانیش، ئەگەر زیاتر بیاندوێینی لە قسەکانیاندا خۆیان بەئەهلی هەق دەزانن، ئەوان تێگەیشتوون کە تەنها بەو رێگەیە دەتوانرێ خوداپەرستی بکرێ و ئایینیش بۆ تەواوی کۆمەڵگەیە شێوازی خودا پەرستییەکەشیان بە هەق دەزانن، زۆریش دڵیان بەوە خۆش کردووە کە وشەی مەندا لە قورئانی ئیسلامدا هاتووە، وەک دانپێدانانێک بەئاینەکەیان و پێغەمبەرەکەیان کە یەحیای کوڕی زەکەریایە، ئەمە بەشێکی پەیوەندی بە کەمیینەیی بونیانەوە هەیە و بەشێکی پەیوەندی بەوە هەیە قورئان وەکو دوا تێکستی خودا لەسەر زەوی دانپێیداناون، هەربۆیە کە لەگەڵ کەسێکی سابیئە قسەدەکەی و بەتایبەتی ئەوانەی کە مەنداکان بەڕێوەدەبەن لەشارەکانی کوردستان، بەشانازییەوە باسی وشەی مەندا دەکەن و دەڵێن ئێمە کێشەمان لەگەڵ هیچ ئاینێکی دیکەدا نییە و لەئاینی موسڵمانیشدا هەین، واتە لە قورئاندا ناوی مەندا هاتووە و ناوی پێغەمبەرمان یەحیای کوڕی زەکەریاش هەیە، بەڵام هەرکەس و بڕوادارێک بەپێی بڕوا و عەقیدەی ئایینی خۆی خوداپەرستی دەکات، تا ئەو رادەیە مەندایەکان پێیانخوش ئاینی ئیسلام بڕوای بەوانە،

وەختێک دەبیستن کەسێک لە غەیری ئاینی خۆیان ناوی زەکەریایە یان ناوی یەحیایە، ئەوان بەمە جۆریک لە دانپیانان و دڵەوایی وەردەگرن، من ئەمەم لە نزیکی خۆیانەوە هەست پێکرد.
بەڵام بەمانایەکی دیکە وەسف کراون کە "مەندا لە پاشماوەی مادا و ئامەدە وە هاتووە، وشەی (مادی) مادی وەرگرتووە، کە لەزمان و مێژووی یۆنانی کۆندا مەدی و بە زمانی عەرەبی پاش ئیسلام پێیان گوتووە مانگ، سیبیەکان لە کەنهانەوە هاتوون واتە کەنعان، کۆچیان کردووە بەرەو باکوری سوریا و لەناوچەی حەڕان هاتونەتە دەوروبەری روباری فورات، بەواتە سەر بەفەرمانڕەوایەتی مادەکان بوونە، بۆیە ناونیشانی ماد یان مەندایییان بەخۆیانەوە ناوە و بەدرێژایی مێژوو ئەو ناوەیان پاراستووە". (٦). ئەوان واتە سابیئەی مەندائی ئەگەرچی بنەڕەتی خۆیان لە میسرەوە دەبینن و لە کەنعانەوە هاتوون و نووسینی کەنعانییان بەکارهێناوە، گوایە سامی نەژادن و لەدرێژەی مێژووی سامیەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە کە ئەوان لەفەلەستینەوە کۆچیان کردووە بۆ سەر خاکی ماد لەوێ نیشتەجێبوون کە ئەمە پێشتر باسمان کرد، دواتریش لە عێراق بەشێوەیەک کە سەنتەری ئاینەکەیە جێگیر بوونە و وەکو دەڵێن لە خوارووی ئێرانەوە هاتوون و دواتر لە میشان، واتە پارێزگای میسان جێگیر بوونە و حکومەتێکی نیمچە سەربەخۆییان هەبووە و بەو بۆنەیەوە توانیویانە ئاین و زمانەکەیان بپارێزن، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک نییە لە شێوەیەی حکومەت و قەوارەکەیان بەو ناوە تاکو بیسەلمێنێ ئەوان لە مێژووی ئەوەندە ساڵی لەوێ بوونە.
جیاوازییەک لە بیروڕای بیرمەندان و ئاین ناسان هەیە لەسەر سەرچاوەی ناوی سابیئەی مەندائی، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بە زمانی کۆنی ئارامی نوسراوەتەوە، لێکۆلەرەکان سەریان لەو شێوە نوسینە دەرناچێت و نازانن مانای چی دەبەخشێت، بۆیە زۆربەیان توشی هەڵەی تێگەیشتن بوونە، بەڵام سابیئە کە لە وشەی مەندائییەوە دەرکەوتووە، (تعمید) واتە خۆشوشتن و خۆ پاککردنەوە دەکات، کەڵک لە وشەی (سەبا و سەبو) کە مانای پاکبوونەوەیە وەرگیراوە وەرگیراوە، بۆیە رێوڕەسمی خۆ شوشتن بە ئاوی دەریا یان ئەو ئاوەی لەبەر رۆیشتووە، واتە ئاوی پاکبوونەوەیە بەو شێوەیە ناوەکە سەرچاوەی گرتووە". (٧). بەو پێیە بێت هەموو مەندائییەک دەبێت پاکبۆتەوە و شۆراوە، ئیدی لە منداڵییەوە بێت یان دواتر خۆی تەعمید کردبێت لە یەکێک لەو دەریا یان ئاوە لەبەر رۆیشتوانەی کە بۆ خۆیان دروستیان کردووە، بەڵام پیتەکانی (ی. ن) مانای سابئون یان مەندائییون، ئەوە بۆ کۆکردنەوەیانە.

## کرۆکی سابیئە.

جەوهەری ئایینی سابیئە، وەکو هەر ئاینێکی دیکەی دونیا چەند روکنێکی بنچینەیی هەیە وبڕوادارەکانی کاری پێدەکەن و ئەوانیش لەپێنج روکن، واتە پێنج پرنسیپی بنچینەیی ئایینی کە بەشێکی تەنها چاکەکاری دونیاییە پێکهاتووە.
یەکەم: تەوحید، واتە یەکتاپەرستی و بڕوابوون بەخودای تاقانە و بێ هاوبەش، وشەی تەوحید لەدەقی کەنزا رەبا لەزۆر ئایەتەکاندا باسی لێوەکراوە، هەر بۆیە لە یەکەم لاپەڕەی کەنزا رەبا کە ناوی خودا دەهێنێ، (باسم الحی العقیم)، واتە بەناوی زیندووی گەورە، بەومانایەی کە ئەوە تەنها خودایە بەزیندوویی دەمێنێتەوە و زیندووبوون بەمانا مەجازییەکەشی بۆ ئینسان نییە، نەمریش بە مانا ئیدیالیستیەکەی تەنها بۆ خودایە.
دووەم: تەعمید، واتە پاکبوونەوە لەپێناو خودا، ئەم وشەیە لە قورئانی ئاینی ئیسلامیشدا هاتووە، "ێبغه الله ومن احسن من الله ێبغه" هەروەها لەسەر زاری مەسیح لەکتێبی ئینجیلدا هاتووە "وبالێبغه التی بها تێبغ اێبغنی"
سێهەم: نوێژکردن: باوەڕدارانی ئەم ئاینە وەکو هەر ئاینێکی دیکە نوێژی خۆیان هەیە و دەبێ نوێژبکەن، وەک هەر ئیمانداریێکی دیکەی ئایینەکانی تر، دەموچاویان دەشۆن و ئایەتێک دەخوێنن، دوو جار دەچەمێنەوە و سوجدە بۆ خودا دەبەن، پێویستە لەسەر هەر سابیئەیەکی نوێژکەر، جەستەی پاک بێت و جلوبەرگی سپی لەبەر بکات و سەری داپۆشێت. ئەو جلە سپیە پێی دەڵێن (الرستە). ئەمەش سیمبولێکە بۆ پاکیزەیی و روناکی بۆ ژیانێکی نوێ. چونکە نیشانەی کائینە روحانیەکان بووە لەرابردوودا و ئەوان بەردەوامن لەسەر ئەو نەریتە و لاسایی باب و باپیرانیان دەکەنەوە.
چوارەم: رۆژوو گرتن: یەکێکی دیکە لە روکنەکانی ئایینی سابیئە رۆژوو گرتنە، وەک هەر ئاینێکی تر رۆژوو دەگرن و چەند جۆرە رۆژوو گرتنێکیان هەیە کە لەمانگە جیاوازەکانی ساڵ وەک سرووتێکی ئایینی و بڕوایەک و فەریزەیەک لەسەریانە، واتە لەسەرییانە کە ئەو سرووتە ئایینە جێبەجی
َبکەن لەپێناو خودا پەرستن، بەڵام رۆژووەکەیان سوکترە لە رۆژووی ئیسلام و دوو جۆر رۆژوویان هەیە کە یەکێکیان گەورە و ئەودی رۆژووی بچووکی پێدەڵێن.
ا: رۆژووی گەورە: رۆژووی خودای پێدەڵێن، ئەم جۆرە رۆژوو گرتنە بۆ ئەوە نییە خواردن و خواردنەوە حەرام کرابێت، بەڵکو رۆژوو گرتنەکە بەجەستە و وێژدان و عەقڵە، واتە قەدەغە کردنی جەستەیە لەهەموو سێکسێکی حەرام کراو و هەموو کارێک کە بەجەستە بکرێ و غەریزەی پێ دامرکێتەوە.
رۆژووی بچووک: ئەم جۆرە رۆژوو گرتنە تەنها خۆپاراستنە لەخواردنی گۆشتی ئاژەڵ، هەروەها خۆ دوور خستنەوەیە لە سەربڕینی ئاژەڵ، ماوەی رۆژوو گرتنەکە ٣٣ رۆژە و ناوبەناو دەگیرێ و دابەشکراوە بەسەر ٣٦٠ رۆژ لەساڵێکدا کە هەموو رۆژەکان بەسەر یەکەوە نیین.
پێنجەم: سەدەقە: سەدەقە یەکێکە لەئەرکەکانی خوداپەرستی سابیئە و دەبێ هەر کەسێک خێری بەهەژارێک کرد بیپارێزێ و بەکەس نەڵێت و نهێنیەکە لەنێوان خۆی خودادا

بهێڵێتەوە، چونکە خێرەکە لەوەدایە بەنهێنی بێت کە ئەمە لە نەریت و روکنە شەرعیەکانی ئیسلامیشدا هەیە وەکو کوردیش گوتوویەتی (خێر بکە و بیدە بەدەم روباردا) یان (بەدەستی راست خێر بکە و دەستی چەپت نەزانێ) و هتد.
سەرەنجام ئەوان بەردەوام ئەو رستانە دەڵێنەوە وەکو دوعای تایبەت بە خۆیان (خودایە من یەهودی و مەسیحی نیم، مومارەسەی سرووتی ئاگریش ناکەم، بەڵام کە ئاوم خۆشدەوێ یان کار بەئاوی لەبەر رۆیشتوو دەکەم بۆ خۆ پاککردنەوە، لەبەر ئەوەیە کە پاکبوونەوە بۆ ئەو ئاوە دەگەڕێتەوە کە خۆت باست کردووە، هەموو شتێکی زیندوو بەندە بە بوونی ئاوەوە، ژیانیش بەبێ ئاو مەحاڵە، بۆیە من ئەو هەموو قودرەتەم هەیە بۆ خۆ دوورخستنەوە لە خراپەکاری، بۆ ئەوەیە بەپێی دەستوورەکان رێگای راست بدۆزمەوە کە مەندائییەتە لە عەرشی زەکەریاوە هاتووە بۆ من). ئەم دوعایە لە کتێبی کەنزا رەبا کتێبی پیرۆزی سابیئەکاندا هاتووە.
پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لەکاتی ئەو دوعایە کە بۆ خۆ پاکبوونەوەیان بەئاو، نەفی لە یەهودی و کریستیانی دەکەن و دووپاتی دەکەنەوە کە ئەوان سابیئین و هیچی تر، خۆ ئەگەر مەبەستەکە ئەوەبێت بەپێی مێژوو کە خۆیان دەیگێڕنەوە، کاتی خۆی یەهودییەکان غەدریان لە سابیئە و خودی پێغەمبەر یەحیا زەکەریا کردووە، کریستیانی و مەسیحی ش کولتوور و جەوهەری سابیئەیان بۆ خۆیان بردووە و ئەمان لەناوچەکە پەراوێز خراون و تاڕادەی ئەوەی سەرکوتیش کراون، بۆیە لەو شوێنانەی کە بوونیان هەیە بەرەو کەمی دەچن، باشە ئەی چۆن ئەوان ئیدیعای لێبووردەیی و پێکەوەژیان دەکەن و گوایە بڕوایان بە هەڵدانەوەی لاپەڕە و تۆڵەسەندنەوە نییە.
کۆمەڵێک کردەی گوناهکاری هەیە لە لای سابیئەکان بە قەدەغە دانراوە و نابیت هیچ سابیئەیەک بەلایدا بچێت، ئەگەرچی بەشێک لەئەو گوناهانە لە هەموو ئاینێکدا هەیە، بەڵام ئەوان وەکو شتێکی کۆنکریتی چەسپاندوویانە لە ژیانی کولتووری خۆیاندا.
١: کوفر کردن بە خودا کە ئەمە بە گوناهی گەورە دانراوە.
٢: کوشتن و گێل کردنی خەڵک و درۆ و تێرامانی بەهەڵە بۆ شت و ئاین و خودا و خیانەتی گەورە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و هتد.
٣: زینا. ئەمە گوناهێکی پاکبوونەوەی نییە لەلای سابیئەکان
٤: سوجدە بردن بۆ غەیری مسبح ی گەورە بەواتای خودای ئەوان ئەوەی کە بەشەر و ئاو و ئاگر و وشکانی دروست کردووە
٥: گریان بۆ مردن و جلی رەش لەبەر کردن بۆ مردوو.
٦: سیحر و خورافیات و فێڵ کردن و فاڵگرتنەوە گوناهێکی گەورەیە دەبێ تۆبەی لەدوا بکرێت.
٧: خۆ کوشتن و کۆتایی هێنان بە روحی خۆت
٨: خەتە کردنی کوڕ و کچ بەهەر بیانوو و مانایەک بێت کە پارچەیەک لە جەستەی کەسێک لێبکرێتەوە بەبێ گوناهکردن.

٩: سوێند خواردن بە درۆ و بەبێ هۆکار.
١٠: پیسکردنی ژینگە بە کەمتر خەمی و بە ئەنقەست.
١١: ملکەچ کردن بۆ ژیانی ئەم سەرزەمینە و بۆ بەرژەوەندی کەسی.
١٢: هەموو کارێک کە ئینسان و بەشەرییەت زیانی پێبگات
١٣: فەریزە و سونەتی سابیئی نەدرێت کە ئەمە گوناهە و کەمتەرخەمی ئاینییە
١٤: خواردنی خوێنی ئاژەڵ و خواردنی گۆشتی ئاژەڵی دڕندە
١٥: سو یان ریبا و پارە پیچدان بە کەسێک بەمەبەستی سوو وەرگرتن و زیادە وەرگرتنی پارە.

## زمانی سابیئەکان

هەڵبەت هەموو پێکهاتە و ئاین و نەتەوە و گروپێک لە ئەزەلەوە خاوەنی هیچ زمانێک نەبوونە هەتا جودا نەبوونەتەوە و نەبوونە بە خاوەنی زمانێکی تایبەت تاکو لەنێو خۆیاندا کاری پێبکەن، بەڵام بە حوکمی زەمەن ئەم زمانە یان گەشەی کردووە و گۆڕاوە یان لەژێر کاریگەری زمانە زاڵەکانی تر لەناو چووە، سابیئەکان وەکو خۆیان دەڵێن خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیان بوونە، ئەوان شێوەزارێکیان هەبووە کە ئارامی و رۆژهەڵاتی بووە، ئەم شێوەزارە تاکو کاریگەری زمانەکانی تری بیانی بەسەرەوە نەبوو، هەر مابوو، " (کەنزا رەبا) کە کتێبی پیرۆزی سابیئەی مەندائییە، کاتی خۆی بە زمانی مەندائی واتە ئارامی نوسراوە، پیتە ئەبجەدییەکانی مەندائی کەپیتی سەرەتایی بووە، بریتین لە ٢٣ پیت، کەنزا رەبا بەو پیتانە نوسراوەتەوە لە سەروەختی خۆی، هەر ئەمەش بووە پارێزگاری لە زمانی مەندائی کردووە، تاکو ئەوکاتە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری زمانی ترەوە شێوەزارەکە مابوو و کاریشی پێدەکرا لەنێو خۆیان، واتە لە ئاستی لۆکاڵی، بۆ نموونە خورخستان وچونکە ئەو شێوەزارە کاری پێدەکرێت جگە لە سابیئەکانی عێراق، بەوپێیەی کە بەناچار و بەحوکمی ئەوەی کەمینە بوون و زمانی عەرەبی زمانی یەکەمی کارکردن بوونە، هەروەها زمانی زاڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، بۆیە ئەوان زمانیان بۆ عەرەبی گۆڕیووە، ئەویش بەهۆی زاڵبوونی زمانی عەرەبی و ئاینی ئیسلامەوە، تائێستاش لە دیزەفول و شوشتر کە دوو شاری سەر بە ئێرانن ماوە". (٨). ئەوەی پرسیارە لێرەدا سابیئەکان کە لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی جیاواز و چەند ئاینێکی جیاواز دەژین، بۆیە کەوتوونەتە ژێر هەژموونی گوتاری ئەو نەتەوە و ئاینانەی وەکو زەردەشتی لە ئێران و عەرەبی عێراق، کەچی تەنها زمانی عەرەبییان هەڵگرتووە و کاری پێدەکەن، ئەوانەش کە لە ئەهواز و محمرە و عبادان و بستین و خفاجیە و فلاحیەی سەر بە جوگرافیای ئێران دەژین، هەر وەکو ئەوانەی عێراق زیاتر بە زمانی عەرەبی کار دەکەن، یەکەم لەبەر ئەوەی سەنتەری ئاینەکەیان لە بەغدا بووە و ئەوانیش بە زمانی عەرەبی قسەیان کردووە و نوسیویانە و کتێبە

پیرۆزەکەشیان کەنزا رەبا بەو زمانە چاپ کردووە، خاڵی دووهەم ئەو شارانەش کە لە ئێرانن عەرەب نشینن زیاتر و کاریگەری ئیسلامیان لەسەرە، بۆیە وەکو خۆیان دەڵێن زمانەکەیان بە حوکمی زەمەن لەناو چووە، تەنها لە دیکۆمێنتی نوسینە شیعری و وتە کۆنەکان نەبێ بە زمانی سابیئی کۆن ماوەتەوە، ئەویش هەموو خوێنەوار و کەسی شارەزا لە ئارکۆلۆژیا و سیۆلۆژیا ئەسڵی زمانەکە ناناسێت و نایدۆزنەوە.
رەنگە بەشێک لەوەی سابیئەکان کەوتوونەتە ژێر هەژموونی زمانی عەرەبییەوە، تائەو رادەیەی کە هەژموونی زمانەکە وەکو تورک و ئێرانیش خراپتر کردووینی بە عەرەب و ئێستا تارادەیەک خۆیان بەعەرەب دەزانن و بگرە زۆرجاریش وەکو نەتەوەی عەرەب توندڕەویش دەکەن و بەرگری لەو زمان و کولتوورە دەکەن کە لەبنچینەدا زمانی قورئانە، ئینتیمای ئەوان بۆ عەرەب رەنگە لەو بڕوایەوە سەرچاوەی گرتبێت کە قورئان دوا کتێبی ئاسمانی یە و هەموو کتێب و ئاینەکانی دیکەی نەسخ کردووە، بەتایبەتی ئەو سورەتانەی کە ناوی سابیئەی تێدا هاتووە، بۆ نموونە لەهەر سێ سورەتی (البقرە و مائدە و الحج) بێت کە هەرسێک سورەت ناوی سابیئە وەکو ئاین و گروپی کۆمەڵایەتی هاتووە، بەڵام فەلسەفەی سابیئەکان لەو بارەیەوە کە مەبەستی سورەتەکان و سرووت، واتە تقوسی ئاینیە هاتووە، دەڵێ "من مومارەسەی ئاین ناکەم بە ئاگر، یەهودی و مەسیحیش نیم، بەڵکو سابیئیم و بە ئاو خۆم پاک دەکەمەوە و سرووتی ئاینی خوم بەکار دەهێنم، چونکە ئەوە تەنها ئاوە کە پاکمان دەکاتەوە، نزیکترین ناوی خودا لە ئاودایە رێگای هەقیش ناوی خودایە کە عەرشی هەموو دونیایە و بە ناوە هەموو شتە خراپەکان دوور دەکەونەوە". (٩). ئەمە وەکو ئێزیدییەکان وایە کە دەڵێن ئێمە ئێزیدین و هیچی تر، چونکە خاوەنی جلکی سپین و بەهەشتین، هەرئەوەی کە ئەوان وەکو جولەکە کەس وەرناگرن ببێتە ئێزدی و لە لای سابیئەکانیش بەهەمان شێوەیە، بەڵام هەردوولایان لەخاڵێکدا کۆکن کە عەرەبی و زمانی دیکە قبوڵ دەکەن و کاریشی پێدەکەن، تائەو رادەیەی کە هەندێکجار بە زمانی خۆیانی دەزانن.
زمانناسەکان ئەوەیان سەلماندوە کە هەموو ئەو زمانانەی بە لوت دەنگەکەی دەردەچێت هەمویان لە نزیکن لە یەکترەوە و لە یەک زمانی رەسەنەوە وەرگیراوە، چونکە زۆربەی ئەو زمانانە کە هەندێکجار وشەکانیشیان پێکدەچێت یان لە مانا و یان لە شێوە دەربڕین، سەرەنجام دەبن بە یەک، ئەوانیش تدمری و سریانی کۆن و سترنجی و سریانی رۆژئاوایی و سریانی رۆژهەڵاتی و مەندائی و مونجی ین. بەڵام زمانە رەسەنەکەی سابیئە دوورە لەو کاریگەریەی زمانی بیانی بە نیسبەت ئەوان.
"زمانی سابیئەی مەندائی شێوەزاری ئارامی و بابلییە و جیاوازیەکانی زمانی ئارامی و یەهودی و بابلییەکان، کە هەندێ وشەی عیبری دزەی کردووە و تێکەڵی جیاوازی زمانی سریانی بووە کە کاریگەری وشە و دەربڕینە یۆنانیەکان بووە کە زمانی ئەدەبی سابیئی دوورە لەو کاریگەرییانە، ئەو رێنووسەش کە مەندائییەکان هەڵیانبژاردووە و لە خەتی ئارامی دەچێت، ئاسانترە لە تەواوی خەتەکانی تری سامی، بۆیە بەم خەتە

نەنووسراوەتەوە ئەدەبیاتەکەیان و پیتەکانیش هەمان فۆنیمیان نییە" (١٠). ، هەر بۆ زیادکردنی داتا کە خەتی ئارامی بریتییە لە (تدمری و سریانی کلاسیکی و سەتر نجیلی و سریانی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی و فەلەستینی) و هتد، هەروەک ئەوەی لە یەکێک لە وێنەکاندا هاتووە، چونکە زۆربەی ئەو وشانەی کە لە زمانە کۆنەکەدا بەکارهاتووە، نزیکن لەیەکترەوە و هەمان دەگیان هەیە، بەڵام هەمان مانایان نییە، بۆیە سەرەنجام بەکارهێنانەکەی بووەتە یەک شێوەیەک کە زیاتر وێنەییە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەکان زمانی سابیئە لە بنەچەدا عیبرییە و زمانی عیبریش لە بنەچەدا موڵکی ئەوانە و یەهودی یەکان بردوویانە، بەڵام تائێستا ئەم داتایە لە هیچ شوێنێکی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی ئەنترۆپۆلۆژی پشتڕاست نەکراوەتەوە کە لەلایەن یەهودییەکانەوە زمانەکەیان داگیر کرابێت، تەنها ئەوە نەبێت بەپێی قسەی خۆیان ئەوان بەر لە موسایی و یەهودییەکان لەو ناوچەیە بوونە کە ئێستا ئیسرائیلی جووەکان تێیدا دەژین، بەڵام دیسان ئەمەش راست نییە، چونکە ئەوان لەو ناوچانە دەرکراون و سوکایەتیان پێکراوە و ئاوارەی شاران رکاون و ژێردەستی عەرەب و ئیسلام و ئاینەکانی دیکە بوونە، بەڵام لەدوای نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەوە شوێنێکیان بۆ خۆیان دروست کرد وەکو جوگرافیا و بەناوی ئیسرائیل ناویان ناوە شەڕیان لەسەر کردووە کە ئەمە چیرۆکێکی دیکەیە و پەیوەندی بەم باسەوە نییە.

## رۆژمێرەکانی سابیئە

سابیئەکان پشت بە ساڵی هەتاوی دەبەستن و ناویان ناوە (شیتۆ). ئەم ساڵە لەلای ئەوان پێکهاتووە لە ٣٥٠ رۆژ، سەری ساڵی نوێش لەلای ئەوان ١٥٩ رۆژی جیاوازە لەگەڵ زاینی، ئەوان ساڵیان دابەشی سەر ١٢ مانگ کردووە کە هەروەکو مانگی ئاسایی ئاینەکانی دیکە و مانگیش کە بریتییە لە ٣٠ رۆژ و ناودارترین مانگەکانی ساڵ لەلای ئەوان بریتین لە

١: مانگی یەکەم و دووهەم و کۆتاییەکەی زستانە .

٢: مانگی یەکەم ربیع الاول و مانگی دووهەم ربیع الپانی و مانگەکەی دیکە بەهارە. و بەمشێوەیە تا دوا مانگی ساڵ کە دەسوڕێتەوە جارێکی تر.

سابیئەکان ناوی هەفتەیان ناو ناوە (هافتە) هەروەک کورد یان فارس کە بریتییە لە حەوت رۆژ. هەر رۆژێک گرێدراوی ئەستێرەیەکە، بەڵام چوار رۆژی دوایی دوای یەکشەممە و ژمارەکانیان ئاساییە.

رۆژی یەکەم یەکشەممە. لە زمانی سابیئە ( هافشابۆ _ هبشابا) ئەم ناوە لە سێ سەد و شەست رۆژە پیرۆزەکەدا هاتووە.

رۆژی دووهەم: رۆژی دووشەممە رۆژی مانگە و ناوی (ترین هبشابا) ماناکەی تری یەکشەممەیە.

ڕۆژی سێهەم: ڕۆژی مەریخ و ناوی (ساسۆ هافشابۆ) .
ڕۆژی چوارەم: ڕۆژی عەتاردە و ناوی (چوار هافشابۆ) یە .
ڕۆژی پێنجەم: ڕۆژی موشتەری یە و ناوی (خمشۆ هافشابۆ)
ئەم ڕۆژی پێنجەمە لەلای سابیئەکان جێگەو ڕێگەیەکی گەورەی هەیە و بە ڕۆژی هیبل زیوا ناسراوە و بە ڕۆژی پشوی نازانن.
ڕۆژی شەشەم: ڕۆژی ڤینۆس ە و ناوی (زەهرەیە) و لەلای ئەوان ناوەکە (عرفتوا او ارافتو) یە.
ڕۆژی حەوتەم: ڕۆژی زوحەل ە و ناوی شافتووە. ئەمە سەرباری ئەوە کە ئەوان فەلەک و فەلەکناسی جیاوازی خۆیان هەیە. ئەمە جگە لەوەی خورافەی تایبەتیان هەیە و بڕوای تەواویان پێیەتی.
بەپێی فەلسەفە بێت کە یۆنان دایکی هەموو ڕۆشنبیری ئاینی و کولتوورییەکانی دونیایە و هیرۆدۆت باسی کردووە و لەوێشدا باسی ڕۆژهەڵاتی کردووە، کەوابوو لێرەدا لەو ڕۆژانەی سابیئەکان دایانناوە لە ڕۆژەکانی یۆنان دەچن، بەمەش دیسان گومانێکی فەلسەفی و کولتووری دێتەگۆڕێ کە ئەم ئایینە بەوپێیەی کە خۆیان لە هەموو ئایینەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە بە تەمەنتر دەزانن، کەوابوو هەموو ئەو داتایانەی لەلایە خۆیانە و هەموو ئەو کولتوور و پرنسیپ و زانیارییانەی هەیانە، لە یۆنانەوە وەریانگرتووە  موڵکی ئەوان نییە و بە ڕۆژەکاندا دەردەکەوێت کە چەند لێکچوونیان هەیە و یۆنانیش لەوان بەتەمەنترن کە ئەمە ڕاستییە و نکۆڵی لێناکرێت.
کەنزا ڕەبا
 وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کە (کەنزا ڕەبا) کتێبی پیرۆزی سابیئەکانە، ئەوان بەکتێبی ئاسمانی ناوی دەبەن و گوایە بۆ پێغەمبەر یەحیای کوڕی زەکریا دابەزیوەتە خوارەوە، ئەم کتێبە چەند چاپتەرێکی تێدایە، گرنگترینیان تەوحیدە، واتە یەکتاپەرستی، ئەمە حاڵەتێکە هیچ ئاینێک نەیتوانیوە خۆی بەدوور بگرێت و جیاوازی خۆی لەبارەی دروستبوون و دوالیزمی خێر و شەڕ و مەسەلەی یەک خودایی و سفری تکوینی ژیان و هتد جیاوازی دروست بکات کە مەترسییە و وەڵامی نوێیان نییە بۆیە هاوڕان لەگەڵ ئاینەکانی تر.
کەنزا ڕەبا وشەیەکە بەمانای (هەناسە و کتمان) دێت، کتێبەکە سەرەتا بەڕێنووسی دەستی ئارامی نوسراوەتەوە، بەڵام تێکستی ڕەسەنی مێژوویی لەبەردەستدا نییە تاکو ئێستا ئەمە بسەلمێنێت، تەنانەت لە ئەرشیف خانە و مۆزەخانەی نێودەوڵەتیش  ئەم داتایە نییە، بۆیە پشت بەو سەرچاوانە نابەسترێ کە لەسەری نووسراون و باس لەجۆری ڕێنووسەکەی دەکەن، بەڵام ڕێنووسەکەیان لەڕێنووسی سۆمەریەوە نزیکە.
سفرەکانی ئەم کتێبە، واتە ئایەتەکانی کەنزا ڕەبا، بریتین لە تێگەیشتنەکانی وشەی خودای گەورە و زانیاریەکانی بۆ ئینسان، چەند سفرێک، واتە چەند ئایەتێک هەیە پەیوەندی بەخوڵقاندنی عالەمەوە هەیە لەلایەن خوداوە کە بە ستایلی پەخشان و شیعر

نوسراوەتەوە، ئەمانەش بەنووسراو نەبوونە وەکو هەر ئاینێکی تری ناوچەکە یەکەمجار قەوالەکان واتە ئەوانەی ئاینەکەیان لەسەر زار بووە و بەزاری گوتوویانە و دەستاودەست گەیشتۆتە ئەو سەردەمەی کە نووسین و پەڕە پەیدا بووە، ئیدی لەدوای ئەوەی کە لەسەر پێست دەنوسرێتەوە یەکەمجار، دوای ئەوەی تەکنۆلۆژیا سەرهەڵدەدات ئیتر دەبێت بە کتێب و زمانەکەی دیاری دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە لەکتێبەکەدا مێژووی چیرۆکەکان، هەروەها حوکم و ئەدەب وە فەلسەفەی نموونەکانی تێدا باس کراوە.
ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار لەزمانی ئارامیەوە لەلایەن پرۆفیسۆرێکەوە بەناوی (لیدز بارسکی) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی، دواتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، بەشێکیشی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە، ئێستا بەزمانی عەرەبی لەمەنداکان و لەوەزارەتی ئەوقافی عێراقی و کوردستان هەیە و بەشەرعی و یاسایی ناسراوە و قەدەغە نییە.
کەنزا رەبا، کتێبەکە بەشێکی لە سەرەتاوە بەدرووستی نووسراوەتەوە و بەشەکەی دیکەی بەهەڵاوگێڕی دەخوێنرێتەوە، بەو مانایەی کە هەر دیوێکی لەراست و چەپەوە بە شێوەی خۆی دەخوێنرێتەوە، چونکە نەزانراوە بۆچی بەو شێوەیە چاپکراوە، من لەمبارەیەوە هیچ زانیاریەکی درووستم چنگ نەکەوت و هیچ مەندائییەکیش زانیاری زیاتری لەسەر نییە و زۆریش پرسیارم لەبارەوە کرد، ئەوانەش کە لە مەنداکانن و خۆیان بە شارەزا لە کولتوور و ئاینی سابیئی دەزانن، وەڵامێکیان پێنەبوو کە قانع بێت بۆ نوسینەوە و بۆ خودی خوێنەر. بەڵام ئەوان بەو کتێبە ناڵێن گوتار و زمانی خودا، جگە لەوەی بە کتێبی پیرۆزی سابیئە و خاوەنەکەی یەحیا زەکەریا نەبێت.

## راست و چەپی (کەنزا رەبا)

مەندابیەکان خاوەن کتێبێکن بەناوی کەنزا رەبا، کتێبە پیرۆزەکەیان بریتیە لەدو بەش بەشی راست و بەشی چەپ، هەردوو بەشەکە ئایەتی تایبەتیان تێداهەیە کە لە رێساکانی خۆیاندا بەکاری دەهێنن، ئەوان لەرێگەی ئەو کتێبەوە بڕوای بە خودا پەرستی و بەهەشت و جەهەننەم و زیندووبونەوە هێناوە، ئەوان بە بەهەشت دەڵێن (الماد تهورا) واتە جیهانی روناکی و بەجەهەنمیش دەڵێن (المادە شوخا) واتە جهانی خراپەکاری، ئەم راست و چەپەی کەنزا تەنها بۆ خوێندنەوە نییە کە جیاوازە. بەڵکو رێک لە قورئان دەچێت ئەو ئایەتانەی لەلای راست هەیە لە چەپ نییە، ئەوەش لە چەپ هەیە لەلای راست نییە، پێدەچێت وەکو قورئانیش مەکی و مەدەنی هەبێت کە تەشریع و چیرۆک و رێساکانی جیاکراوەتەوە.
کەنزا رەبا بریتیە لە دوو بەش کە پێچەوانەیە و بەو شێوەیەش دەخوێنرێتەوە، کەنزی راست، ئەم بەشە بریتیە لەفێرکردن و وەسیەت و ئاگادارکردنەوە و چیرۆکی دروست

بوونی کەون و سەرهەڵدانی دونیا، لەسەر لاپەرەی ئادەم و شیتلی کوڕی ئادەم و دنانوخت و چەند چیرۆکێکی مەلائیکەتەکانی تێدایە بەیان کراوە، ناوهێنانی ئەو مەلائیکەتانە لەو شێوەیە ناچێت کە لەئاینەکانی دیکەی وەکو کریستیانی واتە مەسیحی، یان ئیسلام، یان ئێزیدی و هتد هاتووە، تەنانەت ناوەکانیش لەئاینەکانی دیکە نەناسراوە.
کەنز شمال: ئەم بەشە کۆمەڵێک تەرتیل و کۆمەڵێک چیرۆکی تایبەتی تێدایە کە گەڕانەوە و عروجی نەفس بۆ هاوڵاتی بوونە، ئەوەی کە تێیدا عالەمی نوری لێهاتۆتە خوارەوە بۆسەر زەوی.
لەیەکێک لە چیرۆکەکاندا هاتووە، دنانوخت کە سیفەیەکی وەهای وەرنەگرتووە بۆ پێناسەکردن، ئایا پێغەمبەر بووە یان پیاوێکی ئاسایی، دەڵێ" زیندووم بینی کە لەئەزەلەوە زیندووە، کشتام بینی لەسەرەتاوە، مردنم بینی و ژیان و نورم بینی، هەڵە و چاکەم بینی، ئاوەدانی و وێرانیم بینی، نەخۆش و شیفام بینی، پیاوێکی بەرێزی شێخم بینی کە لەمێژبوو لەنێوان زەوی و ئاسماندا راوەستابوو". تائێستا ئەو قەولە نەزانراوە کێیە، رەشید ئەلخیون دەڵێ" پێدەچێ ئەو پیاوە مەلائیکەی مەندائیی بێت، بەڵام لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ، ئەو پیاوە ئیدریش پێغەمبەرە کە کتێب دابەزیوەتە خوارەوە یەکەمجار بۆ ئادەم بووە، دووەم جاریش بۆ ئیدریس بووە ". (١١). ئەم بینینانەی کە لەزاری پیاوێکەوە لە کەنزا رەبا باسی لێوەکراوە، هەمان ئەو دیمەنانە بێت کە لەئاینەکانی ئیسلام و مەسیحی و زەردەشتی هەیە، لە ئاینی ئیسلامدا میعراجی محەمەد پێغەمبەری ئیسلام هەیە، لەلای زەردەشتیەتیشدا، زەردەشت خۆی روحی چووە بۆ ئاسمان، لەئاینی کریستیانیش روحی عیسای پێغەمبەر دوای لە خاچدانی لەلایەن دەسەڵاتی ئەو سەردەمە چووە بۆ ئاسمان، ئەوەش کە بەناوی دنانوخت هاتووە، هەمان ئەو ئەفسانەیە کە لەئاینەکانی دیکەدا هەیە، بەوپێیەی کە هەموو ئاینەکان پشت بەو ئەفسانانە دەبەستن کە درووستکراوە و لەدەقەکانیاندا هاتووە.
لەگەڵ ئەوەدا کە کتێبی (کەنز رەبا) باس لەوە دەکات قورئانی ئیسلام ناوی سابیئە و پێغەمبەر یەحیای کوڕی زەکەریای هێناوە و ئیسلامیش دانی پێداناون، هەروەها لەهەردوو ئایەتی الحج و مائیدە ناویان هاتووە بەم جۆرە" ان الزین امنو والزین هادوا النێاری و الێابئین من الله والیوم الاخر و عمل ێالحا فلهم اجرهم عند ربهم ولاخوف علیهم ولاهم یحزنون" ١. لە ئایە تێکی دیکە دا هاتووە" ان الزین امنو والزین هادوا والێابئین والنێاری و المجوس والزین اشرکوا ان الله یفێل بینهم یوم القیامە ان الله علی کل شی شهید" ٢.
١: سورەتی الحج ئایەتی ١٧
٢: سورەتی مائدە. ئایەتی ٦٩.
هەرلەمبارەیەوە کۆمەڵناسی عەرەبی عێراقی بەناوبانگ رەشید خەییون دەڵێ" هەرکەسێک بەتەواوەتی قورئان بخوێنێتەوە، ئەو شوێنانەی کە باسی لە سابیئە کردووە، بەراوردی بکات لەگەڵ کەنزا رەبا، هەروەها فیقهی ئیسلام و سابیئە بخوێنێتەوە،

دەبینێ ڕێکەوتنێک هەیە لەنێوان هەردوو ئاینەکە" (١٢). ئەم قسانەی خەیون لەکاتێکدایە کە زۆرن ئەوانەی دەڵێن سابیئە و کتابەکەیان، ئەسڵی نییە و قورئانیش لەگەڵ یەهود و نەسارا باسی کردوون و بەکوفری زانیون، بەڵام ڕێکەوتن لەنێوان سابیئە و ئیسلام، تەنها یەک ئامانجی هەیە، ئەویش لێدانی ئینجیلی و مەسیحییەکانە کەهەم ئەوان وەکو سابیئە خۆشییان لێنایە لە سابیئە، هەم بۆ ئیسلام کێشیەکی گەورەن بۆیە لێدانە کە لەوێوە سەرچاوی گرتووە کە لێکچوونەکەیان زۆر نزیکە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەوان دەڵێن کتێبی کەنزا ڕەبا یەکەمین کتێب و ئاینی سەر زەمینە، ئەی چۆن دەتوانێ باسی قورئان بکات کە باسی ئەوانی کردووە، هەردوکیان لە دوو زەمەنی جیاوازدا هەبوونە، دەکرێ کەنزا ڕەبا باسی قورئانی ئیسلام بکات وەکو ئەوەی خودا پێغەمبەر و ئاینێکی دیکە لە ئایندەدا دەنێرێت و خەڵک شوێن کەوتووی دەبن، بەڵام ناکرێ قورئان باسی کەنزا ڕەبا بکات تەنها وەکو یەکسان بە ئاینەکانی دیکەی دەرەوەی ئیسلام نەبێت.

هەڵبەت هەموو ئاینەکانی بەبێ جیاوازی فکری بۆ خودناسین، باسی دوالیزمییان کردووە کە بریتییە لە خێر و شەڕ، خێر خودا و چاکەکارە و شەڕیش شەیتان و خراپەکارە، ئەمە لۆژیکی ئایینە بۆ دیاردەناسی و ژیان، بەڵام شێوەی پێناسەکردنییان بۆ خودا و شەیتان لە شێوەی هێنانەوەی ئارگومێنتی ئەفسانەییدا جودایە، بۆ نموونە لە کەنزا ڕەبادا هاتووە کە باشی شەیتان دەکات،

" لە پێناو ئێوەدا تاریکی و روناکی ململانێیانە.

ئەگەر دیاردە یان ئاماژەیەکی جیاوازتان لێدەرکەوت

دەوران و ئاماژەیەکی لە لوتکەی ئاسمان

لێی مەترسن". کەنزا ڕەبا الیمین. لێرەدا ئەم ئایەتە باس لەو گەمە بازنەییە دەکات کە ئینسان تێیدا دەژی و هەمیشە رووبەڕووی خێر و شەڕ دەبێتەوە، دەبێ هەڵبژێرێت و نەترسێ لە تاریکی، چونکە روناکی هەمیشە ئومێدێکە بۆ هەڵهاتن، ئەم چەند درێیە لە ئایەتی کەنزا ڕەبا، لەرووی ئەفسانەییەوە، ڕێک لە ئەفسانەی سیزیفی یۆنانی دەچێت کە هەمیشە گاشە بەردەکەی لەسەر شان ناوە و دواتر خلۆری دەکاتەوە و جارێکی تر و جارێکی تر و جارێکی تر کە مانای ئیشکالیاتی دوالیزمی ژیانە بۆ ئینسان. بەڵام لێرەدا کەنزا ڕەبا یەک جیاوازی هێناوەتەوە، ئەویش خزاندنی ئینسانە لەنێو بازنەیەکدا کە شەیتان گرەوی لەسەر دەکات و دەبێ ئینسان وریابێت نەدۆڕێت.

ئەوەی کەنزا ڕەبا باسی دەکات لە الیمین، ئەو دوالیزمە شیدەکاتەوە و باس لە تاریکی و روناکی دەکات و هەریەکەیان فەزایەکی تایبەتی خۆی هەیە و ئینسانی موخەیەر کردووە کامیان هەڵبژێرێت، بۆ نموونە باسی ئەوە دەکات کە جهانی خۆش ی و روناکی بەبێ تاریکی و جهانێکی ئاسایە بەبێ مانگرتن، جهانێکی دادو ئینساف و بێ ئاژاوە و ماندووبوونە، جهانێکی شاز و زیرەکە و هیچ بۆنێکی ناخۆشی لێنایەت، جهانێکە ژیانی نەمری و بەبێ تەواو بوون، ئەوجهانەش ئاوی زیندووە کە بۆنی

خۆشی لێدێت کە وادەکات مەلائیکەتەکان دڵخۆش بن، جهانێکە راستگۆیی و ئیمان بەبێ درۆ و پێچاوپێچ کردن، جهانێکی پاک و ساف بەبێ ئەوەی تێکەڵەیەکی خراپی تیابێت کەچی لە جهانی تاریکیدا باسی کردووە کە ئێمە دەمانەوێ قسەت بۆ بکەین لەو کەمایەسی و رق و کینەو شەرانە، ئەوەی کە تێدا لەدایک بوویت و دەرچووی لە ژیانی دووەم، لەو شەڕەی کە دووچاری هاتی، ئەوەی کە لەنێو بوونی ئاوی رەشدا بەرەو ئاوی رەش دەرچووی، ئەو نموونانەی کە بەرز بوونەوە لە ئاوی رەشدا، هەموو ئەو کارە قیزەون گەندەڵانە کە لەنێو بوونتدا دەرکەوتن، ئەمە بەیاوەری کەمایەسییەکان دەرچوو و دەرکەوت، بۆیە شان بەشانی ئەو برسێتی هات ". (١٣). لێرەدا کەنزا رەبا بە ئاشکرا دوالیزمەکەی دیاریکردووە، ئەویش لەرێگەی روناکی و تاریکی و ئاوی رەش و ئاوی شپی کە دوو دیاردەن بۆ گرتنەبەری رێگەی خێر و شەڕ کە لەوێدا ناوی تارکییەکانیش هاتووە بە اور و اونوش و هتد کە ناوی ئەفسانەی رەش و مەرگن لە ئایینی مەندائی، کەوابوو لەلای سابیئەی مەندائی ئینسان پێی راگەێنراوە و دەیزانێ بۆچی ئەو ئەفسانەیەی بۆ بەیان کراوە، ئیدی دەبێ خۆی هەڵبژێرێت، ژیانی تاریکی و ئاوی رەش و کاری قیزەونی کاتی و گەندەڵی و برسێتی، یان ژیانی روناکی و فەزای خۆش و بینینی مەلائیکە و دڵخۆش کردنیان.

## کتێبە مەندائییەکان

مەندائی جگە لەکتێبی کەنزا رەبا، چەند کتێبێکی دیکەیان هەیە پشتی پێدەبەستن و کاری پێدەکەن وەک پرنسیپێک بۆ مەراسیم و سروت و نوێژ و خودا پەرستی و کولتووری تایبەت بەخۆیان کە بریتیە لەهەشت کتێب و بەشێکیان تەراتیل و سرود و مێژوون و بەشێکی تریان میتولۆژیایە و لەئەفسانەی نێو چیرۆکەکان دەچێت.
کتێبی یەکەم: در ئاشا ئاد یەحیا. واتە زانیاری یە حیایە کە پێغەمبەری مەندائییەکانە.
ئەم کتێبە حوکم و وەعز و زانیاریەکانی پێغەمبەر یەحیا و یۆحەنایە، واتە باس لەژیانی پێغەمبەر یەحیا دەکات لەسەرەتای لەدایکبونیەوە، باس لەو تێگەیشتنە دەکات کە خودا لەرێگەی مەلائیکە جوبریلەوە ناردوییەتی.
کتێبی دووەم: سیدرا ئاد نیشماسا، ئەم کتێبەش چەند چیرۆکێکە دەربارەی دابەزینی جەستە بۆ رۆحی ئادەم، هەروەها لەم کتێبەدا چەند تەراتیل و سرودێکی تێدایە کە بۆ سروت واتە تەقسی تەعمیدە و پاککردنەوە بەکاردێت، لەوکاتەی کە لەسەر روبار خۆیان دەشۆن، بەتایبەتی جەژنی برۆنایا کەلە هەمان رۆژەکانی مانگی ئادارە و کورد پێی دەڵێن نەورۆز و بەشێکی دیکەی دەربارەی کفن و دفن کردنی مردووە.
کتێبی سێهەم: حەران کوێسا. ئەم کتێبە دیوانێکە کە باس لەمێژووی سابیئە دەکات، هەروەک ئەوەی کەمێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ بەر لەمەسیح و گوایە لە٤٠٠ ساڵ بەر لەهاتنی مەسیح لەژاپۆنەوە ئاینەکە هاتووە و دواتر پەراگەندەی ناوچەی رۆژهەلاتی

ناوەڕاست بووە و گەشەی کردووە بەتایبەتی لەفەلەستین و میسر و بەشێکی کیشوەری ئاسیا، بۆیە لەعێراق بەکەمینە ناسراوە.
کتێبی چوارەم: ئەلقەلستا. ئەم کتێبە بریتیە لەچەند سروودێک کە بۆ کاتی هاوسەرگیری بەکاریدەهێنن، دەربارەی یاسا و ژنهێنان و هاوسەرگیرییە، وەختێک پلەدارێکی روحانی بەپلەی تەرمیزە دوعاکەیان بۆ دەخوێنێ لەگەڵ چەند سفرێکی تایبەت بەهاوسەرگیری لەکتێبی کەنزا رەبا و شەرعیەت بەهاوسەرگیریەکە دەدات، هەروەک چۆن لەئاینەکانی کریستیانی و ئیسلام، قەشە و مەلا هاوسەرگیریەکە شەرعیەت پێدەدەن، بەڵام ئەوەی مەندائی جیاوازی هەیە و دەبێ تەقسەکە حازر بێت و دەبێ لەشوێنێک بێت کە ئاوو قامیشی لێبێت، ئەگەرنا مارە بڕینەکە نابێت و کێشە، یان کەلێنی تێدەکەوێت، ئەگەر سوتفەی کرد شوێنەکە ئەو کەرەستانە واتە قامیش و ئاوی لێنەبوو بۆ دروستکردنی تەقسەکە، دەبێ مارەبڕینەکە هەڵبگیرێ بۆ کاتێکی تر کە ئەو تەدارەکانە خاسبن و ئامادەبکرێن، تاکو حەڵاڵ و دروست بێت و بەپێی ئەو رێنماییانە بێت کە بۆیان دانراوە.
کتێبی پێنجەم: ترسر ئەلف شەیالە. ئەم کتێبە دیوانێکە بریتیە لە حەوت بەش، قسە لەسەر هەڵەی ئەو کاهینانە دەکات کەلەرابردوودا گوناهیان کردووە و چارەسەریشی بۆ دەدۆزێتەوە، بەپێی هەندێک یاسا کە تایبەتە بەمەندائیەکان، هەروەها چەند پرسیارێکی تیدایە سەبارەت بەفەلسەفە و لاهوتی مەندائی.
کتێبی شەشەم: نیانی ئاد رەهمی. ئەم کتێبە تایبەتە بەدوعا و سەڵاوات لەکاتی فەرمی و نافەرمی بەکاردێت.
کتێبی حەوتەم: نیانی ئاد مێبیتا. بۆ کاتی مەراسیم و تەعمیدە بەکاردێت واتە کاتی خۆ شووشتن لەروباردا.
کتێبی هەشتەم: سیدراد مسوتا، كتاب التعميد. لەم کتێبەدا شیکردنەوە بۆ مەراسیمی خۆ شوشتن و هەموو جۆرەکانی دیکەی تایبەت بەو سرووتەی تێدیە.
کتێبێکی دیکەیان هەیە بەناوی كتاب العقد. ئەم کتێبە باسی سرووتی هاوسەرگیری و نیکاح و مارە برین و چۆنیەتی خوێندنەوەی شیعرەکانیانە بۆ ئەم مەبەستە.
مەندائییەک دەبێ مەعریفەی هەبێت لەبارەیەوە.
پێدەچێ ئەو هەشت کتێبەی کە لەسەرەوە هاتووە، لەنوسینی پیاوە روحانیەکانی سابیئە بێت، نەک ئەوەی کە پاشماوەی دەستنووسەکانی یەحیای کوڕی زەکەریا بێت، ئەمەش گومانێکی دیکەی ئەوز کەسانەیە کە بەناوی مەندائی و سابیئەوە بڕوادارن و گومانیانیشیان لە شێوەی خوداپەرستیی هەیە بەو شێوەیە، چونکە هیچ یەکێک لەو کتێبانە ناتوانێ بڕوادارێک قەناعەت پێبهێنێت کە خودا پەرستی بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت لە ژیاندا تاکو مردن.
دەرکەوتووە کە ئاین بەیتابەتی ئەو ئاینانەی کە بە ئاینی سەر زەمین ناسراون، بۆ ئەوەی قەناعەت بە خوێنەر و بڕواداران و ئیمانداری خۆیان بهێنن، زیاتر لە کتێب و

بڵاوكراوەیەک دەردەکەن و وەکو ئەدەبیات زیادی دەکەن بەسەر کتێبە پیرۆزەکەیانەوە، بەڵام سیۆلۆژیستەکان لەو بڕوایەدان کە ئاین بە ئەدەبیات گەشە ناکات و قەناعەت زیات ربە خەڵکی دەرەوەی ئاینەکە ناکات مەگەر تەنها بڕوادارتنی خۆیان، بۆ سەڵماندنی ئەمەش دەقەکانی نێو کتێبی پرۆزی خۆیانە کە بەزمانێکی سادە نووسراوە و هیچ تێڕمانێکی گەرەک نییە وەکو ئاینەکانی دیکە، کەوابوو پرسیار ئەوەیە چۆن دەبێت لە پەنا کتێبی پرۆزی ئاینێک کتێبی دیکە هەبێت، ئەگەر ئەمە گومانەکە زیاتر نەکات لەبەرامبەر ئاینەکە.

## ئاو .. یان رووبار

ئاو ئەو کەرەستەیەیە کە سابیئەکان بەگرنگ و سەرچاوەی پاکبوونەوەی دەزانن، بۆیە هەمیشە چ پێشووتر لە وڵاتی میزۆپۆتامیا و دواتریش لە میسڕ و پاشان جێگیربوونیان لە عێراق، بەتایبەتیش لەشاری بەغداد وەکو سەنتەرێکی گشتی و وەکو شوێنی ئاو کە روباری دیجلەی لێیە ماونەتەوە، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی بەبێ ئاو ناکرێ ئینسان بژی واتە بۆ خواردنەوە و خواردن و هتد بەکار دێت، بەڵکو گرنگیەکەی ئەوەیە کە ئەوان بەسەرچاوەی خۆشوشتن و پاکبوونەوەی دادەنێن، واتە (التعمید) چونکە لەلای ئەوان ئاو سەرچاوەی پاکبوونەوەیە لەگوناە و غەڵەتەکانی کە لەدونیادا ئینسان دوچاری دەبێت، هەربۆیە لەو شوێنانە دەژین کە روباری پێدا تێپەڕدەبێت، هەروەک ئەوەی کە لەئوردن و فەلەستین و میسر لەنزیک روبارەکانن، یان لەعێراق لەنزیک ئەهوارەکانی خواروو و روباری دیجلەن، ئەگەر لەشوێنێکیش ئاوی روبار نەبوو، بەناچار حەوزێک دروست دەکەن و بۆ خۆ پاککردنەوە بەکاری دەهێنن، ئاوەکە دەبێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت و بگۆڕێ، واتە ئاوەکە مەنگ نەبێت، پاکبێت و دووبارە نەبێتەوە و لەبەری بڕوات، ئەم سرووتە بەکۆمەڵ دەکرێ، ئەگەر کەسێک تاک بۆوە لەکۆمەڵەکەی خۆی، لەسەریەتی بەهەر شێوەیەک بێت بیکات و نزیک ئاو بژی، یان ئەو حەوزە دروست بکات، بەڵام بەمەرجێک شوێنەکە بۆ نێر و مێ جیاوازی هەبێت وەکو ئەوەی لە پێشووتر باسمان کرد مەسەلەکە پەیوەندی بە ئەخلاقەوە هەیە.

## قامیش

پیرۆزی بوونی قامیش لە کولتووری ئاینی سابیئە، لەوێوە هاتووە کەسابیئە کۆنەکان لەشوێنێک نیشتەجێبوون کە قامیشی لێبووە و چیغیان دروست کردووە، واتە ژورێکیان لەقامیش دروست کردووە، ئەو قامیشە ئێستا لەبنکەکانی مەندائی لەهەموو شارەکان و ماڵەکانی بنەماڵەی سابیئە بۆ شوشتنی مردوو و هەروەها بۆ هاوسەرگیری نێوان کوڕو کچ بەکاردێت، یان ئەوەی سروتەکانی دیکەی مەندائی تێدادەکەن.

قامیش وەکو سرووتێک بۆ هاوسەرگیری بەکاردێت و کراوە بەکۆشکێکی شەفاف و بۆ کوڕ و دەچێتە نێو ئەو قەفەزەوە، کچەکەش دەچێتە ژوورێک کەبەتارای سپی داپۆشراوە و لەوێ لەو ژوورە (بوکە) واتە ئەو کچەی شوو کردووە، چاوەڕێ دەکات تاکو تەرمیزە پیاوی روحانی وەکو مەلای ئیسلام دێت و مارەیان دەبڕێت بەپێی پرنسیپی ئاینەکەی خۆیان، واتە پیاوێکی روحانی کە نازناوی پلەی روحانی ئاینەکەیە، ئەو بۆی هەیە رێوڕەسمەکە بەڕێبخات، مارەیان لەیەکتر دەبڕێت و دەبێ هەردوکیان واتە بوک و زاوا سوێند بخۆن، ئەو سوێند و دوعایەی کە تەرمیزە بۆیان دەخوێنێ ئیدی لەوێ لەلایەن پیاوی روحانی تەرمیزە تەراتیل دەخوێنرێ و هاوسەرگیریەکە دیاری دەکات و دوعایان بۆ دەکات، دواتر کچەکە مارەی لەکوڕەکە دێت و ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن.

لەنێو سابیئەکان هاوسەرگیری یەکێکە لەروکنەکانی ئاین و ناکرێ کەسێک بڕوادار بێت هاوسەرگیری نەکات، ئەمە هەم بۆ ئەوەی لە کێشەی ئەخلاقی دووربن و هەم بۆ ئەوەی وەچەیان زۆر بێت و لە مەترسی لەناوچون دوور بکەونەوە کە وەکو کەمینە ناسراون، لەبارەی تێکەڵبوونیان لەگەڵ نەتەوەیەکی تر و ئاین و مەزهەبێکی ترەوە، ئەوان تەواو جیاوازو و توندڕەون وەکو کەمینەکانی تر، بۆ نموونە هیچ کەسێکیش بۆی نییە ژن بێنێت، یان شوو بکات لەتایەفەیەکی دیکە ئەگەر سابیئە نەبێت، هەروەها وشەی تەڵاق و لێکجیابوونەوە نییە و بەگوناه لەقەڵەمدەدرێت و عەزابی دونیایی و قیامەتی دێتە سەر. ئەم پرنسیپانە لەلایەن یەحیا زەکەریاوە وەکو یاسا و کولتوور و روکنی ئاینی دانراوە و نابێ کەسێکی مەندائی لەم روکنە ئاینیانە لابدات، ئەم حاڵەتە لە شێوەی کریستیانەکانە و ناهەقیان نییە کە کریستیان پرنسیپی ئەخلاقی و رەفتاری کۆمەڵایەتیان لە سابیئەی مەندائییەوە وەرگرتووە و تادەگاتە سیمبولەکانیشیان، ئەمە بەشێکی دیکەی گومانە لەو ئیمانەی کە سابیئەکان هەیانە.

## شوهرەتەکانی مەندائی

مەندائیەکان لەدێر زەمانەوە کاری دەستی تایبەتیان بۆخۆیان هەڵبژاردووە، لەوانەش گرنگترین کار زێرەنگەری بووە کە بەو نازناوە زۆربەیان شوهرەتیان وەرگرتووە و بۆتە لەقەبی زۆربەیان، هەروەها کارێکی دیکەی دەستیان بریتییە لەسەنعەتی ئاسن، واتە دروستکردنی داس و چەکوچ و خاکەناس و کەرەستەی کشتوکاڵ و جوتیاری و هتد، واتە سەنعەتی سەرەتایی کە زۆربەیان دروستکردنی کەرەستەی جوتیاری بوونە بەر لەهاتنی سیستمی نوێ، بەڵام زەڕەنگەری بیرکردنەوەی سەرەتایی ئەوانە و بەموڵکی خۆیانی دەزانن، بەوپێیەی کە هەمیشە لە نزیک رووبار بوونە و لەوێشەوە راوچێتی و بەدەستهێنانی کانزاکانی نێو رووبار بووە، بۆ نموونە وەختێک لە نزیک رووباری نیل بوونە لە میسر و دواتر کە دەرکراون بو فەلەستین بەهۆی هاتنی

یەهودییەکانەوە بۆ کەنعان، لەوێوە بۆ فەلەستین و لەوێش هەر رووباری لێبووە و کەڵکیان لە رووبار وەرگرتووە، بۆیە زۆرترین دەوڵەمەندی عێراقی لە کڕین و فرۆشتنی زێر وەکو خۆیان دەڵێن مەندائین، مەسەلەی رووباریش ریوایەتێک هەیە کە پێی وایە ئەوان بەهۆی کەڵک وەرگرتنەوە لەوورباز ماوەنتەوە نەک خۆشووشتن و پاکبوونەوە لە کوناهی سەر زەمین کە ئەمە ئیجتیهادێکی نوێیە، بەڵام زۆر پشتی پێ نابەسترێت، چونکە داتای تەواو لەبەردەست نییە بۆ سەلماندنی.
ئەوان لەهەر شارێک بووبن لەرابردوودا کە سەنعەت بەو خێراییەی ئێستا گەشەی نەکردبوو، خەریکی سەنعەتی کاری دەستی بوونە و ئێستاش وەکو کارێکی پیرۆز تەماشای زێڕەنگەری دەکرێ، چونکە کەسێکی رۆحانی وەکو شێخ هورمزی کوڕی مەلا خدر کە لەساڵی ١٨٦٥ زاینی چۆتە بەغدا و لەوێ خەریکی ئەم کارە بووە و ئیدی بۆتە بەشێک لەکولتوور و دابونەریتی سابیئەکان. جگە لەمەش مەسەلەی سەنعەت بۆتە بەشێک لە مۆرکی پێشکەوتنی شار و بەموڵکی ئەوان دادەنرێت.
ئەم سەنعەت و کارکردنەی کە نهێنی تێدایە و تا ئێستا نەزانراوە بۆچی موڵکی ئەوانە، لەوێدا سیحرەکە پوچەڵ دەبێتەوە وەختێک دەزانین ئەوان بۆچی لەدەم رووبار و دەریاکان ژیاون، چونکە پێدەچێت ئەوان بۆ کەڵک وەرگرتن لە رووبار کە مەعریفەیەکی نوێ نییە بریتییە لە داهات و گەنجینە بۆ بەشەرییەت، ئەم حاڵەتە لە سۆماڵ و سودانیش هەیە کە ئەوانیش وەکو سابیئە کەڵکیان لە سامانی سرووشتی وەرگرتووە، بەڵام ئەوان لەژێر عینوانی دیکەی ئایینی و کۆمەڵایەتی جیاواز.

## جەژنەکانی سابیئە

سابیئەکان کۆمەڵێک جەژنی تایبەت بەخۆیان هەیە کە رەنگە هەندێکیان جیاواز نەبێ لەگەڵ جەژنی ئاینەکانی دیکە، وەکو جەژنی رۆیشتنی زستان و سفری تکوین و رۆژوو گرتن و هتد.
سەری ساڵی مەندائییەکان جەژنی گەورەی پێدەڵێن، (دهوا ربا) ئەم رۆژە دەکەوێتە ١ی شوباتی هەموو ساڵێک، گوایە ئەو رۆژە باوکە ئادەم جەستەی لەلایەن خوداوە خوڵقێنراوە و لەمەلائیکە چۆتە دەرەوە و بووە بەئینسان، هەروەک ئەوەی کە لەئاینەکانی دیکەش چیرۆکەکە هاتووە دوای خواردنی گەنم یان سێوەکەی بەهەشت، ئیدی خودا ئادەم و حەوا دەردەکات لەبەهەشت و دەیان نێرێ بۆ سەر زەوی، ئەمە لەسفری تەکوینی تەوراتیشدا هاتووە، بەڵام ئەوان لە (٧ تاکو ١٠) مانگی ئاب سرووتی خۆیان هەیە و تەنها مریشک سەردەبڕن.
جەژنی دووهەم. جەژنێکی بچووکە و بەجەژنی گوڵەکان و (دەهوە هنینە) ناسراوە، ئەم جەژنە دوای ١١٨ رۆژ لەدوای جەژنی گەورە دێت و بریتیە لەدوو رۆژ یان سێ رۆژ، بۆنەکەش ئەوەیە کە خودا لەو رۆژانەدا جوبرائیلی ناردووە بۆسەر زەوی و کار

و فەرمانەکانی خودا تەواو بکات کە ئەمەش خاڵێکە هەموو ئاینەکان بەتێکڕا لەسەری کۆکن وەکو یەک چیرۆکەکە دەگێڕنەوە و خستویانەتە نێو تێکستەکانیانەوە.
جەژنی سێهەم: ناوی (بنجەیە) و یان پێی دەڵێن (دەهوە بڕوانایا) ئەم جەژنە لەپێنج ڕۆژ پێکهاتووە، دوای چوار مانگ لە جەژنی بچووک دێت، واتە لە دەیەی یەکەمی مانگی نیساندایە، ئەوان بڕوایان وایە خودا لەو ڕۆژانەدا دەرگای نوری خۆی دەکاتەوە و دوعای بەندەکانی قەبوڵ دەکات.
جەژنی سێهەمی دووەم: جەژنی یەحیایە و پێی دەڵێن (دەهوە یان یەمانە) لەرۆژانی ٨ و ٩ ی حوزەیرانە و و گوایە ئادەم لەو ڕۆژەدا خۆی ششتووە و هەر لەو ڕۆژەشدا یەحیا زەکەریا لەدایک بووە و باشترین ڕۆژانێکە کە منداڵی تێدا بشۆرێت.
جەژنی شوشیان: جەژنێکە پێکهاتووە لەدوو ڕۆژ، ئەو ڕۆژانەش دەکەونە ٦ و٧ ی مانگی شوبات، یان لەرۆژانی ٢٥ و ٢٦ ی تەمموزی زاینی، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە خودا لەدروستکردنی ئادەم بووەوە، بۆیە لەلای سابیئەکان کەیف خۆشی یە.
بەپێی ئەم جەژنانەی سابیئەی مەندائی بێت، تەنها مەسەلەی قوربانیەکە جیاوازی هەیە لەگەڵ یەهودی و ئیسلام کە لەجیاتی بەرخ و ئاژەڵ، ئەوان مریشک سەردەبڕن، ئەگەرنا مەسەلەی قوربانی و دروستکردنی ئادەم و حەوا کە سەرەتای مرۆڤن و لە بەهەشت بوونە و بەهۆی خواردنی سێوەکەوە کە بەقسەی شەیتانیان کردووە، ئیدی خودا دەریکردوونەتە دەرەوە لەبەهەشت و بۆ سەر زەوی ناردوونی و دواتر گەشەیان کردووە، ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە خاڵی هاوبەشی هەموو ئاینەکانە و کەسیان چیرۆکێکی تری جیاوازیان نییە. هەروەک ئەوەی کە لەسفری تکوین واتە سەرەتای بوون کە ئادەم و حەوا بوونە، هەمان چیرۆکیان هەیە. کەوابوو جەژن کە تەنها پێناسە و ناوی گۆڕاوە نەک مانا فەلسەفییەکەی کە سەرەنجام بریتییە لە گۆڕینی وەرز و مانای بوون و ڕۆژوو گرتن، جەژنی هاتنی پێگوتراوە، هەروەها زستانی ئەو سەردەمەی بەرلەمێژوو کە یەحیا زەکەریا بەیانی کردووە، وەکو چۆن ئایینەکانی تریش باسیان کردووە، زستان دڵڕەقانە بووە سرووشت و دواتر بەهار هاتووە کە دوای ئەوە نیسانیش بەهەمان شێوەی ئایینەکانی دیکە جەژنی خۆشی پێگوتراوە.
ئەم جەژنانەی سابیئەی مەندائی هیچ زیاتر نیین مەگەر لە فۆڕمدا لەگەڵ جەژنی ئایینەکانی دیکە، هەر ئەوە نەبێت کە ئەوان ناوەکەیان جیاواز کردووە و پێناسەیەکی دیکەیان پێداوە و گۆڕینی وەرز و خۆشووشتن بەمانای پاکبوونەوە لە گوناهی سەر زەوی وەختێک ئینسان دووچاری گوناهی گەورە یان بچووک دەبێت، ئیدی ئایین هەیە بە دوا و پاڕانەوە یان ڕۆیشتن بۆ سەنتەری پەرستگای ئایینە وەکو حەج و ئەوان بەپێچەوانەوە جگە لەمەسەلەی ڕوح. مەسەلەی جەستەیان لەلا پێوەر بووە هەروەک ئەوەی خۆیان دەشۆن.
هەڵبەت لەشوێنێکی تردا سابیئە لەساڵێکدا چوار جەژنی دیکەیان هەیە

جەژنی یەکەم: بەجەژنی (البنجه او البرونایه) ناسراوە، ئەمە جەژنی دروست بوونی دونیایە بەگیانلەبەر و بێگیانەوە.
جەژنی دووەم: جەژنێکە لەناوەڕاستی مانگی شوباتدا دەکرێ و هەموو سابیئە کۆدەبنەوە بۆ رازیکردنی یەکتر ئاهەنگ دەگێرن ئەگەر بەنهێنیش بێت.
جەژنی سێهەم: جەژنی لەدایک بوونی مادیە، جەژنێکی گەورەیە، چونکە واناسراوە کەهەر وەک ئەوەی لە تەواوی تێکستە ئاینیەکاندا هاتووە خودا لە ٧ رۆژدا تەواوی چەرخی گەردوونی بە زەوی و گیانلەبەرەوە دروستکردووە، ئەوانیش دەڵێن لەمرۆژەدا خودا زەوی و ئاسمان و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان لەشەش رۆژدا دروست کردووە، بۆیە ئەوانە ئەمە بەیەکەم رۆژی ساڵی مەندائی دەناسن.
جەژنی چوارەم: جەژنی گەشەسەندنە، ئەم جەژنە بچووکە، بۆیە بەجەژنی بچووک دانراوە، چونکە جوبرائیل مەلائیکە لەو رۆژەدا دابەزیوە و شەڕی لەو شەیتانانەدا قەتیس کردووە  کە فەساد دەهێننە سەر زەوی، خوا لەو رۆژەدا فەرمانی کردووە کە رووەک بچێنن و هەموو شتێکی لەپێناو ئادەم ئامادە کردووە بۆ سەر زەوی.
جگە لەجەژنەکان، چەند بۆنەیەکی دیکە هەیە سابیئە مەراسیمی تێدا دەکەن، لەوانەش مەراسیمی ئەبو هەریسەو تۆبەیە. ئەم رۆژە لەسەرەتای مانگی شەش دێت، رێکەوتەکە لە رۆژی ١٧_١١ زاینی خواردنی هەریسە ئامادە دەکرێ، ئەم مەراسیمە بەقەولی سابیئەکان نوح کردوویەتی، ئەوەش بۆئەوە بووە کە بەهۆی زریانەوە مردوون. لەم مەراسیم و بۆنەیەدا سروودێک دەخوێنرێ کە ئەمە دەقەکەیەتی ...

گوبی لمن وهب            فانه لماجور
گوبی لمن کسا            فیکسا اربعه من نور
گوبی لمن انقژ اسیرا     فیستقبله رسل النور"

ئەم تێکستە لە کتێبی کەنزا رەبا هەیە کە کتێبی پیرۆزی سابیئەیە.

## دەرفەش

هەر ئاینێک خاوەنی سیمبولێکی دیارن کە بەوە ناسراون، هەروەک چۆن جولەکە بە ئەستێرە و شەمعدان و کریستیانەکان بە خاچ کە مەسیح پێی لە خاچ دراوە، ئیسلام بە شمشێر و ناوی خودا و قورئانەکەی ناسراون، ئایینی ئاڤێستاش بە لۆگۆی زەردەشت پێغەمبەر و هتد ناسراون، ئەوانیش بە دەرفەش ناسراون.
لەلای مەندائییەکان دەرفەش بەو لۆگۆیە یان سیمبولەی سابیئە یان بەو ئاڵایە دەگوترێت کە لەسەر خاچێکە و چڵە زەیتوونی بەسەرەوەیە و سیمبولی مەندائیەکانە و بەوە دەناسرێنەوە لەدونیادا، دەرفەش بریتیە لەهەمان ئەو خاچەی کە کریستیانەکان بە سیمبولی خۆیانی دەزانن و کاتی خۆی مەسیحی پێغەمبەری پێی لە خاچ دراوە، بەڵام لەلای سابیئەکان ئەو خاچە بریتیە لە دوو داری راست و چەپ و بەسەریەوە

پارچەیەک قوماشی حەریری سپی بەسەرا دراوە و لەسەری خاچەکە چڵە زەیتونێک هەیە کە مانای ئاشتی دەگەیێنێ و پەیوەندی بەلەخاچدانی مەسیحەوە نییە کە پێی بگوترێ کولتووری نزیک لە کریستیانی، بەڵام بەشێک لە کریستیانەکان و قەشەکان پێیان وایە کە سابیئە لەئەسڵدا مەسیحین و دواتر خۆیان جیاکردۆتەوە لەو ئاینە و سابیئەکانیش بەم قسەیە ناڵێن ئامین و نکوڵی لێدەکەن و پێیانوایە ئەوان لە پێشترن و ئەسڵن لەرووی ئاینی و مێژوویی، پیدەچێت مەندائییەکان راست بکەن، چونکە ئەوان مێژووەکەیان لە پێشترە، بەوپێیەی کە جولەکە بەرلەهاتنی مەسیح ئەوانی تەنگەتاو کردووە و بەپێی مێژووەکەی خۆیان تەمەنیان زۆرترە و لەخاکی فەلەستین لەلایەن جولەکەوە دەرکراون و بەشێک لەکولتوورەکەیان وەکو خۆی نەماوە کە قەوالەکانیان دەیگێڕنەوە، بەڵام سەلمێنەر ئەوەیە کە ئەوان هەم پێغەمبەرەکەیان هەم شێوەی خوداپەرستیان لەناوچەکە و هەم مێژوویان لەگەڵ مادەکان کە کورد بوونە و مێژووی کوردیش زیاترە لە کریستیانی، ئەوا ئەوان کۆنترن لە مەسیحی بەتایبەتی لە ناوچەکە کە کوردستانی و عێراقە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە خاچ سیمبولی سزا و مانای شێوازێکی لەسێدارەدانی ئەو کەسانە بووە کە لەدژی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە بۆچوونی جیاوازی هەبووە یان دژ بووە، تائێستا نەزانراوە یەحیا زەکەریا بۆچی خاچی بەکارهێناوە وەکو سیمبول بۆ سابیئەکان، ئایا خۆی لەخاچ دراوە کە نابێت کەسێک بەرلەوەی سزا بدرێت سیمبولێک دروووست بکات بۆ ئایینەکەی، ئایا دوای ئەو پێغەمبەرە خاچەکە دروست بووە، ئەمەشیان نابەجێیە، بەهەرحاڵ ئەمەش گومانێکە لە بوونی ئایینەکە وەکو ئاینێکی سەربەخۆ و بێ لاسایی کردنەوەی ئایینەکانی بەرلە خۆیان.

## پلەی روحانی

هەموو پێکهاتە تایەفی و ئاینیەکانی ئەم ناوچەیە بەهۆی نەبوونی سەنتەرێک بۆ بڕیاردان، یان بەهۆی لاسایکردنەوەی ئاینەکانی تر و رەنگیشە بەپێچەوانەوە بێت ئەوان لاسایی سابیئە و ئەرمەن و هتد کرابێت، بۆیە پلەی روحانیان هەیە و ئەم پلەیەش رۆچۆتە خوارەوە و تائێستا بەهەمان شێوەی کاکەیی و ئێزدییەکان مەسەلەی چینایەتیان تێدا مەسەلەیەکی کارایە، هەر ئەمەشە کە لەنێو مەندائییەکانیش هەموو کچێک ناتوانێ شوو بە کوڕێکی تری پیاوە روحانیەکان بکات یان بە پێچەوانەوە تێکەڵ بوون دەبێ بەپێی پرنسیپی ئایینی بێت کە پێوەرێکی چینایەتییە.
کۆمەڵانی سابیئەی مەندائی چوار گروپن، گروپی خاوەن روحانیەکان و گروپی هەیکەلەکان و گروپی خاوەن خەڵکی و گروپی خاوەنی خربانیە یان حرانیە، ئەوان بەگشتی بڕوایان بە بەجهانی دروستکراو هەیە ئەو دروستکەرەش زاناو دانایە و ناخوشی و هیچ نابینێت کەس نییە بتوانێ بگاتە لای ئەو مەگەر تەنها بەهۆی روحی

پاکەوە هەموو پلەکانیان وەردەگیرێت کە سەرەنجام ئەو پلە روحانیانە لەلایەن دەزگای نێوخۆی ئایینەکەوەیە و بەئاشکراش نییە.
کەوابوو مەندائی یان سوببی کۆمەڵێک یان پلەبەندی روحانیەت هەیە لە نێو ئیماندارانی سابیئەی مەندائییەکان، هەریەکێک لەو پلانە بەپێی پرنسیپی تایبەتی ئاینەکە و وەسیەتی یەحیا زەکەریای پێغەمبەری مەندائیەکان دانراوە و پەیڕەو دەکرێ، کە بریتیە لەمانەی خوارەوە.
ئەلرەبی: واتە مامۆستای حەق، ئەم پلەیە کەس پێی ناگات جگە لە یەحیای کوڕی زەکەریا کە بەر لە٢٠٠٠ ساڵ پێش زایینی پێی گەیشتووە.
رەشیما: واتە سەرۆکی گەل: ئەویش تەنها سەرۆکی تایەفەی مەندائیە کە شێخ ستار جەبار حلو وە پێشتر وەکو مەرجەعێک لەبەغدا دادەنیشت و ئێستا لەدەرەوەی وڵاتە.
کەنزا برا : ئەم پلەیە واتە کوڕی کەنز، کەسێکە تەواو لەئاینەکە تێگەیشتووە و دەتوانێ تەشریع و فەتواو شیکردنەوەی سفری ئایەتەکان و وتە و مانا تایبەتەکان بدات، هەر ئەم پلە روحانیە بەرپرسە لەتەواوی سرووتەکانی مەندائی و ناوی کتێبی پیرۆزی سابیئەیە.
تەرمیزا: ئەم پلەیە بۆ پیاوێکی ئاینیە بۆی هەیە رێوڕەسم دیاری بکات، هەر ئەویشە دەتوانێ مناڵەکان فێر بکات چۆن بەپێی کەنزا رەبا و پرنسیپەکانی سابیئەی مەندائی خودا پەرستی بکەن و رێبازەکە بەرنەدەن و دەشتوانێ کچ لە کوڕ مارە بکات کە پێشتر باسمان کرد.
شکەندا: پلەیەکە پێی دەڵێن یاریدەدەری ئاینی کە پیاوانی ئاین فێرە ئەدائی سرووتیان دەکات و بەبێ ئەو هیچ سرووتێکی ئاینی ناکرێ. هەروەها دەبێ بەکۆمەڵێک سرووتدا بچێت و لەلایەن چەند پیاوێکی ئاینیەوە هەڵبژێردرێ و ماوەی هەفتەیەک لەسرووتەکان بەردەوام بێت. جلی سپی لەبەر بکات و بۆ ماوەی ٦٠ رۆژ لە تەنهایی واتە لە عوزلەدا (خەڵوەت) بژی و دەبێ دارێک بەدەستەوە بگرێ و جلەکەی لەحەریر بێت.
هەروەها نابێت (شکەندا) لەگەڵ خەڵک نان بخوات و تەمەنی لە ٢١ ساڵ بەرەو ژوور بێت و دەرچووی قوتابخانەی ئاینی سابیئەی مەندائی بێت کە قوتابخانەکە تایبەتەی بە خۆیان و بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتەوە نەناسراوە، هەروەها نابێ هیچ نەخۆشییەکی هەبێت و جەستەی نەکەموکوڕی تێدا بێت و نەئەندامێک لەلەشی زیاد بێت، دەبێ رۆشنبیرییەکی گشتی هەبێت و رۆشنبیریەکی باشی هەبێت لەئاین و کولتووری سابیئەی مەندائی.

## تایبەتمەندییەکانی کاهینی سابیئە

زۆربەی ئاینەکان پلەی روحانی و ئاینیان هەیە و جیاوازن لەخەڵک و تایبەتمەندییان هەیە، تایبەتمەندی کاهینەکانی سابیئە جا بەو تایەتمەندییانەوە کاریگەرییان بەسەر

مورید و بڕوادارانی خۆیان هەیە، مەرجی یەکەم ئەوەیە کە دەبێ هەم تەمەنێکی باشی هەبێت و هەم ئەزموونی باشی هەبێت لەبارەی ئاینی سابیئە بەتایبەتی و ئاینەکانی دیکە بەگشتی، هەروەها دەبێت لانیکەم شوان یان سەرپەرشتیکاری نزیک بە ٥٠ تاکو ٦٠ بڕوادار بێت و لە جێژنەکان و بۆنەکانی سابیئە ئاگای لێیان بێت، بەڵام ئەمەرجانە ئێستا لەدوای سەرهەڵدانی دونیای مۆدێرنە و جهانگەرایی کە سابیئەکان زیاتر لەدەرەوەی عێراقن و ئیلتیزامیان نەماوە بە پرنسیپەکانی ئایینەکە، تەواو شێوازی فەریزی و کولتووری سابیئی گۆڕاوە، چونکە شێوەی ژیانی بەشەرییەت گۆڕاوە لە ژیانی کشتوکاڵی و کەنارگیرییەوە بۆ ژیانی شارستانی و تێکەڵبوون لەگەڵ ئایین و کولتورەکانی دیکەی دونیا.

" دەبێ کاهین لە ٣ پشتی خۆیەوە ئەو پلەیەی بۆ جێمابێت، هەروەها سەروەت و سامانی خۆیان رابگەێنن و بەر لەمردنیان بۆ ماوەکەی بۆ منداڵەکانی بێت وەکو سامانێکی بنچینەیی، شماس (اشگندا) یەکێک لەو پلە رۆحانیەیە کە رەنگە زۆرجار ئەم پلەیە لەنێوان منداَلەکانی هەڵبژێردرێت و ئەم پلەیەش قورس تەماشا کراوە، چونکە راسپاردەی فێربوون و مەرجی پاک و خاوێنی و شەرعیەت وەرگرتنی قورسە تاکو دەگاتە پشتی سێهەم بەلانیکەمەوە، هەروەها دەبێ کەموکوڕی جەستەیی نەبێت بۆ نموونە کوێر، یان کەڕ یان شەل و کەم ئەندام یان زیاتر لە ٥٠ تاکو ٦٠ کەس یان کەمتری نەبێت لە دەستەکانی، هەروەها نابێت زیاتر لە ساڵێک بەسەر ئەو پلەیەدا بێت کە مومارەسەی کردووە، چونکە دواتر لەلایەن چوار کاهینی پلە بەرزتر هەڵدەسەنگێنرێت و پلەیەکی نوێی پێدەبەخشرێت". (١٤). ئەگەرچی بەپێی نەریتی سابیئەکان دەبێ شەماسەکان کوخێک لە قامیش دروست بکەن بۆ حەسانەوە و شێوەی خوداپەرستی خۆیان، بۆ ماوەی ١٥ دەقیقە دەبێ بخەوێ و پاشان لەلایەن پاسەوانی ئاینییەوە وەکو نەریت هەڵیدەستێنن، تاکو بۆ رۆژی دواتر کوخەکە بە جێدەهێڵێ، پاش ماوەی شەست رۆژ لە ئەدائی رێوڕەسمی کاهینی خۆی، دەبێ ئەو کەسە بەپێی نەریت دەبێ بچێت سێ جار خۆی بشوات، پاشان دەگەڕێتەوە ماڵە راستەقینەکەی نەک کوخەکەی، پاشان بۆ رۆژی دووهەم دەگەڕێتەوە و هەمان رێوڕەسمی ئایینی دووبارە دەکاتەوە، بۆیە دەبێت لەلایەن ژنێکەوە کە یان دایکی بێت یان ژنی، چاودێری بکرێت کە لە رووباردا دەبێ بچێت خۆی بشوات و هەر بەو جل و بەرگە تەڕانەوە نوێژ بکات، بەڵام ئێستا هەم شێوەی ژیان گۆڕاوە و گەشەی کۆمەڵایەتی و کەرەستەی ژیان پێشکەوتووە ئەمە قبوڵ ناکرێت، هەم ئەوان بەشێک لە ژیانی نەریتی خۆیان مومارەسە بکەن بەهۆی جەنگ و قەیرانەکانەوە کە ماڵ و حاڵی خۆیان لە جوگرافیای خۆیان جێهێشتووە، لەبری ئەمە لەسەریەتی وەکو جزییەی ئیسلام مەڕێک یان ئاژەڵێک سەربڕێت و بیکاتە خێر.

پلەی بەرتر کە پلەی دووهەمە ئەو پیاوە دەبێت لە ژنەکەی بۆ ماوەی دوو مانگ دوور بخرێتەوە، پاشان بە هاوڕێیەتی کەسێک لە قساوسەکان بچێتەوە بۆ سەر روبار بۆ

تەعمیدە، واتە خۆششتن وەکو سرووتێکی ئاینی، پاشان کتێبی کەنزا رەبا بخوێنێتەوە، ئەمە کە چەند رۆژێک دەخایەنێ دواتر لە دانیشتێکدا دەبێ شیکردنەوە بۆ کۆبوونەوەکە بکات لەبارەی کتێبەکەوە، پاشان دەبرێتە شوێنی ششتنی مردوو وەکو تاقیکردنەوەیەکی بەزۆر کە زۆر قورسە، دەبێ ئەم رستە ئاینییە بڵێ" انه اسبرلخ و انات اسبرلی لاباپر انا ارسل بها لک و انت ارسلها لاباپر " (١٥).. ئەو رستەیە بەزمانی رەسەنی سابیئە مانای خۆی هەیە، ئەویش پاکبوونەوەی خۆی دەسەلمێنێ و دوور دەکەوێتەوە لەهەر شێوە غەریزەیەک و ویستێک بۆ غەریزەیەک لە ژیان.

یەکێک لە سەیروسەمەرەکانی ئاینی سابیئە کە کاهین و پلە روحانییەکانیان نەک هەر ئاساییە هاوسەرگیری بکەن، بەڵکو زۆرداربیە دەبێت ژن بهێنن و مارەییش بدەن وەکو هەر بڕوادارێکی تری سابیئە، هەڵبەت ئەم نەریتە لەسەردەمی عەهدی یەحیا زەکەریادا هاتووە، بۆشیان هەیە سێ جار هاوسەرگیری بکەن ئەگەر دوو ژنی پێشوتر بمرن، ئەگەرنا بۆیان نییە پیاوان ژنی دووهەم و سێهەم بهێنن، بەڵام ئەم داتایە لەسەردەمی یەحیادا نەبووە، بەڵکو لەمدواییەدا هاتووە و کراوە بە مۆدی ئاینیی، چونکە لەرووی یاساییەوە کێشەکە گەورەتر بوو لە باری کەسێتی عێراقیدا بوو بە بەندێکی یاسایی کۆنکریت.

نان خواردنی قەس و پیاوە روحانییەکانی سابیئە کە بە پلەی ئایینی ناسراوە، جیاوازە لە خواردنی باوڕدارێکی تری ئاسایی، ئەگەرچی هەڵبژاردنی خواردن لەلایەن هەرکەسێکەوە ئاسایی وەرگیراوە و لەئاینەکانی دیکە ئەم جیاوازییە بەدی ناکرێت و هیچ مانایەکیشی نییە، بەڵام خواردنی ئەوان تایبەتە چونکە فەرز کراوە بەپێی نەریتی ئایینی، " باوکی خێزان لایگیی بۆ دوو لەو پلە ئاینییانە هەیە، بۆیە دەبێ خواردنەکەی تایبەت بێت و بەتەنها بێت و نابێت نەکەس و نە تەنها خێزانەکەشی هاوبەشی بکات، ئەگەر کەسێک دەستی لەو خواردنەدا و یان مریشکێک بەسەر خواردنەکەدا هەڵفڕی، یان پارچە تەختەیەک یان بەردێک یان خۆڵ کەوتە نێو خواردنەکەوە، ئەوە خواردنەکە حەرام دەکرێت، دەبێ ئەو ئاوەش کە پیاوی روحانی دەیخواتەوە بەدەستی خۆی لە رووبار بیهێنێت و نابێت تێکەڵ بە ئاوی خواردنەوەی خێزانەکە بکرێت، ئەگەر کاهینی روحانی جامێکی زەردی کڕی بۆ خواردن یان خواردنەوە، دەبێ لە روباردا بشۆرێتەوە و غوسڵی دەربکرێت، ئەگەر هەر منداڵێک یان کەسێکیش لەگەڵ کاهینەکە نانی خوارد، نابێت بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی نان بخوات جارێکی تر.

کێشەی گەورەی ئەم جۆرە ئایینە ئەوەیە کە مەرجەعێکی نێودەوڵەتی وەکو ئیسلام کە سعووددیە یە و مەسیحی کە فاتیکانە و جولەکە کە ئیسرائیلە و خوێندنگای تایبەتیان هەیە بە دروستبوونی کادر و پیاوی روحانی و بروانامەیان پێدەدرێت و لەنێو ئایینەکاندا دیارن، سابیئە ئەمەیان نییە و مەرجەعەکەشیان لەدەرەوەی وڵاتە و شوێنی ئەوەیان نییە کە کولتوورەی خۆیان جێبەجێبکەن و کادر و تەرمیزە و ئەوانی دیکە بەرهەمبهێننەوە، بۆیە ئەم حاڵەتە نائاساییە بووەتە کیماسییەک بۆ سابیئەکان و کێشەکە

پڕ ناکرێتەوە و بووەتە گومانێک کە ئایینەکە لەئەسڵدا کێشەی هەیە بۆیە ماوەتەوە بەم شێوەیە.

## ژن لە ئاینی مەندائی

لەلای مەندائیەکان وەکو چۆن ئیسلام لە ژن دەڕوانێ گوایە لەپەراسوی پیاوەوە هاتووە، ئاوهاش لەلای ئەوان ئادەم کە پیاو بووە لەقوڕ دروست کراوە، حەوا لەجەستەی ئادەم دروست بووە، بەو پێیە بێت ژن لەپیاو پاکترە و لەمبارەیەوە قەولێکیان هەیە دەڵێ" ادم من گین اهوە، هوە زوی من کان ادنافشی اهوت" مانای ئەوەیە ئادەم لەخۆڵ دروستکراوە و حەواش لەجەستەی ئەو بووە، بۆیە پاکترە. (١٦). لە کتێبی کەنزا رەبا دا هاتووە کە یەحیا زەکەریا بڕیاریدا ژنیک بهێنێ و لەو ماوەیەشدا لە نێوانیاندا گفتوگۆیەک دروست دەبێ، یەحیا پێی دەڵێ دوای مردنم چی دەکەی؟. ئەویش دەڵێ دوای تۆ ماندەگرم لە نانخواردن و شەراب، بۆ ئەوەی بەخێرایی بمرم، یەحیا پێی دەڵێ : بەڵام دەبێ نان بخۆیت و بخۆیتەوە و کۆتایی بەم دۆخە بهێنی، ئەنهەر هەر سوورە لەسەر ئەوە و دەڵی نە نان دەخۆم و نە دەخۆمەوە تاکو دەمرم، یەحیا دەڵێ ناتوانی ئەوە جێبەجێ بکەیت و دەبێ خۆت بشۆیت تاکو ئەمانە لەبیر بکەیت، ئەنهەر هەر سوورە لەسەر ئەوەی بەتەنها بمێنێتەوە، یەحیا سەرەنجام توڕە دەبێت و پێی رادەگەێنێ کە هاوڕێکانیشی ئاگادار بکاتەوە و ئەوە نەکەن، چونکە ئەمە هیچ بەهایەکی نییە و سوودیشی نییە، تاکو ئەو قوربانییە بدەی، بەپێچەوانەوە بچن نوێژم بۆ بکەن و بەختیاری بەدەست بهێنن و هەڵهەڵە لێبدەن وەختێک کە من دەمرم و هیچ مەلول نەبن، ئەنهەر ئەم نەسیحەتە وەردەگرێت و تاکو دەگاتە بەهەشت، چونکە ئەو بەو نیازە بووە تا هەتایی لە بەهەشتدا بمێنێتەوە" (١٧).

ئەم گفتوگۆیەی نێوان یەحیا پێغەمبەر و ئەنهەر وەکو سیمبولێک کە لە کتێبی کەنزا رەبادا هاتووە؟، ئەوەمان پێدەڵی کە لەنێو سابیئەی مەندائیدا خەمێک نییە بۆ مردن و مانگرتن لە نان خواردن و خواردنەوە و خۆکوشتن لەدوای مەرگی کەسێک یان کەسێکی پیرۆز و سیمبولێکی مەندائی، بەڵکو رەسانەیەتی و خوداپەرستی ئەوەیە کە ژیان دەستپێبکەن و نوێژ بکەن وەک چاکەکارییەک بۆ کەسی لەدەست چوو، تاکو ئەو روحەیان و ئەوانەش کە بڕواکەیان نوێدەکەنەوە، بگەن بە بەهەشتی خوداوەند، جا ئەو بەهەشتە لەسەر زەمین بێت.ـ یاخود بۆ دوارۆژ بێت وەکو پاداشتێک کە رێنمایی یەحیا زەکەریا بووە. بەڵام کێشەی ئەوان کە تەواو جیاوازە لە قەولەکانی یەحیای کوڕی زەکەریا، ئەوەیە کە ئەوان شێخ عەبدولستار جەبار حلو کە نوێنەری هەموو سابیئەیە لەدونیادا، بەپیرۆزترین کەسی دەزانن و بۆی دەگرین کە ئەمە موخالیفە لەگەڵ وەسێتەکەی پێغەمبەرەکەیان، ئەمە جگەلەوەی بەشی زۆریان نەک بەگشتی، بەپێچەوانەی رێنماییەکانی یەحیا زەکەریا و پرنسیپە ئاینیەکانیان مامەڵە دەکەن، بۆ

نموونه خراپ بەکارهێنانی ئاینەکەیان بۆ مەرامی کەسی خۆیان و درۆزنی و کاری خراپە دەکەن، کەچی هیچ پێوەرێکیان نەهێشتۆتەوە بۆ رەتکردنەوە و نەفرەت لێکردن لەو کارە قیزەونانە کە لەکاری ئەوان ناچێت و کەسانێک بەناوی ئەوانەوە دەیکەن. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەم ئایینە شەریعەیەکی نییە ناسراوبێت و بچێتە نێو دەستووری دەوڵەت و یاساوە و بەفەرمی کاری پێبکرێت.

## هاوسەرگیری.. یان ژنهێنان.

سابیئەکان شێوەی هاوسەرگیرییان وەکو موسڵمان فەرزێکە لەسەریان و دەبێت بیکەن، هەمان رێورەسمی کۆمەڵایەتیشیان هەیە، کوڕێک بە کچێک رازی دەبێت یان بە پێچەوانەوە، دواتر بە خێزانەکەی خۆیان دەڵێن، ئیدی خێزانەکەیان واتە سەرەتا باوک و دایکی مشاوەرەتی یەکتر دەکەن و دواتر خێزانی کوڕەکە وەکو نەریتی ئیسلام، دەچنە داخوازی بۆ ماڵی کچە، دوای ئەوەی قبوڵ دەکرێت لەلایەن زاواوە بڕێک پارە دەدرێت بە باوکی کچەکە بۆ مارەیی و کڕینی ٣ پارچە زێڕ و دوو هەڵقەی هاوسەرگیری یەکێکیان لەزێڕ دروستکرابێت و ئەویتر لە زیو، پاشان دەبێت ماڵ و کەرەستەی پێویستیش بکڕێت، دوای ئەمە پیاوی روحانی کە ئەوان پێی دەڵێن تەرمیزە، واتە پیاوی روحانی شەهادە دەدات کە شەرعییە کارەکە، باوک هەڵدەستێت لەرێگەی بریکارێکەوە لەجیاتی ئەو رستەکە دادەکەنێت و لەماڵ دەردەچێت، پاشان تەرمیزە سەڵاواتێک لێدەدات و هەموو پێکەوە دەیڵێنەوە، پاشان تەرمیزە بە قامیش سێ جار لەسەری بوکی دەدات و دوعای بەسەردا دەخوێنێ و بە بوکێ دەڵێت ئەمە دەبێتە پیاوی تۆ، دەبێ ئیتاعە واتە ملکەچی رەفتار و فەرمانەکانی ئەوبێت، پێی دەڵێ (پێت خۆش بێت یان نا، بە زاواش دەڵێ ئەمە دەبێتە ژنت دەبێت رێزی لێبگری و خۆشتبوێت و بەرلەوەی بیر لەخۆت بکەیتەوە و بەرلەوەی بیر لەخۆراکی خۆت بکەیتەوە بەر لەوەی بیر لە ژیانی خۆت بکەیتەوە، دەبێت بیر لەهەموو پێداویستییەکانی ئەم ژنە بکەیتەوە)، زاواکەش ئەم قسانە دووبارە دەکاتەوە، ئیدی تەرمیزە بۆ جارێکی تر دەڵێ (لە ئێستا بەدواوە ئێوە ژن و مێردن و حەڵاڵی یەکترن). ئەو بەقامیش لێدانە لەسەر بوکێ لەلایەن زاواوە، نەریتێکی رۆژهەڵاتیانەیە، ئەگەرچی پێش ٣٥ ساڵ بەر لە ئێستا ئەم نەریتە لەلای کورد هەبووە و لەلای بەشێک لە نەریتی ئایینی هیندییەکانیش هەیە، کەوابوو خاڵی لێکچوون لەنێوان پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە هەیە کە ئەمە یەکێک لەو نەریتانەیە و موڵکی ئایین یان پێکهاتەیەک نییە بەتەنها.
پاشان دێنە دەرەوە و دەچنە شوێنی نانخواردن هەمو خێزانەکان پێکەوە، جگە لە پیاوە روحانییەکە، چونکە نەریتی سابیئە رێگەی بەوە نەداوە تەرمیزە نان لەگەڵ هەردوو خێزانەکە بخوات، ئیدی بووک و زاوا دەچن بەرەو ئەو شوێنەی بۆیان دیاریکراوە و بۆ ماوەی ٧ رۆژ پێکەوە دەبن، تاکو هەشتەم رۆژ هەموو ئەو شتانە پاکدەکرێنەوە کە

بەکارهاتوون لە ماوەی ئەو حەوت رۆژەی رابردوو، ئەگەر بێت و بەرلە هەشت رۆژەکە هەر کام لە زاوا و بووک یەکێکیان مرد، ئەوا یەکسەر دەچێت بۆ دۆزەخ، ئەگەر زاوای ژن مردوو یان بوکەی بێوەژن بیهەوێ جارێکی تر هاوسەرگیری بکاتەوە دوای مردنی هاوسەرەکەی، ئاساییە تەرمیزە لەوێ نەبێت، بەڵکو هەر کاهینێک دەتوانێ قرانەکە، واتە بڕی پارەی مارە بڕینەکە بکات، واتە رێوڕەسمەکە دووبارە بکاتەوە بۆی وەکو شەرع و نەریتی کۆمەڵایەتی سابیئە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ژن لە ئاینی سابیئەدا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەوان لە مەنداکانیان و لە پەرستاگاکانیان بوونیان هەیە، بەڵام بەپێی ئەو رێنماییانە بێت، ژن لە نێو سابیئەدا پلە دووە، وەکو ئەوەی لە ئاینی ئیسلام هەیە، دەرکەوتووە هەموو ئەو ئاینانەی لەدەرەوەی ئاینی ئیسلام و جولەکەن، هەم کولتوور و هەم پرنسیپەکانیان سەبارەت بە ژن و پلە دووی ئینسانیان لەوانەوە وەرگرتووە، کەچی باس لەوە دەکەن لەرووی فۆرمەوە کە ئەوان لەخزمەتی ژن کاردەکەن و بڕوایان بە ئیرادەی ژن هەیە، بەڵام لەراستیدا وانییە و وەکو ئەوەی لە نەریت و پرنسیپە ئایینی و سوننەتەکانیانەوە دیارە.

دوا کۆتایی هاتن لە دەزگای پەیوەندیدار کە پەیوەستە بە دیاریکردنی رۆژێکی ئاسایی و لەبار بۆ راگەیاندنی هاوسەرگیری، بەیانی رۆژی یەکشەممە دیاریدەکرێت بۆ جلوبەرگ لەبەرکردنی زاوا و بوکێ و دواتر رستە لەبەر دەکەن وەکو دیاردەیەک کە ئامادەن بۆ مارە بڕین، چونکە ئەو رستەیە لەلای ئەوان هەم پیرۆزە و هەم مانای نوێکردنەوەی مەندائی بوونیانە" (١٨). لەکاتێکدا ئەم مەراسیمە دەکرێت کە پێشتر وەکو رێوڕەسمی ئاین و کولتوورەکانی دیکەی عێراق و عرەب و ئاینی ئیسلام و عەشائیر، کاری کراوە بۆ ئەوەی ئامادەباشی بکرێت بۆ رێوڕەسمەکە و دواتر لەگەڵ هەردوو خانەوادەیان دەچن بۆ سەر دەریا، پاشان دەچن بۆلای پیاوی روحانی و لەوێ لەنێو قامیشەکەیاندا دوعا دەخوێنن و دەبنە ژن و مێرد و حەڵاڵی یەکتر.

هەڵبەتە پێشتر باسمان کە بۆ ئەو رۆژەی کە ئاهەنگ گێڕانە و بۆماوەی ٨ رۆژ ئاهەنگ دەگێڕن و زاوا لەگەڵ دوو کاهین دەبێت بچێت بۆ سەر رووبار و چەند جارێک نوقمی دەکەن لە ئاوەکەدا وەکو پاکبوونەوە و تعمید، پاشان خۆی ئەم کارە دەکات، پاشان هەریەک لە بوک و زاوا رستە لەبەر دەکەن کە قوماشێکی سپییە، بەو مانایەی کە پاکبوونەوەیە لە پیسی، پاشان دەچنە نێو ئەو کوخەوە کە بە قامیش دروستکراوە و بە تولێکی تەنک داپۆشراوە و وەکو شوێنێکی رۆمانسی ناسراوە بۆ مارە بڕین، و کاهین دێت و لەوێ مارەیان دەبڕێت، کوڕ و کچ دەچنە ماڵی خۆیان، نابێت باوکی کچەکە لەماڵ بێت و دەبێ بچێتە شوێنێکی دەرەوەی شار یان دوور لە ماڵەکەی خۆی، کە ئەمە نەریتی هەموو سابیئەکانە، بەڵام ئێستا ئەمە بەهۆی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ پێکهاتە و ئایینەکانی دیکە ئەم نەریتە لاواز بووە یان نەماوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پێکەوە ژیان و تێکەڵ بوونی ئاین و

کولتوورەکان و پێکهاتەکان، ئاڵوگۆڕ دەبێت لەشێوەی ژیان و رەفتار و پرنسیپە ئایینیەکانیان کە ئەمە مانای ئەوەیە واقیع ژیان دەگۆڕێت، هەر وەک چۆن گۆڕیویەتی .
سەبارەت بەوەی چۆن قبوڵ دەکرێت هاوسەرگیرییەکە و مەرجی کچ و زاوا بوون چییە، بۆ سەلماندنی پاکیزەیی کچەکە کە نەبووە بە ژن و کێشەی نییە، دەبێ وەکو نەریت سێ ژنی جیاواز هەر لەیەکێکیان لە بنەماڵە و خێزانێک کە لانیکەم یەکتر نەناسن، یان دوور بن لەیەکترەوە، دەچن پاشماوەی زاوا و بوکێنییەکە دەبینن و دەبن بە گەواهی بەسەر پاکیزەیی بوونی کچەکەوە و جارێکی دیکە ئاهەنگی بۆ دەگێڕن و وەکو ئەخلاقێک لەنێو بەشێکی زۆر لە سابیئەکان ئەمە هەیە.

## **هەڵسانەوە**

دیسان لێرەدا وەکو مەسیحییەکان خاڵێکی لێکچوونیان هەیە وەکو چۆن عیسای مەسیح لەخاچ دراوە و سەرەنجام رووحەکەی لەلای خودایە و دواتر هەڵدەستێتەوە، ئەوانیش ئەم خاسیەتەیان لە ئاینەکەیان هەیە وەکو بڕوایە کبە پێغەمبەرەکەی خۆیان، وەختێک کە سابیئەکان دەمرن بەجیاوازی لەباری روحەوە کە ئایا شەڕانگێز بووە یان خێرخواز، بەپێی تێگەیشتنی خۆیان یەکسەر جەستەیان دەچێت بۆ دۆزەخ، ئەمە پێچەوانەی شەرع و شیکردنەوەی حەدیسی پێغەمبەری ئاینەکانی دیکەیە کە ئینسان بە چاکە و خراپەوە دوارۆژی خۆی زامن دەکات، وەکو دەڵێن مەڕ بەپێی خۆی و بزنیش بەپێی خۆی، چونکە مردوو تەنها خودا دەیزانێ بۆ بەهەشت دەچێت، یان دۆزەخ کە ئەمە دوورە لە عەقڵی ئینسانەوە، جیاوازی نێوان گومان و ئیمان لێرەوە دەست پێدەکات، بەڵام بۆ پیاوە روحانیەکانیان ئەمە جیاوازە، گوایە ئەوان ناچن بۆ دۆزەخ و روحیان جارێکی تر دەگەڕێتەوە وەکو چۆن مەسیح دەگەڕێتەوە.
پێشتر لە رۆژهەڵات یان لە بلاد مابین النهرین جگە لە دوو کەنیسە زیاتر نەبینراوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە کاتی خۆی ئەهلی ئەم ئایینە پوڵیان نەبووە و هەژار بوونە و پەرستگاش هیچی تێنەچووە، بۆیە دوای زەمانێکی تر لە بوونیان لە موژدە بەخشی و زۆربوونیان لە ناوچەکە، ئیدی پەرستگایان درووست کردووە وەکو زەروورەتێک بۆ ئاین و کۆبوونەوەیان لەو پەرستاگایە.
پیشتر پەرستگا بریتی بووە لە چەند مەترێک لە حەبل و قامیش و خۆڵ واتە کردنی بە قوڕ و رووبەرکەشی لە پێنج مەتر زیاتر نەبووە، دواتر دیواری بۆ دروستکراوە و پاشان سەربانێک بۆ رەواندنەوەی گەرمای هاوین و بارانی زستان، لەگەڵ تەواو بوونی بینای کەنیسە یان پەرستگاکە، چاڵێکیان هەڵکەندووە تا گەیشتووە بە ئاو و نزیک رووبارەکە، بۆئەوەی ئاو بێت نێو پەرستگا، دەبوو بەردەوام پڕبێت لە ئاو، دەبوو کەنیسەکە بەر لە ٥ رۆژ لە جەژنی بنجە تەواو بکرابایە، بۆ ئەوەی ئاوی تێدا بهاتبایە و دواتر چوار کاهین بەلایەنی کەمەوە لەگەڵ شەمماسێک دەهاتن

پەرستگاکەیان دەکردەوە و لەو ماوەیەدا بەتایبەتی، ئەوان لەگەڵ خۆیاندا کۆتر و بەردێکی ئاشی ئارد و خەڵوز و کەمێک لە گەنمی شۆراویان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا وەکو نەریت، پاشان کونجی یان دەهێنا و ئاگرییان دەکردەوە و کونجییەکەیان دەیانکرد بە زەیتی کونجی، پاشان تێکەڵ بەیەکترییان دەکرد و لەگەڵ گەنمەکە دەیانکرد بە هەویر و لە ٦٠ پارچە ئەنگوتک دروستدەکرا، پاشان دەیانکرد بە نان و پاشان بە تێکەڵ کردنی لەگەڵ چوار قەترە خوێنی کۆترەکە لە شێوەی خاچێک پاشان نوێژییان لەسەر دەکرد، هەر پارچەیەک لە ٦٠ پارچەی دیکە پێکهاتبوو، پاش ئەم ڕێوڕەسمە سڵاوێکیان لێیدەکرد و دەچوونەوە بۆ ماڵ و پەرستگاکەیان جێدەهێشت، ئەمە زۆربەی ڕۆژەکان دووبارە دەبووەوە". (١٩). هەڵبەت دوای گەڕانێکی زۆر بەدوای دروستکردنی کەنیسە و پەرستاگای هەمو ئایینەکان بەتایبەتی ئایینەکانی هیند و میسر و چین کە زۆر مانای سەیروسەمەرەی تێدایە، دیاردەیەکی دیکەی وەکو ئەم دیاردە سەیرەم نەبیستووە و نەمخوێندۆتەوە کە سابیئەی مەندائی لەسەر وەختی خۆیان بەر لەچەندین سەدە هەیانبووە، ئێستا مەندایەکیان هەیە و وەکو بارەگایەکی ڕۆشنبیری کە بەشێک لەو دیاردانەی تێدایە، بۆ نموونە قامیش و ئاو و تول و قوڕ و هتد تێدایە بۆ خاتری بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان، بەڵام کۆتر و خوێن و گەنم و کونجی و بەردی ئاشی گەنم هاڕینی تێدا نییە، بەڵکو کتێب و کتێبخانە و رستەی لەبەرکردنی خۆیان کە پارچە قوماشێکی سپییە دەبینرێت لەنێو مەنداکەیان، لەگەڵ هەندێک لە کەلوپوری خۆیانی تێدایە کە دوورن لەو نموونانەی پێشتر باسمان کردن، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە هەموو ئایینەکان بەپێی هەلومەرجی مێژوویی و قۆناغەکانی مێژوو ستایلی ژیانیان گۆڕیوە وەکو ئەوەی ئێستا لەلای مەندائی و ئێزدی و کاکەیی دەبینرێت کە بەرلە سەد ساڵ نەبینراوە.

بەر لەمردن لەلای سابیئەکان جۆرێک لە شوشتن هەیە بۆ کەسی نەساغ یان ئەوەی لە حاڵەتی مردنە، بۆ نموونە "ئەو کەسەی کە جاڵەتەکەی نزیکە لەمردنەوە ئەگەر دۆخەکەی لە هاویندا بێت، دەبێت بشۆرێت و ئەگەر لە زستاندا بێت دەبێ گەرم بکرێت بە ئاوی شلەتێن، دوای ئەوەی ناوی خوا دێت بەناوی ئاینی دەبێ ئەو کەسە پاکبکرێتەوە بە ئاو، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە ئامادە نەبێت خۆی بشوات لەسەر ئامادەبواینە چاودێری بکەن ئاوی گەرمی بۆ ئامادە بکەن، دەبێ چەند چرکەیەک چاوەڕێی بکەن دواتر لیباسەکانی دابکەنرێت و لە ئاودا نوقم بکرێت و بەدەم ئایات خوێندنەوە بشۆرێت، هۆکاری شوشتنەکەش ئەوەیە کە مانای وایە روحەکە بەر لەوەی بمرێت کەسەکە روحەکەی بە پاکی دەربچێت، دواتر دەبێ کفن بکرێت کە بەرستە ناسراوە، هەموو ئەمانە بەر لەمردن دەبێت". (٢٠). ئەم حاڵەتە مەگەر لە ڕێوڕەسمی بەشێک لە ئاینزاکانی هیندی هەبێت کە ئەوان دەوڵەمەندن لە نەریت و ڕێوڕەسمی ئاینی، ئەگەرنا هیچ لە ئاینەکانی ئەم ناوچەیە واتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی ئەو ڕێوڕەسمە نیین.

## نیشتیمانی وون

مێژووی هەمووئەو ئایینانەی کە کەمینەن بەواتای زاڵ نین و دەسەڵات و دەوڵەت و حکومەتیان لەدەست نییە و لە پەراوێزی کۆمەڵگەن، مێژوویەکی پچڕ پچڕە و بە ئاسانی کۆناکرێتەوە، سابیئەی مەندائی یەکێک لەو پێکهاتانەن کە هەمان کێشەی مێژووی بوونیان هەیە، ریوایەتێک هەیە دەڵێ "مێژووی سابیئە مێژوویەکی نەنوسراوەیە و تەواو نییە، رونکردنەوەش بۆ ئەم مێژووە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ئاینەکە هەیە، بۆیە گەڕاندنەوەی مێژووەکەیان بۆ فەلەستین، هۆکاری گواستنەوەیان بووە لە فەلەستینەوە بۆ میسر و کەنعان و دواجریش بۆ فەلەستین کە بە ئازادی تێدا ژیان و مومارەسەی ئایینەکەیان کردووە، مانەوەشیان لەبەر ئەوە بووە کە روبار و دەریا لە فەلەستینەوە نزیکە، بەڵام کە قەومی یەهودی چوونەتە نێو کەنعانەوە، ئیدی دەستیان کردووە بە راگواستنیان و بەرەوە فەلەستین، ئەم هۆکارە بۆتە تەنگ پێهەڵچنینیان و گۆڕینی دۆخییان، کەچی بەپێی ریوایەتێکی تر دەڵێ لەسەرەتاوە لە ئوردن بوونە و ئەوکات سابیئەو مەسیحییەکانیش لەسەردەمی پۆڵس پێغەمبەر پێکەوە خۆیان شوشتووە و نوێژیان کردووە". (٢١). سابیئەکان بۆخۆیان وایان بانگەواز کردووە کە بەئەسڵ عێراقین، بەمانایەکی دیکە میزۆپۆتامیای کوردی کە بە (بلاد مابین نهرین) ناسراوە وڵات و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوانە لەڕەسەنایەتیدا، سەلماندنیش بۆ ئەم لۆژیکەی سابیئە، ئەوەیە کە سرووتە ئاینیەکانیان، نزیکایەتی هەیە لەگەڵ سرووتەکانی بابلی و ئەکەدی و نبتی لەعێراق، بەڵام ئەوەی کە دەڵێن لەئوردن و فەلەستینەوە سەرچاوەیان گرتووە، مەسەلەکە تەنها پەیوەندی بەروباری ئوردنەوە هەیە، بەڵام سەرەنجام بەشێک لەسەرچاوەکان کە جیاوازە لەراستیەکەوە، بەڵام هەقیقەتی ئەوان وونە و شوێن و جوگرافیای ئەوان وەکونیشتیمانی راستەقینە دیار نییە و بزرە.

راستە ئەم ئایین و تائیفەیە لەعێراقەوە گەشەیان سەندووە بەرەو فەلەستین و سوریا و میسر رۆیشتوون و رەگیان داناوە، هەر بۆیەش ئەو شوێنانە بەهەند وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی لەهەر سێ وڵاتەکە روبار و ئاوی پێدا تێپەڕ دەبێت و ئەوانیش گرنگیەکی لەرادەبەدەر دەدەن بەئاو کە تەعمیدە، یان خۆیان تێدا دەشۆن وەکو فەریزەیەکی ئایینی.

ئەم ئایینە بەشێوەیەک لەشێوەکان لێڵی تێدایە و نهێنیەکانی ئاشکرا نەکراون، وەکو هەر ئایین یان پێکهاتەیێکی دیکەی کەمینە کە لەعێراق و کوردستان هەن، مێژووەکەیان هەژارە و کۆنەکراوەتەوە و کەمترین باسی لەسەر نوسراوە، یان هەموو نوسراوەکان و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەکان دووبارەن و شتی نوێی تێدانییە وەکو دۆزینەوەی ئینترۆپۆلۆژی، یان ئاینەکەی نەچۆتە نێو میتۆدی خوێندنی عێراقییەوە وەکو کاکەیی و ئێزدی و هتد، هەر بۆیە کەم کەسی عێراق هەیە ئاینەکە بناسێ، هەروەک چۆن ئاینی

مەسیحی و ئیسلام ناسراوە و زۆرترین خەڵک بەئاشکرا سەر بەو ئاینانەن و سرووت و پەرستاگا و کولتووری خۆیان ومارەسە دەکەن ئەوانی دیکەش بە پێچەوانەوە.
بەپێی چەند سەرچاوەیەکی دیکەی مێژوویی، مەندائیەکان لەساڵی ٧٠ زاینی لە ئۆرشەلیم کۆچیان کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەبووە کە دوچاری زوڵم بوونەتەوە لەلایەن جولەکەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەوە، دواتر ئەمانە بەرەو فەلەستین رۆیشتوون، ئەم کۆچکردنەش لەژێر سایەی مەلیک ئەردوان، یان ئەرتبانوسی سێهەم بووە کە حوکمڕانی یەکەمی ئەو سەردەمە بووە لەناوچەکە، ئەگەرچی مێژووەکە زۆر بڕوا پێکراو نییە، بەڵام ئەمە قەناعەتی خۆیانە و دەبێ لەبەرچاوبگیرێت.
لەنیوەی سەدەی حەوتەمی زاینی سابیئەکان بۆ یەکەم جار لەئەورووپا ناسران، ئیدی دەست دەکەن بە لێکۆڵینەوە لە ئەڵمانیا و لەلایەن پرۆفیسۆر (لیدز بارنسکی)، ئەوەی کە هەڵسا بە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزی ئەوان بەناوی کەنزا رەبا، دواتر کەسێکی ئینگلیزی بەناوی (لیدی دراور) بوو، کە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ کاری لەسەر کردووە، بۆیە توانی زۆربەی دەستنووسەکان وەرگێڕێ بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، ئەمە جگەلەوەی کە موناقەشەی زۆری لەسەر وەرگێڕانەکە دروستکردووە کە لەکتێبی (الادیان و المزاهب) ی رشید خیون هاتووە و وەرگێڕانەکە بە پڕترین کێشە دەزانن بۆ کەنزا رەبا و مەندائییەت، بەڵام کێشەکە لەوێدایە کە ئەوانیش وەکو ئێزدییەکان و کاکەیی هیچ روونکردنەوەیەکی لۆژیکی و واقیعی نادەن و موبالەعە مێژووییەکە سپی ناکەنەوە بۆ خوێنەر و نوسەر.
زۆربەی مەندائیەکان لە ناوەڕاستی عێراق دەژین، لەوانەش شارەکانی بەغدا و بەسرە و میسان و کوردستانیش لە هەولێر و سلێمانی و کەرکوک چەندین خێزانیان هەیە و دەتوانن مومارەسەی سرووت و کولتووری ئاینی خۆیان بکەن، بەڵام خۆیان دەرنەخستووە تاکو دوای روخانی رژێمی بەغدا لەساڵی ٢٠٠٣، چونکە ترساون لەوەی دوچاری زوڵم و ستەمی مەزهەبی و ئاینی ببنەوە و یاسایەکیش نەبووە بەرگریان لێبکات، یاخود ئەوەندە زۆربن بەرگری لەمافی خۆیان بکەن، تاکو مومامەرەسەی ئایینی خۆیان بکەن وەک هەر ئایین و مەزهەبێکی دیکەی عێراق.
ئەوان پێیانوایە تەنها مەسەلەی روبار و ئاو نییە بۆ تەعمیدە کردن لە عێڕاقن، بەڵکو هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە لەژێر ستەمی یەهودییەکان هەڵهاتوون و فەلەستینیان جێهێشتووە و بەناچار لە ئوردنەوە هاتون بۆ عێڕاق، بەوپێیەی کە گرفتی سابیئە بێت ئەوان مێژووەکەیان کۆنترە لە یەهودییەکان و هەق بەوانە خاوەنی ئەو سنوورە بن و ئاینەکەشیان واقیعەتێکی زیاتری تێدایە، ئەمە قسەی سابیئەکانی هەولێرە بەڵام ئامادەنین راستەوخۆ خۆیان بکەن بە خودانی ئەم لێدوانە، چونکە لە سیاسەت و مەترسییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە چاوترسێن بوونە، بۆیە کێشەکەش دیسان ئەوەیە کە کەمینەن و لەژێر سایەی سیاسەتدا ئەوان پەناهەندەن لە کوردستانی باشور و بەشێکیش لە دیوی ئێرانن.

بەپێی ئەوەی کە لەسەرەتاوە لە میسر بوونە و یەهودییەکان دەریان کردوون و پاشان چوونە بۆ فەلەستین و هەروەها لە ئوردنیش دەرکراون و پاشان لە عێراق گیرساونەتەوە، کەوابوو شوێنی رەسەنیان هەر لە میسر بووە، بەڵام پێکەوەژیانیان لەسەر دەمی پۆڵس کە پێغەمبەری دوای مەسیح بووە بۆ کریستیانەکان، هەروەها لێکچووی بەشێکی لە رێنووس و سیمبول و خۆشووشتنی سەرەتایی هەردوو ئایینەکە و مێژووی بوونیان لەیەک کاتدا، کەوابوو فەلەستین شوێنی سەرەتای سەرهەڵدانی پێغەمبەرایەتی و ئاینەکەش بووە، بەڵام ئەوەی کە هۆیان دەڵێن رەسەنترن لە کریستیانی، ئەوە لێکۆڵینەوە و خوێ،دنەوەی دیکەی دەوێ، چونکە ئیسلامیش دوای مەسیحیەت هات، ئەگەر وابێت مەسیحیەت رەسەن نین و ئانیش نییە، بەڵان هاتنی یەک لەدوای یەکی پێغەمبەرەکان لەم ناوچەیەی کە ساڵەی چاوەڕوانی ئاین و پێغەمبەرایەتی بووە لەمێژوودا، ئەوا مانای وایە ئەوانیش لێرە بوونە لە چەند شوێنێکی رۆژهەڵات بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە رووباری لێ بووە، باشترین نموون ئەوەیە کە شوێنێک روباری لێ نییە سابیئەکان ناتوانن لەوێ بن، مەگەر بەکەرەستە و ئاوی دەستکرد ئەو مەراسیمی خۆ شوشتن و پاکبوونەوە ئەنجام بدەن، هەروەک ئەوەی لە هەولێری کوردستانی عێراق ئەو حاڵەیان هەیە بەهۆی راوەدوونانیان لەلایەن کۆمەڵگەی شیعەوە لە بەغداد.

## میتۆلۆژیای مەندائی و ئەفسانەکانی

وەکو پێشتر باسمان کرد کە ئاینی سابیئی تەواو پشتی بە ئەفسانە و میتۆلۆژیا بەستووە، یەکەمین ئەفسانەش کە لەهەموو ئاینەکاندا هەیە، چیرۆکی دروستکردنی کەون و کائیناتە لەلایەن خوداوەندەوە کە وەکو تەورات و ئینجیل و قورئان باسی دەکەن، خوداوەند لە حەوت رۆژدا زەوی و فەلەکی بە ئینسان و گیانلەبەرەوە تەواو کردووە و ژیانی خوڵقاندووە.
بەپێی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی کە مەندائییەکان بڕوایان پێیەتی، لەسەرەتاوە خالق، واتە خودا، پێنج مەلائیکەی دروستکردووە، ئەوکات شەوەزەنگ و تاریک بووە دونیا، ئەوانیش (کرون) کە سەروەریانە، (ئەشدووم) و (کاف و کافان) و (هاغ و ماغ) و (زارکی و زارکانا) و (زارتی و زارتانا) کافان و ماغ ئەو دوو مەلائیکە مێینەیەن کە سەروەرەکەیان تەواو دەکەن، وەکو پێشتر بەیانمان کرد هەمان چیرۆکی ئەفسانەکانی ئاینەکانی دیکەی ناوچەکەن، بەڵام ناو و ناونیشان و سیمبولەکانی مەندائی جیاوازیان هەیە.

مەلائیکە زێوا سەرچاوەی ژیانە، نوری لێهەڵدەستێ و دەیدات بەخۆر و مانگ، ئەمەش بەهۆی چوار ئەستێرەوەیە کە ناوەکانیان (ئەرهوم هێی، وزیف هێی، کوڕی هێی، شوم هێی) لێرەدا وشەی هێی بەمانای ژیان بەکارهاتووە.
لە میتۆلۆژیای سابیئەدا دوو جۆر قوربانی هەیە، ئەویش بۆ سێ جۆری جیاواز دابەش دەبێت و هەردوکیان گرینگن لە ژیانی سابیئی، یەکەم ناوی هسا و نانی سرووتی یە، کاهینێک ئەویتر دەشوات و دواتر دێن و بە پارچە پەڕۆیەکی سپی پاک گەنم هەڵدەخەن، دوای ئەوەی وشک دەبێتەوە دەیهاڕن و هەویری لێدروست دەکەن و دواتر دەیکەن بە نان و دواتر دەیبەن بۆ ماڵی کاهن و ئەویش لە پارچە قوماشێکی سپی دەئاڵێنێ و لە شوێنێکی بەرز لەسەر بەردێک دایدەنێت و دواتر سڵاواتی لەدیار دەخوێنێ و ئەمەش پێی دەڵێن خواردنی بەهەشت.
جۆری دووهەم قوربانە، ئیدی بەهەمان شێوە بە هەویر دەکرێت، بەڵام ئەمجارەیان لە کەنیسەی سابیئەکان دادەنرێت چونکە گرینگییەکی تایبەتی هەیە، ئەمە ناوی (هسا ایلایا) یە نهێنیەکی خوداییە، ناکرێ هەموو قەشەیەک دوعای لەسەر بخوێنێ، تەنها لە کاتی دەگمەن نەبێت یان ئەگەر پیاوی ئاینی ئامادە نەبێت، ئەویش دەبێت چەند شاهیدێک هەبێت، ئەمەش لە دوو ساڵ جارێک فەرزە لەسەر سابیئەکان تاکو فەریزەکە بەجێبگەێنن" (٢٢).
ئەم تێڕامانە سرووتییە ئاینیە کە زۆر دەگمەنە لە ئاینەکانی تر، بۆ سێ کاری چاکە نەزر دەکرێت. ئەویش بەهێزبوونی باوەڕ و پاککردنەوەی روح و رێگەپێدان بەخود بۆ ئەوەی بەهەشت ببینن، کە ئەمە تێڕامانێکی ئاینی عەقلانییە لەلای سابیئەکان، یان بۆ ئەو بڕوادارە سابیئانەیە کە دووچاری گوناهێک بوونە و خۆیان بۆ پاک ناکرێتەوە. بۆیە ئەم جۆرە قوربانییە دەکەن. کەوابوو لە میتۆلۆژیای سابیئەدا نهێنی گەورە هەن بۆ پتکبوونەوەیان لەو گوناهانەی کە جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەیە، دیارە گوناهی گەورەتر بەهای باجەکە زیاتر و گەورەتر دەبێت وەکو سەربڕینی بەرخ و ئاژەڵە، یان خێری گەورەتر. چونکە لێرە تەنها باشی گەنم هاڕین و نان دەکات بۆ خێر، ئەویش لە رێگەی کاهین و قەشە و شەماسەکانەوە دەبێت نەک ئەندامی ئەو مەندایانەی کە ئێستا وەکو رێکخراوی سیاسی دروستیان کردووە، ئەمە ئەگەرچی مەنداکان بە لێژنە و کۆبوونەوە و ئەنجومەن دروست بوونە و دەنگیان بەدەست هێناوە وەکو حیزب.
زیاتر لە هەزاران ئەفسانەی سابیئە هەن کە باس لە بوون و زەوی و ئاسمان و راگرتنی فەلەک و کەوتنی زەوی و ژیانی حەوا و ئادەم لە سەر زەوی و دەرکردنیان لە بەهەشت و کە جیاوازن لەگەڵ ئەفسانەی ئایینەکانی دیکە،
١: سیمات نوتفەی ئاو و بوون بە جهانی روناکی: سیما ئەو نوتفەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان کێشەی کە ناسراوە بە کەنزی ژیان و دایکی مەلائیکە، ئەمە دەبێتە سێ دەقی دەسەڵات لەسەر ماڵ و ژیان، هەروەها لە عەرشێکدا دادەمەزرێت و دەچێت بۆ جهانی ئاڵماس و روناکی دەکاتەوە و دواتر دەپرژێت و وەکو جهانی زیوا و ماڵی یوشامن ماڵی

خۆشی، هەروەها لەبارەی سیماتەوە هاتووە، کە دەڵێ سیمات کەنزایە و منە، کەنزای ژیانە، جەوهەری منە کە پێشتر تاجێکی گەورە بووم لەئەنجامی کەوتنم بۆ سەر زەوی کەوتمە ماڵەکانەوە، هەروەها بووم بە هاوڕێی ئەو کەسانەی کە ماڵ دروست دەکەن، ئیتر رۆشنبیرم کردن و بووم بە جێگەی باوەڕی ئەوانەی کە ژیانی گەورەیان گەرەک بوو، هەروەها لیباسمان بۆ دروست کردن تاکو لە ژیانی مەزندا مەلەی پێبکەن لەهەر شوێنێک بن، هەڵبەت لێرەدا نوتفە مانای ئەو ئاوەیە کە لە کۆ ئەندامی نێرینەدا دێتە خوار و تێکەڵ بە لەشی مێیەنە دەبێت و دەبێتە منداڵ، بەڵام لەم ئەفسانەیەدا ئاو لە ماتریالەوە بووە بە نموونەیەکی روحی، چونکە جهانی بیرکردنەوە و دروست بوون لە ئیدیاڵدا ماددە نییە تاکو ئاو هەبێت و ببێتە منداڵ لەگەڵ تێکەڵ بوونی لەگەڵ مێینە، بەوپێیەی کە لەلۆژیکی خودا و ئەفسانەکانیدا، مەسەلەیەک نییە ناوی تێکەڵ بوون بێت لەنێوان پیاو و ژن، بەڵکو خاڵق توانیویەتی ئەوان بخولْقێنێ و ئەفسانەی کاری خوداییش هەر لەوێدایە.
٢: ئاوەدانی هیبل: هیبل بەواتای دەرکەوتنی روناکی دێت، ئەو یەکێک لە کائیناتە زیندووەکانە لەنزویکترین شوێنی مەندائی جێگەی هەیە، ئەدهی بەواتای باوک و برای روناکی دێت، ئەم دەورێکی گەورەی هەبووە لە روناک کردنەوەی زەوی لە ئاوەدان کردنەوە و دروست کردنی زەوی بۆ ئینسان، بەڵام بەپێی ئەفسانەکە هیبل ناوی جوبرائیل ە پێغەمبەری خودایە و سروتی تایبەت بە خۆی هەیە، لەشوێنێکدا باسی ئەوە کراوە کە هیبل گوتوویەتی (دڵ خۆش بن لەگەڵ من و دڵخۆشترین کارم کە بەدەستم هێناوە لەم جهانەدا، ئەوەیە کە چۆن دەتوانم بە هەموو جهاندا بگەڕێم و بیگوازرێمەوە، ئەمەش ئەوەی خولْقاندووە کە چۆن ئینسان ددەبەم بۆ جهانی گەورە و بەپێچەوانەوە بۆ جهانی بچووک واتە جەهەنم، بەڵام دڵخۆشکردنی هەژاران بۆ من کە لەدەست برسێتی دەناڵێنن و رزگاریان بکەم، ئەوەیە برسییەکان رزگار بکەم، هەروەها ئەوەی چۆن بتوانم جنۆکە خراپەکان بکوژم و روحی یاخی نەهێڵم. ئەوکاتەی ئادەم و حەوا خەڵ کران، من هەڵساو بەو کارەی هاوسەرگیری بکەن و رێگەیان بۆ خۆش بکەم و بەرەو چارەنووسی خۆیان بچن، ئیدی ئەوە بوو کە رێگەی شەڕی خۆیان گرت و چوونە سەر زەوی کە جهانی تاریکی بوو بەرامبەر جهانی روناکی کە پێشتر لەوێ بوون، ئیدی روباری کشاش م پێنیشاندان و بووم بە چاودێر بەسەریانەوە، دوو دادوەریشم تەرخان کرد بۆ ئەوەی تەرازوویەک دابنێت و خێر و شەڕیان تۆمار بکات.
٣: کۆچی هیبل زیوا بۆ تروانی پاکبوونەوە: جهانی تروان نهورا لە تابقی شەشەمی ئاسمانە و بە روناکی دەهەم ناسراوە لەژێریدا جهانی هیبل زیوا هەیە کە جهانی مەندایە، ئەم ئەفسایە باس لەوە دەکات کە چۆن زیوا هەڵساوە بە ئاوەدان کردنەوەی زەوی حیکمەتەکانی درافش واتە بەیداخی مەندائی نورانی هەڵداوە و کە دوای ٧ ساڵ نوری لەسەر هەڵساوە، ئەو حەوت ساڵە هەروەک حەوت چینەکەی ئاسمانە کە لە زۆربەی ئایینەکان ئەو ژمارەیە هەیە.

٤: کوشا تاوس دڵتەنگ. باس لە تاوس مەلەک دەکات وەکو چۆن لە ئایەتی قورئانیشدا باس کراوە کە یاخی بووە لە خودا، ئەویش باس لە حاڵەتی یاخیبوونی دەکات کە چووە دەرەوەی ژیانی گەورە کە مانای ژیانی یاوەری خودا و نەمرییە. لەکاتێکدا تاوس مەلەک دەیتوانی دەورێکی گەورە ببینێت لە فەزای حومکی خودا کە بەداخەوە ئەو خودای لەدڵدا بزر بوو،

٥: ئەباسر المیزان: واتە پێوانەی خێر و شەڕی ئینسان کە زیاتر بۆ مەندائییەکان کارایە و ئەوان باوەڕیان بەو میزانە هەیە نەک ئەو شیکردنەوەیەی کە ئاینەکانی تر هەیانە.

ئەمە باس لە ئەفاسنەیەک دەکات کە ئەوکاتەی تەرازوو دانرا بۆ پێوانی خێر و شەڕی ئینسان، بۆ ئەمەش مەلائیکەیەکی دامەزراند کە لەکتێبی کەنزا رەبادا هاتووە ئەو مەلائیکیەە تەنها کاری پێواندنی خێر و شەڕی ئینسانە لەژیاندا.

ئەم ئەفسانانە هەم لە جهانی مەندائی و کەلەپووری ئەواندا هەیە و هەم لە ئایەتەکانی ٣ و ٤ و ٥ و ٦ و ٧ هاتووە لە کەنزا رەبا بەیانی کردووە. (٢٣).

## دروست بوون و زریان.

پێشتر باسی دروستبوونی ئادەم و حەواو سەر زەمینمان کردووە کە هەمان شێوەی سفری تەکوینی تەورات و هەمان ریوایەتی قورئانە، بەڵام مەندائیەکان بڕوایان بە کائین سام هەیە واتە کوڕی نوح چونکە ئەو بەتەنها ئینسان بووە لەگەڵ باوکی سواری سەر پشتی کەشتیەکە بووە و بەشەرییەتی زیندوو کردۆتەوە و ئەوانی تر هەموو گوناهبار بوونە و لەناو چوون، بەمانایەکی تریش سام لێرەدا یەعنی خوداوەند ئەوەی کە حوکمی دونیا دەکات و نامرێ. " ٣٦٠ کائینات هەیە. ئەوانەی کە زۆر گرنگیان هەبووە، ماردی ئەدربۆسا خودایەکی گەورە بووە، هەیبەل زیوا کە ژنێکی خواست بەناوی روهە، لەچینی حەوتەمی سەرەوە و لەتاریکیدا بوو، دواتر ئەو ژنەی لەژێر سایەی پاسەوانێتیدا جێهیشت، دواتر منالیان دەبێ و ژیان بەردەوام دەکەن و منالەکان پرسیار دەکەن بۆچی هاتووینە ئەم دونیایە، روهە وەڵامدەداتەوە کە مەلائیکەتێک هەبوو بەناوی شدوم نزیکترین مەلائیکەت بووە، ئور جەستەیەکی گەورەی هەبووە، هاواری کرد و دونیای هەژان و هیبەل زیو لە مەشونی هەبوت بوو"، (٢٤). بەم شێوەیە چیرۆکی ئەفسانەی سەرەتای دروستبوونی بەشەریەت درێژە دەکێشێ لەنێو میتۆلۆژیای بەشەرییدا ئەوان جێگەیەکیان بۆ خۆیان کردۆتەوە و بەم شێوەیە وەڵامی دروستبوونی چەرخی گەردوون دەدەنەوە کە پرسیارێکی قورسی بوونگەراییە، سەرباری ئەوەی کە پرسیاری گرینگ لەبارەی ئەو چیرۆکە ئەفسانانەوە دەکرێت و بەشێکی زۆریان نەک هەر گومانی تێدایە، بەڵکو شێوەی گێڕانەوەکەی و دەست بەدەست هاتنی بۆ نێون وسین و مێژوو و مەعریفەی ئاینی، لە بواری مەعریفی

زمانەوانییەوە گومانی دەخرێتە سەر، چونکە هەرگیز چیرۆکێک وەکو خۆی ناگێڕدرێتەوە و دواتریش وەکو بنورێتەوە گومانەکەش لێرەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەوان بە خوێ،ەوار و ئەکادیمیست و لایەنگرانیان بەتەواوی بڕواوە بڕوایان پێیەتی .

## کارەساتەکان

لەدوای هاتنی ئادەم و حەوا کە بەپێی تێکستەکان و بەپێی ئەفسانەکان بێت خودا لە بەهەشت دەریکردن و ناردنی بۆ سەر گۆی زەوی، ئیدی ژیان ماناکانی رۆژ بەرۆژ لە گۆڕاندا بووە و سێ کارەساتی گەورەی بەسەردا هاتووە.
"کارەساتی یەکەم: دوای ئەوەی ژمارەی بەشەر رووی لە زیادبوون کرد، هەڵەکانیشی زیادی کرد، ئیدی خودا لە ئاسمانەوەوە ئاگرێکی بۆ ناردن تەنها (رام و روودی ژنەکەی نەبێت) هەمووان لە و ئاگرەیان خوارد، دوای ئەم کارەساتە ژن و پیاوەکان منداڵییان هێنا، دوای ئەوەی تەمەنییان بەرەو بالغبوون چوو، ئیدی زەویش بۆ هەر نەسلێک جارێکی دیکە تەمەنێکی نارد، کارەساتی دووهەم دوای ئەوەی دەردەسەری ژیان زیادی کرد لەلایەن بەشەرەوە، خودا ساهیلی نارد بۆ سزادانیان وەکو تاعون و نەخۆشی دیکە، ئەمەش جگە لە شوریای و شورهایلی ژنی نەبێت هەموو نەسلی بەشەر گرتووە، کارەساتی سێهەم، دیسان دوای ئەو دەردیسەری بەسەر ئینساندا هات، خودا تۆفانی نارد، لەنێو هەموو ئینسانیشدا کەسێکیساڵح و چاکەکاری وەکو (نوح) نیعمەتێکی لە چاوی خودا بینی، ئەوەبوو دوای تۆفانەکە لە هەموو رەگەزێکی ئاژەڵ و تەیرو تواڵ نێر و مێی بۆ هێشتەوە، تەنها سام چووە نێو کەشتیەکە و رزگاری بوو، ئیدی دەرگای فەلەکی داخست، لەو رۆژەوە دەرگاکانی ئاسمان کرایەوە و ئەوەبوو نوح تەیرێکی نارد بۆ ئەوەی دوای نیشتنەوەیان لەسەر زەوی وشک بۆ ئەوەی ئاو بدۆزێتەوە، تاکو ژیان بەردەوام بێت، بڕیاریدا نەگەڕێتەوە فەلەک". (٢٥). ئەم سێ چیرۆکەی سەرەوە کە بەپێی لۆژیکی خودا پەرستی و نەریت و رێسا و تێگەیشتنی سابیئە بێت، ئەگەرچی بریتییە لە سفری تکوین واتە سەرەتای ژیان و وێستگەیەکی دیکەی دەستپێکردنی ژیان لەدوای کارەساتەکان کە هەموو ئاینێک خاوەنی چیرۆکگەلی لەم چەشنەن، بەڵام لەنێو ئەدەبیات و میتۆلۆژیای سابیئیدا هاتووە وەکو کارەساتێک خودا بۆ تاقیکردنەوە بۆ ئینسان ئەو کارەساتانەی ناردووە، بۆیە لەلای ئەوان نوح کردوویەتی بە وێستگەی ژیان و ئەزموونی لێوەرگرتووە و بووە بە وانەیەک بۆ ژیان بەتایبەتی سابیئەکان، بەتایبەتی تریش کە نوح دوای رزگاربوونی لەو تۆفانە کە ئاو بووە و هەموو کائیناتی بەشەری لەگەڵ خۆی بردووە و پاشان لەهەموو کائیناتێکی ئاژەڵ و تەیر و تواڵ، هەردوو رەگەزەکەی نێر و مێ ی ناردووە بۆ بەردەوام بوونی ژیان بەو ئەزموونانەی کە نوح گێراویەتییەوە و لە سابیئەکان بووە بە مەرج کە ئاو سەرچاوەی بەردەوام بوونی ژیان و پاکبوونەوەی ئینسانە لە هەڵەکانی،

بۆیە لە نێو تێکست و کتێبی کەنزا رەبا و لە کولتوور و کەلەپور و نەریتی ئاینی و کۆمەڵایەتی سابیئە، ئاو هەم پیرۆزە و هەم مەرجی نزیک بوونی ئەوانە بۆ بەردەوامی لە ژیان.

هەڵبەت بۆیە لەلای سابیئەی مەندائی ناو نوح هاتووە، یەکەم وەکو رزگارکەری ئینسان و وەکو دەستپێکردنەوەی ژیان و دۆزینەوەی ئاو و پاکبوونەوەی ئینسان لە هەڵە و گوناهەکانی، لەلایەکی دیکەوە نوح ئەو کەسەیە کە بەهۆی ئەوەی لە خودا نزیک بووە، هەروەها لە تێکستەکانی تەورات و قورئانیشدا هاتووە کە تاکە پێغەمبەریشە لەگەڵ خودادا قسەی کردووە، بۆیە لە ئەدەبیاتی سابیئەشدا نوح کەسێکی پیرۆزە و نموونەی باڵایە لەدوای پێغەمبەر یەحیا زەکەریا یە.

لەبارەی ئەوەی کە دوای ئەوان ئاینی مەسیحی واتە کریستیانی هاتووە کە مەسیح پێغەمبەر دایهێنا، ئەوان هەم تێبینی و هەم سەرگوزشتەی خۆیان هەیە بۆ هاتنی خودی عیسای کوڕی مەسیح کە لەلای ئەوانیش بە کوڕی خودا ناسراوە، هەم بۆ ئەو ئاینەی کە مژدەی بە خەڵک دا تاکو لە خاچ درا، بۆیە پرسیارێکیان لێکردووە مادام ئێوە دەتانەوێ ئەمە دوا ئاین بێت بۆ سەر زەوی، ئایا بڕواتان بەوە هەیە کە روبار شوێنی خۆ پاککردنەوە، مەسیح ئەو وەڵامەی داوەتەوە کە لەدەرەوەی رووبار دەکرێت ئینسان خۆی پاکبکاتەوە، چونکە پاکبوونەوە لە روح و دەروونی ئینسانەوەیە نەک خۆ شوشتن، ئیدی بەم وەڵامە سابیئەکان بەتەواوی مەسیح و ئاینی مەسیحییان رەتکردۆتەوە و سەریان بۆ دانەنەواندووە. هەر بۆیە لەدوای ئەو رەتکردنەوە فتوایەکیان هەیە دەڵێ (هەر سابیئەکەیەک بەدەستی مەسیحییەکان بکوژرێت ئەوا راستەو خۆ دەچێتە بەهەشتەوە بەبێ ئەوەی عەزابی خودا ببینێ لەسەر گوناهەکانی) بۆیە بەپێی مێژووی خۆیان کە نەنوسراوەتەوە و لە میتۆلۆژیای ئەوان هاتووە، دەگێڕنەوە کە خۆیان چوونە بۆلای مەسیح و مەسیحییەکان تاکو سەریان ببڕن تاکو بچنە بەهەشتەوە، بەڵام مەسیح خۆی دوور گرت و وای کرد لەسەر ئاین و بڕوای خۆیان بمێننەوە) دوای ئەمەش ئەوان لە ئاوێکیان خواردەوە کە هیچ تێبینییان نەکردبوو کە ژنەکانیان توشی نەخۆشی نەزۆکی دبن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چیدی منداڵ نەهێنن.

## دانپێدانان بە مەسیح

ئەوان سابیئە پێیانوایە کە هەروەک چۆن دەستی راست پێویستی بە دەستی چەپە بۆ راییکردنی کاروباری ژیان، ئاوهاش عیسا پێویستی بەوە هەبوو موشەرعێک دان بە مەسیح دا بهێنێ کە ئەویش سابیئەی مەندائی و پێغەمبەر و ئاینەکەیانە.

بەپێی قسەی نوسەرێک بەناوی دکتور (دهیسی) کە زۆرترین روایەت و سەرگوزشتەی کۆنی ئەدەبیاتی سابیئەی لەلایە بەناوی (تعالیم یەحیا)، باس لەوە دەکات کە خودا زیاتر لە سێسەد و شەست کەسی پیرۆزی ناردووە بۆ سەر زەوی تاکو ئینسان

هەم خودا بناسێت و چاکە بکات و هەم خاوەنی تێگەیشتن بێت بۆ ژیانی سەر زەوی، یەکێک لەو پیرۆزانەی کە خودا ناردوویەتی یەحیای کوڕی زەکەریا بووە، وەکو خاوەن پلەیەک بۆ ئەم جهانە، ئەویش دوو مەلائیکە هاوکاری بوونە، ئەرکی ئەوان هێنانە ئارای پادشاییەک بووە بۆ جهان کە روحی قودس بووە، واتە مەسیح، ئەمەش لەوێوە دەستپێدەکات کە یەحیا زانیویەتی کە "مەریەم منداڵێکی دەبێت و ناوی مەسیح یان یەسوع دەبێت، کتابی هەژدەهەم لە کەزنا رەبا کە لای راستەکەیەتی دوای چواردە ساڵ لەسەر بینای ئۆرشەلیم بۆ مەسیحییەکان ئەویش یەسوعی کوڕی مرێم، گەر مرێم نەبوایە کە یەسووع هات ئۆرشەلیم نابوو بە سەرۆکی مەسیحییەکان، ئەو کەنیسە و گەلەکەی هەڵبژارد، دەستنوسەکان ئەوەش دەسەلمێنن کە (حران کوسا) بە کورتی دەڵێ ئەگەر یەسوع نەبوایە ئەو وشانە هەر لە تاریکیدا دەبوو و روناک نەدەبووەوە و دەبووە بە ئاینێکی دیکە، ئەوان ئەوەی کە لەسەر ئاینێکی دیکە بوون و هەموو دروشمەکان بە ( ئەبیسازا) ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە هەڵساوە لەگەڵ براکانی لە شاخی سینا و بانگەوازی هەموو خەڵکی کردووە کۆکردوونەتەوە و ناوی ناون کریستینا، یان وشەی نەسارا و ناوی شاری ناسرییەش لەوێوە هاتووە، (نزرتە مندتا ئایەتی ٨٤) بەڵام عیسا و کریستیان لە تێڕوانینی ئاینەکانی تر بە بەمانای لادەر بووە لە لەئایین و دەرچوونە لە ئاینە ناوکیەکان، عیسا کاتی خۆی لە یەکێک لە ئەشکەوتەکاندا بەناوی (یهیا یهیانا) لەوێ خۆی پاک کردۆتەوە دواتر ناوی میللەتە نوێیەکەی ناوە کریستینا، دوای مردنی یەحیا زەکەریا درۆ لە جهاندا جێگەی دەگرێتەوە، ئەو پێغەمبەرە درۆینە بووە، ئەمە بۆ جیاکردنەوەی گەل بووە، بەڵام ئەوە تێنەگەیشتووەکان بوون کە وایان دەزانی کتابی مەندائییەکان ئەوە ناسەلمێنێ کە کەسێک دێت کە مەلائیکەیەکی نورا دێت". (٢٦).
ئەمە ئەوە ددەسەلمێنێ کە لەگەڵ هەموو جیاوازییەکی مەندائی لەگەڵ کریتسانی بەتایبەتی مەسیحیەکانی ناوچەکە، ئەوان خەڵکی تر و ئاینی تر تۆمەتبار دەکەن کە ویستوویەتی یەسوع واتە مەسیح وەکو پێغەمبەرێکی درۆینە و کێشە بۆ ئەو ئاینە بخوڵقێنێ، بەڵام یەحیا زەکەریا هەستی بەمە کردووە و لە ئایەتەکانی کەنزا رەبا سەلماندوویەتی کە کەسێکی پاک و راستگۆ بۆ میللەت و خەڵک دێت کە هیچ کەسێک و نەیارێک ناتوانێ گەلەکانی ئەم ناوچەیە لەیەکتر جودا بکاتەوە.
پرسیاریش دەکرێت ئەی ئەو منداڵە چۆن جێگەی دەبێتەوە و دەژی لەسەر ئەو عەرشە وەردەگرێت، ئەویش وەڵامی داوەتەوە هەروەک چۆن خودا شوێنی مەندای بۆ یەحیا کردۆتەوە و بەهەمان رێگە و شوێن. بەپێی قسەی مەندائییەکان گوایە مرێم گوتوویەتی ئەو منداڵە چۆن دروست دەبێت، ئەویش گوتوویەتی دەبێت بچێت لە ئاوی قودس بخۆیتەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی منداڵێک لە تۆ و ناویشی عیسا دەبێت، ئەوەبوو مرێمی دایکی عیسای مەسیح چووە ئاوەکەی خواردووەتە و بە نۆمانگ و نۆ رۆژ و نۆ سەعات و نۆ دەقیقە منداڵەکەی بووە و هەر ئەوانیش پاراستوویانە لە دەستی جولەکەکانی ئەوکات. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی سابیئەکان لەگەڵ یەهودییەکان

هاوسەرگیری نەکەن، هەروەها گێڕانەوەکە وایە دوای ئەوەی عیسا گەورە دەبێت دەچێتە لای یەحیای کوڕی زەکەریا، پێی دەڵێت هاتووم خۆم پاکبکەمەوە، ئەویش پێی دەڵێت ناتوانم ئەوە بکەم، چونکە تۆ خەڵکت هانداوە هاوسەرگیری نەکەن کە ئەمە هەڵەیە، هەڵبەت دوای زۆرکردنێک یەکجار تاقەت پڕوکێن یەحیا نامەیەکی لە ئاسمانەوە بۆ دێت کە ئەو پەشیمان بۆتەوە لەو هەڵەیە، ئیدی یەحیا ئەو کوڕە گەنجە کە عیسایە دەبیات بۆ سەر روبارێک و رستەی لەبەر دەکات و دەیشوات و پاکی دەکاتەوە، بەڵام عیسا دوای ئەوەی رووداوەکاتە ئوردن و رەنگی رستەکەی بەری دەگۆڕێت و شێوازەکەشی دەگۆڕێت و پارچەی دیکەی پێوە دەلکێنێ، دوای ئەمە دەستدەکات بە موژدە بەخشین بۆ ئاینەکەی کە کریستیانییە، بۆیە لە کۆتاییدا یەهودییەکان لە خاچی دەدەن بەڵام روحەکەی دەچێتە ئاسمان، سابیئەکان بۆیە پێیانوایە یەهودییەکان تەنها جەستەیەکی خاڵی لە روحییان لە خاچ داوە، بۆیە رۆژێک دێت دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی. هەموو ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە جیاوازانەی کە ئایینەکان بۆ خۆیان دروستیان درووە، بەتایبەتی قسەکردن لەسەر پێغەمبەرە ناسراوو و دانپیانراوەکانی وەکو عیسای کوڕی مەریەم و موحەمەدی ئیسلام و یەحیا زەکەریا و هتد، بۆمان دەردەکەوێت کە هاتنی ئەم ئایینانە هیچ پەیوەندی بە دەسەڵاتی خوداییەوە نییە و بۆ خۆیان خولقاندوویانە، بۆیە گومانی بڕوادار و خوێنەری تێکست و مێژووناس و لێکۆڵەرەکان رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت. کە ئەمە گومانە لە ئیمان، چونکە ئەگەر کەمێک نویک بینەوە لە متەسەوفیکانەوە خودا لەتەک هیچ ئینسانێک قسە ناکات و یەکجار قسەی کردووە، ئەویش دانانی یاسای سروشتییە و ئینسانی ئازاد کردووە کە چۆن و چی هەڵدەبژێرێت بۆ خۆ بەڕێوەبردن، نەک ئەوەی خودا بە پێغەمبەرێک بڵێ بچۆ لەوەی پێش خۆت کەڵک وەربگرە و بەئەویتر نەڵێ ئەو کێشانە دێنە رێگات.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی پاژی سێهەم


: نیقولا سیوفی. الێابئە. عقائدهم و تقالیدهم. الترجمە. عارف ابو سیف. دار التکوین للنشر و الترجمە. گبعە الاولی ٢٠١٠. ل١٩

٢: تاریخ ترمیزە العلاء النشمی. اسئلە واجوبە. مقال منشور فی الانترنیت. حول الێابئیین و معتقداتهم.

٣: لمحات عن ادیان العالم. ترجمە: ێادق عبد علی الرکابی. مکتبە المدبولی قاهرە. سنە ٢٠٠٧. ل٣٦٦

٤: نیقولا سیوفی. الێابئە. عقائدهم و تقالیدهم. ترجمە. عارف ابو یوسف. دار التکوین لتالیف و الترجمە. گبعە الاولی . سنە ٢٠٢٠. ل٣١

٥: سلیم برنجی. الێابئە المندائیون. دراسە فی تاریخ و معتقدات القوم المنسیین. ترجمە. جابر احمد. دار الکنوز الادبیە. سنە ١٩٩٧. ل٦١ و ل٦٣

٦: عەبدوڵڵا قەرەداغی. ئاینی کۆن و کۆچکردن لە کوردستان. لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری _ سلێمانی. حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠١٣. ل٢٨٧
٧: سليم برنجی. الێابئه المندائيون. دراسه فی تاريخ و معتقدات القوم المنسيين. ترجمه. جابر احمد. دار الكنوز للگباعه. سنه ١٩٩٧. ل٥٠
٨: سليم برنجی. الێابئه المندائيون. دراسه فی تاريخ و معتقدات القوم المنسيين. ترجمه. جابر احمد. دار الكنوز الادبيه. سنه ١٩٩٧. ل٢٩
٩: سليم برنجی. الێابئه المندائيه. دراسه فی تاريخ و معتقدات القوم المنسيين. ترجمه. جابر احمد. دار الكنوز للگباعه. سنه ١٩٩٧. ل٥٠
١٠: سليم برنجی. الێابئه المندائيون. دراسه فی تاريخ و معتقدات القوم المنسيين. ترجه جابر احمد. دار الكنوز الادبيه. بيروت. سنه ١٩٩٧. ل٨٥
١١: رشيد خيون. الاديان و المژاهب بالعراق. . سنه ٢٠٠٨. ل ٢٨.
١٢: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ێ٣٥.
١٣: خزعل الماجدی. الميپولوجيا المندائيه. دار النينوی للنشر. سنه ٢٠١٠. ل٣٦٧
١٤: نيقولا سيوفی. الێابئه عقائدهم و تقاليدهم. ترجمه. عارف ابو سيف. دار التكوين للتاليف و الترجمه و النشر . ٢٠١٠. ل ٨١.
١٥: هەمان سەرچاوە پێشوو ل ٨١
١٦: رشيد خيون . الاديان و المژاهب بالعراق. سنه ٢٠٠٨. ل ٢٤.
١٧: نيقولا سيوفی. الێابئه عقائدهم و تقاليدم. ترجمه. عارف ابو يوسف. دار التكوين للتاليف و النشر. ٢٠٠٨.. ل٢٩
١٨: سليم برنجی. الێابئه المندائيه. دراسه فی تاريخ و معتقدات القوم المنسيين. دار الكنوز للگباعه. سنه ١٩٩٧. ل١٩٦
١٩: نيقولا سيوفی. الێابئه عقائدهم و تقاليده. ترجمه. عارف ابو يوسف. دار التكوين للتاليف و الترجمه و النشر. گبعه الاولی. ٢٠١٠. ل١٢٤
٢٠: سليم برنجی. الێابئه المندائيون. دراسه فی تاريخ و معتقدات القوم المنسيين. ترجمه. جابر احمد. دار الكنوز الادبيه. سنه ١٩٩٧. ل٢٤٨
٢١: سليم برنجی. الێابئه المندائيون. دراسه فی تاريخ و معتقدات القوم المنسيين. ترجمه. جابر احمد. منشورات دار الكنوز الادبييه. بيروت. سنه ١٩٩٧. ل٢٤
٢٢: نيقولا سيوفی. الێابئه. عقائدهم و تقاليدهم. ترجمه. عارف ابو سيف. دار التكوين للگباعه والنشر. ل١٠١.
٢٣: خزعل الماجدی. الميپولوجيا المندائيه. منشورات دار نينوی للنشر و الگباعه. سنه ٢٠١٠. ل٢٩٣ تاكو ل٣١٠
٢٤: اليدی دراور، اساگير و حكيات شعبی ێابيئه، ترجمه، نعێم بدوی و غڤبان رومی ل ١٣ و ١٤.

٢٥: نيقولا سيوفى. اليابيئه عقائدهم و تقاليدهم. ترجمه. عارف ابو سيف. دار التكوين للتاليف و الترجمه و النشر. سنه ٢٠١٠. ل١٣٥
٢٦: خزعل الماجدى. الميولوجيا المندائيون. دار النشر نينوى للنشر و الگباعه. سنه ٢٠١٠. ل٤٧٣

## ئەرمەن شوناسێکی ون بوو
## لەنێوان نەتەوە و مەزهەبی کریستیانیدا

ئەرمەن یەکێک لەو پێکهاتە ئاینانەیە کە هەم مەزهەبێکە لە کریستانی و هەم نەتەوەیەکی سەربەخۆن لە ناوچەکە کە پەراگەندەی کوردستانی باکور و باشور بوونە و بەشێکیشیان لە وڵاتی سوریان، شانسێکی باشیان هەیە ئەوان کە کۆمارێکیان لەژێر ناونیشانی نەتەوەیی خۆیان کە ئەرمینیایە، هیرۆدۆت مێژوونوسی یۆنانی (٤٢٥_٤٨٤) پ. ز، کە ٩ کتێبێکی نوسیووە کە بە باوکی مێژوو دادەنرێت، ئەو لە یەکێک لە کتێبەکانی سەبارەت بەم پێکهاتە نەتەوە و ئاینییەی کە ناسراون بە ئەرمەنی کردووە و باسی ئەوەی کردووە کە سەرچاوەیان لەکوێوە هاتوون و چۆن پەرشوبڵاو بوونەتەوە و دەڵێ " ئەم پێکهاتەیە سەرەتا لە ناوچەی باڵقانەوە هاتوون و بە درووستیش لە تراقیاوە هاتوون کە یەکێکن لە هۆزەکانی (فەریحی) و دواتر لە سەدەی ١٢ ی پ. ز، بۆ ناوچەکانی ئاسیا و رۆژهەڵات کۆچ دەکەن و تاکو لە ئەرمینیا دەگیرسێنەوە".
"ئەوان لەدرێژ زەمانەوە لەچەرخی کۆنەوە، وەکو رەگەزێکی جودا لەخەڵکەکە لەم ناوچەیە ژیاون کە نە ئاری بوون و نە سامی، ئەویش نەوەیەک بوون پێیان دەگوترا (خالدی) دواتر بەو هەرێمە گوترا هالدی، بەهۆی ئەوەی ئەوسا ئەمان دەوڵەتێکی بەهێز بوون لە دەوروبەری دەریاچەی ئارجیش، کە نزیکەی ٢٥٠ ساڵ ئەم دەوڵەتە بەردەوامی هەبووە، لەنیوەی دووەهەمی سەدەی حەوتەمی پ. ز، ئۆراتۆ لاواز دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی ئاشوری لە ساڵی ٦١٢ پ ز تیادەچێ، دەوڵەتی ئۆراتۆ وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەردەوام دەبێت تا ساڵی ٦٠٩ پ. ز، ئەو کاتە لەسەر دەستی میدیاکان کۆتایی پێدێت، ئیدی ئەم ناوچەیە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەرمەنەکان بۆ گردۆلکەکانی ئەرمینیا کۆچ بکەن و لەوێ نیشتەجێ ببن و دواتر یەکەم دەوڵەتی ئەرمینیا دابمەزرێنن". (١).
بەڵام ئەوەی مێژوونووسی ناسراوی خودی ئەرمەنییەکان بەناوی (سیبوس) دەیگێڕێتەوە، باس لەوە دەکات کە لە ساڵی ٦٢٤ لەرێگەی چیای ئاراراتەوە لەشکرێکی عەرەب هێرش دەکەنە سەر ئەرمەنەکان و هەم ناوچەکەیان و هەم خەڵکەکە بەگشتی

داگیر دەکەن، دوای ئەوەش پایتەختی دیبیل داگیر دەکەن و ٣٥ هەزار دیل دەستبەسەر دەکەن و دواتر دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئەمە یەکێک لەو ئەگەرانەیە کە تائێستا وایکردووە کە نەهاتونەتەوە سەرخۆیان و مێژوویەکی کۆنکریتی و بێ کێشەیان نییە، بۆیە هەر مێژوونووسێک بەشێوەیەک باس لە هاتن و ڕەگوریشەیان دەکات.
ڕاستە کە ئەرمەن ئاینی ڕەسەن و کولتووری تایبەتیان هەیە و جیاوازن لەگەڵ کلد و ئاشور. بەڵام ئەوان بەر لە ئاشور و کلدانیەکان خاوەن ئایین بوونە، چونکە ئایین مێژوویەکی دوورو درێژتری هەیە و زیاتر لە خوایەک پەرستراوە، سۆمەرییەکان یەکەمین نەتەوەن لەم ناچەیەی کە بە (بلاد مابین النهرین) واتە میزۆپۆتامیا ناسراوە، ئەوان ئەم داتایە پشتڕاست دەکەنەوە و باسی فرە خوایی دەکەن، لەوانەش
١: ئانوو: ئاسمان خوای مەزن لە شاری ئوروک سوڵتانی کۆن و ئیلاهی بە ساڵاچوو.
٢: ئەنلیل: خواری ژێرەوە، خوای شەڕ و شەرڤان لە شاری نیپۆر.
٣: سین: خوای هەیڤ. (خوای مانگ) شاری ئور.
٤: بابار کە دواتر بوو بە شەمس: خوای ئاسمان و ڕۆژ لە شاری لارسا.
٥: ئێنا یان ئەنکێ: خوای ئاو و قوڵایی لە شاۆی ئەریدۆ.
٦: نین تود: خوای مێینە ( دایکی هەموان) کە بە عەشیرەتیش ( زۆر لە ئافرودێتی ڕۆژهەڵاتی نزیک دەچێ) ناسراو بە شاری کیش." .(٢). ئەرمەنەکان بەهۆی ئەو هەموو جینۆسایدەی بەسەریاندا هاتووە بوونەتە بەشێکی دیکە لە کەمینەی نەتەوەیی لە ناوچەکە، ئەوان ئەوەندەی خۆیان بە پێکهاتەیەکی ناسراوی نەتەوەیی عێراقی دەزانن، ئەوەندە خۆیان بەکەمینەیەکی ئاینی نازانن، هەرچەندە لەسەر کریستیانییەکان حیسابییان بۆ دەکرێ، چونکە ئەوان وەکو کلدانی و ئاشوری بەهەمان شێوە عیسا دەپەرستن و کتێبە پیرۆزەکەشیان ئینجیلە و بەهەمان شێوە کەنیسەیان هەیە وەکو پەرستگە، بەڵام زۆرجاریش باجی ئەو ئاین و کولتورەیان داوەتەوە و بووە بەکێشە بۆ ئەنفال کردن و بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، هەروەک ئەوەی لەتورکیا لە دێرسیم دوچاری ئەنفال و قڕکردن بوونەوە و لە عێراقیش بەهەمان شێوە، ئەوان لەمێژوویاندا ئەم کارەساتانە وەکو هۆکاری کۆچکردنیان باس دەکەن، چونکە کێشەی ئایین لەکوردستان و لەهەر شوێنێکی دونیا نەماوە و یاساغ نییە. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لەیاسا و پرنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مافی کەمینەی نەتەوەی پارێزراوە، ئەوان ئیتر بەئازادی خۆیان دەتوانن وەکو پێکهاتە نەتەوەیی تەماشا دەکرێن لەیاسا و لەپارلەمانیش پشکیان هەیە لەرووی سیاسیەوە، بەڵام ئەم بوونە یەکسان نییە بەو حاڵەتە کۆمەڵایەتییەی کە لە کوردستان و لەشوێنەکانی دیکەش هەیە.
کێشەی هەرە سەرەکی ئەوەیە کە نەتەوەی ئەرمەن لەگەڵ ئەوەدا کە سەر بەئایینی کریستیانین، خۆشیان بەرۆشنبیر و پیاوە ڕوحانیەکانیانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە عێراق و کوردستان نیشتەجێن، کۆک نین لەسەر مێژوویەکی زانستی و ڕەگوریشە و هاتن و سەرهەڵدانیان کە لێکۆلەر بتوانێ پشتی پێببەستێ، چونکە بەر لەوەی سەر

بەئاینی کریستیانی بن، نەتەوەیەک بوونە لەدەرەوەی ئاسیا و ناوچەی رۆژهەڵات بوونە، بەتایبەتی لە کوردستان، بەڵام بۆچوونی جیاجیا لەسەر بوونیان و شێوەی ئاین و خودا پەرستیان و پەرشوبڵاو بوونیان بەسەر رۆژهەڵات و رۆژئاوا و ئێران و هتد هەیە، ئەمەش دوو مانای هەیە، یان ئەوەتا ئەرمەنەکان بۆخۆیان کۆچەری بوونە کە زۆربەی لێکۆلەرەکان کۆکن لەسەری، یان ئەوەتا ستەم و زوڵمی ئاینە باڵادەستەکانی دیکەی وەکو ئیسلام و یەهودی، پەرشوبڵاوی کردوونەتەوە بەسەر ناوچە و وڵاتان و کیشوەرەکاندا دابەشبوون، "توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەرمەنەکان نزیک بە ٤ هەزار ساڵ بەر لەزایین، لەگەڵ نەتەوە ئارییەکانی دیکەدا لە باکورەوە بەرەو باشوور کۆچیان کردووە ناوی ئەرمەن لەوشەی (ئەرامنەوە) هاتووە کە بەمانای (دراوسێ) دێت، لەساڵی ٥٥٠ بەر لەزایین، مێژوونوسی (یۆنانی هیکاتۆس) وشەی ئەرمەینۆی بەکارهێناوە کە لەو وشەیەی ئێستا زۆر نزیکە". (٣) بەڵام سەرەنجام ئەوەی کە ئێستا هەن و مێژووەکەیان بەو هەموو پچڕپچڕییەوە، وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ لەناوچەکە هەن و بەپێی ئاینیش بێت سەر بەکریستیانن و مافی نەتەوەیی و کولتوری و ئاینیان هەیە و بوون بەئەمری واقیع.

## هاتنی ئەرمەن بۆ عێراق و کوردستان

بوونی ئەرمەنەکان دەگەرێتەوە بۆ چەندین سەدە کە ساڵی ١٢٢٢ بەڵام وەکو شەپۆلی کۆچ کردن بەهۆی چەوساندنەوەیانەو هاتنیان بۆ عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەروەختەی کە لەئەرمینیاوە هاتوون، دواتریش شەپۆڵەکە بەهۆی قەتڵ و عام کردنیانەوە لەلایەن تاورکە عوسمانیەکانەوە، بەناچار بەرەو بەغدا کۆچیان کردووە و لەوێ نیشتەجێبوون و لەمدوایەشدا بەپێی ئامارە فەرمییەکان بێت نزیکەی ٢٠ تاک ٢٥ هەزار کەس بوونە، بەڵام ئەم پێکهاتەیە بۆ خۆیان، حمید هاشمی لەو کتێبەیدا باس لە سێ تەوەری بنچینەیی ئەرمەن دەکات لەوانەش مێژووەکەیان و شوناس و کولتووریان دەکات. "ساڵی ١٦٣٨ یان نوسیوە و هەر لەوێش کەنیسەیەکیان بەناوی مرێم عەزرا درووست کردووە، ئەوکات عوسمانیەکان دەسەڵاتداری ئەم نام ناوچەیە بوون، مانەوەشیان لەسەر داوای فەرماندەیەکی سەربازی ئەرمەنی بووە، بەپێی موفسیس خورینی کە مێژووناسێکی ئەرمەنییە، ئەرمەنەکان لە سەدەی پێنجەمی لەدایکبوونەوە هاتوون بۆ عێراق، بەڵام هاتنیان بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەم و دواتر لە ساڵی ١٩١٥ کە عوسمانییەکان ئەرمەنیان ئەنفال کردووە، بەدەیان هەزار ئەرمەنی بەرەو ئێران کۆچیان کردو و لەوێوە بۆ بەسرە رۆیشتوون، دواتر ساڵی ١٩٤٧ زیاتر لە ٩٠٠ ئەرمەنی جارێکی تر لەعێراقەوە بەرەو ئەرمینیا گەڕانەوە" (٤).
دواتریش مەترسییە گەورەکە لە سەرتای سەدەی بیست و یەکەمەوە دەستپێدەکات کە ئەنفال کراون. ئەوان چەند کەنیسەیەکیان هەیە لەعێراق و کوردستان، لەوانەش لە

موسڵ و زاخۆ کە ناوی ئەفزرۆکە و لە کەرکوک و بەسەرە وبەغداد هەن، لەوانەش کەنیسەی قەدیس کرابیت ی ئەرسەدۆکسی لەناوچەی کەمبی سارە و کەنیسەی دڵی پیرۆز کە لە کەرادەی رۆژهەڵاتە لە بەغداد، کەنیسەی بابا گریگۆس لەباب شەرقی و کەنیسەیەک لە جادرییە و کەنیسەی زهور ی ئەرمەن لە لەناوچەی مەیدان کە ئەم کەنیسەیە کۆنترین کەنیسەیی ئەرمەنەکان بووە، بەلام هۆکاری ئەرمەنی بۆ عێراق و کوردستان، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان لە ترسی کوشت وبڕیان لەلایەن تورکەکانەوە بەناچار هاتوون بۆ عێراق و کوردستان، بەڵام وەکو پێشتر باسمان کرد بوونیان مێژوویەکی کۆنترە.

ئەگەرچی هیچ مێژووونوسێک و هیچ داتایەکی راست و دروست نییە کە ئەوان لە کوردستانی باشور هەبوونە، بەڵام بۆچوونی جیاواز هەیە کە ئەرمەن لەهەردوو بەشی باشور و باکوری کوردستان هەبوونە و ژیان و بەڵام بەهۆی شەڕو شۆڕ و ئەنفال و ستەمکاری نەتەوە سەردەستەکانەوە لەناو چوون و دەربەدەر بوونە، بەهەرحاڵ بوونی ئەرمەنیەکان لەکوردستان مێژوویەکی هەیە ئەگەر راست یان هەڵە، ئەوان لەسەرەتادا بوونیان لەناوچەی بادینان سەلمێنراوە، گوایە پێشتر بەرلەوەی بکەونە ژێر دەستی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامەوە کە سەردەمی فتوحات بووە، دواتریش لەلایەن ستەمکاری عوسمانیەکان لەناوچونە، بەڵام بەر لە ١٥٢ ساڵ لەگوندی (ئافزریک) ی سەر بەناوچەی بادینان و بەتایبەتیش زاخۆ نیشتەجێبوونە کە بەپێی سەرچاوەکەی دکتۆر عەبدوڵلا غفور کە دکتۆرای لە جوگرافیا هەیە لە زانکۆی سەلاحەدین و گرینگی بەم باسانە دەدات، ئەو نوسیویەتی کاتی خۆی پیاوێک بەناوی (باکۆز) پێشەوایەتی کردوون و شەش برای هەبووە، ئەوان خەڵکی ناوچەی (سیل و نزورای) تورکیا بوونە، لەدوای هێرشی عوسمانیەکان هاتوونەتە ناوچەی زاخۆ، ئەوکات هەموویان بنەماڵەی چوار برابوون و بەهۆی ستەمەوە ناچار بوون بمیننەوە لەناوچەکە و دواتر لە جەنگێکدا نزیکەی ١٥ پیاویان لێدەکوژرێ، پاشان دەگەڕێنەوە گوندی گەزنەخ، ئیدی میری ناوچەکە زەوی و زاری ناوچەکە بەسەر ئەو چوار برایەدا دابەشدەکات، ئەمە دەبێتە هۆی مانەوەیان لەناوچەکە، دواتر سەنەدیان بۆدەکرێ و لەنێو قامیشێک دەیپارێزن و تائێستاش ماوە و وەکو دەڵێن لەلای ژنێکە کە بەدایکی وارتان ناسراوە و ئێستا لەسوید دەژی.

"پاشای ناوچەکە شەوێک دەچێتە ماڵی یەکێک لەبراکان و دەبینێ جل و بەرگی کوردی پیاوان کەناسراوە بە (شاڵ و شەپک)، هەڵواسراوە بەدارەوە، دەپرسێ ئەو جل و بەرگە چیە؟ ئەوانیش دەڵێن "ئەوە جل و بەرگی پیاوانە و بەشێکە لەعادەتی ئێمە و ناسراوە بەشاڵ و شەپک"، پادشا دەڵێ" من دەمەوێ و حەزم لێیەتی و بەدیاری بێت یان بەزۆر هەر دەیبەم"، ئەوانیش بەناچار دەڵێن "فەرموو پێشکەشت بێت"، پاشان ئێوارێ خاوەنی جلوبەرگەکە دێتەوە ماڵەوە دەبینێ شاڵ و شەپک کەبەدارەوە هەڵواسرابوو نەماوە، لەبەرامبەر ئەمەدا وەکو کاردانەوەیەک کە ناچاریش بووە قەبوڵی بکات، تورە

دەبێت، پاشان پێی دەڵێن" پاشا بردوویەتی و دواتر جێگیر دەبن لە ناوچەکە و ژن و ژنخوازی لەنێوان ئەوان واتە ئەرمەنی و کوردەکان دروست دەبێت، ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی تورەبوون و ناوچەکە جێدەهێڵن و دەچنە ناوچەی سلیڤانی و لەوێ کچێکی ئەرمەن مارە دەکات، دواتر دەبن بە بەشێک لەکولتووری کوردی" (٥). بەڵام پەیوەست بوونیان بەئاینی کریستیانی و نەتەوەی خۆیان، هەر لەکولتوور و رێساکانیان دیارە، بۆیە ئێستاش بەنەتەوەیەکی جیاوازی وەکو سریانی و ئاشوری و کلدانی خۆیان دەناسێنن، ئەمەش لەیاسا و دەستووری کوردستان و عێراقیش دانی پێدانراوە، بەڵام وەکو پێکهاتەی عێڕاقی نەک وەکو نەتەوەیەکی جیاواز کە خاوەنی زمان و کلتووری تایبەت بن وەکو کلدو ئاشوری..

ئەگەرچی دەوڵەتی دووهەمی کوردی کە بە دەوڵەتی شەدادی ناسرابوو، کاریگەری ئەرێنی لەسەر شێوەی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن و دۆستەکی هەبوو، کە لەهەندێک سەرچاوەی عەرەبی بەدەوڵەتی مەروانی ناوی دێت، ئەم دەوڵەتە میری کورد باز کوڕی دۆستەک لە ساڵی ٩٩٠ دایمەزراندووە، شاری میافارقینی کردۆتە پایتەختەت کە دیارە یەکێکە لە پایتەختەکانی ئەرمەنی کە پادشای ئەرمەنی دیکرانی مەزن دروستی کردبوو ناوی نابوو (تیکرا کیرتا) دەوڵەتی دۆستەکی هەموو خەسڵەتەکانی دەوڵەتی هەبوو پشتگیری هەرسێ دەوڵەتە مەزنەکەشی دەکرد کە دەوڵەتی عەبباسی و فاتمی و بیزەنتی بوون". (٦). هەموو ئەو چیرۆکانە دەیسەلمێنن کە نێوانی کوردی ئەوکات و ئەرمەنەکان پەیوەندییەکی باش و هاوکاری باش هەبووە، تاکو شۆڕشی ساڵی ١٨١٢ کە بەدرخانییەکان لەناوچەی جەزیرەی بۆتاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و حوکمڕانی دەگرنە دەست.

ناسراوترین کەسایەتیە ئەرمەنییەکانی عێراق

فارتان مالاکیان شیوەکاری عێراقی ئەرمەنی یە و لە ئامریکا دەژی

شانت کندریات ئەرمەنییەکی عێراقی بووە

سلیفا شاکاکیان شاجوانێکی گەند بوو لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەو نازناوەی پێدرا.

دسیتا هاکۆبیان گۆرانبێژێکی ئەرمەنی بوو

یەعقوب سەرکیس ناسراوترین نوسەری عێراقی بوو خاوەنی چەندین کتێب و نوسینی کۆمەڵناسانەیە

جوبرا کایایان وەرزشوانێکی عێارققی یە و بڕوانامەی پالەوانێتی لەش جوانی عێراقی پێبەخشاروە لە ساڵی ١٩٩٤

بیاتریس ئوهانسیان کچێکی عێراقی و بە بنەچە ئەرمەنی بوو

ئارام ئەرميناک بوخیان موزیک زانی ئەرمەنی عێراقی بوو.

ئازاد وەهی سامۆئیل. ئەکتەرێکی ئەرمەنی عێراقی یە

کالوست کولبنکیات یەکێک لە گرینگترین بزنسمانی عێراقی بووە و لە ماوەی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان هەڵساوە بە کردنەوەی یارگای میللی نیودەوڵەتی عێڕاقی و گەورەترین وێنەگریش بووە
شکری کرابیت بیروسیان ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێڕاقی بوو و کەسێکی چالاکی چەپ بووە.
سارە ئەسکەندەریان کەسایەتیەکی ناسراوی بزووتنەوەی ژنانە کە ناسراوە سارا خاتوون، ئەوکاتیش کەمپێک بەناوی سارا خاتوونەوە ناونرا.
ئارا جادوور یەکەمین کەسی ئەرمەنە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی کرێکاری کۆمۆنیستی عێراقی دەستی هەبووە،
یوسف عبدالمسیح ناسراوە بە ساروین و یەکەمین شانۆکاری ئەرمەنی عێراقی بووە، یەکێک لە نوسینەکانیشی بەناوی ئسوڵ ئەدەبی نوێخوازی و کۆمەڵێک وەرگێڕانی تر.
.

سنووری جوگرافیای ئەرمەن
ئەرمەن لە بنەچەدا لە ئەرمینیای پێشووتری سەر بە یەکێتی سۆڤیەت بوونە و یەکەمین دەوڵەت بوو لە ساڵی ٣٠٠ میلادی مەسیحییەتیان بە ئاینی دەوڵەت وەرگرتووە، لە ٩٣% ئەرمەنییەکان ئینتیمایان بۆ ئاینی مەسیحی وە بەتایبەتیش ئەرسەدۆکسی هەیە، ئەگەرچی لە سەدەکانی رابردوو لەلایەن عوسمانی و تورکەوە ئەنفال کراون و دەربەدەری ئێران و عیراق و وڵاتانی تر بوونە، بەڵام تا ئێستاش زیاتر لە ١٤٢ هەزار ئەرمەنی لە تورکیا دەژین و کەنیسەشیان هەیە، بە هۆی شەڕو کوشتاری جەنگە جهانیەکانی یەکەم و دووهەمە هاتوونەتە ناوچەی رۆژهەڵات و ئەرمەن وەکو نەتەوە لەزۆربەی وڵاتانی دونیا هەن، جگەلەوەش جوگرافیایەک هەیە بەناوی ئەرمەنستان، یان ئەرمینیا کە دەکەوێتە قەوارەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە ئێستا وڵاتێکی سەربەخۆیە،
پێشتر ئەرمەنەکان بەپێی ئەوەی نەتەوەیەک بوونە لەکوردستانەوە نزیک بوونە و پێکەوە ژیاون، سنوورەکەیان تێکەڵ بەیەکتر بووە، " ئەرمینیا سەرزەمینێکی کوێستانی بەرزە، لەباکورەوە دەگاتە دەریای رەش، لە رۆژئاواوە دەگاتە بانی ئەنادۆڵ، لەباشورەوە دەگاتە میزۆپۆتامیا، لە رۆژهەڵاتیشەوە هاوسنوورە لەگەڵ دەشتی قەفقاز و دورگەی ئازەربایجان، ئەم جوگرافیایە هەرێمێک دەگرێتەوە کە لەنێوان درێژایی جوگرافیایی ٣٧ و ٥،٤٧ پلەی رۆژهەڵات رۆژئاوا ٣٧ و ٥،٤١ پلەی باکوردایە، یەکەیەکی جوگرافی سروشتی پێکدێنێ، بەپێی بانگەشەی ناسیونالیستە ئەرمەنیەکان رووبەرەکەی ٦١٩٨٤٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، ئەم سەر زەمینە پردی نێوان

ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، جادەی ئاوریشم لەڕۆژهەڵاتی دوورەوە بۆ ڕۆژئاوا بەناو ئەم وڵاتەدا دەرباز بووە.
بەرزترین کێوی ئەرمنستان ئاراراتە (دیارە ئەم هەرێمە هەمان هەرێمە کە گەلی کورد داوای دەکات و تێیدا زۆرینەشە و ناوی کوردستانە، واتە شار یان خاکی کورد) ئەرمەنیان بەئارارات دەڵێن ماسی گەورە، ٥١٥٦ مەتر بەرزە، بەکێوەکەی تەنیشتی دەڵێن ماسی بچووک کە٣٩١٤ م بەرزە، کێوەکانی تری ئەرمەنستانیش بریتین لە(ئاراگاتس لەقەفقاس) کە٤٠٩٥ بەرزە، هەروەها (بیوراکن) هەیە کە لەباشوری ڕۆژئاوای ئەم بانەدا هەڵکەوتووە، هەندێک لەچەمە گەورەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا، لە کوێستانەکانی ئەرمینیاوە سەرچاوە دەگرن، وەکو دیجلە و فورات و ئاراس و چەمی کۆرا". (٧).
تائێرە ئەوەی کە پەیوەندەی بەشوێن و سەرچاوەی بوون و سەرهەڵدانی ئەرمەنەوە هەیە، بەپێی داتا و ژمارە باسمان لێوەکرد، بەڵام باسەکەی ئێمە لەبەر ئەوەی کە تەنها ئەرمەنەکانی کوردستانی باشوور دەگرێتەوە، پەلوپۆ ناهاوێتە نێو باسی دیکە و جوگرافیای دیکەی دەرەوەی کوردستان، تاکو قسە لەسەر چۆنیەتی و سەرهەڵدانی ئەرمەن بکەین لەسەراسەری دونیا، ئەم باسە لەگەڵ قەشە سەبری کە قەشەیەکی کریستیانی بەڕەسەن ئەرمەنی یە و لەعەینکاوە قەشە بوو پێشتر لە کەنیسەی کالیفۆرنیای ئامریکا بووە لە کە ناسراوە بە کەنیسەی ڕۆژهەڵات، موناقەشەمان کرد و هیچ زانیارییەکی زیاتری نەخستە پاڵ ئەو مێژووەی کە ئەرمەنەکان پێناسەی دەکەن و تەنها ئەوەندەی زیادکرد" ئەرمەن نەتەوەیەکن لەکوردستان و سەر بەئاینی کریستیانین و بە ڕەسەنایەتی خەڵکی ناوچەکەن و خاوەنی مێژوویەکی ڕەسەن خۆیانن بەڵام ستەمیان لێکراوە لەلایەن تورکەکانەوە لێکراوە و کێشەکەشیان ئەوەیە کە بەشی زۆریان کولتوور و زمانەکەیان لەدەستداوە". بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم باسە زۆر گەڕاین بەدوای داتای دیکە بۆ سەلماندنی بونی ئەرمەن لە کوردستان و زمان و کولتووری تایبەتیان، تەنانەت نوێنەرەکەشیان لە پارلەمانی کوردستان زمانی ئەرمەنی بەتەواوەتی نازانێ وەکو ئەوەی ئەرمەنەکانی ئەرمینیا دەیزانن، جگە لەوەش ئەدەبیاتێکیان نییە تایبەتمەندی ئەوانی هەبێت یان گۆڤار یان هەر دیاردەیەکی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی تایبەتمەندی ئەوان بسەلمێنێ، ئەمە کێشەی هەرە سەرەکی ئەرمەنییەکانە لەکوردستان.

## جینۆسایدی ئەرمەنەکان

مێژووی ئەنفال و قڕکردن و کوشتنی بەکۆمەڵ، چیرۆکی زۆری لەپشتەوەیە و بەسەر زۆرێک لەپێکهاتە نەتەوەیی ئاینیەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا هاتووە و ئەرمەنیەکانیش یەکێکن لەوانە کە بەتەواوەتی مێژووەکە نەنووسراوەتەوە، بەڵام باس لەئەنفال کردنیان

بە دەیان شێواز و چیرۆکی جیاواز هەیە کە عوسمانلییە تورکە توندڕەوەکان چۆن مامەڵەی نا ئینسانییان لەگەڵ کردوون و بە قسەی مێژووی نوسراویش بێت، کوردەکانیش بەشدارییان تێداکردووە، لەوانەش سوارەی حەمیدیی کە کەسایەتییەکی ناسراوی کوردی باکوری کوردستان بووە و لەو قڕکردنەدا هاوکاری تورکەکانی کردووە.

ئەگەرچی زۆر لەمێژووناسان و ڕۆژنامەی کوردستان کە بەدرخانیەکان وەکو زمانحاڵی کورد لەسەدەی نۆزدە دەریان دەکرد، باس لەوە دەکەن بەهۆی نزیک بوونی هەردوو نەتەوەی ئەرمەن و باڵادەستی دەسەڵاتی عوسمانیەکان لەناوچەکە، هەردوولایان واتە بەدرخانیەکان عوسمانیەکان تێوەگلاون بەجینۆساید کردنی یەکتر، بۆ نموونە سەفەویەکان هەردوو نەتەوە ڕەوانەی ناوەڕاست و خوارووی ئێران کردووە، زۆرجار بەپێی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان ئەرمەن قەتڵوعام کراون، ئەمەش لەوێوە هاتووە گوایە ئەرمەنەکان ویستوویانە دەسەڵاتی سوڵتان (عەبدولحەمید) لاواز بکەن، ئیدی ئەوەبووە کە لەساڵی ۱۹۰۹، ۲۵ هەزار ئەرمەنی لەشاری ئەدەنە کەوتونەتە بەر هەڵمەتی کۆکوژی لەلایەن عوسمانیەکانەوە، " ئەو خاڵە هاوبەشەی نێوان سوڵتان عەبدولحەمید و لاوانی تورک، ناوەندی یەکێکیان پێکهاتبوو لەئەنجومەنی ڕاوێژکارانی کۆشک و دووەمیشیان حزبێکی پلانگێڕی بوو لەئاستێکی باڵادا، لەنێو فیرقەی ئیتیحادو تەرەقی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو، لەهەردوو خاڵەکەشدا توانیان دەوڵەت بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، هەڵبەت بەتێپەڕبوونی کات ڕەوشی ئەرمەنەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی و تێکچوونی ڕێکەوتنی نێوان تورک و ئەرمەنیەکان بووە، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ لەدایک بوونی میللی گەرایی کە لەنێو فیرقەی ئیتیحاد و تەرەقی پەسەندکرابوو". هەروەها لەمەش گرنگتر لەنێو چەند ساڵێکدا د. بەهادین شاکر و محەمەد نازم و زیاگۆک ئاڵپی کە ئیدۆلۆژیستی ئیتیحاد و تەرەقی بوون، دەیسەلمێنن کە لەشەڕی جیهانی یەکەمدا بەئەندازیاری سەرەکی ئەرمەنیەکان ناسراون، ئەو کۆکوژییە دڕندانەیە لەساڵی ۱۹۱۲ لە مەکەدۆنیا پەیڕەوکرا، ئەمەش بووەتە جێگەی نارەزایەتی هاوڵاتییە کۆنە عوسمانیەکان و ڕۆم و سڕب و بولگاریا و ناکۆکیەکانی خۆیان وەلانا کە لەسەر مەکەدۆنیا هەیانبوو، ئیدی لەنێو چەند هەفتەیەک سوپای عوسمانیەکان شکستیان هێنا و دەسەڵاتیان لەناوچەی باڵکان کۆتایی هات، بەڵام لەناوخۆی تورکیا، لەساڵی ۱۹۱۳ فیرقەی ئیتیحاد و تەرەقی بەکودەتایەک توانیان دەسەڵاتی عوسمانیەکان کۆنترۆڵ بکەن " (۸).

ئەمە جگە لەوەی ناوی سوارەی حەمیدی وەکو جاشی تورکەکان دێت کە دژی ئەرمەن و بۆ قڕکردنیان، هاوکاری تەواوی عوسمانیەکانیان کردووە تائەو جێگەیی کە قەتڵوعام کراون بە چاوساغی کوردەکان، هەروەک ئەوەی یەشار کومال لە ڕۆمانی (بڕوانە فورات خوێناویە) باس لە جینۆسایدی ئەرمەنەکان دەکات کە چۆن کوردەکان هاوکاری تورکەکانیان کردووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دوای چەند سەدەیەک ئەم کوردەی

ئێستا بەرپرس بێت لەو جینۆسایدەی بەسەر ئەرمەنەکاندا هاتووە، سەرەنجام پرسیارکە ئەوەیە کە بۆچی ئەرمەن لەهەموو سەردەم و لەژێر دەسەڵاتی هەموو ئیمبراتۆریەتەکاندا جینۆساید کراوە و ئەنفال کراوە، بۆچی ئەم ئەزموونە هەمیشە وەکو کورد بەسەریاندا دووبارە کراوەتەوە و بەرگەیان نەگرتووە وەکو چۆن ئێزیدییەکان بەرگەیان گرتووە، بۆ دەبێ ئەم ئەم گروپە ئاینی خۆیان هەبێت و دیکۆمێنتێکیان نەبێت جیاواز لە دیکۆمێنتێک کە لەسەریان هەیە، لەکاتێکدا قەتڵوعام کردنیان لە ناوچەی دەرسیمی تورکیا لەلایەن عوسمانیەکانەوە، ترسناکترین کردەوەی دژە ئینسانی بووە دەرهەق بەم پێکهاتەیە کە لە بنەڕەتدا سەر بە ناوچەی کوردستان نیین و لە شوێنێکی دوورە دەستی وەکو ناوچەی باڵقانەوە هاتوون و نەیانتوانیوە خۆیان بپارێزن.
ئەگەرچی بەدرخانیەکان بەهۆی نزیکبونەوەیان لە عوسمانیەکانی ئەوکات کە ئەرمەنەکانیان جینۆساید کردووە، ناوی ئەوان وەکو لایەنگری لە عوسمانیەکان دێت، لەکاتێکدا هەموو چیرۆکەکان دەڵێن کردەوەکە وەکو نەتەوە نەبووە بۆ پاڵپشتی عوسمانیەکان، بەڵکو وەکو هەوڵێکی ناشرین و ناشیرین کردنی نەتەوە بووە لەلایەن چەند کەسێکەوە، واتە هەوڵەکە تاکە کەسی بووە نەک نەتەوەی کورد بەگشتی، ئەمە مێژوونوسی بەناوبانگی کورد دکتۆر کەمال مەزهەریش  لە کتێبی کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی جهانی یەکەم باسی دەکات و دەڵێ" کەمو زۆر لە هۆشیاریەوە و بە هاندان و لە خشتەبردنی لایەنێکەوە کورد بەشداری لەم کۆکوژییەدا کردووە، بەڵام بەشدارییەکی تاکە کەسی بووە، یان گروپێک بوونە نەک نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها دەڵێ لە زمانی عەزیز یامولکی یەوە ئەگەرچی ئەرمەن لە ئەنادۆڵ مابن و لە مردن رزگاریان ببوبێت، ئەوا سێ لەسەر چواریان لەسەر دەستی کورد رزگاریان بووە، بەڵام بەپێی مێژوونووس ف. کوردلیفسکی دەڵێ" هیچ کات بەهۆی ناکۆکی موسڵمانی بوونی کورد و کریستیان بوونی ئەرمەنەکانەوە، ناکۆکی روویندەداوە و بەپێچەوانەوە موسڵمانەکان هاموشۆی کەنیسەیان کردووە و ئەرمەنەکانیش هاموشۆی مزگەوتیان کردووە و ساڵح زاهیریش لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (ئەرمەنی وەکو گەل و کێشە) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کورد و ئەرمەن هەمیشە بە ئارامی و ئاشتی پێکەوە ژیاون هاوپەیمانێتی نێوانیان هێزێکی رێگر بووە لەبەردەم داگیرکردنی هەرێمەکانی رۆژهەلات لەلایەن عوسمانیەکانەوە". (٩). ئەگەرچی ئەو سەرچاوانە زۆر ناچنە نێو مێژووە خوێناویەکەوە، بەڵام هەم مێژووی عوسمانیەکان کە نوسراوەتەوە چییان کردووە و چۆن کوردیان بەکارهێناوە و بەتایبەتی ماڵباتی بەدرخانیەکان، هەم بۆ خۆیان ئەرمەنەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە کوردیش بەشدارییان کردووە لە جینۆسایدی ئەرمەنەکان و حاجی قادری شاعیری کوردیش بەشێوەیەک لە شێوەکان بە شیعرێک دانی بەوەدا ناوە کە کورد بەشداریان کردووە و باسی ئەوە دەکات کە ئەرمەن خەریکە وڵاتی کوردان داگیر دەکات و هانیان دەدات پارێزگاری بکەن لە خاک و نیشتیمان و دەڵێ.

"خاکی جەزیرەو بۆتان یەعنی وڵاتی کوردان
سەد حەیف و مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان
وا ڕێگەتان دەبەسرێ عێلاتی جاف و بڵباس
گەر مردوون لە گەرمێن مەمنووعە بچنە کوێستان
هیچ غیرەتێک نەماوە سەد جار قەسەم بە قورئان
پەیدا بێ ئەرمنستان نامێنێ یەک لە کوردان" (١٠).

ئەم شیعرەی حاجی قادری کۆیی ڕێک بەمانای ئەوە دێت کە کورد بەشێک بوونە لە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان و کەسانی وەکو حاجی هاندەری جینۆسایدکردنی ئەوان بوونە، ڕەنگیشە حاجی لەوە ترسابێت کە ئەرمەن کارێک بکەن گەرمیان کوێستان لە کوردان جودا بکەنەوە و کورد لەوە بەدبەخت تر بێت کە هەبووە، بەپێی قەسیدەکە بێت هاندانی کوردە بۆ جینۆسایدکردنی ئەرمەنی، هەروەک چۆن جینۆسایدی ئێزیدیش کراوە، دیسان هەروەک چۆن بەقسەی پاشای کۆڕە و بابانەکان چەندین جار ئێزدییەکان ئەنفال کراون، هەروەها مانای وایە کە کورد هەمیشە لەدژی خۆی بەکار هاتووە، کەچی لەدژی کورد مامەڵەی کردووە، هەروەها لەدژی دوژمنی دوژمنەکانی وەکو هێزێک بەبێ شوناس و بەرگری لە شوناسی خۆی بەکارهاتووە کە ئەمە لەڕووی فکریشەوە هەروایە، بۆ نموونە ئیبن تەیمیە کە ناودارێکی فکریی توندڕەوی ئیسلامی بووە و دژی کوردیش بووە، تەنها لەبەر ئەوی پێی گوتراوە پاڵەوان. ئەمە گومانی ئایینی ئەم ناوچەیەیە کە هیچی بەسەر هیچەوە نییە وەکو مێژوو، چونکە بەتەواوەتی بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوە و کێشەکانی تر نوسراوەتەوە.

هەڵبەت یەشار کەمال ڕۆماننوسی ناسراوی تورکیا لە ڕۆمانی ئاوخواردنەوەی مێروولەیەکدا، بەاشکرا باسی ئەوە دەکات کە کوردەکان هاوکاری تورکەکانیان کردووە بۆ قەتلوعام کردنی ئەرمەن، وەختێک لە ئەدەنە و ناوچە سنوورییەکان ستەمیان لەسەر بووە، کوردی ناوچەکەش پشتگیرییان لە سوڵتانی ئەوکاتی تورک کردووە، ئیدی ئەوە ناچاری بووە یان مەسەلەکە پەیوەندی بە ئینتیمای ئایینی هەبووە، یان کێشەیەکی بزرکراو هەیە لەنێو ئەو ددوو نەتەوەیە، بەهەر حاڵ بەشێکی زۆر لەو ستەمە مێژووییەی کە بەسەر ئەرمەنەکانەوە هاتووە و پەرستاگایان نەماوە و لەرووی چەندایەتییەوە کەم بوونەوە و پەراوێزخران لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، بەشێکی زۆری خەتاکە یەخەی کورد دەگیرێت و بەتایبەتیش سوارەی حەمیدی کە تائێستاش ئەو مۆرکە بە نێوچاوانی مێژووی کوردەوەیە.

لەنێو ئەرمەنییەکان ئەو بووچوونە هەیە کە کوردانی ئەوکاتی سەردەمی عوسمانلییەکان لە چوارچێوەی ئەو هێرشانەی بەسەرۆکایەتی ئاغا و سەرۆک عەشیەرتە کوردەکان کراوەتە سەر ئەرمەنی و ئێزدی کارێکی بێ بەرنامە نەبووە، بەڵکو ڕێکخراوبووە لەلایەن عوسمانیە تورکەکانەوە کە ئەمە لەشاری یەریڤیانی ئەرمینیا لە تابلۆیەکدا تۆمارکراوە، باشترین سەلمێنەریش ئەوەیە کە جاشە کوردەکان

ﻫﻪ ﻧﺪێكیالن بە بیانووی ئەوەی كە چاوپۆشی یان كەمترخەمییان كردووە سزا دراون، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بووە كە گوایە ئەرمەنییەكان بەتاوانی ئەوەی كە هاوكاری سوپای روسیان كردووە بۆ سەر رواندوز و پاشان لەگەڵ شۆرشی ئوكتوبەر و بە بڕیاری لینین كشاونەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی سۆڤیەت نامێنێ و ئەرمینیا سەربەخۆ دەبێت، ئەرمەنەكانیش ئەو دۆسییەیە دەكەنەوە و برینەكان دەكولیننەوە، ئێستا كوردەكان خەمی ئەوەیانە چۆن ئەو مێژووە چارەسەر بكەن كە هەمیشە ناوی سوارەی حەمیدی و بەدرخانیەكان و پاشای كۆرەی رواندوز لە سەرەوەی لیستی رەشە لەلایەن ئەرمەنی و ئێزدییەكانەوە كە باس دەكرێن. جنێوسایدی ئەرمەنیەكان بەیەكەم جنێوسایدی سەدەی بسست دادەنرێ، لەنێوان سالانی بۆ ماوەی یەكەم جەنگی جهانیدا روویداوە لەلایەن ئیمبراتۆرییەتی عوسمانییەوە بەشێوەیەكی سیستماتیك فیزیكی ملیۆن و نیوێك ئەرمەنی لە ناو دەبرێن و جنۆساید دەكرێن، بەگشتی جینۆسایدەكان لە كاتی جەنگەكاندا روویانداوە، چونكە ئەمە هەل و دەرفەتێكی باشە بووە بۆ شاردنەوەی ئەو تاوانە و كردنی بەشێوەیەكی ئاسانتر و رەوایەتی پێدانی، هەر بۆیە هێزێكی بیچگانە بەشداری تیدا دەكەن، تاكو هیچی دیكە ئەرمەنییەكان بونییان نەمێنێت، ئەمەش بۆ ئەوە بووە كە توركەكان دوژمنە ناوخۆییەكانیان كە كریستیان بوونە لەناوی بەرن، لەلایەكی دیكەوە لەرێگەی برسیكردنەوە لەناویان بردوون". (١١)

## بەمەسیحی بوونی ئەرمەن

زۆربەی گەلان و دەوڵەتان بەشداریان لەبڵاوكردنەوەی رۆشنبیری هەبووە، ئەوە مەعلومە كە حیسییەكان لەناوەڕاستی ئەنادۆڵ سەریانهەڵداوە، ئیمبراتۆریەتێكی گەورەیان بونیاتنا كە ناوی "حاتوشا" بوو، ئەمە لەساڵەكانی (١٢٠٠_٢٠٠ لەدایك بوونە) دواتر كۆنتڕۆڵی باكوری سوریایان كرد، ئیدی بنكەی جەماوەریان پەرشوبڵاو بووەوە بۆ وڵاتی فەراعنەكان واتە میسری كۆن و داگیركردنی بابل لەساڵی ١٥٣٠ لەسەردەمی شوبیلیولیما لەساڵی (١٣٤١_١٣٨٢) دواتر دابەشبوونە سەر چەند مەملەكەتێك، وەكو حیسییە بچووكەكان و بەئیمبراتۆریەتی ئاشوری كۆتایی هات، لەم سەرو بەندەدا ئاشوریەكان دەگەڕێنەوە بۆ شاری ئاشور كە نزیكی شاری موسڵە و هاوكاتە لەگەڵ سەردەمی مەملەكەتی ئور سومەریەكان، ئەم مەملەكەتە لەسەدەی نۆزدەی بەر لەدایك بوون بووە كە لەسەر دەستی ئیلیوشوما لەساڵی (٢٠٨٨_٢١٠٤) دامەزراوە" (١٢). ئەم مێژووە بۆ ئەرمەنەكان ساغ نەبۆتە كە ئایا لەدوای دروست بوونی ئەو دەوڵەتە هێرش بۆسەریان بوون بەمەسیحی، یان ئەوەتا خۆیان ئینتیمایان كردووە و لە بنەچەدا مەسیحی بوونە، بەڵام پێدەچێ ئەرمەنەكان لەدوای ئەو مێژووەوە بووبن بەكریستیانی، چونكە بەر لەئەوان هیچ كەنیسە و پەرستگایەكی لەو جۆرەیان نەبووە كە ئێستا هەیانە، یان ئەوەی هیچ ئاین و كتێبێكی دیكەیان نییە كە دەستنووس

یان قەولێک هەبێ، بیسەلمێنێ پێش بوونیان بە کریستیانی ئاینێکی دیکەیان هەبووە یان نا؟ باشترین سەلمێنەریش ئەو کۆنە ئاسەوارەیە کە بەکەنیسەی تەنگی زاخۆ ناسراوە و کۆنترین کەنیسەی ئەرمەنەکانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام وەکو لۆژیک ئەوە دەسەلمێنرێت ئەرمەنەکان دوای هاتنیان بۆ کوردستان و ناوچەکە بوونە بە کریستیانی، ئەگەرنا ئەوان کریستیانی نەبوونە، چونکە هیچ کەنیسەیەکیان نەبووە تاکو مۆرکی ئەوانی پێوە دیاربێت وەکو ئەوەی لە سنووری زاخۆ هەیە، بۆیە پێدەچێت چۆن خەڵکی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی لەژێر کاریگەری ئیسلام و فتوحاتی ئیسلامی کە هێزی گەورەیان هەبووە، بۆیە بەناچار خەڵک لەژێر زەبروزەنگی ستەمکار بوونە بە ئیسلام و تائێستاش بەهەمان شوناسەوە بەلەبەرچاوگرتنی شوناسی نەتەوەوە، ئەوان بە گوتاری ئایینی خۆیان نمایش دەکەن.
ریەایەتێک هەیە دەڵێ ئەرمەنییەکان بەر لەوەی رووبکەنە ئاینی مەسیحی، گوایە ئەوان بتپەرست بوونە، خواوەندە بەناوبانگەکانی ئەرمینیا بریتی بوونە لە (ئارامازد، ئاناهید، ئاستقیک، ڤاهاگن)، گەلێک شوێنەوار لە ئەرمەنستان ماونەتەوە کە نیشانەی بتپەرستی ئەم نەتەوە و پێکهاتە ئاینیەن، بۆ نموونە پەرستگای گارنی لە جوگرافیای کۆماری ئەرمەنستاندایە، یەکێک لەو شوێنەوارانەیە کە هەندێک تایبەتمەندی شارستانی هێلینیشی هەڵگرتووە، لەسەدەی یەکەمی زاینیەوە، مەسیحیە سەرەتاییەکان بۆ برەوپێدانی ئایینی مەسیح رویانکردە ئەرمەنستان، پارتۆ قیمۆس و تادیۆس لەبانگەشەکەرانی سەرەتایی ئایینی مەسیح بوون کە بۆخۆیان بەشاگردی مەسیح لەقەڵەمدەدەن، ئەم کەسانە لەلایەن بتپەرستانی ئەرمینیاوە کوژراون و دواتر لە کوشتارگاکانیاندا چەند کڵێسەیەک بونیاتنراوە، بەڵام رەوتی گەشەسەندنی ئاینی مەسیح لەئەرمینیا تاسەدەی سێهەمی خایاندووە". (١٣).
پێدەچێ ئەرمەنەکانیش وەکو هە ر نەتەوەیەکی دیکەی ناوچەکە دوچاری کێشە بووبن، بۆ نموونە دابەشبوونە بەسەر دوو مەزهەبی جیاواز، مەزهەبی گریگۆری و کاسۆلێکی، " گریگۆری لەسەد ساڵی یانزەهەمی رابردوو سەریهەڵداوە و دواتر گەشەی کردووە و بەنێو ناوچەکانی کوردستاندا دابەشبوونە، ئیدی لەسەدەی حەڤدەی زاینی بووە بەئایینی فەرمی، ئەمانە زیاتر لە شارەکانی موسڵ و هەولێر و هەندێ شوێنی دیکە کە بریتین لەچەند خێزانێک بوونیان هەیە، مەزهەبی کاسۆلیکی کە پەیڕەوانی سەر بەکەنیسەی ئەسقۆفیایەن و لەساڵی ١٧٠٨ لەماردینی سەر بەتورکیا دامەزراوە". (١٤). بەم پێیەش بێت ئەرمەن هەم بوونیان بەکریستیانی مێژوویەکی دوور نییە، هەم دابەشبونیان بۆ سەر دوو مەزهەب کاسۆلیک و گریگۆر مێژوویەکی دوور نییە، کەواتە مانای وایە تەمەنی ئەم نەتەوە سەر بەکریستیانە زۆر دوور نییە، بەڵام کە وەکو خۆی نەنوسراوەتەوە، بەقسەی خۆیان پەیوەندی بەو هەموو ئەنفال و کۆمەڵ کوژەوە هەبووە کە بەسەریاندا هاتووە و شوینەواریان لێتێکداون، ئەمەش وایکردووە کە نەتەوانن وەکو هەر پێکهاتەیەکی تری لێقەوماو خەریکی خۆ نوسینەوە

بن و ئەرشیفیان هەبێت، ئەمە جگە لەگومان لە ئاینەکەیان و کولتوورەکەیان کە تێکەڵاوە لەگەڵ کلدو ئاشورییەکان، بەڵام کە مێژووەکەیان نەنوسراوەتەوە، جێگەی گومانی بڕوادارانی هەمیشەیی ئەوانە وەکو هەر ئاینێن و ئاییزایەکی تری ئەم ناوچەیە.

## نوێژی ئەرمەن

هەڵبەت ئەرمەنەکان بەجیاوازییەکی کەمەوە باسی نەریت و عادات و خوداپەرستی خۆیان دەکەن، نوێژکردنیان یەکێکە لە جیاوازیەکان، ئەرمەنەکان لەرۆژێکدا سێ نوێژی جیاجیا دەکەن، ئەرمەنی سێ دان لەرۆژێکدا نوێژدەکەن، دانی بەیانی کاتژمێر هەشت و دانی ئێوارە کاتژمێر سێ و دانی شەوانیش دوو نوێژی دیکە دەکەن، بەڵام ئەم نوێژە بەئارەزووە و دەتوانن لەکاتی دیکەدا بیکەن و فەرز نەکراوە لەکاتی خۆیدا بکرێ وەکو نوێژەکانی موسڵمانان.
ئەوەی جێگەی تێبینیە تێکستی نوێژەکە لەبری ئەوەی بەزمانی ئەرمەنی بنوسرێتەوە، بەزمانی بەعەرەبی نوسراوەتەوە، ئەمە نەک ئەرمەنی بەڵکو تەواوی ئایینەکانی دیکەی دەەرەوەی ئیسلام بەهۆی زاڵبوونی گوتاری زمانی عەرەبی لەناوچەکەدا، هەموو ئایینەکانی دیکە و نەتەوەکانی ناوچکە بە ئێرانی فارسی و تورکی تورکیاشەوە لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبی بوونە، بۆیە زمانەکەیان ئێستاشی لەگەڵ بێت موفرەدەکانیان پڕە لە عەرەبی و بەکاریش دێت لەزمانی رۆژانەیاندا، بەڵام ئەم داتایە قەشە سەبری درکاندوویەتی و ئەو گرێی عەرەبی نوسینەکەی بۆ کێشەی زمانی دایکی ئەرمەنەکان گەڕاندییەوە و پێیوایە" چونکە زمانی دایکیان بیرچۆتەوە بەهۆی ئەو کارەساتانەی بەسەریاندا هاتووە، بۆیە بەناچار بەعەرەبی نوێژ دەکەن و تێکستەکان دەخوێنن".
ئەمەش تێکستی نوێژەکەیە.

"ابانا الڗی فی السموات
لیتقدس اسمک
لیات ملکوت
لتکن مشیئیتک کما فی االسماء کڗلک علی الارچ
خبزنا کفانا اعگنا الیوم
واغفرلنا ڗنوبنا کما نغفر نحن ایڤا للمڗنبین الینا
ولاتدخلنا فی تجربە
لکن نجنا من الشریر
لان لک الملک و القو والمجد
الی الابد. امین".

بەپێی ئەو تێکستە بێت ترسی هەر گەورەیان لە نەتەوە زاڵەکان بووە وەکو عەرەب کە هەرچی نەتەوە و زمانی دیکە هەیە خستویەتیە ژێر رکێفی خۆی و زمانەکەی نەهێشتۆتەوە، هەروەها شێوەی پاڕانەوەکەشیان لە خودا بۆ رزگار بوونیان لە برسێتی و نەهامەتی، هەر بریتیە لەو ترسەی هەیانە کە گوایە رزگاریان بووە لە شەڕ و بەرەو چاکە بچن، تاکو بۆ هەمیشە لە ئارامیدا بژین.
بەڵام لەبیر چوونەوەی زمانی دایک هیچ پاساوێکی دیکەی بۆ نییە و نابێت بەو مانایە بەکاربێت کە گوایە ئەوان لەژێر زەبروزەنگی عەرەب بوونە، بۆیە زمانی دایکیان لەبیر چۆتەوە، لەحاڵێکدا هیچ زمانێک بەبارتاقەی کوردی و جولەکە و ئەمازیغی لەژێر هەڕەشە نەبوونە، کەچی تائێستا بە زیندوویێتی ماونەتەوە و ململانێ دەکەن و خەریکن کاریگەریش درووست دەکەن.

## مەراسیم و مردوو ناشتن لە لای ئەرمەن

ئەرمەنەکان وەکو کریستیانەکانی دیکەی کوردستان و دونیا، مردوو لەگۆڕستانی خۆیان دەنێژن و دواتر دەیبەنە کەنیسە و لەوێ (دێر هایر) کەپیاوێکی روحانیە، ئینجیلی لەسەر دەخوێنێ و بەگوێیدا دەچرپێنێ و لەخوا دەپاڕێتەوە و بۆی، بەر لەوەی خۆڵ بەسەر مردووەکەدا بکرێ و لەگۆڕەکەدا داپۆشرێ، هەندێ کەس لە ئامادەبوان و کەسوکاری مردووەکە، مشتێک خۆڵ بەسەر مردووەکەدا دەکەن، فلەبارەی ئەوەی مردو وچۆن و بەچ شێوازێک دەنێژرێت، ئەوان مردوو لەسەر پشت رادەکشێن و دەستەکانی لەسەر سنگی دەخەنە سەر یەکتر، سەری لەرۆژئاوا و پێیەکانی روو لە رۆژهەڵات دەبێ، ئەمە بەشێک لەنەریتی مردوو ناشتنە لەلای ئەرمەن جارێ کێشەی هەر گەورەی ناوچەکە و ئایین و کولتوور و نەتەوەکان، مەسەلەی زمانە کە تائێستا جێگێر نەبووە و چارەسەر نابێت، ئەرمەنەکان کە هەم خۆیان بە نەتەوە و هەم خۆیان بە ئاینێکی تایبەت دەناسێنن، تائێستا نە زمان و نە کولتوورێکی تایبەتیان پیشان نەداوە، بەڵام تەنها شتێکیان کردبێت ئەوەیە کە خۆیان وەکو مەزهەب و نەتەوەیەک لە پارلەمانی کوردستانی پێناسە کردووە.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی پاژی چوارەم


١: فارس عوسمان. کورد و ئەرمەن. پەیوەندییە مێژووییەکان. وەرگێڕانی. خالد هەرکی. بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما. ساڵی ٢٠١٢. ل١١.
٢: شاروخ حەسەن زادە. مهاباد هیوا، کۆنترین بەیتی کوردی. حماسەی گلگامێش. ١٣٩٤. انتشارات هیوا مهاباد ل١٢.

٣: ئەرمەنۆساید، سەدەیەک لەپەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن، مامەند رۆژە. دەزگای سەردەم بۆ پەخش و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠١٠. ل١٥ و ل١٦.
٤: د. حمید الهاشمی. الارمن العراقیون. دراسە انپروبولوجیا والاقلیات. تاریخ الپقافە الهویە. دار روزنامە للنشر. جنیف القاهرە سنە ٢٠١٦
٥: ئەرمەنییەکانی باشوری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی. د. عەبدوڵڵا غەفور کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین. ساڵی ٢٠٠٨.
٦: فارس عوسمان. کورد و ئەرمەن. پەیوەندییە مێژووییەکان. وەرگێڕانی. خالد هەرکی. بڵاوکراوەکانی سەنتەری فکری و ئەدەبی نما. ساڵی ٢٠١٢. ل٣٥
٧: گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٣. ل ١١٧.
٨: د. ڤاهاکن دادریان . قۆناغەکانی کۆکوژی ئەرمەنەکان لەمێژوودا، ، وەرگێرانی، هەوار ئیسماعیل، گۆڤاری واتە ژمارە. ٣. ساڵی ٢٠١٠.
٩: ). فارس عوسمان. کورد و ئەرمەن. پەیوەندییە مێژووییەکان. وەرگێڕانی. خالید هەرکی. لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما. ساڵی ٢٠١٢. ل٨٢
١٠: دیوانی حاجی قادری کۆیی. لێکۆڵنەوەو لێکدانەوەی . سەردار حەمید میران و کە ریم موستەفا شارەزا. بڵاوکردنەوەی کوردستان سنە. ساڵی. ٢٠١٢. ل٩٣
١١: ئیسماعیل حەمەئەمین. لەبارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە، سایتی کولتوور مەگەزێن.
١٢: تالیف ابراهیم الداقوقی العلوییین. ایّحاب الدین جدید ام گریقە تێوف او مژهب السیاسی لعێر العولمە.. تقدیم فلكدین کاکایی. ل ١٦٤.
١٣: مامەند رۆژە . ئەرمۆنۆساید. سەدەیەک لەپەیوەندیەکانی کوردو ئەرمینیا. ل٣٢ .
١٤: د. عەبدوڵڵا غەفور. ئەرمەنەکانی باشوری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی. کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین. ساڵی ٢٠٠٨"

## هەققە لە تەریقەتێکی ئاینییەوە
## بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی

ئاینی ئیسلام بەدرێژایی مێژووی خۆی، بەهۆی جیاوازی فکری و جیاوازی جوگرافیا و جیاوازی دەسەڵاتی خەلافەتی دوای محەمەد پێغەمبەری ئیسلامەوە، هەروەها بەهۆی تێگەیشتنەکان لەم ئاینە جێکەوتەیە بەتایبەتی بۆ نەتەوەکانی دیکەی غەیرە عەرەب و بەتایبەتی تریش لەکوردستان کە کورد نەیتوانیوە بەگشتی لەم ئاینە تێبگات یان بەهۆی

نەزانینی زمانەکەوە نەیتوانیوە لە تەواوی بنەچەی ئاینەکە شارەزابێت، هەروەها بەهۆی خوێندنەوەی جیاواز بۆ تێکست و ئیجتیهاد لەلایەن شیخ و شارەزا لە ئاین و هتد. دەیان مەزهەب و لق و پۆپ و گروپی کۆمەڵایەتی ئاینی جیاوازی لێبۆتەوە. شافعی و حەنەفی و مالیکی و حەمبەلی و هتد، ئەمە جگە لە گروپی ئیسلامی کە بوون بە مۆتەکە بەسەر موسڵمانی خاکی کوردەوە کە جگە لە خودا پەرستی چیتریان نەزانیوە.
لەدوای هاتنی بیری نوێ بۆ ئاینی ئیسلام لەهیندستان و پاکستانەوە کە بنەچەی بیری نوێی تێڕوانینی ئاینین بۆ ئیسلام، لەمبارەیەوە بیری نوێ بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردیش هات، ئیدی لەدوای هاتنی ئەو ستایلە فکرییانە بۆ کوردستان، جۆرەها گروپی ئاینی و کولتووری ئایینی سەریانهەڵدا، بەشێکی ئەم جیاوازیانە بەهۆی ئەوە بووە کە تیکستەکە بەزمانی کوردی نییە و تا ئەوکاتیش وەرنەگێردرابۆوە سەر زمانی کوردی، کە دواتر مام هەژاری شاعیر بەهاوکاری چەندین زانای ئاینی تێکستی قورئانیان کرد بە کوردی، هەروەها ئیشکالیاتێکی تر ئەوەیە کە دەقی قورئان لەم ناوچەیە لەدایک نەبووە و کەسایەتیی ئاینی تیاهەڵنەکەوتووە و کورد نامۆ بووە پێی، بۆیە بەناچار ئاین پەروەر و موسڵمانەکان شوێن کەوتووی ئەو کەسانە بوون کە لەجوگرافیایەکی دیکەوە ڕێگەیەکی دیکەیان بۆ هێناون یان لە فتوحاتەکانەوە بەناچار بوون بە موسڵمان بەبێ ئەوەی بزانن ئیسلام و تێکستەکەی بەزمانی عەرەبی چییە و مەبەستی لەدەسەڵات و گرتنی ئەو ناوچەیە چییە، بۆ نموونە لەنێو کورددا، شێخەکان و کەسایەتی و شارەزایانی ئایین و سوڵتانەکان ناسراوترن لە پێغەمبەرەکان و ئەسحابەکانی مێژووی ئیسلام، چونکە لەدوای فتوحاتەوە ئەو کەسایەتی و سەید و شێخ و پیاوماقوڵ و کەسایەتیانە لەلایەن سوپاسالاری ئەوکاتەوە دانراون کە زۆرەبەیان عەسمانی یان سەفەوی دیانناون بوون بە ئەمری واقیع، بۆیە لەلای کورد نامۆن.
نموونەی هاتنی مەولانا خالید کە خاوەنی ڕۆشنبیری نوێی تەسەوف و خویندنەوە و ئینتیما بووە بۆ ئاینی ئیسلام بەشێوە کوردییەکەی، نموونەیەکی مەعریفی بووە کە داهێنانی تێدابووە، ئیدی ئەوەبووە کە هەردوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری هێناوە وەکو دوو قوتابخانەی فکری و عیرفانی و سۆفیگەری کە تائێستاش بەردەوامە کاری پێکراوە و قوتابخانەی لێ بەرهەمهاتووە، هەرچەندە مەولانا لە کوردستان چەندین جار ڕووبەڕووی بوونەتەوە لەلایەن میرانی بابان و تەریقەتی قادری بە ڕێبەری (شیخ مارفی نۆدێ) و گروپی دیکەی دژ بەو ڕۆشنبیرییە ئاینی یە، بەڵام مەولانا سووربووە لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەی، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو دژایەتییەی کە بۆ هاوردەکردنی فکرەکەی کراوە، مەولانا توانیویەتی دوای یانزە ساڵ درێژەدان بەکارەکەی لە سلێمانی و بەغداد بمێنێتەوە و لەکوردستانیش خەڵکێکی لەدەور کۆببێتەوە، بەرهەمحاڵ تەریقەتەکە لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەزێدی نیشتیمانی کوردی خالید دا بەهێزتر بوو، لەوێشەوە بەو وڵاتە دراوسێکانیدا بڵاوبۆیەوە، بەتایبەتی لەو

ناوچەنای کە تورک پێی دەڵێن ئەنادۆڵ، چونکە پێش ئەوەی فکرەکە بگاتە ئەستەنبوڵ و بەشەکانی دیکەی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، پێشتر لە کوردستان هەبووە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی پاشان هەتا ئەندەنوسیا رۆیشت، ئیدی مەولانا وەک کەسێکی کاریزمای کاریگەری ئاینی و مەعریفی لەسەر کۆمەڵگە و دەوروبەرو کەسایەتی کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە، جگە لەمەش سەددان نامە بەدەستخەتی خۆی هەبووە بەزمانەکانی فارسی و عەرەبی و فارسی کە بۆ کاربەدەستانی ناردووە".(١).
ئیدی مەولانا بەمەشەوە نەوەستاوە بۆ زیندووراگرتنی تەریقەتەکان و مەعریفەت و خوداپەرستی بەشێوەی کوردایەتی لەناوچەکە بەشێوەی وەرگرتنی ئاین لەلای کوردان، بەڵکو کاریگەرییەکی وەها دانابوو لەسەر شێخەکان و کەسایەتیە ناسراوەکانی ناوچەکە، بۆ نموونە کەسانی وەکو شێخ عەبدوڵڵای نەهری بوون بە شوێن کەوتووی و رابەرایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیەک کە ئەویش کورد بووە، چونکە لەلایەن دوژمنەکانیەوە بەردەوام چەوسێنراوەنەتەوە، بۆیە خەڵک ئەوکات شێخ عەبدوڵڵایان تەنها بە شێخێک و شوێنکەوتووی مەولانا نەزانیوە، بەڵکو بە پیاوێکی روحی کاریزمایەکی نەتەوەیی زانیوە، بۆیە شوێنکەوتوانی درێژەیان پێداوە و دواتر هەر ئەو تەریقەتانە بوونە بە کولتوور و پێناسەی گروپێکی دیاری کۆمەڵگە کە نموونەیان هەققەیە و دواتریش بوون بە بزووتنەوەیەکی کولتووری جەماوەری تایبەت.
هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی گروپی جیاوازی خوداپەرستی بەناو تەریقەتەوە، ئەوەبوو کە لەناوەڕاستی سەدەی ١٨ و هاتنە پێشەوەی سەدەی ١٩ رابردوو، جوڵانەوەی جۆراوجۆر لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەپەنا ئایندا هاتنە ئاراوە، داگیرکاری ئینگلیز و هاتنی بۆ عێراق بیروباوەڕی نوێی خوڵقاند، شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و مانەوەی وەکو خۆی، هەم باشتر لە شێخەکانی دیکە کە چووبوونە پاڵ ئیمپریالیزم و روحیەتی نیشتیمان پەروەرییان نەمابوو، هەم بیروڕاکەی جیاواز بوو لەڕووی کۆمەڵایەتی و یەکسانیخوازی و موڵکییەتەوە بۆ گشت نەک بۆ تاک کە جیابوو لەوانی تر، هەروەها تێگەیشتنیشی بۆ داگیرکەر رۆشنتر بوو لەخەڵکی تر، چونکە دەیزانی کە هاتنی ئەوان بۆ ناوچەکە لەخۆڕا نییە و لەخزمەت خەڵک نامێنێنەوە، رەشاد میران مێژوونووسێکی ئەکادیمی کوردە، لەبارەی بزووتنەوەی هەقەوە دەڵێ" دیاردەیەکی فکری و روحی و کۆمەڵایەتی بووە، لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەنجامی پەرەسەندن و گەشەکردنی باوەڕ و ناوەڕۆکی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەی سورداش سەریهەڵدا، شێخ عەبدولکەریم رۆڵی تێدا بینیوە", (٢). بۆیە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بەهاوکاری جوتیارانی ناوچەکە گەشەی بەو بزووتنەوەیەدا و تەشەنەی کرد بەتەواوی ناوچەکانی جافایەتی و مەرگە و پشدەر و ناوچەی قەڵاسێوکە و شوان و شێخ بزێنی و بەشێکی دەشتی کۆیە و تادەگاتە کەرکوک، هەموویان بە بڕوایەکی تەواوەوە لەگەڵ ئەو بڕوایەی شێخ مانەوە و بوون بە هەققە " لەکاتێکدا ئیدمۆنز راوێژپێکراوی وەزارەتی ناوخۆی ئەو سەردەمەی عێراق کە دوو جار بەم

نیازە چووەتە شەدەڵە، جاری یەکەم بەنهێنی و جاری دووهەم بە ئاشکرا، تاکو قەناعەت بە شێخ بهێنێ رووبکاتە میری کە حکومەتی عێراق لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوو، زۆر تەماعی خستبووە بەردەستی شێخ، بەڵام شێخ بەهیچ شێوەیەک سەری بۆ نەلەقاند". (٣).

هەڵبەت لەلایەک گەشەسەندنیان لەناوچەکانی مەرگە و جافایەتی و ناوچەی کەرکوک وەکو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ بزووتنەوەکە، لەلایەکی تریشەوە ملنەدانی بەو پێداویستیە سیاسیەی کە (ئیدمۆنز) * وەکو نوێنەری ئینگلیز دابوی بە شێخ، مایەی نیگەرانی بوو کە هیچ شێخ و خاوەن عەشیرەتێک و هیچ دەسەڵاتداریتیەکی بنکە فراوانی کۆمەڵایەتی نەبوو بەو شێوەیە ئیمتیاز و موڵک و ماڵ و دەسەڵاتی گرینگتر رەتیبکاتەوە، بۆیە ئینگلیزەکان لەوێوە تەواو تێگەیشتبوون لەوەی ئەمانە لەئایندەدا دەبن بە مەترسییەکی دیکە ئەلتەرناتیڤی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوان. (٤).

هەقە بەرلەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی جیاواز لەخەڵکی موسڵمانی ناوچەکە، یان بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری بن، کەمینەیەکی دیار و بەرچاو بوون لەنێو خەڵکی موسڵمان بەڵام لەسەر تەریقەتی مەولانا خالید، چونکە شێوەی خوداپەرستی و رێورەسم و نەریتیان جیاوازبووە لەگەڵ ئاین پەروەر و خەڵکانی دیکەی ناوچەکە، بۆیە هەم بەڕاستی کەمینە بوونە و قسەیان لەسەر کراوە بە شێوەیەکی نێگەتیڤ، هەم بۆخۆشیان خۆیان بەکەمینە زانیووە، هەڵبەت ئەمانیش وەکو کاکەییەکان هەندێکیان پێکەوە ژیاون و هەندێکیان کە پەراگەندە بوونە بۆ ئەو شوێنانەی کە هەقەی لێنەبووە وەکو گروپ و هێزی کۆمەڵایەتی، هەر لەبەر ئەمەشە نەیانتوانیوە بەتەنها بژین لەترسی تانەی خەڵک و سەرکوتکردنیان، بەڵام ئەوەی کە جیاوازی نێوان ئەمان و مەزهەب و ئاینزاکان هەیە، ئەمان کەمینەیەکی نەئاینین و نە نەتەوەیی، بەڵکو بەشێوەیەک لە شێوەکان وەکو کولتوورێکی کۆمەڵایەتی خۆیان نمایش کرد و نموونەیەکی نوێیان بە کۆمەڵگەی کوردی بەخشی کە تاڕادەیەک شاز و هەرس نەکراو بوو، بەتایبەتیش پێکەوە کارکردی ژن و پیاو و نەمانی موڵکییەتی کشتوکاڵی و بەرووبووم و خاکێتی و سادەیی لە رەفتاری رۆژانەیاندا و بەیەکسان تەماشا کردنی هەمووان.

هەقە یان مامەرەزایی نازاناوێکی دیکەی بزووتنەوەکە بووە، جۆرێکی دیکەی ئەهلی هەقە کە قوتابخانەیەکی جیاوازی خوداپەرستییە، ئەم بیروڕایە وەکو مەزهەبێکی جیاواز لەوانی تر هاتەپێشەوە، بەو مانایەی کە لەسەر بنچینەی ئاینی ئیسلامەوە ئەم لقە ئاینییە سەرچاوەی گرتووە، نەک ئەو ئەهلی هەقەی کە کولتوور و ئاینی خۆیان هەیە و هەندێکیان پێیان دەڵێن عەلەوی، یان عەلیوللا، یان ئیسماعیلی و هتد، هەڵبەت ئەوانی دیکە بەتایبەتی گروپی عەلی وەلی و الله. حەزرەتی عەلی وەک کارێکتەری عەلی کوڕی تالیب بەپیاوانی ئەفسانەیی و روحی خودایی تەماشای دەکەن، هەروەک ئەوەی کە کریستیانەکان تەماشای عیسای کوڕی مەسیح دەکەن و بە ئینسان نایشوبهێنن، ئەمە

زیاتر لە سیانەی خوداییەوە پێناسەی وەرگرتووە، واتە (پالوپ). کە ئەمە باسەکەی ئێمە نییە لێرەدا. بۆیە وردەکاری و لێکۆڵینەوەی تێدا ناکەین و ناچینە نێوەخنێوە.

بەڵام هەققە یان بزووتنەوەی هەققە، بە جیاواز لە ئەوانی تر واتە ئەهلی هەق، رێچکەیەکە لەسەردەمی سەدەی ١٨ لەلایەن مەولانا خالیدەوە وەکو رۆشنبیریەک و جۆرێک لەخودا ناسی و تەسەوف هاتۆتە کوردستان " مەولانا خالید کوڕی ئەحمەدی کوڕی حوسێنی عەشیرەتی ناسراوی جافی میکایێلیە، لەساڵی ١١٩٣ کۆچی کە دەکاتە بەرامبەر بەساڵی ١٧٧٩ زاینی لەشارۆچکەی قەراخی سەر بەشاری سلێمانی لەدایک بووە، لە١٢٤٢ کەدەکاتە ١٨٢٧ زاینی لەشام کۆچی دەوایی کردووە، خوێندنی مەلایەتی لەسەر دەستی مەلا گەورەکانی ناوچەی بابان تەواو کردووە، بۆ وەرگرتنی تەریقەت چووە بۆ هیندستان و لەوێ لەسەر دەستی (شا عەبدوڵڵەی پێهلەوی) خوێندوویەتی و تەریقەتی وەرگرتووە کە ئەو کات شا عەبدوڵڵە خاوەنی قوتابخانەو تەریقەتەکە بووە، دواتر کە خوێندن تەواو دەکات بۆ ئیرشاد گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، پاشان بەهۆی ناکۆکیەوە لەگەڵ میرەکانی بابان، بەیەکجاری کۆچ دەکات و دەچێتەوە بۆ شام". (٥).

ئەم تەریقەتە نەقشبەندیە و ئیرشادە و بڕوایان بەزیکر هەبووە لەخانەقا و لەسەر کاریش، بۆیە لەگەڵ خانەقاکانی دیکەی نەقشبەندی لەهەورامان و ناوچەی بارزان پەیوەندیان هەبووە، چونکە سەر بەیەک رێچکە و تێگەیشتنی خودا پەرستی بوونە و جیاوازیان لەگەڵ تەریقەتی قادری هەبووە و ئێستا هەیانە، بەڵام جیاوازیەکەیان لەگەڵ ئەوانیشدا، لەوێدایە کە تەنها خەریکی زیکر نەبوونە و بۆ قیامەتی دوای دونیا کاریان نەکردووە، بەڵکو لەپەنا خودا پەرستی، لەسەر ئەرزی واقیع کاریان بۆ یەکسانی و عەدالەت و پێشکەوتن و هەرەوەزی کۆمەڵایەتی کردووە، یان ئەوەی بڕوایان بەهاوپشتی هێزە سیاسیە نیشتیمانیە یەکسانی خوازەکان هەبووە، بڕوایان بەتوانای تاکەکەس هەبووە، بڕوایان بەیەقین هەبووە بەرامبەر بەبوونی خودا و جۆری پەرستنی یەکتایی، واتە (التوحید). بۆئەمەش وتەیەکی بەناوبانگی مامە رەزای کوڕی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە گوتوویەتی مادام لە قورئاندا ئەوە هاتووە کە دەفەرمووێ (اتقی لربک حتی یاتک الیقین) کەواتە ئێمە یەقینمان هەیە خودا هەیە و خاوەنی هەموو زەوی وە ئاسمان و یاسایەکی سروشتە، کەواتە پێویست ناکات چیتر ئەو جۆرە تەقوایە بکەین و گومانمان لە بوونی خودا هەبێت کە بەپیچی ئەو داتایانەی رۆژانە دەیبینین، خودا هەیە و خوداش پێویستی بە تەقوای ئێمە نییە، کەواتە لێرە بەدواوە شتێکی تر گرینگتر هەیە، ئەویش سەر زەمینە کە پێویستی بە دادپەروەری و یەکسانی هەیە، ئیدی ئەم قسەیەی مامە رەزا کە خۆی نوێژی کردووە و بینیویانە و رەنگە وەکو موسڵمانی توندڕەو نەبووبێت، بەڵام کەسێکی خوداپەرستی مموتەسەووف بووە بۆیە ئەو قسەیەی کردووە، هەر بۆیە ئەو قسەیەی مامە رەزا دەبێتە کۆجیتۆی جەماوەری هەققە و تا ئێستاش کە پاشماوەیان ماوە بڕوایان پێیەتی و کاری پێدەکەن.

ئەوان واتە هەققە ئەگەرچی نوێژ و رۆژوو ناگرن و سرووشتی ئیسلام و موسڵمانیان نییە وەکو کوردەکانی دیکەی موسڵمانی تەقلیدی واتە لاساییکەرەوەی عەرەب، بەڵام گومان لە موسوڵمان بوونیان نییە، تەنها ئەوە نەبێت کە جیاوازیان لە کولتوور و ترادیشتنی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەتایبەتیش یەکسانیخوازی نێوان ژن و پیاو و بڕوا نەبوون بە موڵکایەتی کە ئێستا بەهۆی بارودۆخی گواستنەوەی ژیان لە گوند و لادێ وە بۆ شار کە کار و شێوەی بەرهەمهێنان و پەوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، بۆیە وەکو جاران ناژین تاکو بە رەفتار هەققە بناسرێتەوە و لەگەڵ خەڵکی تر جیاواتر بێت.

## سەرهەڵدانی هەققە

دوای ئەوەی مەولانا خالید هەردوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری وەکو رۆشنبیرییەکی نوێی ئاینی لەهیندستانەوە دەهێنێتە کوردستان و ئیدیعای بۆ دەکات، لەوێ شێخ ئەحمەدی سەردار دەناسێ لە شەدەڵە و دواتر بەرۆشنبیرییەکە ئاشنا دەبێت و تەریقەتی نەقشبەندی لێوەردەگرێ، شەدەڵە کە شوێنی یەکەمی ئەو تەریقەتەیە و دەکەوێتە ناوچەی دۆڵی جافایەتی و نزیک بە شارۆچکەی سورداشی سەر بە شاری سلێمانی، گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی سورداش و نزیک گوندی سەرگەڵووە، کە بەدۆڵی جافایەتی ناسراوە و ناوبانگی رۆیشتووە و خانەقای گەورەی هەققەکانیش هەر لەو گوندە بوونە و مەڵبەندی سەرهەڵدان و ناساندنی ئەو تەریقەتەیە کە تائێستا گوندەکە ئاوەندانە و بارەگا یان مەزارگە سەرکیەکەش هەرماوە و خەڵکی سەردانی دەکەن، بەڵام ئێستا خانەقا لەو گوندە نەماوە و لەگوندی کەلکە سماقی سەر بەشارۆچکەی دوکانە و شێخ هاوڕێ کە کوڕی کاکە حەمەی مامەڕەزایە سەرپەرشتی ئەو خانەقایە دەکات و تائێستا پاشماوەی ئەو پیر و دەروێشە متەسەووفانەی لێیە کە لەپەنجەکانی دەست تێپەڕنابن، بەڵام ئەوانەی کە بڕوایان بەو تەریقەتە و پاشماوەی خاوەن تەریقەتە هەیە، لەهەموو شارو شاروچکەکانی کوردستانەوە سەردانی خانەقا و شێخ هاوڕێ دەکەن و جەژن و بۆنەکانیان لەرێوڕەسمێکدا بەسەر دەبەن و هێشتا سۆزیان ماوە وەکو ئینتیما بۆ تەریقەت و رەوتە فکرییە کۆمەڵایەتییەکە، بەڵام مەرقەدی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە هەر لە شەدەڵەی سەر بەناوچەی جافایەتییە و ئاسەوارەکەشی ماوە و خەڵکی سەردانی دەکەن، بەڵام رێڕەسمی ئایینی و کەلەپوری هەققە لەوێ ناکرێت.
ئەگەرچی شێخ سەردار یەکەمین کەس بووە ئەو تەریقەتەی وەرگرتووە، بەڵام سەرەتا نەناسراوە لەنێو خەڵک، دواتر شێخ قادر کە بەشێخ قادری سوور ناسراوە، تەریقەتی داوە بەخەڵک، پاش ئەویش شێخ رەزای عەسکەری تەریقەتی داداوە، ئەویش شێخ

محەمەدی ئەڵڵایی کردووە بەجێگری خۆی، لەدوای ئەویش شێخ مستەفای حاجی شێخ ڕەزا تاکو ساڵی ١٩١٥ تەریقەتی داداوە  لە گوندێک بەناوی میرزا رۆستەم کە دەکەوێتە ناوچەی رانیە کە ئێستا کەوتۆتاە ژێر گۆلی دوکانەوە، بەهەرحاڵ هەر لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردووە، لەسەر وەسێتی حاجی شێخ مستەفا پاش ئەو شێخ مەلا ئەحمەدی گەڵنێری، تەریقەتی داوە و ساڵی ١٩١٩ کۆچی کردووە، پاش ماوەی ساڵێک شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لەساڵی ١٩٢٠ دەستی کردووە بەئیرشاد و خەڵکێکی زۆر لەناوچەی سورداش و مەرگە و میرزا رۆستەم و بەری کۆیە و ناوچەی ئاغجەلەر و شوان تەریقەتیان وەرگرتووە و بوون بەموریدی ئەم تەریقەتە کە جیاواز لەتەریقەتی قادری و بریتیە لەزیکر و تەهلیلە و تەسبیحات، نەک لەخۆدان بە شیر و خەنجەر و شیش و هتد، تەنها خانەقایان هەبووە و هێند تەقوایان کردووە بەهێنانی وشەی (هەق هەر هەقی خوایە)، ئیدی وشەی (هەق) بۆتە وێردی سەر زاری هەموو هەقەکان و بەهەقە ناوبانگیان دەرکردووە". (٦).
ئەم باوەڕدارانە ئەگەرچی هەمیشە لەبەردەم سوکایەتی پێکردن بوونە لەلایەن موسڵمانی کوردی توندڕەوەوە، بەڵام چاونەترسانە ئەوان بڕوایان بە تەریقەت و شەریعەت هەبووە کە نەریتی بیڕوباوەڕەکەیان بووە و ڕووبەڕووی هەموو ئەو کەسانە دەبوونە کە گاڵتاجاڕیان پێدەکردن، هەڵبەت هەموو ئەو سوکایەتیانە لەپشتیەوە هاندان هەبوو، چونکە ئەوان بڕوایان بە دادپەوەری و یەکسانی ژن و پیاو کۆمەڵایەتی بوونی گشت هەبوو بەبێ لەبەرچاوگرتنی نێر و مێ و رەگەز و ئاینی دیکە و  دەوڵەمەندی و هەژاری و هتد.
زۆر جار جگە لە تۆمەتی ناڕەوا و قسەی ناشیرینیان بەباڵادا بڕاوە، بەڵام بەر لە هەر کەسێک و هەر موفتییەکی ئیسلامی توندڕەو، مەلا مستەفا سەفوەت فتوای توندی بەسەردا سەپاندوون، جەمال نەبەز لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی مەلا مستەفای سەفوەت کە باوکی دکتۆر عەزەدین مستەفار رەسول و فاروق مەلا مستەفایە، یەکەمین کەس بووە فەتوای کوشتنی هەقەکانی داوە، بە بیانووی ئەوەی کە ئەوان لادەرن و نوێژ ناکەن، دواتر مامە رەزا دەچێت بۆلای مەلا مستەفا و نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر ئەو فتوایە و گووتوویەتی ئێمە نەوەی مەولانا خالیدین نەدەبوو ئەو فتوایە بدەی و بە ئێمەی بڵێیت، لە وەڵامدا مەلا مستەفا گووتوویەتی (مامە رەزا ئێوە دەبێت حوکمی ئیسلامتان بەسەردا بسەپێنرێت، چونکە موسڵمان نین و لاتانداوە لە نەریتی باوی ئیسلام).
بەڵام بەهەموو تێبێنییەکانەوە لەسەر بوونی ئەم گروپە بەناوی هەقەوە، خۆیان لەنێو خۆیان بەهۆی ئازادییەکی بێ سنوورەوە، هەرکەس لەلای خۆیەوە بای ئەوەندە بنکەی کۆمەڵایەتی بەهێز بوویێت، ئیدی خۆی جوداکردۆتەوە لە بنکە فراوانەکە و بوونە بە لقێکی دیکە، ئەو لقانەش برتین لە سێ گروپ  یان سێ رەوتی جیاواز، لەوانەش

ڕەوتی یەکەم: ڕەوتی حەمە ئاغاییەکان کە ئەمە بۆ حەمە ئاغای پشدەر دەگەڕێتەوە، ئەو گروپە هەر لەدوای مردنی شێخی گەورەوە سەرەتا گوندی شەدەڵەیان جێهێشت و وەکو چینێکی دیکەی موڵکخوازی خۆیان جودا کردەوە، بەڵام دوای مردنی حەمە ئاغا وەکو دەرەبەگێک لەناو جوتیارە هەققەکان، ئیدی ئەو ڕەوت و گروپە کۆتاییان پێهات و نەمان، ئەمە سەرباری ئەوەی کە هەندێک موریدیان هەبوو بەر لەمردنی جیاوازی بیروبۆچونی هەبوو کە تەنها ناڕەزایەتی هەبوو لە بنەماڵەی ڕەسەن و نەیاندەواتی تەعبیرەکە بسەلمێنن و خۆیان جودا بکەنەوە، ئەم نەریتە وەکو ئینشیقاقی حیزبی بووە، هەتاکو کەسێک نەبووبێت بە پێشڕەوی ئەو جوداخوازییە وەکو ڕەوتێکی جیاواز، خەڵکە عەوامەکە نەیتوانیوە وەکو تەعبیری تاکەکەس یان گروپی بچووک ڕاییگەێنن.
ڕەوتی دووهەم: ڕەوتی شێخ مستەفای عەسکەری کە زۆربەی لایەنگریانی ئەو ڕەوتە خەڵکی گوندی عەسکەمەری سەر بەناحیەی ئاغجەلەر بون، ئەو خەڵکە هەر بۆخۆیان جیاوازیان هەبوو لەرووی کۆمەڵایەتیانەوە بەرامبەر بەو خەڵگەی لە گوندەکانی دیکە کە بڕوایان بەوە نەبوو پشتی کەسایەتی سیاسی بگرن بەناوی ڕەوتی جیاوازەوە، چونکە ئەوان بڕوایان بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی هەبوو. بەڵام ئەو ڕەوتانەی تر هەموو خەونەکەیان ئەوەبووە لەنێو هەققەکاندا بگەن بە دەسەڵات و ڕکێفی دەسەڵاتدارێتی بزووتنەوەکە لەدەستی کامە حەمەی مامە ڕەزا دەربهێنن و ڕادەستی کەسایەتی سیاسی دەرەوەی خوداپەرستییەک بکەن و بیکەن بە ڕەوتێکی دونیایی، ئەمان بۆیە ئەو ڕەوتەیان درووست کرد، چونکە سەر بە گروپ و بەرژەوەندی دەرەبەگ بوون و دژی ڕەوتەکەی تر بوون کە لەگەڵ شیوعیەکان نزیک بوون و ئەوانیش لەگەڵ حیزبی نەتەوەیی و ناسیونالیستی بوونە، جیاوازاییەکەش هەر ئەمە بووە.
ڕەوتی سێهەم: ڕەوتی حەمە سوورییەکان بوون کە ئەمان تەواو جیاوازیان هەبوو لەگەڵ ڕەگوڕیشەی بزووتنەوەکە، ئەویش بەهۆی ئەوەبوو کە حەمە سوور لە بنەماڵەی شێخ عەبدوڵکەریم نەبوو و بێکەس بووە، بۆیە هەرچی موریدی ئەو هەقەی شوێنکەوتووی حەمە سوور بوو بێکەس بوون و بڕوایان بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نەبوو وەکو ڕەوتەکانی تر، هەر بۆیە وەرگرتنی جڵەوی ڕەوتەکەی بۆلای خۆی وەکو مەسەلەیەکی چینایەتی تەماشاکرا، چونکە ئەم پیاوە هەر لەسەرەتاوە خۆی بەدەستی خۆی پەروەردە کرد و بوو بە بەرهەڵستکاری بنەماڵە ڕەسەنەکە و ملی بۆ ئەو بیروباوەڕە کەچ نەکردبوو کە بەرەو سیاسی بوون دەچێت و لە حیزبی شیوعی نزیک دەبێتەوە و دەبێتە ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی لە شیوعیەکان.
بەڵام شێخ هاوڕێ پێیوایە ئەمانە هەموو بەپشتگیری ناحەزان بوو بۆ لاوازکردنی هەققەکان بەناوی جیاوازی ڕەوتی جیاوازی نێو هەققەوە، لەڕاستیدا هەققە هەر یەک ڕەوت بوو کە بڕوایان بە ڕەگوڕیشەی ئەو بناغەیە هەبوو کە شێخ عەبدولکەریمی

شەڵە داینابوو، ئەویدیکە هیچ بنەمایەکی نەبوو جگە لەدەستێوەردانی ئەملاو ئەولا کە دژی رەوتەکە بوون.

## باری کۆمەڵایەتی

بەهۆی ئەو بیروڕا جیاوازەی کە مامەڕەزا باری هێناو سەرەتاییترین بابەتیش، یەکسانبوونی ژن و پیاو بووە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، نەک وەکو ئەوەی کە تەشیرییان پێکراوە و قسەی نەشیاو لەبارەیانەوە گوتراوە، ئەوان واتە هەقەکان، بەهۆی ئەوەی کە بەشی هەرە زۆریان لە خەڵکی جوتیار و زەحمەتکێشی کوردستان پێکهاتبوون، بەرەو ژیانی هاوبەشی و تەبایی ناو کۆمەڵ دەڕۆیشتن، لەسەرەتادا پیاوی خوێنەواریان زور کەم بوو، بەڕادەیەکی وا نەبوو بتوانن جوڵانەوەکەیان بەهەنگاوی خێرا بەرەوپێش بەرن، لەبەر ئەوەی کاتێکی زۆریان بە لێکۆڵینەوە و قسە و گفتوگۆ بەرواردکردن بەسەربرد، پاشانیش کەوتنە بەر گیروگازی حکومەت و خرانە بەندیخانەو لەناوچەکانی خۆیانا بەربەرەکانی کران". (٧).
هەڵبەتە ئەوەی کە بڕوایان بە دەوڵەمەند و هەژار نەبوو وەکو جیاوازی چینایەتی، رەنگدانەوەی هەبوو وەکو سەرخانێکی فەرهەنگی جیاواز لەباری کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە بایەخدانی هەقەکان لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵەکەیاندا کە زۆربەیان لە دوورترین گوندەوە بۆ سەنتەری خانەقا یەکترییان ناسیوە، هەروەها ئامادەی هاوکاری و هەرەوەزی بوونە بۆ راییکردنی کاری یەکتر. ئەوان یەکێتی و تەبایی نێوانیان بۆتە گرێ کوێرەی سەر دڵی خەڵکانێک کە دژی ئەو بیروڕایەی ئەوان بوونە، بۆیە هەمیشە دیعایەی خراپیان بۆ کردوون و زۆرجار دەستکاری باری رەوشتیان کراوە بە ناجوور و نابەجێ.
یەکسانی و نەمانی جیاوازی لەنێوان ژن و پیاوی هەققە، کاریگەری ئەرێنی وەهای خستبووە سەر ئەوانی تر کە خەڵکی تر هەبوون لەناوچەکە دژیان بوون، تائەو جێگەیەی بڕوایان بە ژن هەبێت گوناه نەبێت و عەیب نەبێت لەگەڵ مەجلیسی پیاواندا شەو بە شەوچەرەو و گاڵتە و گەپ و گێڕانەوەی چیرۆک و کاڵەمستانێ و هتد بەسەر بەرن، بۆیە بە هەقەکان دەگوترێت کۆمەڵە، چونکە هەموویان ئەندام بوونە وەکو رێکخراو، بۆ ئەمەش وەکو حیزب کە چۆن ئابوونە دەدات وەکو پرنسیپی حیزبی، بەهەمان شێوە ئابوونەیانداوە، ئەو ئابوونەیە دەدرا بە سەرتەکیە کە کارێکتەرێکی ناسراوە و بە دیموکراسیانە دادەنرا. واتە بەدەنگدانی گشت کەسێک هەڵدەبژێردرا و دەبوو بەسەر تەکیە نەک لەخۆڕا، هەروەها پرس و رایان بەیەکتر کردووە بۆ هەر کارێکی کۆمەڵایەتی کە کێشەی تێدابووە، کۆکردنەوەی ئەو ئابوونەیەش بۆ خانەقا بووە و بۆ ئەوەبوو کە ئەگەر کەسێک لێێ قەوما یان رووداوێکی ناخۆش روویدا، ئەو پارەیە خەرج بکرێت.

لەبارەی ژن و ژنخوازیشەوە ئەوان بڕوایان بە خۆشەویستی هەبوو بەر لەوەی جیاوازی ژن بکرێت، هەرگیز بڕوایان بە توندوتیژی دەرهەق بە ژنان و کچان نەبووە بە بیانووی ناموس پەرستیەوە، بۆیە تاکو ئەو ئەندازەیەی ژنخوازیش نە مارەیی و نە شیربایی و نە پاڵەپەستۆ لە بنەماڵەی زاوا نەدەکرا بۆ تەدارەکی ژنهێنان و زەماوەند و هتد. ئەمەش یەکێک بوو لە نەریتە جوانەکانیان کە لە ناوچەکەدا ببوو بە وێردی سەرزاری خەڵک، چونکە جیاواز بوون لە خەڵکی موسڵمانی ئاسایی، بەڵام کاریگەری ئەرێنیان هەبوو لەسەر خەڵک و دژی هەموو توندوتیژییەکیش بوون، هەڵبەت ئەوکاتەی کە هەققەکان ئەو دابونەریتە ناحەزەی کچیان بە پلە دوو و بە شیربایی دەفروشت رەتکردەوە، ئیدی لەوێوە کە دژی گوتاری ئایینی ئیسلامی توندڕەو بوون، ئیدی کەوتنە بەر قسەی ناشیرینی مەلا نەخوێنەوارەکان و بوون بە کۆمەڵگەیەکی ناحەز و قسەی ناشیرینیان پێدەگوترا هەروەک بە کامەیی و ئێزدییان دەکوت، بەڵام ئەو تەشیرەی بە هەققە گوتراوە، جیاواز لە کاکەیی و ئێزدیاتی، چونکە ئەوان دوو گورپی کۆمەڵایەتی ئایینی بوون و بڕوایان بە یەکتاپەرستی هەبووە، بەڵام هەرچی هەققە بوو کە بڕوایان بە یەکسانی و ئازادی بۆ ژن هەبووە و بڕوایان بە موڵکییەت نەبووە، لەوێوە ترسیان لێنیشتیووە، چونکە تەواو هەڵکۆڵین و ئینسان دۆستی بوو نەک سەردار و ئاغا و چینایەتی.

## شۆڕشی یاروەلی

مامەڕەزا بەو پێیەی کەبزووتنەوەکەی دژی ناعەدالەتی بووە کە دەرەبەگ جوتیاریان دەچەوساندنەوە، ئیدی مەلاکان هەم وەکو ئەوەی دژی ئەو تەریقەتە بوونە، هەم وەکو ئەوەی لایەنگری دەرەبەگ بوونە، بۆیە دژایەتی مامەڕازایان کردووە، دژایەتی کردنەکەش زۆر لایەنی هەبووە، یەکەم ئەوەبووە کە هەققەکان بەهێناوەی ئەو رستەیەی کە لەقورئان لە سورەتی الحجر ئایەتی ٩٩ هاتووە و دەڵێ "اعبد لربک حتی یاتک الیقین". نوێژو رۆژوویان نەگرتووە و زۆر جیاوازبوونە لەئیسلامی ئاسایی، هەروەها دژایەتی دەرەبەگ و حکومەتیان کردووە و سیستمی هاوبەشیان هەبووە بۆ ژیان، ئەمە لەئیسلامدا نییە، بۆیە دژایەتییەکە دوولایەنە بووە، یەکەمیان جیاوازی نەریت بووە، ئەویتر دژایەتییەک بووە کە مەترسی سیاسەتی لێکراوە کە ئەم گروپە وەکو کارتێکی فشاری کۆمەڵایەتی لەدژی دەسەڵاتی حکومەت و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ئەوکات بەکاربهێنرێن، بەمەش مەلاکان و دەرەبەگ زیانیان لێکەوتووە و پێیان خۆش نەبووە کە خەڵک هۆشیار بێتەوە، لەمبارەیەوە شێخ هاوڕێ کە کوڕی گەورەی کاکە حەمەیە و ئێستا بزووتنەوەکە و خانەقا لە کەلکە سماق بەڕێوەدەبات و دەڵێ" مەلاکان مەزبەتەیان لەمامەڕەزا کرد لەلای حکومەتی ئەوکات کە لەژێر هەژموونی ئینگلیزەکان بوون، ئەوەبوو لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراق دەستگیر

کرا، ئیدی لەبەرامبەر ئەم کارە، هەموو هەققەکان لەهەموو ناوچەکانی کە نفوزیان هەبووە، کاردانەوەیان هەبوو و هەروەها هەڵوێستیان لەدژی دەستگیر کردنی مامەڕەزا دەربڕی، بەرەو کەرکوک بەڕێکەوتن و لەبری جلوبەرگ گونیەیان لەبەر کردبوو و دارێکی بچوکیان بەدەستەوە گرتبوو وەکو سیمبول کە هەڕەشە بووە لەحکومەت، حکومەتیش لەترسی ئەو لێشاوە خەڵکەی کە لەخۆپیشاندان هێرشی سیاسی دەچوو، جا بۆیە حکومەتی ئەوسا ترسا و بەناچار مامەڕەزای ئازاد کرد". ئەو ناڕەزایەتیە یەکەمین ناڕەزایەتی جەماوەری جوتیاری و یەکسانیخوازی بووە لەدژی داگیرکەرێک کە لەترسی گەورەترین پێگەی کۆمەڵایەتی سەرکردەیەک دەستگیر دەکات بەبێ ئەوەی بزانێ چ مەبەستێکی سیاسیی هەیە و بۆیە پەشیمان دەبێتەوە و شێخ ئازاد دەکات.

سەبارەت بەوەش کە بەدارەقوڵە ناسراون، خەڵک دەگێڕنەوە کە دوای دەستگیرکردنی مامە رەزا لەلایەن حاکمی ئەوکاتەوە، هەققەکان بەدارێکی بچووکەوە کە لەکوردیدا پێی دەڵێن(داری کوڵ) ئیدی بەو دیاردەیە ناسران بەدارە قوڵە، ئەوان بۆ تەحەددا و سنووردانان بۆ کردەوە ناشیرنەکانی حکومەت و نەیارەکانیان لەبری ئەوەی جل و بەرگی ئاسایی لەبەر بکەن، هەڵسان وەکو ناڕەزایەتیەک گونێ واتە گوشیان لەبەر کردبوو و دارێکی بچوکیان بەدەستەوە بووە بۆ دژایەتی کردنی دەوڵەت کە گوایە بەو دارە دەوڵەت دەڕوخێنن و دواتریش دارەکە بوو بە سیمبولی شۆڕشەکە، هەڵبەت شێخ هاوڕێ ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو دارە بچووکە هۆکاری نەزانینی خەڵک و موریدەکان نەبووە، بەڵکو سیمبولی شۆڕشەکە بووە خەڵکەکەش هەر بەو بیانووە بۆ ناسینەوەیان دارەکەیان بەدەستەوە گرتووە.

"سەبارەت بەوەی چەند کەس بوون ئەوانەی لە شۆڕشی یاروەلی بەشدارییان کردبوو بە ژن و پیاوەوە، "زیاتر لە ١٢ هەزار کەس بەشداری ئەو خۆپیشاندانەیان کرد کە هەریەکەیان دارێکی سووری بەدەستەوە بووە کە هەندێ ناحەز ناویان نابوون دارە قوڵە، بەڵام بە ئاشتیخوازترین خۆپیشاندانی سەدەی بیست و جوڵانەوەی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ناسراوە، هەروەها جێ پەنجەی غاندی رابەری هیندی و فەلسەفەی هیندی بە ئاشکرا بە هەڵوێستی تەسەووفانەی هەقەکانەوە دیاربوو لەو جوڵانەوەیەدا". (٨). بۆیە دەشوبهێنرێ بە شێوەی شۆڕشەکەی گاندی هیندستان کە ئەویش دژی ستەمی ئینگلیز بوو بۆ سەر هیندیەکان، چونکە زۆر هێمنانە بەرگریان لە شێخەکەیان دەکرد، جگە لەوەش ئەوان لەسەر هەق بوون و ململانێکان لەرێگەی ئەوانەوە دەستی پێنەکردبوو، پاشان ئەوان ئیدیعای ژیانێکیان دەکرد کە دژی چەوساندنەوەی هەژارەکان بووە بەڵام بەرێگەی تەریقەتی نەقشەبەندی کە رابەرایەتیان هەبوو و شێوەیەک لە رێکخراو بوون و لە سیستمی ژیانی خەڵک جودا بوون، بۆیە مەلا و شێخ و کوێخا و دەرەبەگەکان دژیان بوون.

## ساڵی گونییە لەبەرکردن

بۆچی ساڵی ١٩٤٠ به ساڵی گونییه لەبرکردنی هەقەکان ناسراوه؟، بەپێی قسەی مەلا ساڵحی عەسکەری کە یەکێک لە موریدە بەناوبانگەکانی هەقە بووە لەکاتی خۆیدا کە زۆرترین کەسی چالاکی وەکو مەلا ساڵحیان هەبووە بۆ تەبشیری واتە موژدە بەخشی هەقەیی، ئەو گوتوویەتی کە گونییە لەبەرکردن جۆرە پەیڕەوییەک بوو لە ئەهلی تەسەووفی کۆن کە بەرگی خورییان لەبەردەکرد و دەستیان لەدونیا دەشت و گوێیان بە جلوبەرگ و خۆراک نەدەدا و خەریکی خوداپەرستی بوون، هەروەها لەبارەی ئەوەی کە ئایا ژنەکانیشیان گونییەیان لەبەر کردبوو، مەلا ساڵح دەڵێ نەخێر ئەوان واتە ژنان، بەجلوبەرگی ئاسایی خۆیانەوە هاتبوون بۆ هاوکاری پیاوان کە نەریتێکی یەکسانیخوازی بوو و فەرقیان لەنێوان ژن و پیاو نەهێشتبوو، جلوبەرگی ئەوکاتی ژنیش زۆر کوالێتی بەرز نەبوو، بەپێی قسەی هەقە کۆنەکان بێت هیچی لە گۆنییە زیاتر نەبوو کە جیاواز بکرێتەوە.

بەڵام بەشێکی دیکەی گونییە لەبەرکردن بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەو دەستگیر کردنەی مامە رەزا بوو لەلایەن میریەوە کە بە پاڵپشتی ئینگلیزەکان کردیان، ئەمە جگە لەوەی موتەسەریفی ئەوکاتی سلێمانی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ بوو، کێشەی زەوی و زاری لەگەڵ شێخەکانی سەرگەڵو هەبوو، بۆیە بە بیانووی ئەوەی لەنێو خەڵکدا بڵاوبوونەتەوە، واتە بنکەی جەماوەرییان خەریکە روو لەزیادبوون دەکات، لەرێگەی بڕیارێکەوە شێخ عەبدولکەریم و مامەڕەزا و چەند کەسێکی تری لێگرتن و ناردنییە کەرکوک، تاکو لەوێ بدرێنە دادگا، بەڵام موتەسەریفی ئەو سەردەمەی کەرکوک مەعروف راوی کە دۆستی شێخ ئەحمدی خانەقای کەرکوک بووە، بڕیاری شەش مانگی بۆ گیراوەکان دەرکردبوو، ئەگەرچی شێخ ئەحمەدی خانەیا لەگەڵ هەقەکان و تەریقەت و بیروباوەڕەکەی شێخ عەبدولکەریم رازی نەبووە، بەڵام بەخاتری خزمایەتی و دۆستایەتی ئاسان کاری بۆ کردبوون و هاوکاری کردبوون. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە زەبروزەنگی حکومەتی ئەوکات کەم بووە، بەڵکو هەقەکان لەهەموو گروپ و عەشیرەت و خەڵکێکی تر زەبروزەنگیان لەسەر زیاتر بووە. ئەو زیاتر بوونەی زەبروزەنگ لەسەر هەقەکان، هەر لەو مەسەلەی چینایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئوان بەو شێچوەیە پەروەردەکران و ترسیش هەر لەو شێوە تیچگەیشتنە هەبوو. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە هەوادار و بڕواداریان گومانیان لە پێڕەوزکردنی کولتوور و سیاسەتەکە نەبووبێت، چونکە بەشێکی زۆریان هەستیان پێکردبوو.

## هەقە و بزووتنەوەی نیشتیمانی

لەگەڵ ئەوەی کە پێشتریش سۆفیزم وەکو حاڵەتی فەردی واتە تاک هەبوو لە کوردستان، بەڵام بەروونی لەدوای سەدەی ١٩ وە تەریقەتەکانی نەقشبەندی و قادری هاتنە کوردستانەوە و ئەویش لەلایەن مەولانا خالیدەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم دوو تەریقەتە هەردوکیان بەراستەوخۆ پشتگیری و بەشداری بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردییان کردووە، شێخ مەحمود لەناوچەی سۆران و شێخ سەعیدی پیرانی شلە ناوچەی بادینان، " لە ساڵانی جەنگدا شێخ مەحموود وێرای هەوڵدان بۆ یەکخستنی ریزی کوردان و پەیوەندیکردن بە تورکیا و ئێران و روسیا، هەوڵیشیداوە لەگەڵ ئەو سەرکردانە پەیمان ببەستێت کە ئەو رۆژگارە رێبەرایەتی جوڵانەوەی رزگاری گەلەکانیان لە دەسەڵاتی عوسمانی دەکرد، دیارترین ئەو پەیوەندییانەش لەگەڵ شەریفی حوسێنی مەککە و کورەکانیدا بوو بەمەبەستی یەخستنی خەبات و تێکۆشانی هەردولا دژی دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقی و لەم پێناوەشدا چەندین نامەی بۆ ناردوون، بۆیە رۆڵی سەرەکی بەشداریکردنی گەلی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا لەدوای جەنگی جهانی یەکەم و پاشەکشەی تورکەکان لە شاری سلێمانی رێگەنەدان بەوەی فەرمانڕەوایی شارەکە بکەن، شێخ مەحمود بوو". (٩). هەر لەدوای ئەوەش کە ئینگلیزەکان لەرێگەی کوردەکانی ناوچەکەوە کە پشتگیریان لە داگیرکاری ئینگلیز دەکرد و شێخ مەحمودیان بە دیل گرت، ئەو لەدادگاییەکەیدا نکوڵی لە پشتگیری خەباتی گەلی کورد ناکات، بەڵام نکوڵی لە دڕاندنی ئاڵای بەریتانیا دەکات، بەڵام بە دڕندە و ستەمکار دژی کورد ناویان دەبات.

نموونەیەکی دیکەی بەشداری و پشتگیری کردنی تەریقەتی نەقشەبندی بۆ بزووتنەوەی نیشتیمانی و کوردایەتی لەلایەن شێخ سەعیدی پیرانەوە کە لەساڵی ١٨٦٥ لە ناوچەی پاڵۆی کوردستانی باکور لەدایک بووە، دواتر لە ناوچەی خنس لە ئەرزەرووم خانەقای نەقشەبەندی دروست کردووە و دواتر وەکو شۆڕشگێڕێکی بزووتنەوەی ناسیونالیستی ناوی هاتووە جگە لە شێخایەتییەکەی، "شێخەکانی پیران بنەماڵەیەکی ناوسراو و بەناوباگی باکوری کوردستان بوون، پێویست دەکات ئاماژەیەکی کورت بە کەسایەتی شێخ سەعیدی پیران و بنەماڵەکەی بدەین، چونکە نە راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ بەبێ شێخ سەعید ناوی دێت و نە شێخ سەعیدیش بەبێ راپەڕینەکە ناوی دێت". (١٠). دوای ئەوەی مامەڕەزا لەلایەن دەسەڵاتی ئەوکاتەوە دەستگیر دەکرێت، هاوڕێ فەهد سکرتێری ئەوکاتی حیزبی شیوعی عێراقی پەیوەندی لەگەڵدا دەگرێت، وەکو ئەوەی نیشتیمانپەروەرێک، نەک وەکو ئەوەی بزووتنەوەی هەققە ببێتە بزووتنەوەیەک سەر بەحیزبی شیوعی، شێخ هاوڕێ لەبارەی پەیوەندیەکانی هەققە و بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردیەوە دەڵێ" هەققە نەک هەر لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق هاریکاری کردووە، بگرە لەسەردەمی کۆماری مەهابادیش، هاوکاری ماددی و مەعنەوی کردووە و پێشمەرگەی رەوانەی ئەو شۆڕشە کردووە بۆ پاڵپشتی شۆڕش و کۆمارەکە و لەگەڵ قازی محەمەدیش پەیوەندییان هەبووە، ئەمە بەفەرمانی

مامەڕەزا بوو، هەروەها هاوکاری شۆڕشی ئەیلولیشی کردووە". بەڵام ئەمە هەموو دانپیانانەکە نییە بۆ بەشداری کردن لەسیاسەت، چونکە ئەو پەیوەندیەی کە هەقەکان هەیانبووە لەگەڵ حیزبی شیوعی، خاڵێکی هاوبەش بوو، دروشمی (برایەتی و هاوبەشی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی) هیچی لەدروشمە سیاسیەکانی حیزبی شیوعی کەمتر نەبووە کە یەکسانی و سۆسیالیستی و دادپەروەری بووە بۆ چینەکان، بەتایبەتی چینی جوتیار کە ئەوکات دەرەبەگەکان زاڵبوون بەسەر جوتیارەکان و چەوساندنەوە مابوو، ئیدی ئەگەر حیزبی شیوعی بەتیۆر باسیان لەو دروشمە کردبێت یان هەوڵی نەهێشتنی چەوساندنەوەی دابێت لەڕێگەی شانە حیزبیەکان و پێشمەرگەکانیەوە، یان لەڕێگەی کادرەکانیەوە کە هۆشیاریان بڵاودەکردەوە، ئەوان واتە بزووتنەوەی هەقە بەهۆی بڕوابوون بەو دروشمانە وەکو کولتورێکی بەجێماو لەلایەن ڕینماییکردن لەلایەن شێخەوە، ئیدی بە پراکتیک سەلماندویانە و کاریان بەو دروشمانە کردووە، بۆ نمونە هیچ هەقەیەک بڕوای بەموڵکیەتی تایبەتی نەبووە، تاکو ئەوکاتەی کە شۆڕشی نوێ دروستبووە لەدوای شکستی شۆڕشی ئەیلول، ئیدی زەوی لەهەموو گوندەکانی کوردستان دابەش کرا، ئەوەبوو هەقەکانیش لەهەموو گوندەکان وەکو هەر هاوڵاتیەکی تری موسڵمانی کورد، پارچە زەوی خۆی وەرگرت، بەمجۆرە موڵکیەت بوو بەیەکێک لە پرنسیپەکانی ژیانیان کە پێشتر لە بەرچاو ناگیرا، بەڵام پێشتر جگە لەتوتن و ترێ و مێووژ کە یەکێک بوون لەو بەروبووم و سەرمایە و داهاتی ئەو گوندانەی هەقەیان تێدابووە، هیچ جۆرە بەروبوومێکی تریان نەفرۆشتووە، یان ئەوەی بەبێ یەکتر هیچ شتێکیان نەخواردووە، بەیەکتریان گوتووە خوشک و برا، تائەو رادەیەی کەچی لەلای ئەوان وەکو پیاو کارەکتەرێک بووە لەنێو پیاوان و کاریان کردووە و هیچ جیاوازییەکیان نەبووە.

سەرەنجام ئەم تەریقەتە واتە هەقە نەقشبەندییەی کە پاشماوەی رۆشنبیرییە هاوردەکەی مەولانا خالید بوە کە لەهیندستانەوە هێنابووی، بۆیە وەکو خاوەنداری فکرەکە خاوەنی بووە و شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە پێشڕەوایەتی کردووە و بووە بە مەزهەبێکی جەماوەری، بەڵام دواتر بوو بە بزووتنەوەی جەماوەری و نەرتێکی یاخیگەرێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بووە بە جێگەی گفتوگۆی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی.

## موڵکییەت لە لای هەقەکان

هەقەکان بەپێی ئەو بڕوا یەکسانیخوازیەی کە مامەڕەزا وەکو بڕوا پێی بەخشیون، موڵکیەت لەلای ئەوان ریایی ژیانێکی بێمانایە و پێویست ناکات ئینسان بڕوای بە موڵکیەتێک هەبێت کە بەهۆیەوە شەڕو شۆڕی لەسەر بکات و ئینسانەکانی دیکەی لەسەر بکوژێت کە بڕوایان بەو شێوە ژیانە هەیە، ئەمە بۆ مەسەلەی کۆمەڵایەتیش هەر وابووە کە پیاوان ژنەکانیان بە موڵکی خۆیان نەزانیوە و نەیانتوانیوە لەژن بدەن و لێیان

تورە ببن یان جیاوازییان لەگەڵ بکەن، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوان رەوشت و ئاکارییان ناحەز بووبێت و بەربەرەڵا بوون، بەڵکو لە خەڵکی تر و کولتووری تر زیاتر پەیوەست بوون، بەڵام بەهۆی یەکسانیخوازییەکەیانەوە ژن و پیاو جیاوازیان نەبوو، باشترین سەلمێنەر بۆ ئەو نەبوونی جیاوازییە ئەو ژن پیاوانە بوون کە لەخانەقا پێکەوە لە ژورێک بوون و سڵیان لەیەکتر نەدەکردەوە.
لەبارەی موڵکی زەوی و زاریش، هەقەکان تاکو ئەمدواییەش کە نزیکەی ساڵی ١٩٨٥ بڕوایان بە موڵکی زەوی نەبووە و بڕوایان بە بەرهەمی کشتوکاڵی نەبووە تەنها بۆ خۆیان بێت، تا ئەو رادەیەی تەنها توتن کە یەکێک بووە لە سەرچاوەی داهاتیان کە بردوویانە بۆ شار و لەلایەن میرییەوە فرۆشتوییانە بۆ پەیداکردنی پێداویستی ساڵێک لەشار کڕویانە و هێناویانەتەوە بۆ لادێ، ئەگەرنا میوە و گەنم و جۆ و بەرووبووم و تەنانەت ئاژەڵیش بە موڵکی خۆیان نەزانیوە. ئەوان ئیستاش شانازی بەو رابردووەوە دەکەن کە باب و باپیریان وەکو کولتوورێکی شارستانی بەرکاریان هێناوە و بۆتە چیرۆک لەلای ئەو خەڵکانەی کە لەگەڵ هەقەکان ژیاون. چونکە ئەوان میوە بەتایبەتی ترێ و هەنجیر و خۆخ و سێو و بارێزە و هتد باشیان هەبووە، بەوپێیەی لەنزیک شاخەکان ژیان ژیاون، بەڵام نەیانبردووە بۆ شار بۆ فرۆشتن وەکو دەستکەوتێک بۆ کڕینی پێداویستی ژیان، هۆکاری ئەمەش یەکەم بەهۆی ئەوەی بڕوایان بە موڵکییەت نەبووە و خاوەنی عەقلیەتێک نەبوونە کە بۆیان بەجێماوە لە شێخەوە، دووهەم بە هۆی ئەوەی کە گوندەکانیان لەنزیک شاخ بووە و دووربوونە لە شارەوە و جادەی باشیان نەبووە تەنها گوێدرێژیان هەبووە و لەرووی جەستەییشەوە کارێکتەری شاریان کەم بووە بۆ ساغ کردنەوەی ئەو بەرهەمانە، تاکو بەرهەمەکەیان ببات بۆ شار بۆ فرۆشتن و یەکلاییبکەنەوە، بۆیە هەر بۆ خواردنی خۆیان و بۆ دیاری بووە بە خزم و دۆستانیان بە خێر بۆ خەڵکی هەژار بووە.
هەرچی حەمە سوورییەکان بوو بەو شێوەیە نەبوون، ئەوان وەکو جوداکارییەک دەرهەق بەو هەقەیەی مامەرەزا کارییان پێدەکرد، ئەوان سیستمی ژیانیان رێکخستبوو وەکو ئەوەی ژیانی هاوبەشی پێویستی پێیەتی، ئەوان بەرووبوومی ساڵانەیان دەبرد بۆ شار و لەرێگەی کەسە کارگێڕییەکانیانەوە ساغ دەکرایەوە و دەکرا بە پارە و شتومەک و پێداویستی رۆژانەیان پێدەکڕی و دەیانهێنایەوە بۆ گوندی کڵاوقوت کە مەنزڵی گشتیان بوو. ئەم دابەشکردنی کار و ژیان و وەکو یەک پێناسە و شوناسی ئینسانییە، لەلای گروپی مامە رەزاییەکان نەبوو، بۆیە بەوان دەگوترا کۆمۆنۆنەی پاری سیان سۆڤیەتی بچووک کە لەگوندێکدا خوڵقاندبوویان، وەکو ئەوەی کە فریدریک ئەنگڵس هاوڕێی مارکس لە کتێبی (اێل العائله وملکیه خاێه و الدوله) دا دەڵێ، بەشێکی کۆمەڵگەی بەشەریی بەتایبەتی ئامریکیەکان بەبێ ئەوەی بزانن کۆمۆنیزم لەرووی تیۆرییەوە تێگەیشتبن، ئەوان بۆ خۆیان دونیای ۆمۆنیزمیان پی کهێناوەو و کار بەو سیستمە ژیانە دەکەن و هیچ لەژێر فشاری تیۆری ئێمە نین، بەڵام هەقەکان

بەراستیەکەی ئەگەرچی بۆخۆیان لەدوای هاتنی نەریقەتەکە هەر وابوون، بەڵام دواتر لەژێر کاریگەری هاورِێیەتی فەهد و مامە رەزا لەزینداندا، بیروباوەڕی یەکسانیخوازی بوو بە پرنسیپ بەبێ ئەوەی خۆیان بزانن کاریگەری کۆمۆنیزمی سیاسیە.

## حەمە سوور پیاوە یاخیەکەی هەقە

حەمە سوور پیاوێکی مسکێن بوو لە بنەماڵەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە نەبوو، بەڵکو پێشتر کە بەرهەزەکاری هاتبووە شەدەڵە، بووە بە گاوانی ماڵی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و بۆ ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵ، پاشان لەگەڵ سۆفی و موریدەکانی تردا تەریقەتی وەرگرتووە و نزیک بۆتەوە لەفکرەکە و بە زیرەکی خۆی هەم شت لەوانەوە فێربووە و هەمیش توانیویەتی لە تەسەووف و هەققایەتی تێبگات و ئیرادەی خۆی بەکاربهێنێ بۆ سەرکردەیەکی ئایینی و باوەڕ بەخەڵک بهێنێ کە ئەویش پیاوێکی روحانییە، بەڵام وەکو پیاوە بەتەمەنەکانی هەققە دەگێڕنەوە، پیاوێکی زیرەک بووە و ئەو رۆشنبیرییە ئاینیەی هەرز کردووە و زوتر لەموریدەکانی تر تێیگەیشتووە، بەوجۆرە وردە وردە دەردەکەوێت، چونکە دەکەوێتە موناقەشە و گفتوگۆیی چڕوپڕی لەگەڵ شێخ گەورە، دواتر دەبێتە یەکێک لەپێشەواکانی هەققە بە ستایلێکی تر کە لەشێوەی کۆمۆنە بووە، بەڵام بەشێوازێکی تر کە شەریعەتی لەفەرهەنگەکە کردۆتە دەرەوە کەئەوە یەکێکە لە جیاوازیە جەوهەریەکانی حەمە سوور لەگەڵ خودی تەریقەتەکە.
حەمە سوور وەکو دەگوترێت و هێشتا ساغ نەبۆتەوە بەتەواوەتی، خەڵکی لای ناوچەی ئالان و سیوەیلی ناوچەی شارباژێر بووە، یان لەدەرەوەی کوردستانەوە هاتووە، چونکە بە سیما کە پیاوێکی سوورە بووە و چاو شین و قژ زەرد و رەفتاریشی لەکورد نەچووە، بەڵام کوڕێکی نەخوێنەوار بووە، دوای ئەوەی خۆی بەمورشیدی تەریقەتی هەققە و نەقشبەندی دەزانێ و لەشەدەڵە جیادەبێتەوە لەسەر تەریقەت و شەریعەت کە لەگەڵ شێخ عەبدولکەریم موناقەشەیان دەبێت، بەو بیانووەوە دوور دەکەوێتەوە و بانگی سەربەخۆیی دەکات و کۆمەڵێک خەڵکیش بەدوای دەکەون، ئەوان پێش ئەوەی شەدەڵە بەجێبهێڵن، سندووقێکیان دروست کردوو پوڵێکی زۆریان کۆکردەوە، ئەوەبوو چاخواردن و جگەرەکێشانیان وەکو قەدەغە قەدەغە کردبوو، هەروەها جلو بەرگی سادە و ساکاریان لەبەر دەرکرد و ریشیان دەهێشتەوە و خۆیان جیاکردەوە لەهەققە راستەقینەکە کە مامەڕەزا پێشەوایەتی دەرکردن.
دوای ئەوە حەمە سوور لەگەڵ کۆمەڵێک هەققە و مورید و و سۆفی، شەدەڵە جێدەهێڵێ دەچێتە گوندی کڵاوقوتی ناوچەی ناوشوانی سەر بە شاری کەرکوک و لەوێ شوێنێک دروست دەکەن و ژن و پیاو پێکەوە بەهاوبەشی دەژین، ئیدی سیستمەکەیان دەقاو دەق

کە برایەتی و هاوبەشی و عەدالەت وەکو خۆی پراکتیک کردووە، بۆ نموونە کارەکانی ڕۆژانەیان دابەشکردووە و هەرکەسێک بەکارێک هەڵساوە و کاری ئەویتری نەکردووە، ئیدی کەسێک قەزوانی چاندووە بەحوکمی ئەوەی قەزوان چاندن یەکێک بووە لەو سەرمایەیەی کە بیریان لێکردۆتەوە، چەند کەسێکی تر قەزوانیان کردووە و پاکیان کردۆتەوە، هەندێکی تر کردویانە بەتەزبیح، کەسێکی تر بردویەتی بۆ شار و فرۆشتوویەتی، پاشان بەو پارەیە کەرەستەی تایبەت و جل و بەرگ و خواردەمەنی پێکڕیوە کە بۆ هەمووان چوون یەک واتە (یەکسان) بووە، ئەوان ڕەفتارێکی جودایان درووست کرد لەگەڵ هەققەکانی تر کەسەر بەخانەقای مامە ڕەزا بوون، ئەویش ئەوەبوو کە بەپێچەوانەی هەققەکانی سەر بە مامە ڕەزا، ژن و ژنخوازییان نەکرد، بەو پێیەش منداڵیان نەدەبوو، چونکە خێزانیش هەبوایە منداڵیان نەدەخستەوە، ئەوەبوو دوای مردنی حەمە سوور ئیدی هێواش هێواش هەوادار و موریدی حەمە سووری کەمدەبوونەوە و دەمردن و دواکەسیشیان لەساڵی ١٩٨٨ لەشاری چەمچەماڵ کۆچی کردو ڕەچەڵەکیان نەما وەکو تەریقەت.
ئەگەرچی دۆخی ئەوان دوور بووە لەگەڵ بنەچەی تەریقەتەکە کە هەققە ڕەسەنەکان بوونە و سەبارەت بە هاوبەشییەکەیان کە جیاواز بووە لەوانی تر، بەڵام شێخ هاوڕێ دەڵێ" حەمە سوور سندوقی هاوبەشی دروست کردووە، تەنها ئەو جیاوازیەشی هەبووە و هیچی تر، ئەگەرنا خاوەنی تەریقەتەکە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بووە، خانەقاکەشی لەخانەقای مامەڕەزا و پێش ئەوانیش بچووکتر بووە، ئەو ئەسڵەن بەهۆی ئەوەی کە هەموو کەس حاڵی نەبوو لێی ئایا خوداپەرستی دەکات یان کارێکی دیکەی نهێنی، بۆیە هەوادار و موریدی سنووردار بوو". بەڵام پێدەچێ ئەو جیابوونەوەیەی حەمە سوور لەگەڵ شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە، تەنها مەسەلەی ئاینداری و خودا پەرستی و جیاوازیەکانی تر نەبووبێت، بەڵکو لەوە دەچێت هێزێکی سیاسی لەپشتەوە بووبێت، چونکە مامەڕەزا پەیوەندی بەهێزی سیاسی و نیشتیمانپەریەوە کردووە، بەپێچەوانەوە حەمە سوور و حەمە سووریەکان هیچ ئینتیمایەکی سیاسیان نەبووە، ئەمە یەکێکی دیکە لەخاڵی جەوهەری جیاوازییەکان کە نە هەققەکان خۆیان و نە کەسانی لێکۆڵەری ئەم بوارە باسیان نەکردووە.
نهێنی جێکەوتە بوونی فکرەکەی حەمە سوور و مانەوەی لە گوندی کڵاوقوتی سەر بەناوچەی شوان، بەتەنها و بەبێ پشت و پەنا کە ئەمنیەتێکی وەهایان هەبێت و موسڵمانەکان نەتوانن کێشەیان بۆ دروست بکەن، هەروەها نهێنی ژیانی کۆمەڵایەتیان لەنێو خۆیان دەرنەچێتە دەرەوە، ژن و پیاو پێکەوە لەو حەسارەدا بژین و منداڵ نەهێنن بۆ سەر ژیان و بیر لەوە نەکەنەوە کە بەهۆی نەزۆکیانەوە دوچاری ئینقراز واتە لەناوچوون دەبن لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، لەوانەش گرینتر ئەوەیە کە چۆن توانییان بڕوا بەخەڵکی دەوروبەری بهێنن کاربکەن و موڵکیەتیان لەبەرچاو نەبێت و هێز و

تونایان بەکاربهێنن بۆ سندووقی هاوبەشی کە موڵکی هیچ کەس نەبوو، جگە لەموڵکی گشتی کە هەقەکان نێو ئەو حەسارەبوو.
ئەو خاڵەش گرینتگرە کە حەمە سوور نەترساوە لەهیچ هێزێکی دیکەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە شێخ و سەید و مەلا و کەسایەتییە ئاینیەکانی ناوچەکە و میری دژایەتی بکەن و لە ئاستی کۆمەڵایەتی دووچاری کێشەی بکەن، هەروەها لە ئاستی سیاسیش نەترساوە کە سوپا و چەکدار بێنە سەری و کێشە بۆ حەسارەکەی درووست بکەن، ئەمە جگە لەوەی کە دەوڵەتی بەعس باش دەیانزانی کە پیاوانی لایەنگری هەقە دەچوونە نێو شارە گەورەکانەوە و شتە دەستکردەکانیان دەفرۆشت و کەرەستە و پێداویستی ماڵ و خواردنیان دەکڕی و دەیانهێنایەوە بۆ حەسارەکە و وەکو یەک بەهرەمەند دەبوون لەو بەرهەمانە، مەبەست لەو هاوبەشییە بوو کە وەکو فکرێک لەنێو کۆمەڵگە و لەنێو سیاسەت و حکومەتیش رەتکرابۆوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان یاساغ بوون کە حەسارەکانی حەمە سوور دایهێنابوو. "ساڵی ١٩٥٧ حکومەتی پاشایەتی حەمە سوور دەگرن، بەڵام دوای شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ ئازاد دەکرێت".
سەرەنجام هەقە ئەو کێشە گەورە و نهێنیە پڕ مەترسییە نییە کە خەڵکی نەیاری ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە بەهەموو هێزێکیانەوە دژی بووەستنەوە، بەڵکو ترسەکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان شیرازەی کۆمەڵایەتی کولتووری ئیسلامی توندڕەو تێکدەدەن و هیچی تر نەبووە، لە ئاستی سیاسیش ئەو مەترسییە بووە کە لەدژی سیستمی سیاسی نادادپەروەری بوونە و هیچ تر.
هەرچەندە بەقسەی شێخ هاوڕێ زۆر کەس و لایەن و نەیاری ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە گەرەکیان بووە کێشە لەنێوان گروپی هەقەی رەسەن و گروپی حەمە سوور درووست بکەن، بەلام هەم سەرچاوەی خانەقا و هەم موریدەکانی مامە رەزا گوێیان بەو قسەو باسانە نەداوە، تێگەیشتوون کە دەستێک هەیە بۆ تێکدانی بزووتنەوەکە و ناشیرن کردنی هەقە، بۆیە دواتر هەموو هەوڵەکان نەزۆک دەرکەوتوون، لەمبارەیەوە هەمزە عەبدوڵڵا دەڵێ شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە مرد، حەمە سوور جبە و مێزەرەکەی شێخی لەبەر کردووە و گوتویەتی ئیدی من شێخی هەقەم، بەڵام شێخەکانی پاشماوەی هەقە لەوێ دەریدەکەن و لەوێوە دەچێت بۆ گوندی کلاو قوتی ناوچەی شوان و لەوێوە درێژە بە رابوونی رەوتەکەی دێنێت و سەرەنجامیش سەردەگرێت و دەمێننەوە وەکو رەوتێکی جیاواز لە هەقەکانی دیکە.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی پاژی پێنجەم

١: کاریگەری خێڵ و ئاین لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. لە نێوان ساڵەکانی ١٨٤٧_١٨٨١. بڵاوکراوەکانی دەزگای جەمال عیرفان بۆ چاپ . ساڵی ٢٠١٤. ل١٤١
٢: د. رەشاد میران. رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا. گۆڤاری سەنتەری برایەتی هەولێر ساڵی ٢٠٠٠
٣: مستەفا عەسکەری. ئاوڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەی هەققە. پیاچوونەوە. محەمەدی مەلا کەریم. لەچاپخانەی علا ساڵی ١٩٨٣ لە چاپ دراوە. ل٢٤.
٤: ئیدمۆنز حاکمی موتڵەقی ئەو سەردەمەی داگیرکاری بەریتانی بوو، جگە لەوەی لەگەڵ کێشەی کورددا تەبا نەبوو و چارەسەری پێنەبوو، بەپێی گێڕانەوەی مێژوو زوڵمیشی لەگروپە کۆمەڵایەتیەکان کردووە، زوڵم کردن لە شێخ عەبدولکەریم و شێخ مەحمودی نەمر و باشترین سەلمێنەریش ئەوەیە فایەق بێکەس بە شیعرێک وەڵامی ناهەقییەکانی داوەتەوە.
٥: مستەفا عەسکەری، ئاوڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەی هەقە، پیاچونەوەی. محەمەدی مەلا کەریم. لەساڵی ١٩٨٣.لەچاپخانەی علا لە بەغدا چاپکراوە. ل١١.
٦: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١١
٧: مستەفا عەسکەری. ئاوڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەی هەققە. پیاچوونەوەی. محەمەدی مەلا کەریم. لەچاپخانەی علا لە بەغدا لە چاپدراوە. ساڵی ١٩٨٣. ل٥٠
٨: مستەفا عەسکەری. ئاوڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەی هەققە. پیاچونەوەی محەمەدی مەلا کەریم. لەساڵی ١٩٨٣ لە چاپخانەی علا لە بەغدا چاپ کراوە. ل٥٩
٩: د. جەعفەر عەلی. سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا (١٨٨٠_١٩٢٥) ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی و فکری. ساڵی ٢٠١٣. ل١٩٨
١٠: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢١٨

## قەرەج .. جیبسییەکان
## گروپە یاخییەکەی جهان

قەرەج یان جیبسییەکان ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەن کە هەم زمان و هەم کولتوور و هەم بێ خاک و نیشتیمانیان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگەکانی دیکەی دونیا هەیە، هەم یاخیگەرێکی جهانین و دژ بەهەموو دەستووری دەوڵەتانی دونیان، لەهەموو دونیا کۆمەڵێک خەڵک هەن بەناوی کۆمەڵگەی جیبسی. یان قەرەج، ئەم کۆمەڵە کە خاوەنی ستایلێکی تایبەت بەکولتووری کۆمەڵایەتی خۆیانن و لە تەواوی دونیا بە ئاشکرا و بە نهێنی دەژین و لە کوردستانیش بەگروپی جیاواز هەن، لەوڵاتانی رۆژئاوا

که زۆر جەخت لەسەر بوونی خۆیان دەکەنەوە لەژێر عینوانی (شتاتسلوس) واتە (کۆمەڵی بێناونیشان و بێ وڵاتەکان) ناسراون، جەنگی فەرهەنگی و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش دەکەن و بەرگریکردنیان لەخۆیان لە ستایلی هیچ گروپێکی ستەمدیدەی دونیا ناچێت کە مافیان خوراوە یان بە چاوی جیاوازەوە تەماشا دەکرێن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هەموو لێکۆڵەرە سۆسیۆلۆژەکان لەسەر ئەوە رێکەوتوون کە قەرەج لە بنەچەدا هندین، مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە لە لایەنە ئەفسانەییەکەیان بهێنین و بچینە سەر بنەچەکەیان، چونکە بەشێکی زۆریان قەبوڵ ناکەن لە رەسەنایەتیەکەیان بپێچیتەوە، بۆیە دەیانخەینە بەردەم روناکی تیۆری زانستی، چونکە زۆرترین ئەفسانە و خەیاڵ و وەهمی جیاوازیان هەیە، سفری تەکوینی تەورات باس لەوە دەکات بۆیە نەفرەت لەم هابیل کراوە و دەڵێ " متى عملت الارچ ل تعود تعگيک قوتها، تائها و هاربا تکون فى الارچ سفری تکوين الاێحاح الرابع عدد ١٢، چونکە ئەم گروپە لەو رۆژەدا لەدایک بوونە ئەو رۆژەی کە لەبەردەم بایەکەدا تاکو هەڵیبمژێت" (١). بەدەر لە گەڕانی ئینترۆپۆلۆژی بۆ ئەم کروپە نێودەوڵەتییەی کە لتەواوی جهاندا هەن بەڵام کێشەی بوونیان جگە لە شوناس بۆ خۆیان یان مەسەلەی نیشتەجێبوونیان کێشەیەکی گەورەی یاسایی و دەستووری و دیموگرافی و دیزانی جوگرافیشی خوڵقاندووە، بۆیە هەمیشە ئەو کۆمەڵگە پەرشوبڵاوە خەمی یەکگرتنەوەی نییە، بەقەد ئەوەی خەمی پاراستنی خۆیەتی، ئەم یاخیگەرێتییەش وای کردووە بە زۆر ناچار بکرێن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک بگوازرێنەوە کە جارێکی تر یاخیگەرێتی سەرهەڵدەدات " لە ئەنجامی بە هێزبوونی رژێمی رەهاخوازی پروسیا لە سەرەتای سەدەی هەژدەمەوە هەڵسوکەوتی تاوانکارانە و سزای قورس لە دژی جیبسییەکان و ئەوانی تر بە تایبەتی بێنەواکان دەستی پێکرد، پاساوی ئەو چەوساندنەوەیە شێوەکانی کۆچەری ئەمانە بوو نەک ناسنامەی جیبسیبوونەکەیان، کۆچبەری ئەوان نەک ناسنامەی جیبسی بوونەکەیان، دەسەڵاتداران نەک تەنها بە فرت و فێڵ تۆمەتباریان دەکەن، بەڵکو بە دزی و ئاگربەردان و کوشتن تۆمەتباریان دەکردن، بۆیە ئەو بڕیارانە لەلایەن رژێمە رەهاکانەوە لە دژیان دەرکران". (٢).

بەپێی قەناعەتی ئەوان خودا لەسەروەختی خۆی سێ جۆر ئینسانی درووست کردووە، یەکەمیان رەشپێستەکان بوون کەوتنە کیشوەری ئافریقیا و ئەوانی دیکە سپی پێستەکان بوون کەوتنە ئەوروپا، سێهەم رەگەزی بەشەری قەرەج بوو کە باب و باپیرانی ئێمە بوون، کە بە کین ناسراوە، ئیدی بەهۆکاری چەوسانەوەوە پەرشوبڵاوبوونەوە، بەڵام ریوایەتێکی تر هەیە پێیوایە قەرەج بەهۆی ئەوەی بزماریان دروستکردووە و بۆ لە خاچ دانی مەسیح بردوویانە و خودا ئیتر تورەبووە لێیان و بەوشێوەیە ژیانی بۆ دابین کردوون، بەهەرحاڵ هەموو ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵناسانە دەرکەوتووە کە ئەوان هەمیشە لە هەڵوێستێکی ناجێگیرییان هەبووە بەتایبەت بەرامبەر مەسیحییەکان.

ئەوان لەجیهانێکی بێسنووردان و بڕوایان وایە بوونەتە قوربانی ئەو ناونیشانە، بۆیە لەهەر وڵاتێک بن، ڕۆمانیا و بولگاریا و فەرانسە و ئیسپانیا و وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئێران و تادەگاتە کیشوەرەکانی دیکەی وەکو ئامریکا و ئامریکای لاتینی شکە مەکسیک و ئەرجەنتین و بەرازیل، ئەوان بەگشتی ماڵەکانیان لەگەڵ ماڵێکی قەرەجی کوردستانی کە هیچ زەمانەتێکی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و یاساییان نییە، جیاوازی نییە جگە لەو کەرەستانەی کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی جیاوازن، بۆیە هەمان شێوەن، بەڵام چونکە لە ئەوروپا خیوەت و ڕەشماڵ نییە، بەڵکو شوقەیە. کەوابوو جیاوازیشیان نییە لەگەڵ ئەو ژیانەی کە لە ئیسپانیا هەیانە، یەعنی هەمان شێوە ژیانیان هەیە لە هەموو کایەکاندا.
ئەم کۆمەڵە خەڵکە جیاوازە لەهەر وڵاتێک بن، بەهۆی ڕەفتاری نامۆ بەخەڵک، واتە جیاوازی ژیانی ڕۆژانەیان لەگەڵ دەورووبەرەکەیان وەکە کەمینە، بەو هۆیەوە بەهاوڵاتی پلە سێهەم دەستنیشان کراون، یان بەمانای ناحەز ناسراون، بەتایبەتی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
هەرکەسێک ناحەز بێت لەرووی کۆمەڵایەتیەوە، پێی دەگوترێت (دەڵێی قەرەجی)، ئەمانە بەهۆی سەربەخۆییانەوە لەژیان هیچ جۆرە پشتگیرییەک ناکرێن لەلایەن حکومەت و سیستمی حوکمڕانیەوە، هەروەک چۆن لە ساڵی ١٩٢٥ فشار خرایە سەریان بۆ ئەوەی وەکو هاوڵاتی ئاسایی کار بکەن و ئەرک و ماف بەپێی دەستووری ئاڵمان و یەکێتی سۆڤیەت وەربگرن، ئاوها جارێکی تر لەساڵی ٢٠١٠ لەفەرانسە دوور لەهەموو بەهایەکی ئینسانی لەژێر فشاری دەستووری فەرانساو تەواوی ئەوروپا، بەپێی یاسای وڵاتەکان لە کەمپەکانیان و شوێنی ژیانیان دەرکران و جارێکی تر ژیانیان لێتێکچوو و تارادەیەکیش شار بەدەرکران، بەڵام دواتر لەژێر گوشاری نێودەوڵەتی حاڵیان کەمێک باشتر بوو، بەڵام هەروەکو چۆن لە کوردستان ئەو گروپە کۆمەڵایەتی یە خراپ دەژین لە رووی مافەکانیانەوە یان بەهۆی شێوەی ژیانیانەوە، ئاوهاش لە ئەوروپا و ئەسکەندەنافیا دەژین. بەشێک لە لۆژیکی ئەوان بۆ ژیان ئەوەیە کە مادام هەمیشە لەژێر ستەمی بەردەوامدان، ئیدی پێویست ناکات خزمەتی ئەو وڵاتانە بکەن کە نە خاک و نە نەتەوە و نە زمان و نە کولتوورەکەیان موڵکی ئەوان نین، بۆیە هەمیشە لە دۆخی یاخیگەرێتی دەژین.

## ڕێژەی قەرەج بە ژمارە

قەرەج لەتەواوی دونیا بوونیان هەیە، ئیدی بەپێی ڕێژەکانیان کەمو زیادیان هەیە لەهەر وڵاتێک و هەر ژمارەیەکیش دانرابێت وەکو سەرچاوە، تەنها نزیکەی یان تەقریبی دانراوە، چونکە ساڵ بەساڵ لە زیادبوونن و هیچ سیستمێکی جهانیش ناتوانێ ئاماری تەواوی ئەو گروپە جهانییە وەربگرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەیە کە ئەوان

جێگیر نیین لەوڵاتێک، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کەمتر لەهاوڵاتی ئاسایی ئەو وڵاتانە و بەپێی ئەو رێسایەی کە خۆیان بۆ خۆیانیان داناوە و بووەتە بۆماوە بۆیان، هەمیشە دوچاری کێشە دەبنەوە، هەروەک بەپێی مێژوو لەتەواوی دونیا دوچاری کێشە و ستەمی میللی بوونەتەوە کە نموونەی بەریتانیا و ئاڵمان و فەرانسە و روسیا و لە میسر و ئێران و هیندوستان و هتد تا ئەو جێگەیەی ستەمی گەورەیان لێکراوە.
هەڵبەت ئەوان بەپێی رێژەیان لەتەواوی دونیادا کە زۆرن و پەرشوبڵاون ئەگەر یەک بگرن، دەتوانن داوای قەوارەیەکی سەربەخۆیی نیشتیمانی بکەن، بەڵام بەحوکمی ئەوەی بڕوایان بەسنوور و جوگرافیای تایبەتی نییە، تائێستا نەبوون و هیچ دەوڵەتێک یان وڵاتێکی سەربەخۆ بەناوی جیبس یان (قەرەج) نییە. جگە لەوەی بەناوی کۆمەڵگەیەکی یاخی لە ژیانی ئاسایی ناویان دێت، بەمەش کاریگەری لەسەر ژیان و زیادبوونیان کەوتووە، بۆ نموونە رێژەی قەرەجەکان تاساڵی ٢٠١٠ بریتی بووە لەم ئامارە. (٣).
رێژەی جیب سیان قەرەج کە پشتی بەراپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستووە، لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی کە ٩٠,٤% مەسیحین و ٤,٤% ئیسلام و ٥,١ بەبێ ئایینن و دابەشی سەر کۆمەڵێک وڵاتی جیاوازی سەر بە کیشوەرەکان بوونە. لەوانەش
١: ئەلبانیا ٧٢٠٠٠٠ کەس هەن
٢: ئەرژەنتین ٣٥٠٠٠٠٠ هەزار کەس هەن
٤: بۆسنیە ١٧٦٠٠٠ هەزار کەس هەن
٥: بەرازیل ٧٣٢٠٠٠کەس
٦: بولگاریا ١٨٠٠٠ کەس
٧: هیرڤانستان ١٤٠٠٠ کەس
٨: چیک ١٢٠٠٠ کەس
٩: فەراسنە ٣٠٠٠٠٠ کەس
١٠: فێللەندە ١٠٠٠٠ کەس
١١: ئاڵمان ١٠٠٠٠٠ کەس
١٢: یۆنان ٢٠٠٠٠٠ کەس
١٣: مەجڕستان ١٩٠٠٤٦ کەس
١٤: ئێران ١١٠٠٠٠ کەس
١٥: مەکەدۆنیا ٥٣٨٧٩ کەس
١٦: ئامریکا ١٥٥٠٠٠٠ کەس
١٧: پۆرتەکیز ٤٠٠٠٠ کەس
١٨: رۆمانیا ٢٠٠٠٠٠٠ کەس
١٩: روسیا ١٨٣٠٠٠ کەس
٢٠ سلۆڤاکیا ٩٢٥٠٠ کەس

٢١: ئیسپانیا ٨٠٠٠٠٠ کەس
٢٢: تورکیا ١٥٠٠٠٠٠ کەس
٢٣: ئینگلتەرا ١٠٠٠ کەس
٢٤: ئۆکرانیا ٤٨٠٠٠ کەس
٢٥: فەلەستین و ئوردن. ٢٨٣٠٠٠ کەس
ئەمە رێژەیەکی تری قەرەجە لە هەموو دونیا
ئامریکا
١,٠٠٠,٠٠٠
(%٠,٣٢)
بەرازیل
٨٠٠,٠٠٠
(%٠,٤١)
ئسبانیا
٦٥٠,٠٠٠
(%١,٦٢)
رومانیا
٦٢١,٥٧٣
(%٣,٣)
تورکیا
٥٠٠,٠٠٠
(%٠,٧٢)
فەرنسا
٥٠٠,٠٠٠
(%٠,٧٩)
بولگاریا
٣٧٠,٩٠٨
(%٤,٦٧)
مەجەر ٢٠٥,٧٢٠
(%٢,٠٢)
یونان
٢٠٠,٠٠٠
(%١,٨٢)
سلۆڤاکیا
١٨٩,٩٢٠

(%١,٧١)
روسيا
١٨٢,٧٦٦
(%٠,١٣)
ێربيا
١٤٧,٦٠٤
(%٢,٠٥)
إيگاليا
١٣٠,٠٠٠
(%٠,٢٢)
ڕلمانيا
١٢٠,٠٠٠
(%٠,١٥)
المملكه المتحده
٩٠,٠٠٠
(%٠,١٥)
مقدونيا
٥٣,٨٧٩
(%٢,٨٥)
المكسيک
٥٣,٠٠٠
(%٠,٠٥)
السويد
٥٠,٠٠٠ - ١٠٠,٠٠٠
ڕوكرانيا
٤٧,٥٨٧
(%٠,٠٩٨)
البرتغال
٣٠,٠٠٠ - ٥٠,٠٠٠
(%٠,٣)

بەگشتی ئەم کۆمەڵگە واتە جیبس قەرەج، کۆمەڵگە بێناوو نیشانە ڕێژەیان زیاتر لە ١٥ بۆ ٢٠ ملیۆن کەس دەبن و ڕێژەکەش هەمیشە ڕوو لە زیادبوونە، بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام بەبێ فلتەر لەزاو زێدان و بڕوایان بە زۆبوون هەیە لەڕەووی قەوارەی

کۆمەڵایەتیەوە هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ کولتوورەکەیان و هەم بۆ شێوەی بەردەوامی ژیانیان، بڕوایەان وایە ئەگەر زیاد نەکەن نامێنن و لە ناودەچن، هەڵبەت ئەو ئامارە لەگەڵ زیادبوونیانە وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی تری بەشەری بەعینوانی نەتەوەیی، یان هەر شوناسێکی دیکە، لە تەواوی عێراق وەکو لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی هەیە لەلایەن رێکخراوی مافی مرۆڤی عێراقییەوە کراوە، رێژەی قەرەجەکانی عێراق بەوانەشەوە کە بەکاوەلی ناسراون کە لەخوارووی عێراق و دیالە و هتد هەن، سەرەتا رێژەکەیان بۆ ٥٠ هەزار کەس بوونە و دواتر زیادیان کردووە بۆ نزیکەی ٧٠ هەزار کەس، ئەگەرچی ئەمانە بەشێکی زۆریان رەوییان کرد بۆ ئێران و تورکیا و دەرەوەی عێراق وەکو هەر کۆچەرێکی دیکە، لەکاتێکدا ئەوان باوەڕیشیان بە نیشتیمان نییە، کەچی هەمیشە داوایان کردووە بۆ مانەوەیان لەم وڵاتە تەنها ئەوە بووە بە ئاشتی بژین و رێگەیان لێنەگیرێت کولتوور و رەفتارە کۆمەڵایەتییەکەیان تێکبچێت، هەروەک ئەوەی کە لەلایەن مەلای ئیسلامەوە لە زۆر شوێنی عێراق ناچار بە چۆڵ کردنی ناوچەکەیان بن و لەو کارەش گەڕێن کە بەکاری سەما و سێکس و دەرۆزەکردن و دزو کوشتن ناسراون ئەوان، ئەم تۆتانە پێشتر لەلایەن ئەوروپاوە دەرهەق بە جیبسەکانی رۆژئاوا دەگوتران.

بەهەر حاڵ ئەوان بۆیە بەگشتی ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە خاوەن کولتوورە جیاواز و یاخییە لەهەموو رەفتارێکی باوی کۆمەڵگە جیاوازن. چونکە خاوەنی سەنتەرێکی بڕیاردانی ئاینی و سیاسی نین تاکو بەرگرییان لێبکرێت لە ناوەوەی وڵات و لەدەرەوەی وڵات، خاوەنی سەنتەرێک نین بۆ کۆکردنەوەیان و ئاماریان ساڵانە نوێبکرێتەوە تاکو بزر نەبن لەنێو کۆمەڵگەکانی دیکە، هەر ئەمەشە کە ئامارێکی دروستیان نییە لەدونیا، مەگەر سەنتەرە تایبەتەکانی سۆسیۆلۆژیای جهانی، یان نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو رێکخراوانەی کە بەگرینگییەوە تەماشای ژیانی گروپە بێناونیشانەکان دەدەن، ئەوان ئەو ئامارانە نمایش دەکەن بۆ میدیاکان و سەنتەرە سۆسیۆلۆژییەکان، تاکو خویندنەوەیان بۆ بکرێت، ئەم جۆرە سەنتەرەش لە کوردستان نییە، تەنها لە رۆژئاوا هەیە ئەویش بۆ لە قاڵبدانی جیبسییەکان واتە قەرەجەکانە کە هیچ شوناسێکیان نییە و ناشیاندەوێ شوناسی دەوڵەتیان هەبێت، وەختێک هەر کۆمەڵگەیەکیش دەوڵەتی نەبوو کێشەی ئامار درووست دەبێت، بۆیە نەزانراوە ئایا چەند زیادیان کردوە و چۆن زیادیان کردووە و چۆن شێوەی ژیانی ئاسایی و هاوسەرگیرییان گۆڕانیان بەسەر هاتووە و چۆن لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەی جێگەوتە کە کۆمەڵگەی ئیسلامیە، بووەتە بەرپرسی ژیانی ئەوان، ئەمە پرسیارێکە هێشتا وەڵامی جددی وەرنەگرتووە کە حەتمەن ئەوانیش وەکو کەمینەکانی دیکە لەژێر فشاری گوتاری باوی ئاینی و کولتووری کۆمەڵگەدان، جگە لەوەش خۆیان بەشێکن لە هۆکاری بزر بوون و لەناوچوون و بێ مافی ئینسانی پلەیەکی عێڕاقی، چونکە ئەوان بڕوایان بە نیشتیمان نییە تاکو خزمەتی بکەن و دەوڵەتیش بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی کولتووری بەرگرییان لێبکرێت.

## کۆچکردن دیاردەیەکی جهانی

بۆ ئەوەی لقی جیاواز نەکەینەوە و پرسیاری دیکە نەخەینە سەر ئەم گروپانە و وڵامەکەی قورس بێت و ئاڵۆزی بۆ خوێنەر درووست نەکەین، تەنها لەوێوە دەستپێدەکەم کە کۆچ چییە و بۆچی قەرەج لەرێگەی کۆچەوە پەرشوبڵاوبوونەوە.
کۆچ دیا ردەیەکی جهانیە و لەوەتەی کێشە و ململانێ هەیە لەنێوان چینەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگە کان و هەموو ئەوانەی کە لەسەر کێشەی زەوی و زار و موڵک و سامان یەکتر، هەروەها ترس لە دەسەڵاتی زۆرینە و دەسەڵاتی گوتاری زاڵی ئایین و زۆرینەی کۆمەڵگە کە رێگەیان لە ئازادی ئەوانی دیکەی کەمینەی بەرتەسک کردۆتەوە، مەسەلەی کۆچ تا هاتووە زیاتر بووە بەرەو ئەو شوێنانەی کە ئومێدێک هەبووە بۆ ئاشتی و ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوانەی کە شوناسیان ناسراو نییە، یان بەهای کەمترە لەو شوناسانەی تر کە لەلایەن دەوڵەتەوە ناسراوە و ئیعتیباری هەیە.
"بەزۆر کۆچ پێکردن یان دەرکردنی جیبس یان قەرەج لەتەواوی دونیا یەکێک لە هۆکارەکانی یاخیی بوونیانە دەرهەق بە سیستم و دەستووری وڵاتان، (لە نێوان ساڵانی ١٤٩٧ و ١٧٧٤ ١٤٦) بڕیار لە دژی جیبسییەکان دەرکرا کە زۆربەیان داوای ئەوەی دەکرد جیبسییەکان لەو شوێنانە دەربچن کە نەتەوەی ئاڵمانی تێدا نیشتەجێن". (٤). بەڵام پێدەچێ جیبس واتە قەرەج وەکو کولتووری هەمیشەییان کە یاخین لە هەموو یاسایەکی نێودەوڵەتی، ملیان بەو بەزۆر کۆچپێکردنیان نەداوە، هەروەک ئەوەی کە لە کوردستانیش ئەو یاخیگەرێتییە هەبوو کە شوێنە ئارەزوومەندانیەکانیان لێسەندرایەوە و قەبوڵ نەکرا و بوو بە کێشە.
بەو هۆیەوە کە قەرەج خاوەنی کێشەی شوناسیان هەبووە بۆیە گەڕاون بەدوای شوناسێک کە دونیا بیانناسن، ئەوەی کە ویستوویانە لە دۆخی کشتوکاڵی و جوتیارییەوە بیگوازنەوە بۆ نیمچە سەرمایەداری کە قۆناغەکان خۆیان دەگواستەوە ئیدی" ناچار بوونە بەدوای کارێکەوە بن کە جیاواز لە کاری کۆمەڵگەکانی تر بێت، ئەوانەی تا ئێستا کاری دەستی و دروستکردنی خۆشی بۆ هەژارانی هیند، ئەگەر سێ بەردەکە وەکو دیاری کراوە و بەپەنجەکانی دەست بانگەوازی بۆ دەکرا، هەروەک ئەوەی کە بە خەڵوزی گیایی وەکو نەوت بەکار دەهات، بەمەش راهاتوون کە وەکو ئاسنگەری سەرەتایی رەفتاری خۆیان لە ئاسیای ناوەڕاست و شەڕی نەسر بپارێزن هەروەک ئەوەی کە جەنگیزخان پێویستی پێ بووە، ئەوانیش کردوویانە". (٥). ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئاستی دونیادا بۆ ئەم کۆمەڵگە بێ شوناسەی کە بە هێزی کاری خۆیان و بە دەستی کاریان کە ئینسانیان کردووە بە کاڵایەک ب بەرهەمهێنانی بەشەری و بەدەستهێنانی هەرچی زیاتر ماڵیات و بە مولکیەت کردنی هەموو ئەو دونیایەی کە ئەوان خەونی

پێوەدەبینن،سێ گروپی لە باسێکی گەورەدا جێگەی دەبێتەوە، بەڵام لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە قەرەجەکان هەمیشە بۆ ئەوی  خۆیان بپارێزن و زیاتربن لەوەی هەن لەسەر ئاستی دونیادا، بۆیە بەناچار دەستیان بردووە بۆ سەنعەت، هەر ئەوەی کە هونەری کەرەستەکانی رۆژانەی منداڵ بەخێو کردن و هونەری گۆرانی بێژی و دانسازی و فاڵگرتنەوە، بۆیە بەناچار دەست بۆ سەنعەتی ئاسنگەری و زێرنگەریش دەبەن، لەکاتێکدا دەرکەوتووە کە تەنها سابیئەکان خەریکی دۆزینەوە و چاککردن و جوانکردنەوە و دیزانکردنی زێر کاریان کردووە، نەک کۆمەڵگەیەکی تر، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کە قەرەج و هیندەکان کۆنترن لەو گروپانەی تربەپێی ئاییناسی و بەپێی تێکستەکەی خۆیان، بەڵام لەراستیدا قەرەج کۆنترین گروپ و کۆمەڵگەی ئەم ناوچەیەن کە رۆ هەڵاتی  و نیمچە ئەوروپی ناسراون.
لەراستیدا جیاوازی بنەچەیی هەن کە دەیسەلمێنن جیب سیان قەرەج، ئەوان کۆمەڵگەیەکن بەناوی قەرەج ئەویش دەرکەوتووە لە ئەنجامی کۆچەوە گەشەیان کردووە و ئەوانیش قەرەجی کالدیراش و خیتانو و مانوشە.
قەرەجی کالدیراش: ئەمانە قەرەجی رەسەنن وەکو خۆیان ئیدیعای بۆ دەکەن، بەر لە هەرشێک ئەمانە مەنجەڵ پاککەر و زەرەنگەر بوونە، کالدێر مانای مسە و بە ئیسپانیاکەشی کە ئەو ناوەیان بەسەردا دابراوە، لە فەرانسییەوە هاتووە، ئەوان لە ناوچەی باڵکانەوە هاتووە و دابەشی سەر پێنج گرووپ بوونە.
"١: لۆڤاری: ئەمانە هەنگاری بوون چونکە لە هەنگاریا بەشی زۆری ژیان لەوێ بەسەر بردووە و
٢: بۆیهاس: بەر لە جەنگی جهانی یەکەمەوە لە ترانسلڤانیاوە هاتوون و زۆربەیان ئاژەڵ بەخێو دەکەن و بەتایبەتیش لە فەرانسە بوونە و ئەسڵیان ئەوێسە.
لۆری و ئولولی: ئەوان فردۆسییان پێدەگوترێت و لە هیندەوە سەرچاوەیان گرتووە.
٤: چوراری: ئەوان لە دووری کاڵدیراش دەچین و ئاشورراشیان پێدەگوترێت.
٥: ئەوانەی ئامریکایان جێهێشت: ئەمانە ناوێکی سەیریان بەسەر دەسپێنرا، چونکە لە تورکیاوە بەرەو ئەوروپ چووبوون.
مانووش: ئەمانەش گروپێکن بریتین لە چەند گروپێکی بچوکتر، ئەوانیش بە ڤالیسکان کە خاوەنی شانۆکاری گەرۆکن و گایگیکان کە گوندنشینی ئەوروپی و بە داب و نەریتی خۆیانەوە ماونەتەوە  و پیامونت کە ئیتاڵیین". (٦). ئەمە جگە لەوەی گروپی دیکە هەن کە لەژێر ناو و ناونیشانی جیاواز ناسراون و دەژین، کە هەندێکجار تەشیرییان پێدەکرێت و بە فاڵچی و خەڵکی خراپ ناسراونلە کاتێکدا هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەنێوانیاندا نییە و تەنها ئەو شێوە ژیانە نەبێت کە بڕوایان بە نیشتیمان و خاوەندارێتی نییە، هەر وەها لیستێکی تر کە ١٤ گروپی ترن و ئەوانیش هەمان سیفتیان هەیە و خۆشیان بە قەرەج دەزانن.

## شێوەی هاتنایان بۆ کوردستان

بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵناسەکان و رۆژهەلاتناسەکان بێت، قەرەجەکان یان ئەو گروپە بێناونیشانەی کە زیاتر لە ناوێکیان هەیە، لەسەدەی بیستدا لەهەردوو رێگەی سنووری ئێران لەلایەک و لە سوریا لەلایەکی ترەوە هاتوونەتە عێراق و ناوچەکە، ئەم کۆمەڵەیە لەئێران و رۆمانیاوە هاتوون بۆ عێراق و پێیان دەوترێت هیندۆ ئەوروپی و بڕوایەکیش هەیە لەرووی مێژووییەوە لە هیند و ئەفغانتەوە هاتوون و لەگەڵ دانیشتانی ناوچەکە کە ناوچەی عەرەبییە تێکەڵ بوون و لەوان منداڵییان بووە و بەو هۆکارەش شێوەی دەموچاویان گۆڕاوە،

قەرەج لەهەر چوار پارچەی کوردستان بونیان هەیە، بۆ نموونە لەکوردستانی ئێران زیاتر لە ٧٤٥٠٠٠ هەزار کەس دەبن بەشێوەیەکی پەرشوبڵاو کە بەردەوام روو لەزیادبوونن و زیاتر لە هەر کۆمەڵگە و نەتەوەو پێکهاتەیەک منالٚیان دەبێت و بەشێوەیەکی نا ئاسایی زیاد دەکەن، لەکوردستانی تورکیا ١٥٠٠٠ کەس هەن بەهەمان شێوە دەژین، لەکوردستانی سوریا ٤٥٠٠٠ کەس هەن زۆرترن لە پارچەکانی تر، لەکوردستانی عێراق نزیکەی ٣٠٠٠ کەس هەن و دابەشبوونە بەسەر هەر چوار پارێزگای دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و بە پێچەوانەی بەشەکانی تری کوردستان روو لە کەم بوون دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا لە شارەکانی دیالە و دیوانییە و باشوری بەغدا و ناسرییە هەن، بەلام لەوێ بە کاولی و زەت ناسراون، بەلام لەبەر ئەوەی ئامارێکی تەواو لەبەردەستدا نییە سالانە سەرژمێرییان بۆ بکرێت، بۆیە بەوردی نەزانراوە بەگشتی چەند کەس دەبن لەکوردستان و چۆن دابەشبوونە و چەند خێزانیان جێگیر بوونە لە ناوچەکانی کوردستان و عێراق، بەپێ تێگەیشتنی مێژوونووس و کۆمەڵناسی عێراقی ( علی عبد لحمید و رزاق حکیم) کە لە زانکۆی بەغدا وانە دەڵێنەوە، بەپێی گواستنەوەی ماڵ و حاڵیان و بەپێی ئەوەی کە ناچنە بەردەم ئاماری گشتی ولات و ناپەیوەستن بە یاسای ولاتەکەوە، بۆیە بە تەواوەتی نەزانراوە چەند کەسن و چۆن دەژین و لە کەمی دەدەن یان زیاد دەکەن، بەلام رەگوریشەیان لە هیندو و لاتانی میسر و دەرەوەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە هاتووە، لەدوای سەدەی چواردە و پانزەوە هاتوونەتە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و دابەشی سەر ولاتانی وەکو تورکیا و عێراق و سوریا و میسر و لوبنان و هتد بوونە و نیشتەجێبوونە، ئەوان کە زیاتر لە ١٥٠ هەزار ساڵ دەبێت هاتوونەتە عێراق و بوون پێکهاتەیەکی ناسراوی کۆمەلایەتیی و لە تەواوی شارەکانی عێراق بەناوی قەرەج و کاولی و کۆچەر لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراق دەژین، ئیدی بەهۆی ئەو پیشە بۆ ماوەییانەی کە لەباب و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە، وەکو سیحر و فاڵ گرتنەوە و هونەری دەهۆڵ و زووڕنا ژەنین و سواڵ کردن و هت دبە قەرەج و دۆم ناسران و بەردەوام بوون لە ژیان تاکو ئێستا.

پێشەیەکی دیکەی نهێنییان هەیە کە سیحر و فاڵگرتنەوە و دەست خوێندنەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە نیاز و مەزارێکیان هەیە و نەهاتۆتە دی، ئەو پیشەیە وەکو ئاشکرایە بۆ کۆمەڵناسەکان کە لە وڵاتی هیند کە وڵاتیکی پڕ لە نهێنیی و ئەو هونەرەیە لەوێوە هاتووە بۆ رۆژهەڵات و بۆ عێراق، ئەوان هێندە مومارەسەی ئەو سرووتەیان کردووە و ئەوەندە ئەزموونیان لە کێشە هاوچەشنەکان وەرگرتووە، دەتوانن نهێنی کەسەکان بزانن و بەناوی دەست خوێندنەوە وە خەڵک هەڵبخەڵەتێنن و پوڵ پەیدا بکەن، "یان ئەوەی شروبێک بەکار دەهێنن بۆ خەواندنی کەسێک ئەگەر بیانەوێ دزی بکەن لەماڵەکە یان لەو دوکانەی مەبەستیانە و کە ئەمە رووی داوە، ساڵی ١٤٤٥ سەرەتای چوونە ژوورەوەی قەرەجەکان بۆ فەرانسە، حوکمی سوتانییان بەسەر کۆمەڵێک قەرەج دا، ئەویش بە هۆی کە زانییان پیاوێک هەیە بەناوی (جیل مالدیتۆر) کە چۆنییەتی ئامادەکردنی جورعەیەک لە دەرمان کە دەرکەوتووە ئەوەی بیخواتەوە دەیخەوێنێ و وەکو مردبێت، ئەمە کە سیحر بووە لە پێناو دزین و وەشاندنی زیانێک بەو کەسەی کە دەوڵەمەندە یان شتێکی هەیە، یان ئەوەی جارێک شەعوەزە بەواتای فاڵی بۆ کەسێکی ئاسایی گرتۆتەوە و پێڵاوەکانی لەبەرچاو کردووە بە ئاژەڵ و دواتریش دەرکەوتووە ئەوە پێڵاوەکەی خۆیەتی، ئەمە بۆتە ئەزموون و دواتر لەسەر ئەمە حوکم دراوە". (٦). ئەم پیشەیە کارێکی گەرۆکە و بەنێو ماڵان و بەتاییەتی ژنان موشتەری ئەوەن و لە بازاڕیش دوکاندار و شوێنی پیشەگەرەکان،

بەهەر حاڵ قەرەجەکان لەدوای ئەوەی کۆمەڵێکیان لەکوردستان دەگێرسێنەوە، ئیدی هەر بەکۆچەری و بەکارێکی تایبەت و سەربەخۆوە خەریک دەبن، هەندێ لەو خێڵانە خۆیان بەموکری دەزانن، هەندێکیان لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە موهابادەوە واتە لەدوای ساڵی ١٩٤٥ وە لەئێرانەوە هاتوون بۆ کوردستانی عێراق، سەردەمێک وەکو سەرباز بەکارهێنراون، لەساڵی ٤٢٠ بەر لەدایک بوون لەکتێبی فیردەوسیدا هاتووە ئەم نمونەیە، قەرەج ٢١ هەزار کەس بوونە و لەوڵاتی هیندستانەوە بڵاوبوونەتەوە و مێژووەکەیان پەیوەندی بەچاخی ناوەندەوە نییە، "گروپێکی دیکەی جیبسی واتە قەرەج ئیتنیکی پێکدەهێنن کە رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ باکوری هیندستان، پێدەچێ یەکانگیربوون و دەرکەوتنیان وەکو گروپێکی ئیتنیکی جیاهەڵکەوتوو لەدوای ئەو کاتەوە بێت کە هیندستانیان جێهێشت، هەرچەندە تەنها لە نەوەکانی ئێستایاندا هەوڵیاندا نیازپاکی هۆشیاری مێژوویان گەشە پێبدەن، ئەوان کولتوورێکی نوسراویان نییە، واتە رابردووی ئەوان لە هیندستان سڕاوەتەوە". (٧). کەسێک بەناوی فەتاح موکری کە خۆی قەرەجە و شارەزای بڕێک لە مێژووی خۆیانە و لەبادینان دەژی و بۆ مێژوو دەڵێ" قەرەج کۆچەری ناوچەی بەرواری ژوور و بەرواری باڵا و بادینان هەیە، ئێمە کارمان دارتاشییە، ئێمە لەئەسڵدا موکورین و خۆشمان بەموکری ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانین". واتە بەقسەی ئەم پیاوە بێت ئەوان کوردن و تەنها جیاوازیان ئەوەیە کە کۆچەرین و هیچی تر، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە هیچ لە

مێژوونوسانی کورد ئەوەیان نەسەلماند کە ئایا راستە ئەوان موکریین، یان نا؟ وەڵامەکە رۆشن نییە.
هەندێکی دیکە لەو خێڵانە شێوەی کارکردنیان جیاوازە، بۆنمونە خێڵی (جیڤوتسەر) کە دیکۆری خانوو دروست دەکەن، (جیوباتوری) خێڵێکی دیکەن و کاریان دروستکردن و چاککردنی پێڵاوە، (جوستووراری) بنەماڵەیەکی دیکەن کە خەریکی پاککردنەوەی فافۆن و مس و قاپ و قاچاخن، (لیگوراری) بنەماڵیەکی دیکەن کە خەریکی چەقۆ تیژکردنەوە و کەرەستەی چێشتخانەن، (مەستەری) بنەماڵەیەکی دیکەن کە خەریکی دروستکردنی دەرگا و پەنجەرە بوونە تائێستا، (روگاری) خەریکی دارتاشی بوونە و هەموو جۆرێک کەرەستە لەدار دروست دەکەن و دارەکەش لە بازار دەکرن یان بەشێوەی نایاسایی پەیدای دەکەن و بەکاری دەهێنن بۆ بژێوی ژیانی خۆیان.
(هاشم عەلی) یەکێکە لەو بنەماڵەیە و باس لەکاری دەستی دەکات و باسی دەستی کار دەکات و دەڵێ" کاری ئێمە دروستکردنی گۆچان و تیرۆک و بێژنگ و لانکەی منداڵانە، ئەم کارە لەباب و باپیرمانەوە جێماوە و خەریکین بۆ مناڵەکانیشمان بەجێی دەهێڵین و فێریان دەکەین". هەڵبەت لەنێو قەرەجیش بنەماڵەی جیاواز هەن کە کاریان جیاوازە، (زالاتاری) بنەماڵەیەکن کە خەریکی دۆزینەوەی زێرن، (زەوتاریش) خەریکی ئامێری مۆزیک و هونەرن، (جەنگیز باهیر) یەکێکە لەو کەسانەی کە لەبنەماڵەی زەوتارییە و لە گفتوگۆییەکی کۆمەڵناسیانەدا و بەهۆی تێگەیشتنی زیاتر لەهەندێکیان کە پێی خۆشە نوسەر لەسەر گروپەکەیان بنوسێت و بکەونە بەرچاو و پەراوێز نەخرێن، ئەو بۆ دۆزینەوەی رەگوریشەی ئەم پێکهاتەیەدا باسی خۆیان دەکات و دەڵێ " من باس لە دیاردەکانی تر ناکەم، بەڵام ئەم پیشەیەمان لەباوکەوە بۆ بەجێماوە و ئێمەش درێژەمان پێداوە و خەریکین منداڵەکانیشمان رادەهێنین لەسەر هونەری زورنا ژەنین و دەهۆڵ و موزیک". ئەوان واتە کەسە بەتەمەنەکانیان زۆر ئیسرار واتە جەخت لەسەر کارەکەیان دەکەن وەکو کولتوور و وەکو موڵکایەتیان کە وەکو خۆیان دەڵێن رەسەنایەتیان بەوەوە بەستراوە، ئەگەرنا بزر دەبن و ئەوەندەش نامێنن کە ئێستا هەن، بۆ ئەمەش لەرێگەی مناڵەکانیانەوە خۆیان بەرهەمدەهێننەوە و برەو بە هونەری میللی تایبەت بەخۆیان دەدەن.

## ناسنامە و شوناس.

قەرەجەکان بەگشتی لەهەموو جهاندا بە ئارەزوو خۆیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی نیشتیمان سنوور دەبرن، ئەوان هەر لەسەرەتای هاتنیانەوە بۆ کوردستان واتە لەئێرانەوە بۆ عێراق، هەروەها بۆ کوردستان بەتایبەتی چونکە زمانەکەیان نزیکە لە کوردییەوە، کۆمەڵێک بوون بەبێ ناونیشان و بێ ناسنامەی یاسایی، تائەو جێگەیەی کە لەریزی سوپای عێراقیش کە سوپایەکی بە دیسپلین بوو لەجەنگدا بوو، ئیدی بۆ کەس نەبووە

خزمەتی سەربازی نەکات و بەئازادی بژی خۆی بێدەبەربەست بکات واتە ئیلتیزام نەکات، کەچی ئەوان بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێکن جیاواز لەخەڵکی تری خاوەن کولتووری دیاریکراو یان ئاینی دیاریکراو یان شوناسی دیاریکراون، بەپێچەوانەی هەموو عێراقییەکەوە لەئاستی دەوڵەت ئامادەیی خزمەتی سەربازی نەبوون و لێبوردنی گشتیان بۆ دەرکرابوو، چونکە وەکو کۆمەڵگەی جیاواز و گروپی جیاواز و کولتووری جیاواز و کاری جیاواز لەخەڵک بە گشتی و بە پێی وەرز لە جوگرافیای جیاواز ژیاون، بۆیە هەر رۆژێک لەشوێنێکی جوگرافی باکور یان باشوری کوردستانی نیشتەجێ دەبوون و حکومەتی عێراقی ئەو وەختیش تائەو جێگەیەی کە ئەمنیەتی جەنگی عێراق ئێران تەنگی پێهەڵنەچنی، داوای خزمەتی سەربازی و دەرکردنی ناسنامەی لێنەکردن، بەڵام دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی جەنگی لەگەڵ ئێران دەستپێکرد فشاری بۆ هێنان و ناچاری کردن بەپێی دەستووری عێراقی خزمەتی وڵات بکەن.

ئیدی لەساڵی ١٩٨١ وە کە جەنگی نێوان عێراق ئێران دەستپێکرد، ئیدی بەفەرمی حکومەتی عێراق داوای لەقەرەجەکان کرد، ئیدی بچن بەرەو دامودەزگای حکومەت و خۆیان ناونووس بکەن و ناسنامە دەربکەن و ببن بە خاوەنی شوناسی عێراقی، ئەوەبوو دوای یاخیبونێکی زۆر، ناچار بەوە کران ناسنامە دەربکەن و بوون بەخاوەنی ناسنامەی باری کەسی و لەو رێگەیەشەوە هاوسەرگیرییان لەدادگاکانی حکومەت تۆمار دەکرا کە پێشتر لەهیچ دەزگایەکی حکومی ناویان نەبوو، بەتایبەتیش بەڕێوەبەرایەتی نفوس و رەگەزنامەی عێراقی و ئێستاش ناسنامەی عێراقیان هەیە و بگرە ناویان لە ئاماری عێراقیش هەیە مە پیتاکی خۆراکیشیان هەیە و سەر بەو ئامارە گشتیەن کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراقیان کردووە. ئەم حاڵەتە لە ئەورووپاش هەبوو کە بەهۆی ملنەدانیان بۆ خزمەتی سەربازی رێوشوێنی یاسایی گیرایە بەر، " یەکێک لە نموونە روونەکانی ئەم شێوازە سیاسەتە لەلایەن هامبۆرگ ئیمبراتۆریای هنگاریای رۆژهەڵات هوە لە بڕیارێکی ساڵی ١٧٦٢ کە لەلایەن دادگای پاشایەتی ڤییەنناوە دەرچووبوو، پیادە کرا، تیایدا هاتبوو جیبسییەکان لەم وڵاتەدا هاوڵاتی شەرەفمەندن و داخوازی بەشداریکردنیان لە خزمەتی سەربازیدا کراوە لە ساڵی ١٧٦٨ دا ژمارەیەک بریار لە هەنگاریا دەرچوو، ئامانجەکەش نیشتەجێکردنی جیبسییەکان لە شوێنی بەردەوام و وازهێنان لە پیشە نەریتییەکانی خۆیان". (٨). قەرەج و دۆمیش کە دوو گروپی جیاوازن تارادەیەک لەیەکتر، چونکە هەر گروپێکیان لەناوچەیەک ناوێکیان هەیە و بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ژیان و لەگەڵ ئەویتردا دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان جودا بکەنەوە لەخەڵکی ئاسایی، ئیدی بەهۆی دەرکردنی ناسنامەوە کە بوون بەهاوڵاتی فەرمی عێراقی، شێوەی خاوەندارێتی و کڕینی زەوی و خانوو دەستیان پێکرد و وەک هەر هاوڵاتییەکی دیکەی عێراق، رێورەسمەکانیان گۆڕی لەئاستی خاوەندارێتی کە شێوەیەک بوو لەناچاری، چونکە ناچار بە خاوەندارێتی کران لەهەموو

بوارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئەخلاقیش، بەڵام سەرەنجام هەر خۆیان بەدۆم یان قەرەج زانییوە، جیاوازییان لەنێوان خۆیان و لە بوونی کەسێتی کولتووری و قەوارەیی کۆمەڵگە جیاوازەکەیان نەزانیوە.
یەکێک لە کێشەکانی قەرەج نەناسینی مێژووی خۆیان، نەبوونی گۆڕستانیانە، بۆ نموونە ئەوان لەبەر ئەوەی گۆرستانیان نییە کە هۆکارەکەی ئەوەیە "هیچیان لە نێو رەشماڵ یان شوێنی کاتی خۆیان نامرن، یان لەسەر شەقامەکان یان لەنێو کۆڵانەکان یان لەشوێنێکی نادیار دەمرن، ئەگەر قەرەجێک نەخۆش بکەوێت دەیبەنە دەرەوەی رەشماڵەکە و چەند شاهیدێک بەدیارییەوە دادەنیشن بەبێ ئەوەوی نەخۆشەکە شعووری پێبکات، دوای مردنی نەخۆشەکە بە ماوەیەکی دووروو درێژ، پاش ئەوەی جەستەی مردووەکە دەشۆردرێت بە ئاوی سوێر کە خوێی تێدابێت، جلو بەرگی نوێی لەبەر دەکەن و بۆ ئەوەی مورتاح بێت تاکو گەشتێکی دووروو درێژی پڕ خۆشی بکات، پاشان عەشیرەتەکەی دەیهێڵنەوە بۆ ماوەی چەند رۆژێک و پاشان لەگەڵ ئەو شتانەی کە پێویستی پێی بووە و بەکاریهێناوە لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا بۆ ژیانی داهاتووی کە جهانی نادیارە، ئیدی ژێرخاک دەنرێت، لەوانەش چەتاڵ و کەوچک و کەرستەیەکی موزیک تاکو بە حوزنەوە بیژەنێ لەکاتی دڵتەنگیدا و پاشان خێزانی مردووەکە هەڵدەستن بە دابەشکردنی پوڵەکەی بەسەر شاهیدەکاندا تاکو خاوەنی مردووەکە لە بیری بچێتەوە". (٩).
ئەم نەریتە دوور نییە گشتگیر بێت بۆ هەموو قەرەجەکانی دونیا، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی کە ئەوان جێگیر نین و لەشوێنێک نامێننەوە تاکو داب و نەریتی خۆیان بەکار بهێن نیان بە پێچەوانەوە ببن بە پێ:هاتەیەکی تر، بۆیە ئەم داب و نەریتە لەشوێنێکەوە بۆ شوینێکی تر جیاوازی هەیە و لە کوردستان لەم بانگەوزا و نهێنیەم نەبیستووە یان نەبینراوە تاکو ئەوان گەواهی بدەن کە لانیکەم ئەو نەریتەیان هەیە، یان هیچ نەبێ شێوەیەک لەو نهێنیە بزانن، بەڵام تائێستا ئەوەی نهێنیە ئەوەیە کە ئەوان هیچ گۆڕستانێکی تایبەتیان نییە و بڕواشیان پێی نییە، هەروەک ئەوەی کە لە دونیای دەرەوەی کوردستانیش گۆڕستانێکی تایبەتیان نییە تاک پێی بناسرێنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە ئەوان بڕوایان بە نیشتیمان و بوونی کیانی جۆگرافی هەبێت، هەروەک ئەوەی لە سەرتاسەری دونیادا ئەو ئینتیمایەیان نییە.

## باری کۆمەڵایەتی

ئەم کۆمەڵە خەڵکە، لەرووی کۆمەڵایەتییەوە ژیانێکی تایبەتییان هەیە، ئەگەرچی گروپێکی داخراو نیین لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بگرە زۆر کراوەترن و فلتەرییان بۆ نهێنییەکانیان و بە ئاشکرا قسەی دڵی خۆیان دەکەن و شانازیش بە قەوەج و دۆم بوونیان دەکەن.

خوێندن لەلای قەرەجەکان زۆر بەکەمی دەبینرێت و وەکو گرووپێکی خوێندەوار دەرکەوتوون، بەڵام لەبورای بەرهەمهێناندا لێهاتوون و کاری دەستی دەکەن، نموونەش دارتاشی و دروستکردنی لانکەی منداڵ و ئامێری هونەری وەکو دەهۆڵ و زوورنا و دەف و بێژنگ و تیرۆک و هتد، بەمدواییە واتە لەدوای ساڵانی ٢٠٠٧ەوە هەندێکیان بوون بە شارستانی و منداڵەکانیان چوونە بەر خوێندن و رەفتاری کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیانیان گۆڕاوە و ناناسرێنەوە کە قەرەجن، هەندێکیشیان تا ئێستا موکوڕن لەسەر ئەوەی کە پێویستیان بە خوێندن و نووسین نییە و منداڵەکانیشیان ناخەنە بەر خوێندن.

قەرەجەکانی کوردستان، کوردستان بەدڵی خۆیان و دونیاش بەوڵاتی خۆیان دەزانن، چونکە ئەوان جوگرافیایەک شک نابەن بەناوی وڵاتیک بۆ قەرەج کە سنووری هەبێت، هەروەک ئەوەی هەمیشە کۆچەرین و زەویی و خاکی تایبەتیان نییە. ئەوان سەر بەهیچ ئاینێک نین لەکوردستان مەگەر ناچار کرابن خۆیان وەکو موسڵمان پێناسە بکەن، بەڵام لە وڵاتانی وەکو ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ئامریکای لاتین و فەرانسە بەشێکیان کریستیانین و لە هیندوستانیش بەشێک بێ ئاینن و بەشێک هیندۆسین و بەشێک کریستیانین، بەڵام بەهۆی شێوە ژیان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ ئەو ئاینانەی کە لەکوردستان هەن، دابەشبوونە و هەندێکیان سەر بەئاینی ئیسلامن و هەندێک بوونە بەمەسیحی و هەندێکیشیان تائێستا بڕوادارە هیچ ئاینێک نین، بەڵام خودا پەرستن و بەبێ هیچ ئاینێکی دیاریکراو، یان ئەوەی مەلا یان قەشە یان شیخێکیان هەبێ. بەڵام دەم سپیان هەیە واتە پیاوێک بەناوی هەموویانەوە وەکو سەرگەورە مامەڵە دەکات و بەناوی ئەوانەوە دەتوانێ قسە بکات و بڕیار بدات و کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان بۆ چارەسەر بکات، یان بڕیار بدات چۆن و بۆ کوێ کۆچ بکەن، لەهەندێک شوێن موختاریشیان هەیە کە هەڵبژێردراوی ئەوانن بەرەزامەندی دەسەڵاتی ناوچەکە، ئەمەش بۆ راییکردنی کاروبارەکانیانە لەدامودەزگاکانی حکومەت.

(بیرادەر) کە ناوی رەسەنی قەرەجە و بەشێک لەو ناوانەی دیکەی وەکو ناوی موسڵمانان و عەرەبی، نازناو یان سەپێنراوە بەسەریاندا، بۆیە ئەم ناوە دیارە کە سەربەخۆییەکی قەرەج و دۆمی پێوە دیارە، ئەو کەسێکە لەسەر قەرەجەکان شارەزایی هەیە و باس لەوە دەکات کە ئەوان شانازی بەخۆیان دەکەن و گوتی" ئەوان کە قەرەجن مانای عەیبە نییە، بەڵکو ناسنامەی نەتەوەیی ئەوانە، وشەی قەرەج لەلای ئەوان مانای ژیانە بەو شێوەیەی ئەوان دەیانەوێ، نەک ئەوەی مرۆڤێکی خراپ بن کە وەکو خەڵک پێناسەی لەو جۆرەی بۆ داناون". لەراستیدا ئەم قسەیە لەهەموو کەسێکی قەرەج منداڵ تا گەورەیان دەبیسترێ، چونکە بەهۆی نەبوونی سەقامگیرییان هێندە سوکایەتیان پێکراوە، تارادەی ئەوەی کە گومانیان لەلای نەوەکانیان دروست کردووە کە عەیبن، چونکە وەکو خەڵکی ئاسایی ناژین، بۆیە زۆری جەخت لەسەر ژیان دەکەنەوە.

لە تەواوی دونیا قەرەج بەشێوەیەکی زۆر جیاواز هاوسەرگیری دەکەن، بەهۆی ئەوەی کە ئەوان هەمیشە کێشەی نان و بژێوییان هەبووە و هەیە، بۆیە وەختی هاوسەرگیریی کردنیان پاش ئەوەی کچەکە پارچە پەڕۆیەک وەکو ملپێچ دەکاتە ملی، بەو مانایە دێت کە ئەو رازییە بە کوڕەکە واتە زاوای داهاتوو، ئیدی لەتێک نان دەهێنن و بە خوێنی پەنجە کەڵەیان نانەکە خوێناوی دەکەن و دواتر دەیخۆن، ئەمە مانای ئەوەیە کە هەمیشە خەمی خواردنیان هەبێت و بۆیەکتر خەمخۆر بن تاکو پێکەوە نان پەیدا بکەن، ئەم نەریتە رەنگە لەهەندێک شوین نەبێت، بەڵام نەریتێکی زۆر ناسراوە بۆ قەرەج لەهەموو دونیادا، و دوای ئەم مەراسیمە شایی و سەمای خۆشی دەستپێدەکات و دەبن بە هاوسەری یەکتر.

## مردنی قەرەج

قسەیەک هەیە دەڵێت کە هیچ قەرەجێک لەماڵ و لەژێر رەشماڵی خۆیان نامرن، چونکە ئەوان هەمیشە لەدەرەوەی ماڵن و هەمیشە لەسەر شەقامەکانن. " قەرەجەکان لەماڵ و حاڵی خۆیان و ژێر رەشماڵی دروستکراوی ناشیرینی خۆیان نامرن، یان لەنێو ئەو عاربانەیەی خۆیان نامرن کە کاری پێدەکەن لەهەندێک وڵات بۆ نمونە ئوردن و هیند و فەلەستین، هەر کاتێک خاوەنی نەخۆشێک هەستی کرد نەخۆشەکە نزیکە لە مردنەوە، دەیبنە دەرەوەی رەشماڵەکە و بەدیاریەوە دادەنیشن و بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات، دوای مردنەکەشی بە ئاوێکی سوێری خوێناوی دەیشۆن و دەیخنە نێو جلوبەرگێکی پاکەوە و بۆ ئەوەی پشوو بدا تزو بەرەو سەفەرێکی دوور بڕوات، دوای ئەوە مردنکە رادەگەێنرێت و هەموو بنەماڵە عەشیرەتەکەی کۆ دەبنەوە و دوای چەند رۆژێک دەمێنێتەوە و دواتر چەتاڵ و کەوچک و هەندێک شتی پێویست بە نان خواردن دەکەنە نێو کفنەکەوە و پاشان موزیکی بۆ دەژەنن و ژێر خاکی دەنێن، بەڵام ئەوان گرینگی نادەن بە شوێنی قەبرەکەی، چونکە بڕوایان بە جوگرافیا نییە". (١٠). قەرەج هیچ کولتوور و نەریتێکی تایبەتیان نییە کە گشتگیر بێت و لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەمان نەریت بێت، بۆیە ئاسان نییە بەیەک شێوە خوێندنەوە ۆ هەموو ریەنە کۆمەڵایەتیەکان و کێشە و جیاوازییەکانیان بکرێت لەگەڵ خەلکی ئاسایی ناوچەی ئاسیا و ئافەریقا و رۆژئاوا، بەڵام خاڵی هاوبەشیان هەیە لەئێران بن یان هیندستان یان رۆژاوا یان ئافەریقا بێت، بۆیە خوێندنەوە بۆ ئەم گروپە یاخییە رەسەنە کۆمەڵایەتییە قورسترە لە دۆزینەوەی بنەچەی ئینسان.
هەڵبەت بەهۆی نەبوونی جوگرافیای سەقامگیرەوە، ناتوانرێت گروپەکان وەکو یەک تەماشای قەرەج بکەین، بەوپێیەی کە ئەم گروپە خۆیان هەندیکجار ئیلتیزام ناکەن بە نەریتی خۆیانەوە، هەروەک ئەوەی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکاندا نەوەکان شوناسی خۆیان

ناناسنەوە و لێکۆڵەریش ناتوانێ ئەو جیاوازیە بکات، بۆیە کێشە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی دروست دەبێت.

## دابەشبوونی قەرەج

قەرەجەکان لەسەرتاسەری دونیادا بەسەر سێ هۆزی سەرەکیدا دابەشبوون وەکو ئەوەی پێکهاتەیان جیاوازە و نەریتیشان جیاوازە، ئەوانیش بریتین لە قەبیلەی کاڵدێرا و قەبیلەی گیتانۆ و قەبیلەی مانۆشی، کەچی لەلایەکی ترەوە فلاکس و کالۆ و دۆمرن، ئەم گروپانە دیسان دابەشی سەر سێ گروپ دەبن کە پەیوەستن بە ئاین و مەزهەبی جیاوازەوە، بۆنموونە ئەوانیش وەکو خەڵکی تر ئەگەر مەسیحی بن یان کاسۆلیکن یان پرۆتستانت، ئەگەر ئیسلام بن و لەئێران بن، کەواتە شیعەن و لەسەر ئەو مەزهەبە خودا پەرستی دەکەن، خۆ ئەگەر سوننە بن ئەوا سوننەن، بەڵام ئەگەر بێ ئایین و ئیلیتزامیان نەبێت بە هیچ ئاینێکەوە، ئەوا بە مولحد و کافۆ لەلایەن خوداپەرستەکانەوە ناسراون و بە شەرانگێزیش ناسراون. .

(کاڵدێرا) ئەمانە هۆزێکن کە خۆیان بەئەسڵی قەرەج دەزانن، خۆیان بەکاری دەستییەوە خەریک کردووە وەکو بێژنگ و لانکە و تیرۆک و هتد و سەرچاوەی ژیانیانە و بەشێکیشە لە ناسنامەیان تاکو لەوانی دیکە نەچن، جار بەجار کێشەی ناسنامەش لەنێو گروپە کۆمەڵایەتییە دروست دەبێت لەسەر رەسەنایەتی و هەر گروپێک لەوانی دیکە خۆی بەرەسەنتر دەزانێ.

گیتانۆ هۆزێکن کە لەئەسڵدا لەوڵاتانی وەکو ئیسپانیا و باشوری فەرەنسا و باکوری ئافریقا دەژین، بەشێوەزار کەتەلۆنی و ئیسپانی ناوزەدکراون، ئەوان بەهۆی کولتووری تایبەتی خۆیانەوە کێشەی هەرە گەورەیان لەگەڵ خەڵک و ئەوکاتیش لەگەڵ دەوڵەت هەبووە و ئێستاش هەیە بەبەردەوامی، چونکە رێگەیان نادەن سرووتەکانی خۆیان بە ئازادی مومارەسە بکەن.

مانۆشی ئەمانەش هۆزێکی دیکەن کە لەئەورووپای ناوەندن و پێیان دەوترێت ئینجی و ئەمانەش لەسێ بەش پێکهاتوون.

١: ڤالیسکا کە بە شارەزا لە گەمەی سێرک و بازرگانی ناسراون و بەشێکە لە سەرچاوەی بەدەستهێنانی مەعیشەتیان.

٢: گاڵکیۆن ئەڵساسی بەرەسەن ئاڵمانین و کاریان کشتوکاڵییە.

٣: سنتی کە بەرەسەن ئیتاڵین و بنەماڵەیەک هەیە بەناوی بوبلیۆنێر کە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە دیاری کراون و هەریەکێکیان خۆی بەقەرەجی رەسەن دەزانێ.

ئەوان جگەلەوەی بەهونەری زوڕناو دەهۆڵ ژەنین و ئاهەنگ گێڕان نان پەیدا دەکەن، لەهەندێ بنەماڵە ژنەکانیان هەمیشە لەدەرەوەی ماڵن و بەناوی فاڵ گرتنەوەوە، هاوکاری پیاوەکانیان دەکەن لەپەیدا کردنی بژێوی ژیان، هەندێکیان ددانسازی دەکەن و بەشار و گەڕەکەکاندا دەگەڕێن و بانگ دەکەن، هەندێ جار بەزۆر نان پەیدادەکەن بەهۆی ئەوەی نایاساییین و هەندێجاریش کێشە دەنێنەوە کە کاری قیزەون دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هەم فێربوونە سواڵ بکەن و هەم پیاوانیشیان لەهەندێ شوێن کار ناکەن و پشت بەژنان و منداڵ دەبەستن، بۆیە ژنەکانیان لەرێگەی منداڵەکانیانەوە سواڵ دەکەن و نان پەیدا دەکەن و توشی کێشەی کۆمەڵایەتیش دێن کە ئەمە بۆتە ناسنامەیان، بەو پێیەش بێت ژنەکانیان لەماڵەوە زیاتر قسەیان زاڵە کە جیاوازە لەهەر نەریتێکی دیکە، چونکە ژنەکانیان خاوەن ئابوری سەربەخۆن بەرهە بیانوویەکەوە نان پەیدا دەکەن، بۆیە لەهەندێ شوێنی دیکە کە پیاوەکانیان قەبوڵ ناکەن، رێگە نادەن سواڵ بکەن، چونکە خۆیان بەکەمتر نازانن لەپیاوانی کۆمەڵگەکانی دیکە.
هەڵبەت هاوسەرگیری ئەوان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، رەنگە ئەوەی کە لە هیندستان هەیە و ئەوەی لە ئەوروپا و ئامریکا هەیە، وەکو ئەوەی رۆژهەڵات نەبێت و رێورەسمەکە جیاوازبێت، بۆیە ئەوان بۆ هاوسەرگیری چەند جۆرێکن بۆ ئەو رێورەسمە کۆمەڵایەتییە، ئەوان چەند جۆرە هەڵسوکەوتێکیان هەیە "زۆربەیان رێگەی دزینیی کچەکەیان ئەو رێورەسمەیان بەکارهێناوە، یان کڕینی ژن بە نهێنی، بەو مانایەی باوک بۆی هەیە کچ بفرۆشێت بە نرخی گران، یان رێگەیەکی تر هەیە لەنێوان دوو خێزان بۆ هاوسەرگیری کوڕ و کچ بە نهێنی رێکیان دەخەن، رێگەیەکی تر هەیە کە زۆر قورسە و ئەویش نەزانراوە، ئەویش دەرکردنی ئەو دوو کەسەیە لە عەشیرەتەکەیان، لەو کاتەدا خوێ و نان لەو رێورەسمە بەکار دەێت، ئەم نەریتە لەنێو زۆربەی گروپەکان بەکاردێت، سەرۆکی گروپەکە نانەکە لەت دەکات بەسەر دوو گروپدا، لەنێو هەر پارچە نانێک بڕێک لە خوێ دەشارێتەوە و دایدەنێ، بۆ هەریەک لە بووک و زاوا پێشکەش دەکرێت، بۆ ئەوەی روحی شەڕانگێزی نەمێنێ لەنێو هیچیان و بیانپارێزێ لە دەسەڵات، ئەمە لە زەینی کوڕ یان کچ دا تا تەمەنی بالغ بوون دەمێنێ". (١١).
هەڵبەت ئەوە لەسەر ئاستی دونیا ئەو هاوسەریرییە دەکەن، بەڵام لە رۆژهەڵات و کوردستان بەتایبەتی، دەمسپیان هەیە و بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی و کێشەی کۆمەڵایەتی واتە پیاوێکی بەتەمەن و خاوەن ئەزموون، ئەو دەمسپیانە چارەسەری کێشە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، ئەم پیاوە دەمسپیانە جێگەی رێزن لەلای کۆمەڵەکە و شەوانە داوەت دەکرێن بۆ خواردن و تادرەنگێکی شەو بەگۆرانی شەو بەسەر دەبەن و ژن و پیاو تێکەڵ دەبن، لەرووی جلو بەرگیشەوە کە خۆیان دەڵێن شێوازی جلوبەرگمان جیاوازە لەهەر نەریت و کولتوورێکی دیکەی دونیا، واتە نەریتی نەتەوەکانی دیکە، بەڵام بەهۆی تێکەڵبوونیان لەگەڵ نەتەوەکان هاوچەشن

بوونە، بۆنمونە لەکوردستان شێوەی جلوبەرگیان جیواز ناکرێتەوە، تەنها بەدەموچاویاندا جیاوازییەکە دەبینرێ، ئەویش پەیوەندی بە باری بایۆلۆژییەوە هەیە، یان کرۆمۆسۆمیان بەو شێوەیە وەچە بەوەچە هاتووە، تاکو رەنگێکی دیاریکراوی وەرگرتووە، هەڵبەت ژنەکانیشیان هەمان جلوبەرگی ژنانی کوردستانیان هەیە، بەڵام هەڵبژاردنی رەنگە گەرمەکان، واتە سووری تۆخ و پەممەیی تۆخ و سەوزی زۆر تۆخ، لەئەو رەنگانەی دیکەی جیادەکاتەوە کە کورد هەیەتی، ئەم ستایلە لەفەرانسە و ئیسپانیاش هەر وایە، بەڕادەیەک کە قسەیەک هەیە دەڵێت ئەمە لەقەشە سارای خوداوەندییانەوە بۆیان بەجێماوە، * (قەشە سارا خواوەندی قەرەجەکانی دونیایە و دەپەرستن)، بۆیە وەختێک کەسێک ئەو رەنگە تۆخانە بەکاردەهێنێ، پێدەڵێن لەقەرەج دەچی، ئەوان زۆر بەناوی قەرەج و دۆم بێتاقەت نابن، بەڵام ببینن بەکەسێک بوترێت قەرەج بەو مانایەی کەسێکی ناحەزە، ئیدی بێتاقەت دەبن و توڕە دەبن، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەهاوڵاتی پلە سێهەم هاتوون، بۆیە وەکو نەتەوەکانی دیکە ناتوانن بەرگری لەمافی خۆیان بکەن.
وەکو خۆیان باسی دەکەن، ئەوان بەهۆی تێکەڵبوونیان، تەنها لەنێو خۆیاندا ژن و ژنخوازی دەکەن، زاوا دەبێ ملپێچێک بە زۆر بکاتە ملی کچە و ئەگەر کچەکە رێگە نەدات ئەوا قبوڵ دەکرێت کە ئەمە رەفتارێکی جهانییە و مەرج نییە لەنێو هەموو قەرەجەکانی کوردستان هەبێت، ئەمەش یەکەم لەبەر ئەوەی کەس ئامادەنییە تێکەڵ بێت لەگەڵیاندا چونکە بەئینسانی ناحەز و نائاینی و نائاسایی ناسراون، لەلایەکی دیکەوە خۆیان ئامادە نین بۆ ئەوەی ناویان و ناسنامەی کولتووری و سۆسیۆلۆژیان لەنێوان خۆیاندا هاوسەرگیری دەکەن، بەڵام بەرێورەسمی خۆیان، ئەمە جگەلەوەی مەسەلەی نەبوونی خاوەنداری و کۆچەری و نەبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی باوی کوردەواری و گرینگی نەدان بەناسنامە و دیکۆمێنتی فەرمی حکومی و هتد، کارێکی وەهای کردووە کە نەتوانن تێکەڵ بەهیچ کۆمەڵێک بن، بەڵام دەبینرێ ناو بەناو کەسێک کچێکی لەو کۆمەڵە خواستووە، بەو مەرجەی نەریتی خۆی بگۆڕێت و ببێتە کەسێکی ئاسایی و رەفتاری ئەوان لەژیانیدا و لە هەڵسوکەوتی رەنگنەداتەوە.
مەسەلەی جیابوونەوە و تەڵاق هەتا هاتنی هەزارەی سێهەم، لەنێو قەرەجەکان مانایەکی نەبووە و کارێکی قیزەون بووە، بەڵام ئێستا بووە بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی باو، ئەوانیش وەکو کۆمەڵگەی کوردی فێری ئەو کولتوورە باوە بوونە، بەپێی ئامارەکانی دادگا ئەوانیش کێشەیان تێکەوتووە و ژن و مێردیان جیادەبنەوە لەیەکتر، رەنگە ئەوان زیاتر لە ئینسانی ئاسایی کۆمەڵگەی کوردی ژنەکانیان بەهۆی ئەو ئازادییەی هەیانە، زیاتر داوای جیابوونەوە دەکەن و بەناچار دەچنە دادگا بۆ ئەوەی کێشەی کاروباری حکومییان بۆ نەیاتە پێش.

## جۆری قسەکردنی قەرەج

قەرەجەکان لەزۆربەی دونیا بەزمانێک قسەدەکەن کە تەنها خۆیان لەیەکتر تێدەگەن، بەشێکیان لە شێوەزاری زازاکییەوە نزیکن، بەڵام بەزۆری کەم کەس حاڵی دەبێت لێیان، ئەوان دەتوانن لەهەر شوێنێک بن بەو زمانە بئاخفن، بۆ نمونە لەفەرەنسا بەفەرانسایی قسەدەکەن و لەتورکیا بەتورکی و لەکوردستان بەکوردی سۆرانی و لەهیندستان بەهندی و لەئێران بەزمانی فارسی و هتد. بەڵام ئەوەی کە لەکوردستان دەبینرێن، قسەکانیان لە کرمانجی دەچێت و لەسەر شێوەزاری زازاییە کە کوردستانی رۆژئاوا واتە لەسوریا ئەو شێوەزارە هەیە. (نەواف فایەق) کەسێکە لەئەوان و بە ئیرادەیەکی سەیرەوە و بە شانازییەوە بەرگری لە قەرەج و دۆم دەکات پێیوایە " ئەوان زمانێکی تایبەت و نهێنی خۆیان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەندێ وشە یان زاراوەیان لەزمانەکانی دیکە دەچێت، بۆ نمونە نەهی واتە نەخێر، یان وشەی پانی واتە بهێنە، ئەمە لەهەندی کۆنەوە نزیکە، بۆیە هەموو شێوەزار یان زمانەکە ئاشکرا ناکەن، بۆیە بەشانازییە بە زمانێکی دەوڵەمەندی دەزانێ و کەسی دۆم و قەرەجیش بە کەسی شارەزا و خاوەن ئیرادە و نەترس دەزانێ، چونکە دەتوانێ لەهەموو شوێنێک بەو زمانە قسە بکات کە خەڵکی قسەی پێدەکەن". بیرادەر دەڵێ" ئەوان بەهۆی ئەوەی ترساون و یان نەیانهێشتووە و یان نەیانویستووە خەڵک تێیان بگات، ئیدی هەندێ وشەیان بۆخۆیان داتاشیوە، بۆیە زمانێک دروست بووە بەناوی زمانی قەرەج". ئەم قسەیە بەشێکی راستی تێدایە، چونکە هەمیشە کەمینە بوونە، کەمینەش بەو شێوەیە کە ترسێنراون و تانەیان لێدراوە و بەهۆی کارەکەیانەوە کەسایەتییان نەماوە، بۆیە بەناچار کۆدەکانیان ئاشکرا ناکەن، بەڵام دەتوانن بە هەموو زمانەکان و شیوەزارەکان قسە بکەن بۆ ئەوەی لەترس رزگاریان بێت و هێندە نەچنە باری بەرگریکردن لە خود و لە کۆمەڵگە پەرشوبڵاوەکەیان.

## خوداوەندی قەرەج

قەرەج بەوە ناسراون کە سەر بەهیچ ئایین و مەزهەبێک نیین و شێوەی خوداپەرستیشیان ئاشکرا نییە، بۆیە کەم کەس شارەزاییی هەیە لەبارەیانەوە، بەڵام ئەوەی کە لەئاستی کۆمەڵناسی ئامریکیدا ئاشکرا بووە لە بەڕازیل و مەکسیک و ئیسپانیا و ئێران و تورکیا و روسیا و هتد قەرەجی رەسەن لەوێن و پەرستاگایان هەیە و خوداکەشییان ناوی سارایە و کچێکی پاکیزەیە. بەشێکی زۆریشیان بوون بە کریستیانی و هیندۆسی و ئیسلام و هەر گروپێک بەپێی هەلومەرجی ژیانی خۆیان بوون بە بڕواداری ئەو ئاینانە.
بەپێی تێگەیشتنی ئارنۆڵد بیوتی کە ئەنترۆپۆلۆژیستە و بەپێی جان بول کلیبیر بێت ئەمان هیچ جۆرە نوسینێکیان نییە تاکو بەو رێنووس یان زمانە نوسراوەوە

بیانناسینەوە و بەدوای رەچەڵەکەیاندا بگەڕێین، ئەوان هچ گرینگیان نەداوە هیچ شێوە خوێندنەوە و نوسینێک نازانن و ئەمەش بۆتە هۆکار بۆ کێشەی تێگەیشتن لەداب و نەریت و رێساکانیان کە نەوە بەنەوە دەستاودەستی کردووە، هەروەها هۆکاری ئەم نەخوێنەوارییەیان بۆتە هۆی ئەوەی لە کێشەی فەلەک و کەشو هەوا و تەندروستی سەردەرنەکەن، بۆیە گەلێکی نەخوێنەوارن چونکە بڕوایان بە نوسین و نوسینەوەی مێژووی خۆیان نەداوە، ئەگەر بپرسی بۆچی نەخوێنەوارن و نوسینتان نییە، بەو شێوەیە وڵام دەدەنەوە کە ئەوان ئەفسانەیەکیان هەیە گوایە باب و باپیرانیان لەگەڵ خوێنەوارەکان جەنگیان کردووە و بەو هۆیەشەوە بنەچەیان لەناو چووە، لەو رۆژەوە قەرەج نەبوون بە خاوەن دەوڵەت و قەوارە و دەسەڵات، لەبەر ئەمەیە ئەوان نەفرەتیان لە خوێنەواری کردووە". (١٢).

بەپێی قسەی شارەزایانی ئەم کۆمەڵەیە و کەسێکی رۆمانی کە دانیشتووی فەرانسەیە و لەساڵی ٢٠١٠ لەلایەن حکومەتی فەرانسەوە دەرکران بۆ وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات واتە وڵاتانی رومانیا و بولگاریا و سوید و فللەندا و سوید و نەرویژ و هتد کە بەنەریتەکانیان شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیان شێواندووبوو. لەرێگەی وەرگێڕێکی کوردەوە قسەم لەگەڵ کرد لەبارەی خودا پەرستی و مەرجەعی ئاینییانەوە، (پۆلۆ) کە پیاوێکی سوور و سپی بوو سمێڵێکی گەورەی هەبوو گوتی "بەڵێ قەرەج خودایان هەیە و خوداکەشیان کچێکی پاکیزەیە و وەکو ئەفسانە ناوی هاتووە لە مێژووی قەرەجدا، ئەو ئێستا پەرستاگەکەی لە مەکسیکە و خەڵک دەچن بۆ سەردانی کردن و لێی دەپاڕێنەوە، ئەو ناوی سارا خاتوونە، جل و بەرگی رەنگاو رەنگی لەبەر کراوە و رەنگەکانیش گەرمن، ئەو شێوە پۆشاکە گەرمەی قەرەجیش لەهەموو دونیا بەتایبەتی ژنان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشماوە نەریتەی کە قەشە سارا هەیەتی، گوایە سارا بەدوای ژیانێکی بێ چەوساندنەوە بووە و ژن رزگار بکات لەو میحنەتەی لەلایەن پیاوەوە بەسەریدا سەپاوە، ئەو خۆی کردووە بە قوربانی، بۆیە بۆتە سیمبولی قەرەجەکان، بەڵێ قەرەج خودای هەیە دەشیپەرستن و هانای بۆ دەهێنن، بەڵام ئێستا بەهۆی پەرشوبڵاوی ئینسان و کێشەی دیکەی ئابوریی و سەختی ژیانەوە، قەرەجەکان ناتوانن بچن بۆ مەکسیک و زیارەتی ئەو پەرستگایە بکەن". ئەگەرچی ئەم داتایە تەنها لەرێگەی دراماکانەوە سەلمێنراون و هیچ داتایەکی سۆسیۆلۆژی نییە بیسەلمێنێ، بەڵام ئەم قسەیەی پۆڵۆ رێی تێدەچێ چونکە نابێت کۆمەڵێکی جیاواز لەنەریت و رەفتار و هیچ ئائێکیشیان نەبێت و تێکەڵیش بن لەیەکتر داب و نەریت و ئاینەکانی دیکە و ئینتیماش نەکەن بۆ هیچ ئاینێک. کەواتە ئەوان خاوەن خودا و پەرستگان، بەڵام خاوەن مەرجەعێکی بەتوانای هێزی سیاسی نین و خاوەن وڵات و ئابوری سەربەخۆ نین تاکو بگەن بە خوداوەندەکەیان، بۆیە بەشی زۆریان ئەم سەرگوزشتە و ئەفسانە هەقیقییەش نازانن، ئیدی بەهۆی نەخوێنەوارییەوە بێت، یان بەهۆی ئەوەی نەگەڕاون بەدونیادا و کەمتر لایان لێکراوەتەوە، هەرچی قەرەجەکانی کوردستانە، لەبارەی ئەوەی خودایان

جیاوازە و خودایەکیان هەیە بیپەرستن، هیچ شتێکی لەو بارەیەوە نادرێکن و دەڵێن ئێمەش وەکو خەڵکی تر موسڵمانن، بەڵام ئەمە لە ترسانە و هیچ راستیەکی تێدانیە، باشترین نموونە ئەو رەفتارانەیە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە لەلای خەڵکی موسڵمانی ئاسایی کوردی قبوڵ نییە.

## سێ کۆمەڵە بە یەک شوناس

ئەم کۆمەڵە نامۆیە بە خەڵکی ناوچەکە بە کورد و تورکمان و عەرەب و کریستیان و ئەوانی ترەوە، لەهەر شوێنێک ناسنامە و شوناس و پیناسەیەکیان هەیە، بۆ نموونە لە کەرکوک بەناوی خەڕرات ناسراون، لە هەولێر بە دۆم و لە سلێمانی و شوێنەکانی تر بە قەرەج.
قەرەج: بریتین لەو کۆمەڵەیەی کە تەنها خەریکی دەهۆڵ کوتانن و ژن و منداڵەکانیشیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت بەهۆی کۆچەرییانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، چونکە بڕوایان بە یەکگرتوویی و یەکێتی کۆمەڵگە نییە و لە شوێنێکدا ناگیرسێنەوە، بۆیە ژن و منداڵەکانیان سواڵ دەکەن لە سەر شەقامەکان و بەشیوەیەک لە شێوەکان دیسپلینی کۆمەڵایەتیان نییە، تەنانەت لەلایەن پیاوانیانەوە کۆنترۆڵ ناکرێن، بەڵام بە گشتی لە گروپەکانی تر جیاوازیان هەیە هەم وەکو ئاین و هەم لەرووی دەمسپییەوە واتە بەرپرسیانەوە، هەم شێوەی ژیانیان کە جێگیر نین لەهیچ شوێنێکونموونەش ئەوەی کە تائێستا شتێک نییە ناوی ئەوەی لێبنرێ تەلارسازی پێکهاتەیەک بەناوی قەرەج و لەوێوە کولتووری ئەم پێکهاتەیە بناسرێتەوە.
دۆم: کۆمەڵەیەکی دیکەن کە کەسایەتی کۆمەڵایەتییان بەهۆی تێکەڵبوونیان لەگەڵ کوردەکان لە کوردستان، هەروەها بەهۆی کاریگەری نەریت و ئاینی موسڵمان و بەپێی مەزهەب و تایفەش بوون بە ئیسلام، هەروەک ئەوەی لە هیندوستان و فەرانسە و میسر هەن و ئیلتیزامی ئاینییان بۆ خۆیان دروست کردووە، نەریت و رەفتاریان جیاوازە و تەنها پیاوەکانیان دەهۆڵ و زوڕنا ژەنن و ئاهەنگ سازن و هەندێک جاریش خۆیان بە هونەرمەند دەزانن، بەڵام هەرگیز رێگە نادەن ژن و منداڵیان لەسەر شەقامەکان سواڵ بکەن، هەروەها بڕوایان بەو شێوە ژیانە کۆچەرییە نییە کە قەرەج و خەڕرات هەیانە و زیان بەخەڵکی دەگەێنن. هەروەها ئەمان شوێنی نیشتەجێبوونیان هەیە و پێکەوە کۆمەڵگەیەکی بچووکیان پێکەوەناوە و دەیپارێزن لەناوەڕاستی شاری هەولێر و هەریر و کەڵەک واتە شارۆچکەی خەبات هەن و کێشەیان کەمترە لەوانی تر. ئەمان تاڕادەیەکی باشتر.
بەپێی قسەی بەشێک لە دۆمەکان بێت لە عێراق و کوردستان، ئەوان بەناڕاستەوخۆ گرێدراوی نەریتی ئاینی ئیسلامن، یان بوون بە موسڵمان و ئیلتیزامیش دەکەن، کەسێک بەناوی فورات شەرع کە لە راپۆرتێکی رۆژنامەوانی دانی بەوەداناوە کە

ئەوانم بەشێکیان بڕوایان بە موسڵمان هێناوە، بۆیە ئینکاری ناکرێت کە توێژێک یان بەشێک لە قەرەجەکان بە درێژایی کات کە لەعێراق و کوردستان لەگەڵ خەڵکە موسڵمانەکە ژیاون، بەناچاری بێت یان بە ئارەزوو بوونە بە موسڵمان و ئەو نەریت و شێوە ژیانەیان وەرگرتووە، ئەمە بەشێکی پەیوەندی بەوشەڕو نائارامییەوە هەبوو کە یەخەی وڵاتەکەی گرتوو و ئێستا تێیدا دەژی و قەرەجەکانیش تێوەگلاون چونکە بەشێکن لەو پێکهاتانەی کە هەموو دانیشتوانی عێراق و کوردستان پێکدەهێنن، هەروەها ناسنامەی ئەم پێکهاتەیە عیراقی و کوردییە و لەگەڵ ئەوان دەژین و لە شوناسەکەیان لەلایەن دەوڵەتەوە هیچ نەنوسراوە و لەکوردستان بە کورد ناسراون و لەعێراقیش بێ ناسنامە، بەڵام بۆ مەسەلەی حەرام و حەلاڵ کە مەرجی رەفتارەکانی رۆژانەیە، ئەوان ناچارن بەو پێوەرە ئەخلاقیانە مامەڵە بکەن، هەرچی باری کۆمەڵایەتیشە بەو پێیەی کە خەڵکی تر لەگەڵ ئەوان نە ژنیان لێدەهێنن و نە ژنیان پێدەدەن، بۆیە بەڕێوڕەسمی خۆیان پێکەوەژیان و هاوسەرگیری دەکەن، بەڵام لە زۆر شوێن بە نەریتی موسڵمان". ئەم حاڵەتەی مە فورات باسی دەکات، تەنها یەخەی قەرەجی نەگرتووە کە ناچار بن تێکەڵ بەو ئاین و نەریتە زاڵەی کۆمەڵگە بن، بەڵکو لە پێکهاتەکانی دیکەش هەمان دیاردە هەیە، بۆ نموونە لەلای کاکەیی یەکانیش بەشێک لەوان بەهۆی نەبوونی شوناس و دوورکەوتنە لە قەومی خۆیان و بەناچار ژیان لەژێر دەسەڵاتی زاڵی گوتاری کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەپاراستنیان لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە و هتد، بوون بە موسڵمان بەڵام شوناسە رەسەنەکەیان هێشتا هەر بەو ناوەی کۆنە کە پێیان دەگوترێت فلان کاکەیی یان فلان قەرەج یان فلان گاور،/ ئەمە نەریتێکی نەگەتیڤی ئیسلام و کوردی موسڵمانە لە عێراق و کوردستان کە خەڵکی نارەسەن بە و شوناسە ناوزەد دەکات و ناسنامەیان پێنادەن لەرووی کۆمەڵایەتیەوە.

خەڕرات: خەڕرات سەر بە هەمان بەشی قەرەجن کە لەهەموو دونیا هەن، بەڵام ئەم بەشەیان بەناوی عەرەبی هاتووە بەمانای دار نەخشاندن دێت کە کارێکی هونەری شێوەکارییە، هەروەک ئەوەی کە کاری هونەری لەسەر کار دەکەن و دەیفرۆشنەوە، بەڵام ئەم بەشەیان زیاتر لە کەرکوک ن و بەمانای کارەکەیان نەناسراون، بەڵکو بە کارە قیزەونەکەیانەوە ناسراون، هەروەک ئەوەی کە لە توڕەبوونە لەژیان و توربوونەکە بۆ بەرامبەرەکەیانە یان لەوێوە هاتووە کە پەراوێزخراون یان ئەوەی کە خۆیان بەو پێکهاتە رەسەنە نازانن کە شوناسی عێراقی یان نەتەوەیەکی دیاری عێراقی هەیە بزانن و پێیان نەدراوە، بۆیە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان کە بە رەفتاری خراپ و نە هەڵسوکەوتی ناشیرن و تاوان کاری مامەڵە لەتەک ئەوانی دیکەدا بکەن.

خەڕرات ئەوانەن کە وەکو گروپێکی دیکەن لەکەرکوک و هەندێک ناوچەکەی ناوەڕاست و باشووری عێراق هەن، ئەوان بڕوایان بەهۆی ئەوەی کارەکەیان نەماوە کە هونەری بووە، بۆیە بڕوایان بە تۆڵە سەندنەوە هەیە لەوانی تر کە پەروایزیان خستوون و کاریان پێنادرێت و کاریش ناکەن وەکو خەڵکی ناوچەکە، چونکە بە کەمتر

تەماشا کراون، واتە پێیانوایە ئەو چارەنووسەی ئەوان هەیانە و بەو ئاستە گەیشتووە کە ناسەقامگیرن، سەرچاوەکەی نەریت و گوتاری زاڵە ئاینەکانی دیکەیە، بۆیە گورزی کوشندە لە و مناڵ و ژنانە دەوەشێنن کە زەفەرییان پێدەبەن لە ماڵەکان، ئەویش بەهۆی ئەوەی ژن و مناڵ لەماڵەوەن و پیاوەکان لەدەرەوەی ماڵ، ئەوان زەفەر بەوە دەبن و دەچن مناڵ دەدزن و دزی قورس دەکەن و تاڕادەی ژن کوشتن و زیانی گەورە، ئەم داتایە هەم خەڵک شاهیدن بەسەرییەوە و باسی دەکەن، هەم داموودەزگای پۆلیس کە ئاشکرایان کردوون و دەستگیرییان کردوون و خەڵکیش شاهید حاڵی ئەو دیاردەیە بوون. ئەمانە گروپێکن لەهەردوو کۆمەڵەکەی تر پڕ کێشە تر و ناتەندروست ترن، هیچ بەهایەک بۆ ئینسانییەت و تەندروستی و پاک و خاوێنی و ڕێک پۆشی و ژیانی سەقامگیر و پاراستنی نەک نەریتی خەڵک، بەڵکو نەریت خۆشیان بەهای بۆ دانانێن، وەختێک پرسیارێن لێدەکرێ، یان ئەوەتا وەڵام نادەنەوە و پێدەکەنن، یان ئەوەتا بەتەعلیقەوە دەڵێن خۆ ئێوە باشتر ناژین، ئەوەتا هەموو ژیانتان پڕە لەجەنگ و فیتنەیی و رق و کینە لەیەکتر و درۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن، ئەوان بەجیاوازی لە گروپەکانی تر، کەمتر پیاوەکانیان دەبینرێت، مەگەر تەنها ژنەکانیان نەبێ لەکۆڵانەکان و شەقامەکان دەگەڕێن، قسەیەک هەیە دەڵێن ئەم گروپە مافیای گورچیلە فرۆشتن کەڵکیان لێوەردەگرن و بەعسی پێشووتر بۆ نەهێشتن لە بیرکردنەوە لە قەیرانە سیاسیەکان کەڵکی لەو گروپە تێکدەرە وەرگرتووە بەپێی دیکۆمێنتە ئەمنییەکان کە گروپێک بوونە بۆ هەر ئامانجێک کاریان کردووە و ئەخلاقیاتی ناسنامەی تایبەتیان لەدەستداوە.

سەرچاوەکانی پاژی شەشەم

١: جان بول کلیبیر. الغجر. دراسه تاریخییه اجتماعیه فولکلوریه. ترجمه لگفی الخوری. دار الحریه للگباعه. سنه ١٩٨٢. ل١٨ .
٢: گیلان مارگالیت. جینۆساید و کۆکوژی جیبسییەکان لەلایەن ئاڵمانیای نازییەوە. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە. مهاباد قەرەداغی.گۆڤاری شیکار. ژمارە ٢٠ ساڵی ٢٠١٧.
٣: گیلاد مارگالیت. جینۆساید کۆکوژی جیبسیەکان لەلایەن ئاڵمانیای نازییەوە. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە. مەهاباد قەرەداغی. گوڤاری شیکار ژمارە ٢٠ ساڵی ٢٠١٧
٤: ڕێژەی قەرەج کە پشتی بەراپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستووە، لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی کە ٩٠,٤% مەسیحین و ٤,٤% ئیسلام و ٥,١ بەبێ ئایینن و دابەشی سەر خێڵی گەورەی جهانی بوونە کە لە تەواوی دونیادا بەهوی کولتووری خۆیان و کۆچکردنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و بەهۆی چەوساندنەوەیان کە بڕوایان بە دەستووری وڵات و سنوور نییە، دابەش بوون و کۆنابنەوە.

٥: جان بو كليبير. الغجر دراسه تاريخيه اجتماعيه فولكلوريه. ترجمه. فوزی الخوری. دار الحريه للگباعه بغداد سنه ١٩٨٢, ێ١٧٤
٦: گيلاد مارگاليت. جينۆسايد كۆكوژی جيبسييەكان لەلايەن ئاڵمانيای نازييەوە، وەرگێڕانی لە ئينگليزييەوە. مەهاباد قەرەداغی. گۆڤاری شيكار ژمارە ٢٠ ساڵی ٢٠١٧.
٧: هەمان سەرچاوە پێشوو. ێ٣٧
٨: هەمان سەرچاوەی پێشوو .ێ٤٢
٩: هەمان سەرچاوەی پێشوو . ێ٩٥
١٠: هەمان سەرچاوەی پێشوو ێ ١٥
١١: هەمان سەرچاوەی پێشوو . ێ١٥
١٢: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ێ١٥
١٣:. هەمان سەرچاوەی پێشوو ێ١٣

**پاشكۆی زاراوە ئاينيەكان**

( ا )
١: ئادوور: خوای جوانی ئەم زاراوەيە لەئاينی زەردەشتيدا هاتووە.
٢: ئەودۆنيس: گەنجێكی جوان بووە لەئەفسانەی يۆنانيەكان، خۆشەويستی خودا بووە كەبەراز كوشتوويەتی، سيمبولی دەركەوتنی بەهار و گەشەی زەوييشە.
٣: ئامون: زاراوەيەكە بۆ پاشای خواكان و باب مەزنی ئاينی ميسرييە كۆنەكان بووە بەكارهاتووە، لەسەردەمی دەوڵەتی ناوەند لەتيبە پەيدابووە، پەرستگاكەی لەكرنكە كەلەئەسكەندەرييەی ميسرە.
٤: ئانوو: خوای ئاسمانەكان بووە لەلای سۆمەرييەكان.
٥: ئانانوكی: خوای دونيای نزم بووە لەلای ئەكەدييەكان.
٦: ئارهات: راهيبەيەكی بوزی بووە كەگەيشتە قۆناغی نێرڤانا.
٧: ئارورو: خوای سۆمەرييەكان بووە لەكەلەپورەكەياندا هاتووە، وەكو لەمێژووەكەياندا هاتووە، ئارورو ژنێك بووە هاوكاری مێردەكەی كردووە كەبەهاوكاری خودا بەشەری لەقوڕ دروستكردووە.
٨: ئاشتار: ئەشتوورە، (عەشتار) خوايەكی گەورە بووە لەكن سۆمەرييەكان كە بۆ خۆشەويستی و سێكس و هەندێجاريش بۆ جەنگ بەكارهاتووە، كەدواجار بە ئانانا ناوبانگی دەركرد.

٩: ئاتراخسیس: داستانی بابلییە کۆنەکان بووە کەسیفەتی مەخلوق و بوونەوەرەکان و بەشەری هەبووە لەهەموو شتێک.
١٠: ئاڤێستا: ناوی کتێبی پیرۆزی ئاینی زەردەشت پێغەمبەرە، لەبنەڕەتدا وشەکە فارسییە و بریتیە لەکۆمەڵێک گۆرانی ئاینی و تەسبیحات و نەسیحەت و فێرکاری و خوداپەرستی و هۆشیاری بۆئینسان و هتد و تائێستاش لەهەندێ شوێنی وەکو ئێران و کوردستان و هیندستان باوەڕدارانی هەیە.
١١: تانترا. ئەم زاراوە ئاینییە بۆ وێنەی بوزا بەکارهاتووە لەتبت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جەخت لەسەر سیحری بوزا دەکات کە خەڵکی ئەوکات بڕوایان پێی بووە.
١٢: براهما. خوداوەندێکی خۆرئاوای هندییە و لەهەندێک شوێندا دەپەرسترێت، هەروەها لەهەندێک کاتدا بۆ رێزگرتن لە هاوسەرگیری و بۆ مۆزیک و کەلام بەکاردێت، چونکە بەپێی ریوایەتەکان قوتابیەکانی ئەم خوداوەندە موزیسیان بوونە بەردەوام لە تاقیکردنەوەدا بوونە.
١٣: کشان شادراسن. چاکسازێکی ئاینی هیندۆسییە و لە ساڵەکانی ١٨٣٨_١٨٨٤ ژیاوە و لە بانەکانی بەنگال کاری کردووەو دواتر پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی براهمای سماج و بوو بە رابەریان و کتیبێکی هەیە بەناوی (ژنی هیندی).
١٤: الساتیر: خوای دارستان لە ئەفسانەی کریکدا بەپێ ی ئەم خوداوەندە، کلکی هەبووە و گوێچکەی هی ئەسپ بووە.
**********

( ب )
١: باخۆس: خوای شەراب خواردنەوە و زەوقە لەلای یۆنانیەکان.
٢: بالی: وشەیەکە بۆ شەیتان بەکارهاتووە لەئاینی هیندۆسیەکان.
٣: باسەفا: چاکسازی ئاینی و لەهەندێ شوێن بۆ شوێنی خۆشی وەکو بەهەشت بەکارهاتووە.
٤: بوزا: (٤٨٣_٥٦٣) دامەزرێنەر ئاینی بوزایی بوو، کوڕی یەکێک لەحاکمەکانی ساکاس بوو، بەمانای منەوەر دێت، لەتەمەنی ٢٩ ساڵیدا درکی بەوەکرد کەئینسان ئازار بە پیری و مردن و نەخۆشییەوە دەبینێ و ئیلهامی لەدارێکەوە بۆهات بەناوی کرا.
٥: ئینجیل: کتێبی پیرۆزی ئاینی کریستیانییە کەسەرگوزشتەو گوتە بەنرخەکانی پێغەمبەر عیسای مەسیحی مەزنە و مەسیحیەکان پەیڕەوی لێدەکەن و بریتیە لەچوار ئینجیلی چوون یەک کەهەریەک لەپۆڵس و یوحەننا و لۆقا و بوترس نوسیویانەتەوە.
٦: برۆتیۆس: خوداوەندێکی بچووکە و لەریزی خوداوەندەکانی دەریادا ناوی هاتووە، پێشتر شوان بووە و ماسی و سەگی سەربڕیووە، لە هۆمیرۆسدا ناوی هاتووە کە لەگەڵ بوزییەکاندا خزمەتی دەریای کردووە و توانای هەبووە لە تەشکیل کردنی بووندا.
٧: ترینتۆ: نیوە خوداوەندێکی دەریاییە و ئەمەش لە ئەفسانەکانی گریکدا ناوی هاتووە و بە جەستە لە پیاو چووە و بە کلکیش ماسی.

٨: بربابوس: خوداوەندێکی دەشتایی بە پیت بووە لە زەوی و باخچەکاندا هەبووە، لە ئەنجامی بەیوەندی کردنی دیۆنیس بە ئەفرۆدیت هاتووە دونیاوە، لە هەندێ شوێنی دونیا دەپەرسترێت.
***********

( ج )
١: جانیشا: خوای هیندۆسییەکانە و سەری فیلی هەیە و کوڕی شیفا و برفاتییە و لەفەرهەنگی هیندۆسییەکاندا هەیە.
٢: جاتا: واتە گاتا، بریتیە لەهەڤدە گۆرانی کە لەئاڤێستای ئاینی زەردەشتیدا هەیە.
٣: گلگامش: گرنگترین داستانی کۆنە، باس لەچیرۆکی پاشای بابلی ئاراد ئالایە دەکات و بەدوای نەمریدا دەگەڕێ.
٤: جنجا: پەیکەر و پەرستگای خودایەکە لەئاینی شنتۆ کەلەوشەیەکی سانسکریتیەوە وەرگیراوە.
٥: جۆنۆ: خوای رۆمانەکان و مێردی جوبیتەری یۆنانیەکان بووە، بەپێی سەرچاوەکە هێزی سێکسی ژنان لەو وشەیەوە وەرگیراوە.
٦: جیلوە: یەکێک لەکتێبە کۆنەکانی ئاینی ئێزدیاتیە کە شێخ ئادی نوسیویەتی و ئێستا بەپیرۆز دەزانرێ لەلای ئێزیدیەکان و کۆمەڵێک قەول و نەسیحەت و دوعای تێدایە کەتائێستاش کاری پێدەکرێ.
************

( ک )
١: کێ: خوای سەر زەوی سۆمەرییەکان بووە، وشەکە مانای نزمە، ژنی ئان بووە کەیەکێک لەخواکانی ئەو سەردەمە بووە.
٢: کۆنکۆنیکۆ: گروپێکی ئاینیی ژاپۆنییە و جوتیارێک لەسەدەی ١٩ دایمەزراندووە کەئیدیعای ئەوەی کردووە پەیوەندی نێوان خوادا و ئینسان رێکدەخات.
٣: کریشنا: یەکێک لەخواکانی هیندۆسییە میلییەکان بووە، کۆمەڵێک گروپی جیجیا پەیوەندییان پێوەکردووە و بەمانای (رەش) دێت و خاوەنی کۆمەڵێک وتە و چیرۆک و شیعری تایبەت بەخۆیەتی.
٤: کوشتی: سیمبولی ئاینی زەردەشتیە و لەسفرەکانی یەسنادا ناوی هاتووە.
٥: کاکایی: یەکێکە لەئاینەکان و بەمانای کاکە و بەواتای برا و کۆمەڵی براکان دێت، یاخود یارسانەکان کەخاوەنی کتێبی سەرەنجامن و پێغەمبەرەکەیان (سوڵتان سوهاکە).
***********

( م )
١: مەزدا: بەواتای خێر دێت، هەروەک ئەوەی لەئاینی زەردەشتیدا ئاهورا مەزدا هەیە و هەندێجار مەزدەکیەت بەکاردێت بۆ کەسانی خێرەوەمەند.

٢: میترا: خوای ڕەسەن کەلەئێران هەبووە و دژایەتی ئەو کەسانەی کردووە کەگا سەردەبڕن و هاوکاری ئاهورامەزدا دەکات دژ بە ئەهریمەنی زەردەشتیەت.
٣: مین: خوای لاقەکردنی ژنان بووە لەمیسری کۆن کەژنی دەدزی و خراپی دەکردن.
٤: مەردۆخ: خوایەکی بەهێزە لەئەفسانەی بابلییەکان، لەسەردەمی حەمورابی هەبووە و ناسراوە بە ئەنکی.
٥: مەندا: واتە شوێنی خۆپاککردنەوەی ئاینی سابیئە و هەر لەوشوێنە سروتەکانی خۆیان مومارەسە دەکەن و پاشگری سابیئەیە کەسوببی ناسراون و لەعێراق و ئێران و چەند وڵاتێکی عەرەبی هەن و بەشێکیشیان لەهەندەران دەژین.
٦: مەسحەفا ڕەش: یەکێکی دیکەیە لەکتێب و دەسنوسە پیرۆزەکانی ئێزیدیەت و شیعرییەکانی ئاینی ئێزیدیاتیە و ئێزیدیەکان پەیڕەوی دەکەن.

**دانراوەکانی نووسەر**

١- تونێڵەکانی ئەوین. شیعر. ساڵی ١٩٩٩
٢- جەنگ و نێوانەکان: بابەتی فکری. ساڵی٢٠٠٣
٣- دەنگێک لەسێبەردا. شیعر. ساڵی ٢٠٠٤
٤- میتوۆ د و جیاوازی. لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی مارکس. ساڵی ٢٠٠٨
٥- ناسیونالیزم و دژەکانی. بابەتی فکری سیاسی. ساڵی ٢٠٠٩
٦- ئایین و کەمینەکان: بابەتی کۆمەڵناسی. لێکۆڵینەوە لە ئایینزاناکانی کوردستان. ساڵی ٢٠١٠
٧- نامە فەلسەفیەکانی مارکس. وەرگێڕانی تێکستی مارکس و ئەنگڵس. ساڵی ٢٠١٠
٨- کتێبەکان: شیعر. ٢٠١١
٩- الموت. دیوان شعر باللغه العربیه. وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی. کۆمەڵێک نووسەر و وەرگێر. ساڵی ٢٠١٣
١٠- ڕەهەندەکانی مردن. لێکۆڵینەوە لە چەمکی مردن. ساڵی ٢٠١٦
١١- دەوڵەت: لێکۆڵینەوە لە چەمکی دەوڵەت. ساڵی ٢٠١٧

**ئەم کتێبانەش ئامادەی چاپن.**

١- ناسیونالیزم لەنێوان فکر و سیاسەتدا. بابەتی فکری سیاسی
٢- ئەدەب لە پانتایی بۆشدا: ڕەخنەی ئەدەبی
٣- چاوپێکەوتنەکان. موناقەشەی چەمکەکان